# دیوان

ژمارە (١) - حوزەیرانی ٢٠٢١ زایینی
خەرمانانی ٢٧٢١ی کوردی

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و رۆشنبیری گشتییە
ناوەندی هەولێری مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

سەرپەرشتیاری گشتی
بێکەس حەمە قادر

سەرنووسەر
سمکۆ عەبدولکەریم

## وشەی دیوان

وشەی دیوان، ئەگەرچی لە نێوعەرەب و فارسیشدا هەیە، بەڵام وشەیەکی تەواو کوردییە و لە (دێوان)ەوە هاتوە، وەک لە هەمبانە بۆرینەشدا هاتووە، واتە ئاگاداری گوند، ئەم (دێوان)ە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە (دیوان).

هەروەک ئەحمەد هەردی شاعیر لەو کۆپلە شیعرەیدا دەڵێ:

قەت نەدەی ئازاری گیانی مەست و بێدارانی شەو
خۆت نەخەیتە بەر شەپۆڵی ئەشکی بێ پایانی شەو
ئەی کچی خواوەندی جوانی و ئەی چرای (دیوانی)شەو

واتە دیوانخانە.

هەروەک شاعیری دیاری کورد (ئەدەب) ناوی راستەقینەی خۆی(عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان)ە، کە شاعیرێکی کوردی خەڵکی بۆکانە و ساڵی ١٨٥٩ لەدایکبووە.

هەروەها وشەی دیوان لە ویکیپیدیاشدا وەک ئامێرێکی مۆسیقی ئاماژەی بۆ کراوە:.

دیوان ناوی ئامێرێکی مۆسیقایە کە ئێستا لە نێوان میللەتانێکی زۆر دا لێدەدرێت. ئەم ئامێرە لە ناو کورددا بە ناوی تەمبوور، تەموور، ساز، دیوان، دەناسرێت.

لە فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەشدا (دیوان) وەک دیواخان، دەزگای میری کتێبی شیعر، لە فارسییەکەشدا بە مانای نگا دیواخان، دەستگاه دولتی دیوان شعر هاتوە.

لە فەرهەنگی (خاڵ)یشدا، (دیوان) وەک دیواخان، کتێبی شیعری شاعیرێک هاتووە.

بۆیە پێویست ناکات، هەر وشەیەک بە هۆی ئەوەی لە زمانەکانی دیکەشدا هاتووە، ئێمە بێ هیچ داکۆکییەک لە کوردیەکەی داشۆرین و بیکەین بە موڵکی نەتەوەی دیکە.

**سەرنووسەر**



کاری هونەرمەند بورهان سابیر

ناونیشان: هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری - نزیک کۆلێژی دەرمانسازی
govaridiwan@gmail.com

دیزاین: ئاسۆ حەسەن ئەحمەد

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# دیوان ... ببێتە چرای دیوان



* ستران عەبدوڵلا

(١)

ئامانجی سەرەکی ئەم گۆڤارە ئەوەیە مژدەیەک بدات بە جووڵەی فەرهەنگی و سیاسیی گشتی میدیای یەکێتی لە پایتەختی کوردستان. دیارە مژدە سەرەتایە و هەموو شتێک نییە تا وانەزانرێ ئێمە لە جووڵە هەولێرییماندا تەنها تاقە گۆڤارێک بە شایانی فەزای رووناکبیری هەولێر و ناوەندی سیاسەتی کوردستانی لە پایتەخت دەزانین. لەبەرچاویشمانە کە هەولێر هەر خۆی پایتەختانە و ناوەندزادەیی هەڵکەوتووە و بێ جووڵە و بێ میدیا و بێ گۆڤاریش نییە تاخۆمان پێ یەکەمین بێت. بەڵام مەعلومە گۆڤاری ستایل یەکێتییانەی نییە و میدیای ئازا و ئازادیخوازانەی یەکێتیشی پێویستە، کە خشتێکی تۆکمە بخاتە سەر تەلاری راگەیاندنەکەمان. غیابی ئەمە کەموکوڕییەکە لە کاری ئێمە و لەکاری مەکتەبی راگەیاندن و ناوەندەکەشی لەهەولێر و دەبێ بە هەموومان تەگبیری بۆ بدۆزینەوە و چارەی بکەین. بەڵام لەهەر هەڵسەنگاندنێکیشدا دەبێ بابەتیبوون بەشێک بێت لە سێ گۆشەیەکی واقیعی : واقیعی هۆکاری ئەو غیابە، پێداویستییەکانی پڕکردنەوەی و دنیابینی و ئیرادەی ئەمڕۆ بۆ تێپەڕاندنیشی. لە بۆنەی کردنەوەی سالۆنی لاپەڕە نۆ وەک سەرەتای بوژاندنەوەی باشتری ناوەندی هەولێری مەکتەبی راگەیاندن گفتوگۆمان بوو لەگەڵ ژمارەیەک نووسەر و رووناکبیری هەولێردا، ئەلهەقی میوانانی سالۆن پێشیازی باش و خواستی جوانیان خستەڕوو ، رەخنەی هەق و ڕەقیان گرت لەسەر غیابی میدیایی یەکێتی و دەزگاکانی لە هەولێر. زۆری ئەو شتانەمان تۆمارکرد تا لە تێهەڵچوونەوەی نوێبوونەوە و رێکخستنەوەی میدیامان کەڵکی لێوەربگرین . بەڵام هاوشانی ئەوەش بە دۆستانمان وت ئاخر خزم وکەسوکار ئێمە لە هەولێر دەرکراین. بە خوایش و خواستی ئێمە نەبوو کە سیاسەتی ناکۆکی و ململانێی ناوخۆیی لە سیویەکی ئابی ١٩٩٦دا ئێمەی ئاوارە و تەرەکرد . ئێمەی هەولێریی لەمەفتەن و پایتەختی خۆمان دوورخستەوە. گەڕانەوەی سەربەرزانەی قۆناغی ئاشتی و یەکخستنەوەی ئەزموونی کوردستان دوای ماوەیەک دابڕانی ناخۆش و کاتی ئەوەی دەهێنا ئامادەگی قۆناغی یەکەمی گەرانەوەی یەکێتی و میدیاکەشی بۆ هەولێر بەدەستنوێژەوە بێت .لەو نێوانەدا خووگرتن بە شێوازێکی کار و میوان رەفتاری زۆری خایاند وئیتر باقی چیرۆکەکە مەعلومی جەنابتانە کە بێگومان جێی سەروتاری گۆڤارێکی وەکو دیوان نییە کە دەخوازێ مژدە بەخشی رۆح سووکی قۆناغی نوێ بێت.

(٢)

بێگومان ئاراستە و خەسڵەت و بۆن و بەرامەی هەر گۆڤارێک لەناویشیاندا گۆڤاری دیوان و ڕۆحپێداکردنی جێ پەنجەی ستافەکەی پێوەیە و کەس ناتوانێ وەکو خۆیان بەرجەستەی ڕۆح و جەوهەرەکەی بکات. بەڵام وەک بەرپرسیارێتی ڕەسمی مەکتەبی ڕاگەیاندن، وەک سەر سپێتی کایەی میدیای کاغەزی و ئینجا وەک «هەولێرییەکی» قەدیمی بێ غەل و غەشیش پێم باشە هەندێک بنەما و ئاراستە دیاری بکەین و بیخەینە خزمەت هەڤاڵانی ستافی دیوانەوە. -با گۆڤاری دیوان گشتی، فەرهەنگی و کەلتوری بێت. کۆکەرەوەی کۆی کۆششی مانگێکی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی پایتەخت بێت بە هەموو لق و پۆپەکانییەوە لە مانگێکدا. گۆڤاری ڕێزکردنی بێ ڕۆح و گیانی هەواڵەکانی ڕۆشنبیریی ڕۆژانەیی ژیان نەبێت کە بە کەتەر و مەقەستی بەشیر موشیر پێکەوە بلکێندرێت. بەڵکو گۆڤاری هەڵسەنگاندنی ڕەوتی فەرهەنگی، شارستانی و جووڵەی گشتی هەولێر بێت. ئەم گۆڤارە هەمەڕەنگێکی سەنگین و ڕەنگین بێت. دۆسێی تەڕ و پڕ لەسەر ئەدگاری شارستانیی هەولێر، ڕەهەندی مێژوویی دوور و نزیکی هەولێر لە هەموو سەردەمەکان بکاتەوە. بەڵام بە شێوەیەکی ڕۆژنامەوانی سەرنجڕاکێش کە خوێنەری ئەمڕۆ هان بدات بۆ خوێندنەوە، بۆ گەڕانەوەی نەرم و نیان بۆ مێژووی شار و وڵات و دیاردەو دەرکەوتەکانی.

* ئەم گۆڤارە هەروەها زوومی کامێرای گەشەی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری پایتەخت بێت ، خەسڵەتەکانی بەربەستە سیاسی و فیکرییەکانی و چانسەکانی پێشکەوتنی بەسەر بکاتەوە. وا بکات هەولێر وەکو پایتەختی

هەقە گۆڤار ڕۆژمێری پڕ و چڕی ساڵۆن تۆمار بکات و بیکاتە بەشێک لە دەفتەری مێژووی ڕۆشنبیری شارەکەو پارێزگاکە و پایتەختیش

سیاسی و ئیداری وڵات ناوەندی کەمەندکێشی جووڵەی فەرهەنگی کوردستان بێت. هەموو کوردستان و پێش هەموو شتێکیش کوردستانی باشوور.

ئەم گۆڤارە ڕەوتی دێرین و ئێستای ڕۆشنبیری ڕەسەن و لە هەمان کاتدا پرەستیجی هەولێر بخاتە بەر تیشکی سەرنج و پێداچوونەوە و گەشانەوە و ڕێ بۆ گەشەی ئایندەشی خۆش بکات. ئەم گۆڤارە لە فەزای هەولێرێکدا لەدایک دەبێت کە شاری گۆڤاری هەتاو و هیوا و هەولێر و نووسەری نوێ و کاروان و سبەی و سەراب و هتد... بووە، دەبێ هەموویان بناسێ و ببینێ و تێشیانپەڕێنێ.

* گۆڤارەکە هەقی پایتەخت لە هەموو

**دیوان دەبێتە سەرەتایەکی بێ بڕانەوەی گەشەی ڕاگەیاندنی یەکێتی لە پایتەخت و ڕێگا بۆ ئەزموونی گەورە و گرانتریش خۆش دەکات**

ئاستەکاندا لە ریپۆرتاژ و زووم خستنە سەر بداتەوە. خۆی ببێتە ناوەندێکی کەمەندکێشی وا سەکۆ و کەناڵەکانی میدیا چاوی لێ بکەن و شتی لێ فێر ببن و شتی لێوەر بگرن. کێشەی ناساندن نەبێت کێشەی ئەوەی هەبێت کە وا گەشە و قورسایی پەیدا بکات بیرۆکە و بەرهەمەکانی دەستی بەسەر دا بگیرێ و ستایلەکەی وابێت لە شوێنانی تر بڵێی ئەم ستایلەی وا ناوەندەکەی تەنیوەتەوە هی گۆڤاری فلانی بەرهەمی ڕاگەیاندنی یەکێتییە.

* گۆڤارەکە هەروا باخچەی پشتەوەی تەلەفزیۆنی سەنگین و نازداری یەکێتی، تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان-هەولێریش بێت، بابەتە بە پێز و دوور مەوداکانی بناسێتەوە، پوختی بکاتەوە و بە نووسین و داڕشتنەوە زوومی کامێراو جووڵەکەی بپارێزێ. ئینجا لەوێشەوە سەکۆی تەلەفزیۆنیش بناسێنێ بە بینەران و گوێگرەکان و هانیان بدات کاغەز و لاپەڕە بخوێنەوە و زۆر پشت بە چاو و گوێی بێ ئامانی سۆشیال میدیا نەبەستن.

* ئەم گۆڤارە ببێتە چاوی گواستنەوەی چالاکییە هەمە جۆرەکانی سالۆنی لاپەڕە نۆ کە بە خنجیلانیی و تازەیی خۆیەوە خەریکە گۆی هونەری بایەخدان دەباتەوە و بۆتە بەشێک لە سیما دیارەکانی ڕۆشنبیری هەولێر.

هەقە گۆڤار ڕۆژمێری پڕ و چڕی سالۆن تۆمار بکات و بیکاتە بەشێک لە دەفتەری مێژووی ڕۆشنبیری شارەکەو پارێزگاکە و پایەتەختیش.

* هەموو ئەم کارانە وا بکات خەڵک لەگەڵ میدیای کاغەزی ئاشت بکاتەوە و بیسەلمێنێ سەرەڕای گەشەی میدیای نوێ میدیا ڕەسەن و دێرینیش هەر سەنگ و قورسایی خۆی هەیە و هەر ئەویش دەتوانێ بنەما بێت بۆ تازە بابەتی و هاوچەرخێتی.

بەمە گۆڤارەکە دەبێتە سەرەتایەکی بێ بڕانەوەی گەشەی ڕاگەیاندنی یەکێتی لە پایەتەخت و ڕێگا بۆ ئەزموونی گەورە و گرانتریش خۆش دەکات. ئەم گۆڤارە سڵاوێکی سەرەتایە و ڕێگا بۆ گەڕانەوەیەکی شکۆمەند و شایانی میدیای یەکێتی خۆش دەکات. بازێکی چۆنایەتی بە تێکۆشانی لەمەوپێشی میدیا و میدیاکارانی یەکێتی دەدات کە کەمیان نەکردووە سەرەڕای کەمی دەرفەت و پێداویستی بەردەمیان دەستیان خۆش بێت و دەست بدەنە دەستی ستافی ئەم گۆڤارەش تاوەکو بە ئەزموون و شارەزایی خۆیان دەوڵەمەندی بکەن. پیرۆزە چرای دیوانی پایتەخت

*** سەرپەرشتیاری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

**٢-٦-٢٠٢١**

# دۆسیەی سورەوەردی

- **لەبارەی سورەوەردی کوژراوەوە**

د. موحسین محەمەد حوسێن

- **شەریعەت و تەریقەت، مەعریفەت و هەقیقەت لە نێوان دوو سورەوەردیدا**

هۆشەنگ شێخ محەمەد

- **ئایین و بیرکردنەوە، دۆزەخی کەلامیەکان .. لە حەلاجەوە بۆ سورەوەردی**

دڵزار حەسەن

# لەبارەی سوورەوەردی کوژراوەوە

زۆر کەس ناپرسێت (لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کێ رۆشەنبیر دەپارێزێت؟ چۆن؟) یەکێ لەوانەی بایەخ بەم پرسیارە دەدات، وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: رۆشەنبیران سەرکۆنەی چەوساندنەوەی رۆشەنبیرێک، یان سووتاندنی کتێبەکانی دەکەن. هەندێ جار کتێبەکان بەهۆکاری تایبەت بە نووسەرەکانیان دەسووتێندران، یان بەهۆی پێوەندییان بە دەستەڵاتەوە، نەوەک لەبەر ناوەرۆکی کتێبەکانەوە، واتا نووسەرەکە سەر بە بەرەی دەستەڵات و داواکارییەکانی نییە. وەک ئەوەی نووسەرێک نەیتوانیبێت لەسەر داوای میر کانزاییکی پیس بۆ زێڕ بگۆڕێت. یان شکستی هێناوە لە چارەکردنی نەخۆشییەکی میر، یان رۆشەنبیرێک نەیتوانیوە کێشەی پەککەوتنی سێکسی میر چاک بکاتەوە، یان بە خراپەکاری بەرابەر بە نەریتەکانی کۆشک تۆمەتبار کراوە.




**د. موحسین محەمەد حوسێن / ئەکادیمیای کوردی. هەولێر**

«ئیبن حەزم» «عەلی بن ئەحمەدی زاهیری ئەندەلوسی (456 کۆچی بەرابەر بە ـ 1164 زایینی) زانایەکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە و پڕبەرهەمترین زانا بووە، بەڵام هەندێ لە هزرەکانی کە لە کتێبەکانیدا هاتوون بە دڵی فەقیهەکانی دەستەڵات نەبوون، بۆیە ناوەرۆکی کتێبەکانیان بۆ میر گواستۆتەوە، ئەویش فەرمانی بە پیاوەکانی کردووە بەرهەمەکانی کۆ بکەنەوە و ئاگریان تێ بەربدەن. بەم شێوەیە بەرهەمی ئەقڵی بیرمەندێکی گەورەیان سووتاند، لەم بارەیەوە خۆی بە شیعر پوختەی بیرۆکەکانی دەلاوێنێتەوە و سەرکۆنەی کاری پیاوەکانی میر دەکات.

بەڵێ بیری ئەو و زانای دیکەش لەنێوبردران، تەنانەت بیرۆکەکان پێش لەنێوبردنی خاوەنەکانیان لەنێودەبران. ئیبن حەزم بە حەسرەتەوە مرد، دوای ئەوەی بیرۆکەکانیان کوشتنەوە، دەڵێن نزیکەی چوارسەد بەرگ نووسینی لە هەشتاهەزار پەڕ دانابوو، تەنیا پازدە کتێبی لێ مایەوە. گرنگترینیان کتێبی (الفصل فی الاهواء والنحل) هەروەها پەرتووکە جوان و نەخشینەکەی (طوق الحمامة) و (لەبارەی ژیاننامەی پێغەمبەر) هەروەها هەردوو بەرگی (المفاضلة بین الصحابە) و (احکام اصول الدین) و( اسماء الله الحسنی) و (جمهرة الانساب) و هی تریش[1]..

نموونەی تر بۆ لەناوبردنی کتێب و لەناوبردنی نووسەرەکەی، ئەو رووداوە بیر دێنینەوە کە لەسەردەمی صلاح الدین یوسف و حوکمڕانی مەلیک زاهری غازی کوڕی لە حەلەب روویداوە. دەگێڕنەوە کە شەهابەدین سورەوەردی خاوەنی فەلسەفەی یان (حیکمەتی ئیشراق)، کە زێدی خۆی بەرەو بەغدا بەجێهێشت. بەمیوانداری گەیشتە حەلەب، شا غازی فەرمانڕەوایەکی ڕووناکبیر بوو، بایەخی بە رۆشەنبیری سەردەمەکەی دەدا، سورەوەردی لەگەڵ فەقیهەکان و زاناکانی ئەو شارە دەستی بە وتووێژ و گفتوگۆ کرد، کەس دەرەقەتی نەهات، بۆیە غازی بانگی کردە کۆڕەکەی وەک چۆن بانگی فەقیهە گەورەکان و بیرمەندانی حەلەبی کرد، دانیشت تا گوێ لە قسەی هەردوو لایان بگرێت. سورەوەردی وا قسەی کرد کەبەسەر ئەندامانی کۆڕەکەدا زاڵ بێت، توانای خۆی نیشان دا، سەلماندی کە زانا و بیرمەندێکی گەورەیە، بۆیە پایەی لای شا بەرزبووەوە، لەخۆی نزیکی کردەوە، بووە یەکێک لە ئەندامانی کۆڕەکەی، بەڵام فەقیهەکانی حەلەب کۆنووسێکیان لەدژی نووسی و بە کوفرکردن تۆمەتباریان کرد، کۆنووسەکەیان بۆ سەلاحەدین یوسف نارد، تێیدا نووسیان ئەگەر سورەوەردی بمێنێت، بڕوای کوڕەکەتان تێکدەدات، ئەگەر حەلەب بەجێبێڵێت و بچێتە هەر شوێنێک بیرکردنەوەی پیاوەکان تێکدەدات، بەم شێوەیە سینەی سەرۆکیان پڕکرد کە خەریکی شەڕی خاچپەرستان بوو، ئەویش نامەیەکی بە گەورە راوێژکار و نووسەری نامەکانی (قازی فازڵ عەبدولڕەحیم بیسانی) بۆ کوڕەکەی نووسی و تێیدا داوای لێکرد سورەوەردی بکوژێت.

بڕیارەکەی باوکی بە دەست شاغازی گەیشت، سورەوەردی فەیلەسووف زانی دەکوژرێت، شا سەرپشکی کرد لە شێوازی جێبەجێکردنی بڕیاری مردنەکەی. سورەوەردی داوای کرد



لە ژێرزەمینێکی قەڵای حەلەب بەجێبهێڵدرێت و دەرگەی لەسەر دابخەن، خواردنی لەسەر بگرنەوە، ئەمە لەساڵی٥٨٧ کۆچی بەرابەر بە ١١٩١ زایینی بوو، واتا پێش چەند مانگێک لەوەی خاچپەرستەکان دەست بەسەر بەناوبانگترین شارەکانی فەڵەستین و شام بگرن لەسەر دەریای ناوەڕاست لە ئەنجامی ئەو گەمارۆیەی خستبوویانە سەر[2].

بیرمەندێک کە «سەبت ئەیمەنی جوزییە» دەڵێ سورەوەردیان بە مردوویی لە قەڵای حەلەب دەرهێنا، ئەو تەمەنی نزیک بە سی و هەشت ساڵ دەبوو، کاتێ بڕیاری خوێنڕشتنیان دا.

هەندێ دەڵێن شا غازی زۆر خەفەتی لە مردنەکەی خوارد و لە کوشتنی پەشیمان بوویەوە، رقیشی لەوانە هەڵگرت کەداوایان لێکرد ئەم تاوانە ئەنجام بدات[3].

بیرمەندی بەناوبانگ «نەعوم چۆمسکی» دەڵێت: لە نەریتی باودا زۆربەی مێژووی رۆشەنبیران مەیلیان بۆ ملکەچبوون بۆ دەستەڵات هەیە، ئەگەر خیانەت لەم نەریتە نەکەم، ئەوا هەست بە شەرمەزاری ئەکەم.

هادی عەلەوی دەڵێ: سورەوەردی فەیلەسوفیان کوشت، دوای ئەوەی پیاوانی دین لە حەلەب کۆنووسێکیان رێکخست و بە کوفرکردن تۆمەتباریان کرد، زۆر بەتوندی داوای کوشتنیان کرد، ئەم پیاوانە دەستەڵاتیان هەبوو، بەتایبەتی لەکاتی شەڕدا، چونکە دەستەڵات پێویستی پێیان بوو تا لە دژی خاچپەرستان تەیاری بکەن بە پێی سروشتی دینی شەڕەکە، لەبەدبەختی سورەوەردی ئەمە تاکە بڕیاری لەسێدارەدان بوو کە لە مێژووی ئیسلامیدا لەو سەردەمدا جێبەجێ بکرێت[4]. بەدەستی ئەو سەرکردە کوردە (دادپەروەرە) لەدژی ئەم فەیلەسوفە[5].

سەلامە مووسا بیرمەندی گەورەی میسر، دەڵێ سورەوەردی بە فەرمانی سەلاحەدینی ئەییووبی کوژرا. دوای مردنی شاعیری مەزن (ئەبو عەلای مەعەڕی) بەنزیکەی سەد و چل ساڵ، کە بە کوفر و ئیلحادەوە ناسرابوو، لەگەڵ ئەوەشدا کەس ئازاری پێ نەگەیاند، یان بڕیاری کوشتنی بدەن، مەعەڕی کە دەڵێ:

(دوو جۆر مرۆڤ لەسەر زەوی هەن، یەکیان خاوەن ئەقڵە و بێ دینە، ئەوەیدی بەدینە و بێ ئەقڵە[6])، لەکاتێکدا سورەوەردی نیو ئەوەندەی لەبارەی دین و رەخنەگرتن لە دین نەوتبوو، بەڵام سەلاحەدین یوسف، کوردێکی نارۆشەنبیر بوو، فەقیهەکانی دیوانی کوڕەکەی توانیان کاری تێ بکەن، لە راستیدا دین هێندەی پیاوانی دین، کە لەدین تێنەگەیشتبوون، لە کوشتنی سورەوەردی بەرپرس نەبوو، ئەو ئیسلامەی لەگەڵ (مەعەڕی) و هی تریش نەرم بوو، هەمان ئەو ئیسلامە بوو کە فەقیهەکان بۆ کوشتنی سورەوەردی پەنایان بردە بەر[7].

زانای گەورە «شێخ محەمەد جەواد مغنیە» دوای ئەوەی باسی لەدایکبوون و گەڕانەکانی سورەوەردی دەکات لە سوهرەوەردەوە کە (گوندێکی زەنجان)ە، بۆ ئەسفەهان و دوایی بۆ بەغدا و بۆ حەلەب، ئینجا بە گەورەترین زانای چاکەکار وەسفی دەکات، لە زانستەکانی فەلسەفەدا داهێنەر بوو، لە ئەستێرەناسیدا شارەزا بوو، زۆر زیرەک بوو، فیترەی چاک بوو، دەربڕینی رەوان بوو، لە گفتوگۆدا کەس باری نەدەبرد، زانینی لە ئەقڵی پتر بوو. ئینجا باسی ئەو کەسانە دەکات کە لە سەچاوەکاندا ناویان هێناوە وەک یاقووتی حەمەوی، لە (معجم الادباء) و ئیبن ئەبی ئەسیبعە و عەسقەلانی لە (لسان المیزان) و یافعی لە (مراة الجنان) و ئیبن خەلەکان لە (وەفییاتی ئەعیان) و ئیبن عیماد لە (شذرات) و زەهەبی لە (سیر اعلام النبلاء) و سەرچاوەی تریش وەک ئەسنەوی لە (طبقات الشافعیة) و ئیبن تەغری بەردی لە (النجوم الزاهرة).

هەروەها دەڵێ سورەوەردی لە فەلسەفەی ئیشراقیدا دەڵێ: (ئەگەر ئەقڵ لە نووری نووران واتا (خودا) نزیک بووەوە، بە نووری خودا ئیشراق دەکات و دەگەشێتەوە و رۆشن دەبێتەوە) [8]

ئینجا دەڵێ: زۆربەی سۆفییەکان بەها بۆ ئەقڵ دانانێن، پشت بە کۆششی روحی و ئەزموون دەبەستن، وەک تاکە رێگە بۆ پێوەندیکردن بە خودا، بێ هیچ پردێک و ئەقڵێک، بەڵام ئیشراقییەکان ئەم کۆششە روحییە بە ئامرازێک دەبینن بۆ سەفای ئەقڵ و پاکبوونەوەی لەگەردەکان، لە رێی ئەقڵەوە پێوەندی بە خودا دەکرێت، ئەمەش واتای ئەوەیە کە (ئیشراق) جۆرێکە لە سۆفیگەری. بەڵام جیاوازی لە نێوان ئیشراقییەکان و ئەوانی تر ئەمەیە، کە ئەوانی تر تەنیا بە کۆششی روحی بە خوا دەگەن، پێویستیان بە ئەقڵ نییە. بەڵام ئیشراقییەکان لە رێی ئەقڵی پەتی کە بێگەردبووەتەوە لە ئارەزووەکان بە کۆشش و وەرزشەوە بە خودا دەگات[9].

شارەزووری کە شاگردێکی راستەوخۆی سورەوەردی بووە، لەساڵی (١٢٥٠ زایینی بەرابەر بە ٦٤٨ کۆچی) کتێبێکی بەناوی (الشجرة الالهية) لەسەر رێڕەوی مامۆستایەکەی نووسیوە، هەروەها محەمەد شارەزووری کوڕی مەحموودی ئیشراقی، دوو کتێبی گرنگی مامۆستایەکەی «سورەوەردی» شەرح کردوون کە ئەوانیش (تەلویحات) و (حیکمەتی ئیشراق)ن. لەبارەی سورەوەردییەوە دەڵێ کە لە ساڵی(١١٥٠ زایینی بەرابەر بە ٥٤٥ کۆچی) یان (١١٥٥زایینی بەرابەر بە ٥٥٥ کۆچی) لەدایک بووە، چۆتە مەراغە و لەسەر دەستی مامۆستا (مەجدەدین جیلی) مامۆستای بەناوبانگی کەلام لەگەڵ (فەخرەدین رازی) خوێندوویەتی. ئینجا چووەتە ئەسفەهان و دواتر بۆ وڵاتی رۆم و پێی باش بووە لە ئامەد دابنیشێت. دوای ئەوە دەچێتە حەلەب کە شا زاهیر غازی لەوێ بووە، برادەرایەتییەکی توند لەنێوانیاندا پەیدادەبێ، لەنێوان سوهرەوەدی و زاناکانی ئەوێ وتوێژی توند دەکرێن[10]، سورەوەردی بێ پێچ و پەنا قسەی لەگەڵ کردوون هەموو شتێکی دەروونی خۆی باس کردووە، زمانێکی ئاڵۆزی بەکارهێناوە، میتافیزیکی تێکەڵ بە توخمەکانی ئێرانی کردووە کە لە دینی زەردەشتییەوە وەرگیرابوون، بۆیە هەلێکی گەورەی داوەتە نەیاران و ئەوانەی ئێرەییان پێ دەبرد، وەک هێنری کۆربەن دەڵێت، تا تۆمەتباری بکەن.

شارەزووری بەگەرمی بەرگری لە شێخەکەی کردووە لە دژی تۆمەتەکانی شێخ و زاناکانی تر و هەروەها لای دەستەڵاتدار و کاربەدەستانی ئەو وەختە کەسەردەمی سەڵاحەدینی ئەیووبییە[11]. لە راستیدا تۆمەتی سەرەکی کە فەقیهەکانی حەلەب ئاراستەی ئەو پیاوەیان کرد ئەوەبوو کە ئەو لە کتێبەکانیدا وتوویەتی: خودا توانایەکی بێ سنووری هەیە و ئەگەر ویستی دەتوانێ پێغەمبەرێک پەیدا بکات. بەڵام زاناکان وتیان تەنیا پەیداکردنی پێغەمبەرێکی تر نەبێت! سورەوەردی وەڵامی دانەوە ئایا ئەم مەحاڵبوونە رەهایە یان سنووردارە؟ وتیان تۆ کافر و بێباوەڕیت! ئەمەش ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە بۆچی بێباوەڕەکان لە ئیسلامدا بەرەو گومانکردن لە بیرۆکەی پێغەمبەرییێتی و پێغەمبەران رۆیشتن، وازیان لە خوداوەندییێتی هێنا وەک عەبدولڕەحمان بەدەوی دەڵێت[12].

> **سوورەوەردی تەنیا لەلایەن فەقیهەکانی سەردەمی خۆیدا نەچەوساوەتەوە، بەڵکو لەلایەن زانا ئەقڵانییەکانیشەوە**

سورەوەردی تەنیا لەلایەن فەقیهەکانی سەردەمی خۆیدا نەچەوساوەتەوە، بەڵکو لەلایەن زانا ئەقڵانییەکانیشەوە.

برادەرە راستەقینەکانی حەکیم و پێغەمبەرانی یۆنان و فارس بوون، کە لەگەڵیاندا دەژیا، وەک ئەفلاتۆن و زەردەشت[13]. هەروەها لە حەکیمەکانی پێشینی ئیسلام وەک (حەللاج)ی بەناوبانگ.

سورەوەردی بە (سەیدی زەمان) وەسف

کرابوو. لەسەرەتای نامەکانیدا، سڵاو ئاراستەی برایەکانی دەکات، حەزی لە دنیای رووکەش نەبوو، جلێکی بەرین و درێژی لەبەر دەکرد، مەندیلێکی رەنگینی لەسەر دەنا، هەندێ جار جلی بێسەروبەری دەپۆشی و هەندێجاریش خەرقەی سۆفییانی دەکردە بەر.

ئەم بایەخ نەدانەی بە رواڵەتە کۆمەڵایەتییەکان سەرنجی فەخرەدین ماردینی برادەری رادەکێشێت و دەڵێت: ئەو گەنجە زۆر زیرەک و رەوانە، لە زەمانی خۆمدا کەسم نەدیوە وەک ئەو بێت، بەڵام دەترسم زیرەکییەکەی لەنێوی ببات! بەتایبەتیش لە رووبەرووبوونەوەی زانا و فەقیهەکانی حەلەبدا، کە لای سوڵتان سەلاحەدین یوسف پیلانگێڕییان دژی کرد. کورەکەیشی غازی نەیتوانی لەم چارەنووسە رەشە دەربازی بکات هەرچەندە کە برادەری بوو لای ئەو بوو.

پایەی سورەوەردی لە مێژووی هزردا، بەتایبەتیش لە مێژووی ململانێی سۆفییەکان، مێژوویێکی پڕ لە کارەساتە، ئەو پێوەندییە روحییە قووڵەی بە حەللاجی دەبەستەوە یان بە شێخی گەنج (عەینی قوزاتی هەمەدانی[14]) کە لەتەمەنی سی و سێ ساڵیدا شەهید بوو، ئەم پێوەندییە پێش هەموو شتێک لەسەر پێکچوونی هزرەکانیان لەبارەی بوون و ژیان و چارەنووسیان پەیدا بووە، هەروەها بە پێشبینی و تەنانەت بەپیرەوەچوونی هاوبەشیان بەرەو مەرگەوە کە بە خۆشحاڵییەوە وەریانگرتووە و بینیویانە کە سزایەکی دادپەروەرانەیە لەسەر هەڵوێستی توندیان کە ئیمانیان بە هەمان یەکتایی لەسەریان دەسەپێنێت و پێچەوانەی هزری زۆران بوو، ئەوان نەیانویست وا خۆیان نیشان بدەن کە حەشامات دەیەوێت و لەسەری راهاتوون.

سورەوەردی لە ماوەی ژیانیدا ٤٩ بەرهەمی داناون، ئەگەر هاتبا و لەم تەمەنە کورتەدا نەمردبا و ژیابا وەک ئەوانەی تر، چەندی تری دەنووسی؟ هەرچەندە ئەم ژمارەیە تەواو نییە، بەزمانی عارەبی و فارسی نووسیوە، کتێبی (حیکمەتی ئیشراق) بە داندراوی سەرەکی ئەو دادەندرێت. واژەی (حیکمەتی ئیشراق) واتای تیشکی نووری رەسەن دەگەیەنێت کە دیاردەی لەدایکبوونی رەسەنە بۆ بوون و کەشفکردنی ئەم بوونە.

---

## پەراوێزەکان

1. طوق الحمامة ط ح/ بیروت 2004 ص 8
2. ابن شداد. ص 97
3. توفیق الطویل. في تراثنا العربي الاسلامي. عالم المعرفة. الکویت. 1985
4. راست نییە ئەمە تاکە بڕیاری لەسێدارەدان نەبوو، کە جێبەجی بکرێت. (نووسەر)
5. هـادي العـلوي. شخصیات غیر قلقة في الاسلام. دار المدي. الطبعة الرابعة. ص 277
6. سلامة موسي. حریة الفکر. ص 131
7. هەمان سەرچاوە ل ١٣٤
8. هەیکەلەکانی نوور، سوهرەوەردی،ل ٨٥
9. مذاهب و مصطلحات فلسفیة. دار الکتاب الاسلامي.2007 ص 24-25
10. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە کتێبی شارەزووری (نزهة الارواح و روضة الافراح) ص 275
11. کارلو الفونسو. التراث الیوناني في الحضارة الاسلامیة. مکتبة النهضة المصریة. القاهرة 1940 ص 275
12. دراسات اسلامیة. من تاریخ الالحاد. مکتبة النهضة. القاهرة 1945ص 155
13. هنری کۆربان. شخصیات قلقة في الاسلام
14. عەینی قوزاتی هەمەدانی (٤٩٢ -٥٢٥ کۆچی و لـەبـەرابـەر ١٠٩٩-١١٣٠ زایینی) ناوی عەبدوڵلا کوڕی محەمەد کوڕی حەسەن کوڕی عەلییە، زانایەکی سەردەمی خۆیەتی، زۆر زیرەک و زانا بووە یەکێکە لە سۆفییە گەورەکانی سـەردەمی خـۆی، لـە شـاری هەمەدان کوژراوە و پێستیان گووراندووە و لەو قوتابخانەی مامۆستا بووە لە خاچیان داوە، ئینجا دوای ئـەوە تـەرمـەکـەیـان لە حەسیر پێچاوەتەوە و سووتاندویانە دوای ئەوەی زەیتیان پێ داکردووە. دوا نزاکردنی لە شەوی لەخاچدانی وەک پێشبینییەکەی بـووە بـە هەستێکی راستگۆ دەربـڕیـوە و وتـوویـەتـی: خـودایـە دوای مـردن و شەهیدبوونت لێ دەکـەم، دوای ئاگر و نەوت و حەسیرت لێ دەکەم).



# شەریعەت و تەریقەت، مەعریفەت و هەقیقەت

## لە نێوان دوو سورەوەردیدا



هۆشەنگ شێخ محەمەد

### مێژووی ئیشراق

مێژووی ئیشراق، خۆی لە نێو هزری میترابیزم و زەردەشتی و یەزیدی و یارسانی، دوایی لە نێو فەلسەفەی پلاتۆنیزمی نوێدا، دواتریش لە نێو کاریگەری گنوسیزمی جوو و مەسیحی و مانیزم، دواترینیش هاتنی ئیسلام و کارکردنی سورەوەردی لەم فەزا ئیسلامییەدا بە سەرچاوەگەلی خۆرهەڵاتی و یۆنانی و ئیسلامییەوە، وتارێک کە بە ناوەڕۆک و شێوەوە ئیشراقییە لەنێو کەلتووری کورد و ناوچەکەدا پەیدا دەکات.

میراتی ئیشراقی، خاڵێکی گەورە و پێچێکی فەلسەفی و دینییە لەنێو کەلتووری کوردیدا، دامەزراندنی ئەم مەزهەبە بە دیوە فەلسەفی و سۆفیگەرییەکەی، بیرکردنەوەی فەلسەفیی کوردە لەبارەی بوون و بووناسییەوە، سەرچاوە و بنەما و کەرەستە و بەهای ئەم مەعریفەیە ئیشراقناسییەکی کوردانەی دامەزراندووە و لە نێو دەقگەلی شیعری کوردیدا رەنگی داوەتەوە.

شێخ شەهاب یەحیای سورەوەردی (١١٥٥-١١٩١ زایینی) لە ڕێی بەرهەمگەلی فەلسەفی و ئەدەبی و رەمزییەوە، یەکەم نووسەری ئیشراقییە، لەوێوە تا ئێستا فەلسەفەی ئیشراق لە نێو ئەدەبی کوردیدا حزووری

هەیە. هەر ئەم حزوورە وا دەکات ناوەڕۆکی ئیشراق لە دین و سیاسەت و رۆشەنبیری کـوردیـدا دەربـکـەوێـت. خالێکی سەیرە لە مێژوودا، هـــەردوو ســــورەوەردی لـەیـەک سـەردەمـدا پـەیدا بن و هـەردووکیشیان لە دامـەزراندنی دوو میتۆدی جیاواز بەشدار بن و تەنانەت دوو ئاراستەی هزری گەورە لەنێو کـەلـتووری کوردی و ناوچەکە پەیدا بکەن و تا ئێستایشی لەگەڵدا بێت درێژەیان هەیە.

دەرکـەوتـنـی کـەسـێـتـی (شێخ شەهاب عومەری سـورەوەردی ١١٤٥ – ١٢٣٥) وەک سۆفی و شێخی تەریقەت و ئیمام رۆڵێکی گەورە لە بڵاوبوونەوەی تەریقەتی (سورەوەردی) دەگـێـڕێـت و دەبـێـتـە تەریقەتێکی سۆفیگەریی میللی. کتێبەکەی عەوارفی مەعارف، دەبێتە گرنگترین سـەرچاوەی فێربوون و پـەروەردە بۆ موریدان و سۆفی و موتەسەوفەکانی سـەردەمـی خـۆی و دوای خۆی، تەنانەت تا ئێستاش ئەم کتێبە بەها و گرنگی خـۆی لـە نـاوەنـدەکـانـی خـوێـنـدن و پـەروەردی دینی ئیسلامی سوونیدا پاراستووە.

با سەرنج لەم دیمەنە بدەین، لەساڵی ١١٨٠ ناسرەدینیللا دەبێتە خەلیفەی دەسەڵاتی عەبباسی لە بەغدا و عومەری سـورەوەردی لـەسـایـەی ئـەودا، کتێبی (عـەوارفـی مـەعـارف) دەنـووسـێـت، دەبێتە راوێژکاری خەلیفە و پایەیەکی گـەورە و گرنگی دەبـێـت. سـورەوەردی ئیشراقیش لەساڵی ١١٨٦ لە حەلەب کتێبی حیکمەتی ئیشراق دەنووسێتەوە. کە ئـەم کتێبەش وەک هێنری کۆربەن دەڵێت دەبێتە ئینجیلی ئیشراقییەکان!

واتـا لـە ساڵانی ١١٨٠ و سەرووتر دوو گرنگترین کتێب لـە فـەزای دینی و فـەلسـەفـی ئیسلامیدا دەنووسرێن، کە نووسەری هـەردوو کتێبەکە کوردن و لە گوندی سورەوەردن، هەردوو بە زمانی عارەبی دەنـووسـن، یـەکـیان کاریگـەری لـەسـەر هێڵی شـەریعـەت و تـەریقـەتی ئیسلام دەکـات، ئـەوەی تریش کاریگەری لەسەر هێڵی مەعریفەت و هەقیقەتی ئیسلام دەکات.

عـەوارفـی مـەعـارف، سۆفیگەرییـەکـی میللی شەریعەتخواز و تەریقەتخواز پـەیدا دەکـات، حیکمەتی ئیشراقیش سۆفیگەرییەکی فەلسەفی دادەمەزرێنێت. واتا ئەم دوو کتێبە بایەخێکی گەورە پەیدا دەکەن، دەبنە دوو سەرچاوەی سەرەکی بۆ هزری فەلسەفی و هزری دینی.

عەوارفی مەعارف بەرگری لە شەریعەت و تەریقەت دەکات، کتێبی حیکمەتی ئیشراقیش بەرگری لە مەعریفەت و هەقیقەت دەکات!

با لێرەدا بچینە نێو ناوەڕۆکی ئەم دوو کتێبەوە، سەرەتاش بە حیکمەتی ئیشراق دەست پێ دەکەین:

**کتێبی حیکمەتی ئیشراق:**

کتێبی حیکمەتی ئیشراق، وەک سورەوەردی خۆی ئاماژەی پێداوە، لە ساڵی ١١٨٦ زایینی لە نووسینەوەی بۆتەوە، بە شایەتی خۆرهەڵاتناسان و لێکۆڵەرەوەکانی فارس و عارەب و کورد، گرنگترین کتێبی سورەوەردییە. سورەوەردی خۆی لە هەندێ کتێبەکانیدا، بۆ نموونە لە (وشەی سۆفیگەری) ئاماژە بە کتێبی حیکمەتی ئیشراق دەدات و خوێنەر دەگێڕێتەوە سەر خوێندنەوەی حیکمەتی ئیشراق.

**کتێبی حیکمەتی ئیشراق، وەک سورەوەردی خۆی ئاماژەی پێداوە، لە ساڵی ١١٨٦ زایینی لە نووسینەوەی بۆتەوە، بە شایەتی خۆرهەڵاتناسان و لێکۆڵەرەوەکانی فارس و عارەب و کورد، گرنگترین کتێبی سورەوەردییە**

کتێبەکە لە پێشەکییەکی کورت بەڵام قووڵ، لەگەڵ دوو بەش پێکهاتووە. کتێبێکە ئەزموونی سۆفیگەری و فەلسەفی سورەوەردی لەخۆی دەگرێت. لەم کتێبەدا هەوڵی داوە حیکمەتی ئیشراق بە هەردوو دیوە فەلسەفی و سۆفیگەرییەکەی پێشکەش بە برایانی بکات.

لێرەدا بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی بیرۆکەی کتێبەکە و چەند لایەنێکی ئیشراقی

سوورەوەردی لەسەر چەند پەرەگرافێکی پێشەکییەکەی دەوەستێن، کە بە راستی قووڵ و دەوڵەمەندە.

سەرەتا سوورەوەردی بەم کێشەیە دەست پێ دەکات کە لەزۆربەی کتێبەکانیدا دەنووسرێتەوە، کە کلێشەیەکی تەشریفی یان پرۆتۆکۆلییە، کە تێیدا گەورەیی و پیرۆزی و شکۆمەندی و سیفەتەکانی تری خودای تێدا دەردەخرێت، هەروەها گەورەیی و سەڵات و سەلام و لەسەر پێغەمبەری خودا (محەمەد) و یارانی و ماڵەکەی دەنێردرێت.

جێگەی لەسەر وەستانە سوورەوەردی لە حیکمەتی ئیشراقدا زۆر بەکورتی بەم دەربرینەی خوارەوە، ئەم پرۆتۆکۆلە جێبەجێ دەکات: (خودایە یادت پڕ شکۆ و گەورەیی بۆ پیرۆزی و یاوەریت، بەرزی بۆ پێگە و پایەت. سڵاو لە گشت پەیامبەر و مژدەدرانت، بە تایبەتی سڵاو لە محەمەدی مستەفا، گەورەی مرۆڤ و پاکانەکار لە مەحشەردا. وا بکە بە رووناکیت لە براوەکان بین، لەوانەی یادت دەکەن و سوپاسگوزاری بەهرەکانت بین.)

جێگەی سەرنجە کە لە هەندێ نووسینەکانی تری سوورەوەردیدا، کە بە فارسی یان هەتا بە کوردی بەرچاوی من کەوتوون، بێ ئەو پرۆتۆکەلە سەرەتاییەن، ئەوەش گومانێک دروست دەکات بەمەی ئایا ئەم پێشەکییە تەشریفییانە هی سوورەوەردین؟ یان دواتر دەستکاری کراون و لەلایەن نووسەرەکان (ناسخ و موسەنیفەکان) زیاد کراوە، تا لەرووی تەشریفاتییەوە لەگەڵ ئەو پرۆتۆکۆڵە بگونجێت کە عەباسییەکان دایانهێنا؟ بەتایبەتیش کە هەم لە پێشەکی کتێبەکاندا دەبێت ئەو تەشریفاتە هەبێت و لەگەڵ ناوهێنانی ناوی پێغەمبەری خودا (محەمەد) دەبێت یەکسەر (ﷺ)ی لەگەڵ بوترێت؟! کە سەرنج لە ناوەڕۆکی حیکمەتی ئیشراق دەدەین، ناوی (نووری نووران) لە جیاتی (ئەڵڵا) بەکاردێنێت و لەباسی پێغەمبەری خودا محەمەددا، تەنیا دەنووسێت (قانووندانەری عارەب و عەجەم) بێ هیچ تەشریفاتێک. ئەم بابەتە گومان دروست دەکات لەسەر ئەوەی ئایا سوورەوەردی خۆی ئەم پرۆتۆکۆلەی نووسیوە؟ یان ئەم پرۆتۆکۆلە بۆ کتێبەکانی سورەوەردی زیادکراوە و لە رووی شێواز و ناوەڕۆکەوە دەستکاری کراون؟

لێرەدا بەرابەر دوو گریمانە دەوەستین، یەکەمیان ئەمەیە کە ئەم پرۆتۆکۆلە هی سوورەوەردی بێت، بەهۆکاری خۆپاراستن لە رەخنە و تانە و تەشەری دەستەڵاتی دینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی، تا بە بێ ڕێزی لەبەرابەر شەریعەت و سوونەتدا تۆمەتبار نەکرێت. دووەمیشیان ئەوەیە کە ئەم پرۆتۆکۆڵە زیادکرابن و خرابنە سەر بەرهەمەکانی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خەلافەت و دەرنەچوون لە سنووری پێناسە و پێوانەکارییەکانی ئەم دەستەڵاتە.

ئەم بابەتە دەمانباتەوە نێو مێژوو و لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە، بەڵام هیوادارم، من یان هەر لێکۆڵەرێکی دیکە بتوانێت لەسەر ئەم بابەتە لێکۆڵینەوە بکات و هەندێ لە تاریکی ئەم پرسیارە بڕەوێنێتەوە و بۆمان روون بێتەوە ئەو دەقانەی بێ ئەم پێشەکییانە لەبەر دەستن راستن یان ئەوانەی بەم پێشەکییانە دەست پێدەکەن ساغن؟!

سوورەوەردی دوای ئەو پرۆتۆکۆڵە، ئەوە روون دەکاتەوە، کە نووسینی ئەم کتێبە، لەسەر داواکاری برایانی بووە، تا بە براوە باسی ئەو شتانەیان بۆ بکات کە لە خەڵوەتەکانیدا پێیان دەگات: (برایانم ئنجا بزانن، پێشنیازی زۆرتان بۆ نووسینەوەی «حیکمەتی ئیشراق» بەسەر خۆگریم و رێگریمدا زاڵ بوو، دەزانن زۆر سەختە، لەگەڵ ئەوەش داوام لێ دەکەن، کتێبێکتان بۆ بنووسم باسی ئەو شتانە بکەم، کە بە براوە لە خەڵوەت و کۆششەکانم دەیگەمێ. هەموو رەوانێک کەموزۆر داوای بڕێک رووناکیی خوا دەکا، هەموو کۆششکارێک کەموزۆر بڕوایەکی هەیە، زانین بە تەنیا بۆ کەسانێک نییە، تا دوای ئەوان، لە هەردوو جیهان دەرگەی ئاسمان دابخرێ و کەسانی تر پێی نەگەن. بەڵکو زانینبەخش ئەوەیە «لە ئاسۆی باڵاوە، لە شتە


نادیارەکانیشدا نەدار نییە» شەڕانیترین چەرخەکانیش ئەوانەن، کە رایەخی کۆششی تێدا لوول دەدرێ و کاروانی بیرکردنەوەی تێدا رادەگیرێ و دەرگەی درکاندن دادەخرێ و ڕێگەی دیتنیش دەگیرێ. )

لەم پەرەگرافەدا، سورەوەردی داواکاری برایانی جێبەجێ دەکات و باسی ئەو بروایە دەکات، کە لە خەڵوەتەکانیدا لە رێی کۆششی روحییەوە پێی دەگات، سەرەتا سورەوەردی سۆفییانە یان عاریفانە باسی ئەو جۆرە زانینە دەکات کە ئاکامی کۆششی عاریفە لە خەڵوەت و مەشقگەلی جەستەیی و روحی، ئەو دەزانێت زانین بۆ هەموو مرۆڤەکانە، گشتییە و تایبەت نییە بە دەستە و تاقمێکەوە، لێرەدا هەڵوێستی سورەوەردی هەڵوێستێکی فەلسەفییانە، لە هەڵوێستی فەیلەسوفی یۆنانی- زەردەشتی (فیساگۆرس) نزیک دەبێتەوە، فیساگۆرس کە داهێنەری ناوی (فەلسەفە و فەیلەسوفە) لەسەر ئەو بنەمایە ئەم دوو ناوەی داهێنا، چونکە پێی وابوو وشەی حیکمەت و حەکیم، دەربڕین لە زانینی دەستەبژێرێک دەکەن، کە دەستی هەموو کەسێکی پێ ناگات، بۆیە ئەو پێی راستتر و باشتر بوو بڵێت فەلسەفە و عاشقانی فەلسەفە، تا حیکمەت لە هەموو کەسێکی ئاشقە حیکمەت نزیک بکاتەوە. سورەوەردیش لەم پەرەگرافەدا ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە زانین پرۆسەیەکە سەر بە هەردوو جیهانی ماددی و ناماددییە، فەلسەفی و روحییە، مرۆیی و خوداوەندییە، کاروانی بیرکردنەوە و زانین، بە هەردوو جیهانەکە پەیدا دەبێت و بەردەوام دەبێت. ئەمە دامەزراندنی بیرکردنەوەیەکی فەلسەفییانەی ئیشراقییانەیە بە واتا تیۆسۆفییەکەی.

لێرەدا سورەوەردی جۆرە تێگەیشتنێکی ئیشراقییانە بۆ زانین دەردەخات، ئاگاداری ئەمەیە کە سەردەمێک دەستەڵاتی دینی و دنیایی دەرگەی درککردن دابخات، رێگەی دیتن بە واتای (شهوود) بگرێت. با سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە رابکێشم، داخستنی دەرگەی شهوود، بۆ سورەوەردی بابەتێکی چارەنووسساز بوو، بۆیەشە لەپێناو کردنەوە و بەردەوامی ئەو شهوودە بووە شێخی شەهید، (شەهید) بە واتای بینین و شایەتیدانی لەسەر جیهانی رەوان و شهوود، هەروەها گرێدانەوەی ئەو بینین و شهوودە بە وەحدەتی شهوود لە رووی سۆفیگەرییەوە و وەحدەتی وجوود لەرووی فەلسەفییەوە دەبەستریتەوە، بۆیە دەستەڵاتی دینی و دنیایی سەردەمێک کە رێگەی شهوود دەگرێت، واتا ڕێگە لە فەلسەفە و مەعریفە و هەقیقەت دەگرێت.

ئەم رێگرتنەش بە ئامرازگەلی سۆفیگەری و دینی و هزرییەوە دەبێت، بە بایەخدان بە جۆرە سۆفیگەرییەکی پشتبەستوو بە شەریعەت دەبێت کە شێخ و ئیمامەکان سەرکێشی ئەو جۆرە سۆفیگەرییە دەکەن.

لەلایەکی ترەوە هەر لەم سەردەمەدا دەبینین (ئیبن روشد ١١٢٦-١١٩٨) هەوڵێکی گەورە دەدا تا فەلسەفە و بیرکردنەوەی مەنتیقی لەگەڵ بیرکردنەوەی ئیمامەکانی ئیسلامی بگونجێنێت، دوای ئەوەی (غەزالی) دەمێک بوو لە (تەهافوتی فەلسەفە و مەقاسیدی فەلسەفە) دابوویە بەر کوتکی رەخنەگرتن و لەهەمان کاتیشدا (عومەری سورەوردی) دیسان ئەو کوتکەی هەڵگرتبووە و دایدەوەشاندە دەیان فەیلەسووفی ئەو سەردەمە و پێشتریش! بەڵام ئیبن روشد سەرناکەوێت و کتێبەکانی دەسووتێندرێن و خۆیشی شار بەدەر دەکرێت!




لەم سەردەمەدا، کە دەستەڵاتی سیاسی چ عەبباسی و چ ئەییووبی، رێگرن لەبەردەم بیرکردنەوەی فەلسەفی و سۆفیگەری فەلسەفی، تەنیا رێگە دەدەن شەریعەت و تەریقەت لە نێو بیرکردنەوەدا رۆڵ بگێڕن.

لەنێو ئەم دۆخە سیاسی و رۆشەنبیری و دینییەدا، سورەوەردی وەک یەکەم کەسێک لەبەرهەمەکانیدا، ئیشراقییانە بیر دەکاتەوە و ئەفلاتۆنیزمی نوێ دەرێژێتە

سەر فەرشی ئەم سەردەمە!

سورەوەردی ئیشراقی، لەم پێشەکییەدا ڕێگە بۆ زانینی ئیشراقی خۆش دەکات، زانینێک هەردوو جیهانی ماددی و ڕوحی، مەنتیق و موشاهەدە، پێکەوە کۆدەکاتەوە. بە ئاشکراش خۆی ڕووبەڕووی ئەو چەکوچەی غەزالی و عومەری سورەوەردی ڕادەوەستێت و گوێ بەو ترس و سانسۆرە نادات، کە هەم هزری سۆفیگەری و هەم فەلسەفی ڕووبەرووی دەبوونەوە، چونکە لەم ماوەیەدا، تەنیا سۆفیگەرییەک قەبووڵ دەکرا کە لەگەڵ ڕوحی شەریعەت تەبا بێت، ئەگەر جمک نەبێت!

ئینجا سورەوەردی لە پەرەگرافێکی دیکەدا دەڵێت: (ئەم کتێبە لەوانەی تر ڕێکوپێکترە و بۆ گەیشتن بە زانینیش ئاسانترە. یەکەم جار لە ڕێی بیرەوە پەیدانەبوو، بەڵکو پەیدابوونی بە شتێکی ترەوە بوو، ئنجا دوایی لەسەر ئەوە داوای بەڵگەم کرد، هەرچەندە چاویشم لە بەڵگە نەبوو، بەڵام هیچ شتێک نەیدەتوانی وا بکا گومانی لێ بکەم.)


کتێبی حیکمەتی ئیشراق لە ڕێی بیرکردنەوە پەیدا نەبووە، لە شوێنێکی تری حیکمەتی ئیشراقدا تێدەگەین کە ئەم کتێبە لە ڕێی (سرووشەوە) بۆ سورەوەردی هاتووە: (ئنجا ڕێبوار دەزانێ، کە پێشین و پاشینان چییان لەدەست چووە، لەوەی خودا لەسەر زمانی مندا ڕوونی دەکاتەوە. ڕوحی قودس، لە ڕۆژێکی عەجیبدا، بە یەکجار خستییە دڵمەوە. ئەگەرچی نووسینەوەی بەهۆی سەفەرەکانمەوە، بە چەند مانگێک پێکهات، کارێکی گرنگە. ئەوەی هەق ڕەت بکاتەوە، خودا تۆڵەی لێ دەستێنێتەوە. (خودا عەزیز و تۆڵە ئەستێنە) کەس تەماهی تێگەیشتن لە نهێنییەکانی ئەو کتێبە نەکا، بێی گەڕانەوە بۆ ئەو کەسەی دەبێتە خەلیفە و زانینی کتێبەکەی هەیە. )

سورەوەردی لێرەدا بابەتی سرووش و هەق و کەسێک کە زانینی ئەو کتێبەی هەیە دێنێتە پێشەوە، ئەم سێ بابەتە، سرووش و نەزمی پێغەمبەرایەتی، هەق و پێوەندی بە شەریعەت، کەسێک کە زانایە بەم کتێبە و پێوەندی بە ناوەڕۆک و باتنی کتێبەکە و بزاوەکانی باتینییەکان و ئیسماعیلییەکان بە تایبەتی لە چوارچێوەی هزری شیعیدا دێنێتە پێشەوە!

سرووش وەک ڕووداوێکی ڕەمزی، پێوەندیکردنی ڕاستەوخۆی مرۆڤە بە جیهانی میتافیزیک، گەیشتنە بە موقەدەسی پشت پەردە. ئەو کەسەی بەم پایەیە دەگات دەبێتە پێغەمبەر، پەیامێکی خواوەندی باڵای لە ڕێی ڕوحی قودسەوە بۆ دادەبەزێت و بە خەڵکی دەگەیەنێت. بێگومان ئەمە هۆکارێکی گرنگی کوشتنی سورەوەردی بوو، چونکە لە ڕێی ئەم سرووشەوە گومانێکی گەورەی خستە سەر پێغەمبەرناسی، واتا ئیشراقناسی خۆی بووە گومان لەسەر پێغەمبەرناسی و ماهییەتی سرووش و ڕوحی قودس و زانین و حیکمەتی خوداوەندی.

بابەتی هەق و پێوەندی بە شەریعەتەوە، کە تا ئەو سەردەمەش لەگەڵ دژایەتیکردنی هزری فەلسەفی یۆنانی، بەڵام هزری ئەرستۆیی لەنێو فەلسەفە و دنیای ئیسلامدا لەسەردەمی خەلیفە مەئموونەوە کاری خۆی کردبوو، ئامرازەکانی پێناسەکاریی و پێوانەکاریی ڕۆڵێکی گەورەیان لە نەزمی خەلافەت و شەریعەتدا هەبوو، تا ئێستاش ئەم کاریگەرییە ئەرستۆییە بەردەوامە و لەنێو دامودەزگەکانی دینیدا خۆی دەردەخات.

ترس لەباتینی و بەتایبەتی ئیسماعیلییەکان بابەتێکی گرنگی ئەو سەردەمە و پێش ئەو سەردەمەش بووە، کتێبی (فەرقی نێوان فیرقەکان)ی (بەغدادی) بخوێنییەوە کافییە بۆ ئەوەی لە هەموو ئەو تۆمەتانە بگەیت، کە دەدرێنە باتینییەکان و لە نێویاندا کورد بەوەی دەیانەوێت دینی موغەکان زیندوو بکەنەوە! جاماسپ یەکێکە لەو ناوانەی لەم کتێبەدا وەک فاڵگرەوە و جادووگەری مۆغەکان پێشبینی هاتنەوەی دەستەڵاتی مۆغەکان دەکات و باسی هەردوو هێزی چاکە و خراپەی ئاهورامەزدا و ئەهریمەن دەکات، دیاریشە سورەوەردی لە کتێبی حیکمەتی ئیشراقدا، ناوی جاماسپ و ئەندامانی تری ئەنجوومەنی پیرانی موغان دێنێت و هەروەها بە ئاشکرا باسی زەردەشت وەک پێغەمبەرێکی چاکەکار دەکات.



ئەم بابەتانە، سرووش و پێغەمبەرناسی و باتین، دەمێک بوو لە نێو دامودەزگەکانی فەرمی دەستەڵاتی دینیدا، خەتی سووریان بەسەردا کێشرا بوو، ئەوەی باسیشی کردبا تۆمەتبار و تاوانباربوو بە کوفر و زەندەقە و ئیلحاد و لە رێ دەرچوون و لەدینلادان و دەیان تۆمەتی تر. کە رەوایەتی دەدایە کوشتنیان.

سورەوەردی لە پەرەگرافێکی زۆر گرنگی پێشەکییەکەیدا، سەرچاوەکانی هزری و ئەقڵی و روحی خۆی ئاشکرا دەکات و دەڵێت: (ئەوەی لە زانینی رووناکییەکان باسم کردووە و هەموو ئەوەی لەسەری ئاوا دەکرێ و ئەوانەی تریش، بە هاوکاری ئەو کەسانە بووە، کە رێگەی خودای گەورە و رۆشنیان گرتووە، زانینی مامۆستا و رابەری حیکمەت، خاوەن هێز و نوور، پلاتۆ. هەروەها مامۆستایانی پێش پلاتۆ، لە سەروەختی باوکی حەکیمەکان هرمس، تا سەروەختی ئەویش، حەکیمگەلی بلیمەت و مامۆستایانی حیکمەت، وەک ئەمپادۆکلیس و پیتاگۆراس و هی دیکەش. پەیڤەکانی پێشین هێمادارن، رەت ناکرێنەوە، ئەو رەخنانەی لێیان گیراون، ئاراستەی شێوەی قسەکانیان کراون، نەوەک مەبەستەکانیان. هێما رەت ناکرێتەوە. لەسەر ئەوە بنەمای خۆرهەڵات لە بارەی رووناکی و تاریکی ئاوا دەکرێ، کە رێگەی حەکیمەکانی فارس، وەک جاماسپ و فرەشەوشتر و بوزورگمیهر و پێش ئەوانیش بوو. ئەوە بنەمای کوفری مەجوس و ئیلحادی مانی و ئەوە نییە، ببێتە هۆی هاوبەش پەیداکردن بۆ خودای پاک و باڵا. وا مەزانە حیکمەت تەنیا لەو ماوە نزیکەدا هەبووە، جیهان هەرگیز لە حیکمەت و ئەو کەسە ڤالا نەبووە، کە لە ئەستۆی دەگرێ و بەڵگە و روونکردنەوەی هەیە، ئەو خەلیفەی خوایە لەسەر زەوییەکەی، تا ئاسمان و زەمین بمێنن هەر وا دەبێ. جیاوازی نێوان حەکیمەکانی پێشین و دواتر تەنیا لە واژەکاندایە، لەگەڵ جیاوازییان لە دەربڕین و نیشاندانیاندا. هەموویان باسی سێ جیهان دەکەن، لەسەر یەکتاپەرستی کۆکن، لەسەر پرسیارە سەرەکییەکانیش ناکۆک نین. مامۆستای یەکەم «ئەرستۆ تالیس» هەرچەندە قەدر گران بوو، پایەبەرز بوو، بیرقوڵ بوو، روانینی فرەوان بوو، بەڵام ناکرێ پف بدرێ، تا ببێتە هۆی ئەوەی لە مامۆستایەکانی کەم بکرێتەوە، کە لە نێویاندا کۆمەڵێک لە دەستورکار و قانوندانەرانی، وەک ئاگادیمون و هرمس و ئاسکلیپوس و هی دیکەش هەن.)

له خوێندنەوەی ئەم پەرەگرافە و هەندێ پەرەگرافی تری نێو کتێبی حیکمەتی ئیشراقدا، بە روونی لەسەرچاوەگەلی ئەقڵی و هێزی وروحی سورەوەردی دەگەین، ئیشراقناسی سورەوەردی، دابەش دەبێتە سەر پێنج هێڵی سەرەکی:

یەکەمیان: حەکیمەکانی پێشین و فەیلەسوفانی یۆنان: هرمس و ئاگادیمۆن و ئاسکلیپۆس و فیساگۆرس و سوکرات و پلاتۆ و ئەرستۆ و ئەفلۆتین.

دووەمیان: زەردەشت و جاماسپ و بوزورگمیهر و فرەشەوشتر کیۆمەرت و کەیفەرەیدون و کەیخوسرەو.

سێیەمیان: سۆفییانی وەک حەلاج و بەستامی و زوونـوونی میسری و سەهلی تەستووری و هی تر.

چوارەمیان: بوودیزم و گنووسی جوو و مەسیحی و مانیزم.

پێنجەمیان: قورئان و فەرموودە.

سورەوەردی گەورەیی و کاریگەری هیچ فەیلەسوفێک لەم فەیلەسوفانە ناشارێتەوە، بە پێچەوانەوە خۆی ئاشکرایان دەکات و بە ناوی ئیمام و مامۆستای حیکمەت بانگیان دەکات. تێگەیشتن لە پاشخانی هزری فەلسەفی و ئەقڵی ئەم ناوانە، تێگەیشتنێکی پانۆڕاییمان لەبارەی شەتحەکانی سورەوەردی دەداتێ! ئەو کە بێباکانە لە پەرەگرافەکەی پێشووتر باسی (سرووش و پێغەمبەرناسی و باتین) دەکات، پاشخانێکی گەورەی ئەقڵی و روحی لە پشتە. لای ئەو مێژووی سرووش و پێغەمبەرناسی و باتین، جووڵەی ماددییان جێهێشتووە و گەیشتوونەتە مێژووی موقەدەس و پاک! مێژوو لای سورەوەردی، مێژووی ئەو هێزانە نییە کە لە ململانێکاندا سەردەکەون، وەک نیتشە لە عەدەمی نوێدا باسی دەکات! مێژوو لای سورەوەردی مێژووی ئیشراقە، گەیشتنە بە رەمزەکانی ئەو مامۆستا و حەکیمە بلیمەتانەی جیهانی ماددەیان جێهێشتووە و ئیشراقی زانینیان بینیوە، لە راستی رەها گەیشتوون و بە خودێکی نوورانی عاریفانەوە شەهادەتیان وەرگرتووە و فەیلەسوفانە ئارگۆمێنتی لەسەر دەدەن! بزاوی مێژوو لای سورەوەردی، بزاوی ئیشراقە نەوەک دەق! دەق لە جیهانی موقەدەسدا نووری وشە و رووناکی نووری نوورانە، کە لە رێی روحی قودسەوە بۆ ئەو حەکیمە دادەبەزێت کە خۆزانە! مێژووی موقەدەس بە واتای پاک و بێگەرد، نەوەک بەو واتایەی رۆشەنبیری کورد تا ئێستا لە دەربڕینی وشەی (پیرۆز) بۆ ئەو دەلالەتە یان زاراوەیەی داناوە و کردوویەتی بە شتێک کەس نەوێری دەستی لێ بدات و باسی بکات و رەخنەی لێ بگرێت؟! دۆخێکی کۆمیدی-تراژیدی بۆ ئەو واتایە دارشتووە کە لە مەجالی رەمزی و مەجازیی خۆیدا دەریخستووە و کردوویەتی بە بابەتێکی تر! موقەدەس بە هیچ واتایەک لە ئیشراقناسیدا پیرۆز نییە، موقەدەس بابەتێکی زاتی ئەو حەکیم و فەیلەسوفەیە کە مێژووی موقەدەس دەبینێت، ئەو مێژووەی تێیدا ئەقڵی حەکیم پرشنگ دەدات و عیرفان و فەلسەفەی لێ شین دەبێت، نوورەکانی مەعریفە بەسەریدا سەرڕێژ دەبن و هەقیقەتی نیشان دەدەن، دەیکاتە بینەر و شایەتی راستی رەها، لەم بینینەدا، خودی حەکیم وعاریف لە شتگەلی کۆمەڵایەتی و دەزگەکانی فەرمی زانین و هەر شتێک سەر بە هەرێمی مێژووی موقەدەس نەبێت دادەبرێت، دەبێتە بەشێک لە مێژوویەکی بێگەرد و رەها، خودێکی زانا بە هەقیقەت بە ئاسانی سنوورێک لەنێوان شتگەلە ئەقلییەکان و هەستدارەکان دادەنێت، ئەم سنوورە بە نووری ئەو مەعریفەیە دەپارێزێت و رۆژ بەرۆژیش لەگەڵ هەر ئیشراقێکی نوێتردا، پلە بەپلە بەرەو کاملبوونی خودی عاریف و حەکیمانەی سەردەکەوێت!

لەم مێژووەدا، ئەقڵ و بیرکردنەوە روح بەشدارن لە پەیداکردنی هەقیقەتدا، هیچ ناوێک و ئیستیلاحێک و دەلالەتێک نییە وەک رەمز و هێما سەودای لەگەڵ نەکرێت، ناوەکان بە نەزمە رەسەنەکانەوە گرێ دەدرێنەوە، زمانی دەقەکان دەبنە فۆرمی نووری دەق لە زانینی خوداوەندیدا، دەق بریتییە لە حیکمەتی

خوداوەندی نەوەک شتێکی تر. بۆیە ئەو دەقانە لای سوورەوەردی هەر لە هرمسەوە تا کتێبی حیکمەتی ئیشراق، لەنێو بازنەی مەعریفەتدا یەکدی کامل دەکەن، هەموویان سەر بە هەوێنی خێزانێکی مەعریفین و لەهەر سەردەمێکدا، حەکیمێک دێت و پەیامی حیکمەتی خواوەندی نوێ دەکاتەوە!

ئینجا سوورەوردی، دوای ئەمە دێت و باسی پایەی حەکیمەکان دەکات، دەنووسێت:

(پایەکان زۆرن و چەند چینێکن: حەکیمێکی خۆزان، لە نێو خۆزانیدا بێ لێکۆڵینەوە رووچووە؛ حەکیمێکی لێکۆڵەر بێ خۆزانی؛ حەکیمێکی خۆزانی رووچوو لە نێو خۆزانی و لێکۆڵینەوەدا؛ حەکیمێکی خۆزانی رووچوو لە خۆزانی و مامناوەند، یان لاواز لە لێکۆڵینەوەدا؛ حەکیمێکی رووچوو لەنێو لێکۆڵینەوە و مامناوەند، یان لاواز لە خۆزانیدا؛ فێرخوازی خۆزانی و لێکۆڵینەوەکارییە؛ فێرخوازی خۆزانییە بە تەنیا؛ فێرخوازی لێکۆڵینەوەکاری بە تەنیا.

ئەگەر لە سەردەمێکدا ئەو حەکیمە هەبێ، کە لە خۆزانی و لێکۆڵینەوەدا رووچووە، ئەو رێبەرایەتی دەکات و دەبێتە خەلیفەی خوا. ئەگەر ئەو نەبێ ئەوا حەکیمی رووچوو لە خۆزانی و ناوەند لە لێکۆڵینەوەدا، ئەگەر ئەویش نەبوو ئەوا بۆ حەکیمی رووچوو لە خۆزانی و بێ لێکۆڵینەوە دەبێ، زەمین هەرگیز بێ رووچووییەک لە خۆزانیدا نابێ. رێبەرایەتی کردنی زەمینی خودا، بۆ ئەو حەکیمە نابێ، کە لە لێکۆڵینەوەدا بێ رووچوون لە خۆزانیدا رووچووە، چونکە زەمین بێ رووچوو لە نێو خۆزانیدا نابێ و ئەو لە لێکۆڵەر لەپێشترە، چونکە خەلافەتکردن وەرگرتنی دەوێ. مەبەستم لەو رێبەرایەتیکردنە زاڵبوون نییە، بەڵکو دەکرێ رێبەری خۆزان دەستەڵاتدارێکی دیار بێ، رەنگیشە نادیار بێ، کە هەمووان ناویان ناوە «قوتب»، ئەگەر لەوپەڕی نادیاریشدا بێ، رێبەرایەتی دەکا. ئەگەر سیاسەتکار بێ، ئەوا سەردەمەکە رووناک دەبێ، ئەگەر سەروەختەکە بێ تەدبیرێکی خودایی بێ، ئەوا تاریکی زاڵ دەبێ. چاکترین فێرخواز، فێرخوازی خۆزانی و لێکۆڵینەوەیە، ئنجا فێرخوازی خۆزان و دواتر فێرخوازی لێکۆڵینەوە. )

سوورەوەدی لێرەدا حەکیمەکان بۆ هەفت چین دابەش دەکات:

- حەکیمی خۆزان بە واتای حەکیمی موتەئەلیهە، یان حەکیمی یەزدانی، لێکۆڵینەوە ناکات.
- حەکیمی لێکۆڵەر، حەکیمی باحیسە، بەڵام تەئەلووە ناکات.
- حەکیمی خۆزان و لێکۆڵەر. کە ئەوەیان نموونەی سورەوەردییە.

ئەو سێ تاخمە حەکیمگەلی سەرەکین و جیاوازییەکەیان لە مەقام دایە، چینەکانی تر، لە پلەدا جیاوازن. دیارە لای سورەوەردی حەکیمی یەزدانی واتا خۆزان، ئەو حەکیمەیە کە هەم بە ئیستیدلالی ئەقڵی و هەم بە خۆزانی بەرزیی زەوق و دڵناسییەوە بە هەقیقەت دەگات. بۆ رێبەرایەتیکردن و سیاسەتکردن و فەرمانڕەوایی، ئەوا دەبێت حەکیمی خۆزان و لێکۆڵەر فەرمانڕەوا بێت، ئەگەر ئەو جۆرە حەکیمە نەبێت، ئەوا دەبێت حەکیمی خۆزان واتا موتەئەلیە حوکم لەدەست دەگرێت، ئەم خاڵەی سورەوردی لێرەدا دەینووسێتەوە، بۆ فیکری شیعی و ئێرانی زۆر گرنگە و سوودێکی گەورەیان لێ بینیوە. ئەم بیرۆکەیە لەلای سستەمی (ویلایەتی فەقیهەوە) تەبەنی کرا و لەسۆنگەی ئەوەی ئێستا، لەم سەردەمەدا ئەو حەکیمە موتەئەلیهە فەیلەسووفە نییە حوکم بکات، کە سەرتۆپی چینەکانی حەکیمەکانی سورەوەردییە، ئەوا لە چینی دووەمدا، حەکیمی خۆزان هەیە! حەکیمی موتەئەلیە، یەزدانی، لە نێو سستەمی (ویلایەتی فەقیهەوە) وەک خەلیفەی خودا لەسەر زەوی حوکم دەکات!

بیرۆکەی حوکمکردن و چینەکانی حەکیم و ئاوێتەکردنی ئەقڵی خوداوەندی و ئەقڵی فەیلەسووف پێکەوە، لە پێناو حیکمەت و فەرمانڕەوایەکی حەکیمانەدا، بە شێوەیەک لە شێوەکان وەک پلاتۆ دەیەوێت کۆمارێک دابمەزرێنێت، کە نوێنەری ئەقڵی خوداوەندی

**سورەوەردی دەیەوێت سەرەتا ئەوەی حوکم بکات کەسێک بێت ئەقڵێکی یەزدانی و فەیلەسوفانەی هەبێت**

زەوی بەڕێوە ببات، چونکە مرۆڤ خەلیفەی خودایە، بۆیە دەبێت بە ئەقڵێکی خواوەندانە زەوی حوکم بکرێت. پلاتۆ دەیەویست ئەقڵی فەیلەسوف سەروەر و حاکم بێت، سورەوەردیش دەڵێت سەرەتا دەبێت ئەقڵێکی یەزدانیی فەلسەفی فەرمانڕەوا بێت، ئەگەر ئەو ئەقڵە یەزدانی و فەلسەفییە نەبوو، ئەوا دەبێت ئەقڵێکی بەهێز لە خۆزانیدا و هێز کەمتر لە فەلسەفەدا فەرمانڕەوایی بکات، ئەگەر ئەویش نەبێت، ئینجا ئەقڵی حەکیمی خۆزان بەتەنیا حوکم بکات!

واتا سورەوەردی دەیەوێت سەرەتا ئەوەی حوکم بکات کەسێک بێت ئەقڵێکی یەزدانی و فەیلەسوفانەی هەبێت.

ئەگەر ئەو کەسە نەبوو، ئەوا فەرمانڕەوایی دەبێت بۆ کەسێک بێت، کە ئەقڵێکی یەزدانی هەبێت و بە ئیمتیازیش فەیلەسوف بێت.

ئەگەر ئەویش نەبوو، ئەوا دەبێت حاکم ئەقڵێکی یەزدانی بێگەردی هەبێت.

ئەم پەرەگرافە خۆی تیۆرێکە بۆ سیاسەتکردن و فەرمانڕەوایی و توانایەکی هێزەکی گەورەی تێدایە و دەکرێت ببێتە سەرچاوەی سیستمێک کە لەگەڵ شەریعەت و تەریقەتدا نەگونجێت!

بە پێی نەخشەی سورەوەردی بۆ چینەکانی حەکیمەکان، فەرمانڕەوایی عەبباسی و ئەییووبی، هیچ کامیان لەو ئەقلە یەزدانی و فەلسەفییە نەبوون کە شایانی ئەمە بن حوکم بکەن، خەلیفەی ئەو ئەقلە یەزدانییە بن تا پەیام و حیکمەتی خودا بە مرۆڤ بگەیەنن، ئەمەش هۆیەکی تری کوشتنەکەی روون دەکاتەوە!

سورەوەردی لە دوا پەرەگرافی پێشەکییەکەیدا دەنووسێت: (ئەو کتێبەمان بۆ فێرخوازانی خۆزان و لێکۆڵەرە، بۆ ئەو لێکۆڵەرە نییە، کە خۆزان نییە، یان فێرخوازی خۆزانی نییە. لەسەر ئەو کتێبە و هێماکانی، تەنیا وتوویژ لەگەڵ کۆششکاری خۆزان، یان فێرخوازی خۆزانی دەکەین، یان بە لایەنی کەمییەوە کەسێک، بە بەردەوامی بروسکەی خودایی بەسەردا بێتە خوار. جگەلەوانە کەسی تر سوودی لێ نابینێ.

ئەوەی دەیەوێ لێکۆڵینەوەکاری بخوێنێ پێویستە رێی مەشاییەکان بگرێ، چونکە تەنیا بۆ لێکۆڵینەوە باش و تۆکمەیە. لە بارەی بنەماکانی ئیشراق قسە و هەڤپەیڤینی لەگەڵ ناکەین؛ چونکە ئیشراقییەکان بێ بروسکەی رووناکیدار، کاریان راست نابێ، لە سەر ئەو بنەمایانە رووناکییەکان ئاوا دەبن، ئەگەریش گومانێک لەو بنەمایانە بکەن، ئەوا بە پەیژەکانی روح لادەبردرێن، ئێمە چۆن بە دیتن، هەندێ باری هەستدارەکانمان زانی و زانینی راستمان لەسەری ئاوا کرد -وەک تەن و شتی تر- هەر بەو شێوەیەش شتە روحانییەکان دەبینین، ئنجا زانستگەلی خوداوەندی لەسەر چێ دەکەین. ئەوەی ئەو رێیەی نەگرتبێتە بەر، هیچ لە حیکمەت نازانێ و گومانەکان یاری پێ دەکەن.

لێرەدا ئامرازی پاراستنی بیرکردنەوەمان لە هەڵەکردن کورت کردۆتەوە، بە کەمێک بنەمای فرە سوودمەند رێکمان خستوە، کە بۆ فێرخوازانی ئیشراق و رۆشنبیرەکان بەسە. ئەوەی بیەوێ وردەکارییەکانی ئەو زانستە، کە ئامرازە بزانێ، با بگەڕێتەوە سەر کتێبە وردەکارەکان. )

لەم پەرەگرافەدا، کاریگەری رێی مەشاییەکان روون دەکرێتەوە، لەنێو ئیسلامدا دوای هاتنی ئەرستۆ بۆ نێو رۆشەنبیری ئیسلامدا، (کیندی ٨٠٥- ٨٧٣) و هەندێ موتەکەلیمی موعتەزیلەکان هەوڵیان دا گونجانێک لە نێوان فەلسەفەی یۆنانی و دین پەیدا بکەن، (فارابی) لەم بارەیەوە فەیلەسوفێک بوو سەرگەرمی گونجانی ئەقڵ و ئیمان بوو پێکەوە، کە دیاریشە سورەوەردی رەخنەی زۆری لێ دەگرێت، چونکە هەم پرۆژەکەی فارابی و هەم ئیبن سینا بۆ گونجانی دین و فەلسەفە پێکەوە، بە نەقوستان و کەموکوڕ دەزانێت، چونکە پشتگەرم نین بە هزری ئیشراقی خۆرهەڵاتەوە.

بۆیە لەم پەرەگرافەدا، ئەوە روون دەکاتەوە کە شاگردانی حیکمەتی یەزدانی و فەلسەفەیە، بەڵام نەوەک لەسەر رێی مەشاییەکان، بەڵکو بە شێواز و ناوەرۆکێکی ئیشراقییانەوە تا لەرێی مەشاییەکان و مەنتیقی ئەرستۆیی جیا بکرێتەوە.

## عەوارفی مەعارف

عومەری سورەوەردی لە ژێر ناوی «وتاری ئەم کتێبە» پێشەکییەکی بۆ کتێبەکەی نووسیوە و دابەشی سەر چەند پەرەگرافێکی کردووە، لە سەرەتادا بە زمانێکی عارەبی پاراوەوە تەشریفاتێکی شاعیرانە دەنووسێت و تێیدا دەڵێت: (سوپاس بۆ خودای گەورە و دەسەڵاتداری بەهێز، کە چاکەی رۆشن و هەنجەت و بەڵگەی دیارە، بە بڵندی پەردەپۆشە و لە کاملبوون تاکە، لەکۆنەوە و بێکۆتایی بەشکۆمەندی پۆشتەیە، وەهم و ئەندێشە ناتوانن وێنای بکەن، سنوور و نموونە گەمارۆی نادەن، خاوەن شکۆی هەردەم و جاویدانە، پادشای وابەستەی هەمیشەییە، پەی بە ناوەڕۆکی توانای نابردرێت، دەستەڵاتی وەسف ناکرێت، بوونەوەران دەڵێن پیشەگەری داهێنەرە، لە گەردیلەی بوون دیاربوو خالقی ئافرێنەرە، ئەقلی مرۆڤی بە نەقوستانی و پەککەوتەیی پەیداکرد، رەوانبێژەکانی لە مەیدانی رەوانبێژیدا بە وەسفی تاک ناچار کرد، رووناکییەکانی روخساری بەخشندەی باڵی باڵندەی تێگەیشتنی سووتاند. بە توانا و بڵندییەوە رێگەکانی وەهمکردنی گرت، بەگەورەیی و شانازییەوە رووناکی بە چاوکراوەکان بەخشی، لە هەیبەتی بێ سنووری لە ئاسمانی زاڵبووندا دەرفەتێکی نەهێشتەوە، بۆیە بینین کز و ئەقڵ نەخۆش بوو، رێی ناوەڕۆکی گەورەییان نەدۆزییەوە، ستاییش بۆ ئەوەی بێ پێناسەکردنی، ناسینی ئەستەم بوو، ئەقڵەکان نەیانتوانی دیاری بدەن و وەسفی بکەن. )

لەم پێشەکییەکەدا عومەری سورەوەردی، جگە لە ستاییشی گەورە و شکۆمەندی خودادا، بابەتێکی گرنگیش باس دەکات کە پێوەندییەکی راستەوخۆی بە تێگەیشتن و شەریعەت و تەریقەتی خۆیشییەوە هەیە، کە ئەویش پێوەندی نێوان ئەقڵ و ئیمانە، یان ئەو خواناسییەی فەلسەفە و فەیلەسوفان ویستیان خودای پێ بناسن، ئەقڵناسییەک کە ویستی گونجان لە نێوان دین و فەلسەفە یان ئیمان و ئەقڵدا ساز بکات، کە عومەری سورەوەردی بە هەموو هێزییەوە دژی ئەو تێزە وەستایەوە و لەو پێشەکییەشدا دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە هێزگەلی دیار و نادیاری مرۆڤ، وەهم و ئەندێشە ناتوانن وێنای خودا بکەن، هەروەها سنوور و نموونە وەک دوو هێزی مەنتیقی ئەرستۆیی، ناتوانن وەسفی بکەن دواتریش دەڵێت کە ئەقڵ ناتوانێ دیاری بدا.

عومەری سورەوەردی لەم پەرەگرافەدا، ئەوە دووپات دەکاتەوە کە مرۆڤ بە هێزگەلی دیار و نادیارییەوە، بە ئەقڵناسی و هەستناسی و دڵناسییەوە، ناتوانێت وەسفی خودا بکات و بیناسێت.

لەلایەکی دیکەوەش لەرێی ئەم پرۆتۆکۆلەوە، ئەوە نیشان دەدات کە سۆفیگەرییەکەی عومەری سورەوەردی، سۆفیگەرییەکی سوونندیيە و لە ناوەندی عەبباسی و ئەییووبیدا وەرگیراوە و مەقبوولە، هەموو بەڵگەکانی کتێبەکەی هەر لەو پەرەگرافەوە تا کۆتاییەکەی، پڕە لە بەڵگەکانی قورئان و فەرموودەوە، واتە بە پلەیەکی نایاباوە کتێبێکە نەقلی، نەوەک ئەقڵی.

لای عومەری سورەوەردی بێ توانایی ئەقڵ لەبەرابەر ناسینی خودادا بابەتێکی گرنگە، لە کتێبی (رشف النصائح الامامية و كشف الفضائح اليونانية)دا دەیەوێت زەبرێکی کوشندە لە ئەقڵ و فەلسەفە بدات. بە ئاشکراش فەلسەفە وەک کوفر و زەندەقە و لەرێلادان دەردەخات، تەنانەت ناوی کۆمەڵە فەیلەسوفێک دەهێنێت وەک (کینیدی و حەنین کوڕی ئیسحاق و یەحیای نەحوی و ئەبی فەرەج و ئەبی سولێمان سەجزی و ئەبی سلێمان محەمەد کوڕی میسعەری مەقدسی و ئەبی بەکر سابیتی کوڕی قەرەی حەڕانی و ئەبی تەمام یوسف نەیشاپووری و فارابی و ئیبن سینا)، دەڵێت ئەمانە لە جیاتی شەریعەت ئەقڵ بەکاردێنن و مەزەبی ئەرستۆیان وەرگرتووە و کاری پێدەکەن و دینیان تێکەڵ بە شتی دنیایی کردووە! جگەلەم ناوانە هێرشێکی توند دەکاتە سەر بیروبڕوای زەردەشتیش بەوەی دەڵێن دوو خودا، یەزدان و ئەهریمەن هەن، خودایەک بۆ چاکە و خودایەک بۆ خراپە. وەڵامەکانی سورەوەردی بەتایبەتی بۆ ئیبن سینا و فارابی لە کتێبی (كشف الفضائح اليونانية)دا، لەڕێی نەقلە و لەرێی ئەقڵ و مەنتیقەوە نییە. چونکە ئەو لەبنەمادا بڕوای بە ئەقڵ نییە و رۆشەنبیری و تێگەیشتنی ئەو

بۆ بابەتگەلی فەلسەفی وەک کۆنبوونی جیهان، پێوەندی خودا و جیهان، رۆژی دوایی و جیهانی نادیار و شەهادەت و مادده و هەسارەکان، سرووشت و هێزەکانی و پەرچوو وکەرامات و بابەتی تر، نەقلییە و ئەقلی نییە.

ئینجا دوای ئەو پەرەگرافە دێتە سەر باسی تایبەتکردنی عاریفانی دڵسۆز و موخلیس بە بەهرە و هیمدادی قودسی، تا مەزەبێکی بەندایەتی دیسیپلینکراو دابنێن، لەرێی زیکرکردن و نوێژکردن و تیلاوە و پەرستندا خۆیان لە ئارەزووەکانی دنیا دەگرن و دەبنە زاهید و موتتەقی و خۆپارێز و بانگەوازکار و زانای هەقانی. بۆیە دەنووسێت: (ئنجا بەرگی عیرفانی کردە بەر دڵی بەندەکانی دڵسۆزی، لەنێو بەندەکانی بە بەهرەی چاکەکاری تایبەتی کردن، ویژدانیان لە بەهرەکانی مرۆڤ پڕ بوو، ئاوێنەی دڵیان بە نووری پاک رۆشن بوو، بۆ وەرگرتنی هیمدادی قودسی ساز بوون، بۆ وەرگرتنی رووناکییەکانی باڵا تەیاربوون، بە زیکرەوە بۆ وەرگرتنی هەناسەی بۆندار دانیشتن، بە تەقوا بوونە پاسەوانی دیار و نادیار، بە یەقین لە زۆرداریی مرۆڤدا چرایەکیان هەڵکرد، چێژ و قازانجەکانی دنیایان نابووت کرد، تۆڕەکانی هەوەسیان رەت کردەوە، سواری پشتی ئارەزوو و ترس بوون، بە بەرزی هیممەتییان فەرشی شانشینیان راخست و گەردەنیان گەیشتە بەرزی، سۆمایان بڕییە پڕشنگی باڵا، بوونە هاوڕێ و هاودەمی خەڵکی باڵا، بوونە هاوسێی بەهادارترین و بڵندترین نوور و مەزارگە.

بە دڵانێکی ئاسمانی و جەستەگەلی زەمینی بوون، بە روحێکی شاهانە تارمایی خاکییانە بوون، نەفسیان لە مەقامەکانی خزمەتکردندا دەسوڕێت، روحیان لە دەڤەری نزیکیدا دەفرێت، مەزەبییان لە بەندایەتیدا بەناوبانگە، مامۆستایانیان لە وڵاتانی سەرزەمیندا بڵاون.

نەزانان پێیان دەڵێن: بزربوون، بەڵام درک ناکەن ئەوان بزر نین و حاڵیان بەرزە، موڵکیان نییە و مەقامیان بڵندە. لە لەشدا بوونەوەرن، بە دڵیان لە وڵاتانی خۆزانان دیارن. روحیان لە دەوری عەرشدا دەسووڕێتەوە، دڵیان بۆ هەگبەی چاکە هاوکارە، بە خزمەتکردن لە تاریکیدا بە بەخشش دەگەن، چێژ لە پڕشنگی داواکاریی تێنووی بەر گەرما وەردەگرن، بە نوێژکردن خۆیان لەئارەزووەکان دەپارێزن، بە خوێندنەوەی شیرین قەرەبووی چێژەکان دەکەنەوە، لە روخسارياندا مرۆڤی بە ویژدان دەردەکەوێ، لە پەنهانی رازەکانیان جوانی عیرفان ئاشکرا دەبێ، لەهەموو چەرخێکدا زانای هەقانییان هەن، بانگەواز بۆ خەڵک دەکەن، بە جوانی بەدواداچوون دەکەن و مەقامی بانگەوازکاریان دراوەتێ، بۆ خۆپارێزەکان پێشەنگن، تا ئێستا کاریان لە نێو خەڵکدا دیارە، لە ئاسۆکان رووناکییان دەگەشێتەوە، ئەوەی پێڕەوی کردن، رێی دۆزییەوە، ئەوەی رەتیان بکاتەوە زۆرداره و رێ ون دەکات. )

تا ئێرە دەبینین عومەری سورەوەردی باسی ئەو عاریفانە دەکات کە خودا هیدایەتی داون و لەسەر سیراتی راست دەڕۆن، بە سرووتەکانی شەریعەت خۆیان لە ئارەزووەکان دەگرن، دەبنە پێشەنگی خواناسان و ئەوەی دوای ئەو عاریفانە بکەوێت دەباتەوە و قازانج دەکات.

عومەری سورەوەردی دوای ئەو پەرەگرافە سوپاسی خودا دەکات و دروود بۆ پێغەمبەر و ماڵەکەی دەنێرێت، وەک بەشێک لەو پرۆتۆکۆلەی باسمان کرد، بەڵام لێرەدا با ئەوەش بڵێم، لە نێو کتێبەکەدا عومەری سورەوەردی باس لەمە دەکات، کە خودا ئەمری کردووە بە جوانی و رێزەوە بانگی (محەمەد) بکەن و تەنیا بە ناوی خۆی بانگی نەکەن، بەڵکو بۆ ئەم مەبەستە داوا دەکات بە (محەمەد پێغەمبەری خودا) بانگی بکەن، بێ ئەوەی باسی سەڵات و سەلامی لەسەر بکات.

(سوپاس بۆ خودا، کە بۆ بەندەکانی بەرەکەتی حەزرەتداران و دڵدارانی سازکردن، دروود لەسەر پێغەمبەر و نامەبەرەکەی محەمەد و ماڵەکەی و یاوەرانی چاک.)

دوای ئەم تەشریفە دەنووسێت: (ئینجا لەبەر چاکەی رێگە و خۆشەویستیم بۆ ئەو خەڵکە، زانینم بەوەی باریان بەرزە، تەریقەتەکەیان راستە و لەسەر کتێب و سوونەتی خودای

بەخشندە و چاک و بەهێزەوە سازکراوە. بە عیشقەوە بەرەو ئەو تاقمەیان بردم، تا لەبارەی راستی و ڕێساکانیان بنووسم و راستیی ئەوەی پشتیان پێبەستووە نیشان بدەم، شایەتییەکی روونی زانستی لەبارەی باوەڕییانەوە بدەم، چونکە کەسانێکی جیاواز خۆیان بەوان چواند، هەندێ خراپەکار خۆیان لەژێر بەرگی ئەوان شاردەوە، ئەوانەی رەگی ئەوانە ناناسن گومانیان کەوتە دڵ، تا وایلێهات کەسیان لە تانە دەرباز نەبێ، پێیان وابوو بەرهەمیان تەنیا کارێکە و تایبەتبوونیشیان تەنیا ناوێکە.

شتێکی تر کە نیازی لا پەیدا کردم: زۆربەی خەڵکی پابەندی ڕێگەی ئەوانن، ئاماژە بە حاڵەکانیان دەکەن؛ دەڵێن: (من كثر سواد قوم فهو منهم)، تکای نییەتراستی و نەفسپاکیم لە خودای بەخشندە هەیە، هەر شتێک کە خودای باڵا پێیداوم بەخشش و زانینی خودای بەخشندەیە، گەورەترین بەخششیش عەوارفی مەعارفە. کتێبەکە لە شەست و سێ بەش پێکدێت و خودا هاوکارە. )

عومەری سورەوەردی هەر لەپێشەکییەکدا، باسی ناوەڕۆکی کتێبەکەی دەکات و ناوی ئەم بابەتانە دەنووسێت کە لە شەست و سێ بەشدا نووسیونی و بە گشتیش لەبارەی سەرهەڵدانی زانینی سۆفیگەری و چاکەی ئەم زانستە و ماهییەتی سۆفیگەری، ناویان، جلوبەرگیان، پلەی شێخایەتی، خەرقەی شێخ، ریبات، برایەتی، فەرز و نافەرزەکان، ڕێساکانی نێو ریبات، قەول و سەماع، چلەی سۆفی، زیکرکردن، رەوشتی سۆفی، ئەدەبی حزوور، پاکبوونەوە و نهێنییەکانی دەستنوێژ هەڵگرتن، چاکەو گەورەیی نوێژکردن، ڕێسا و نهێنییەکانی نوێژکردن، رووژووگرتن، شەوبێداری، ڕێساکانی مورید لەگەڵ شێخەکەی، یاوەریکردن، ختووره و حاڵ و مەقامەکان، وردکردنەوەی هەندێ زاراوەی سۆفیگەری لە خۆ دەگرێت.

سەرنج دەدەین هەموو ئەم بابەتانە، بەشێوەیەکی نەقلی و بەبەڵگەی قورئان و فەرمووده‌کانەوە باس کراون، ئەم کتێبە بەراستی بە پلەی نایاب کتێبێکی نەقلییە و بەقەد سەرە دەرزییەک ناچێتە نێو خانەی فەلسەفە و ئەقڵ و گونجاندنی ئیمان لەگەڵ ئەقڵ یان گونجاندنی دین و فەلسەفەوە. بەڵکو کتێبێکە جەرگ و هەناوی شەریعەت و روحی تەریقەتە!

ئەگەر سورەوەردی نوورناسییەکەی بە هاوکاری فەیلەسوف و مامۆستا و ئیمام و حەکیمەکان نووسیبێت، ئەوا عومەری سورەوەردی دەڵێت: (ئەم بەشانە بە هاوکاری خوداوە نووسران) ئەو یەکسەر کتێبەکەی بەهاوکاری خوداوە دەبەستێتەوە نەوەک بە هاوکاری ئیمام و حەکیم و فەیلەسوفان.

خاڵێکی سەرنجڕاکێش لەمەڕ کتێبەکەی عومەری سورەوەردیدا هەیە کە ئەویش ئەمەیە، کتێبەکەی لە ناوەڕۆکی خۆیدا، تا ئاستێکی باڵا بە پێی مەنتیقی ئەرستۆیی ئیش دەکات، ئەو سنوورانەی بۆ سۆفی و عاریف و هەر کەسێک بچێتە نێو برایەتی و ریبات و شێخایەتی و موریدییەوە، بە شێوەیەکی زۆر توونڕ بە ئەدەبگەل و ڕێساکانی ئەو سۆفیگەرییە دەبەسترێتەوە، سۆفیگەرییەکە دەبێتە دەزگەیەکی کۆمەڵایەتی و فەرمی، بچووکترین بزاو و جووڵەی تێدا دەخرێتە نێو قاڵبێکی دیار و ئاشکرا، هیچ شتێک بێ هۆ و ئامانج و پێشەکی و ئاکام نییە، لە رووی تەکنیکیەوە خەڵوەت و ریبات و خواردن و تارەت و پەرستن و زیکردکردن و هەرهەموو شتێک بە پێی سستەمێکی دیسیپلینکراو جێبەجێ دەکرێت. ئەوەی ئەو سستەمە رادەگرێت، ئەقڵێکی باڵای پێناسەکار و پێوانەکارە. کە ئەمانەش ئامرازی مەنتیقی ئەرستۆن!

بە شێوەیەکی گشتی لە پێشەکییەکانی هەردوو کتێبدا درک بە جیاوازی تێگەیشتن و سەرچاوە و بنەما و بەهای هەر دوو نووسەرەکە دەکەین، دەزانین ئەو دوو شێخە بە دوو ئاراستەی جیاوازدا کاری خۆیان دەکەن، یەکیان بەرەو مەعریفەت و هەقیقەت دەڕوات، ئەوەیدی بەرەو شەریعەت و تەریقەت.

تێزی شێخی ئیشراق، تێزێکی سۆفیگەری فەلسەفییە، تێزی عومەری سورەوەردیش سۆفیگەریی شەریعەتییە. تێزەکەی شێخی ئیشراق دەبێتە ڕێڕەوێکی ئیشراقی و تێزەکەی عومەری سورەووردیش دەبێتە تێزێکی میللی.

## ئایین و بیرکردنەوە، دۆزەخی کەلامییەکان

# لە حەللاجەوە بۆ سورەوەردی

دلزار حەسەن



دەرکەوتنی گروپی قەدەرییەکان، وەک یەکەم توێژی بیرکەرەوەی دنیای ئایینی، لە مەنزومەی ئیسلامیدا دادەندرێن، کە بۆ تێگەیشتن و تەفسیر و شیکردنەوەی دەقی ئایینی پەنایان بۆ زانستی کەلام دەبرد، بە تایبەت بۆچوونی جیاوازیان لەبارەی چەمکی قەزا و قەدەرەوە کە دواجار تاوانبارکران، بە لادەرەکان و دواتر ئەو ئایدیایە ئاراستەیەکی ئۆرگانی وەرگرتوو، لەسەر دەستی موعتەزیلەکان گەشەی کردوو بوون بە چەندین گروپ، لە چوارچێوەی قوتابخانەی ئەهلی کەلامدا شوناسیان پێدرا.


ئەگەر لەرێگای یادەوەرییەوە بگەرێینەوە ئان و ساتی دۆخی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری ئیسلام و ئاوێزانبوون و تێکەڵبوون و ئاشنایی ئەو، لە رێگەی وەحیەوە بە قورئان. دەوترێت تا ئەو لە ژیان بووە کەسێک کە بۆی هەبێت قسە بکات، تەنها ئەو بووە، لە یەک کاتدا ئەو قسەکانی خوداش دەگەیەنێت بە ئێمە و خۆیشی قسە دەکات. لای زانایانێکی زۆری ئەهلی سوونە، وتەکانی پێغەمبەریش وەک وەحی سەیر کراوە، بە بەڵگەی قورئانی (وما ینطق عن الهوی ان هو الا وحي يوحى)، کۆی گشتی ئەوانی دیکە دەبێ لەنێو ئەو مەنزومەیەدا گوێڕایەڵ و حیکایەتخوان بن، بەڵام بە هۆی وەفاتی پێغەمبەرەوە کێشەکان سەر هەڵدەدەن و بێدەنگی دەشکێت. بە ناچاری بڕیار لەسەر کۆکرنەوەی قورئانی پیرۆز دەدەن، تا لەفەوتان دەربازی بێت. دوای ئەوەش کە کێشەی دیکەیان لەبارەی تێگەیشتنیان لەسەر ماناو دەلالەتەکانی قورئانی پیرۆز بۆ دروست دەبێ، ئیدی دەست دەکەن بە کۆکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر «درودی خودای لەسەر» دواجار ناو دەندرێ بە تەفسیری پابەندی ( التفسير المأثور)، ئەمەش تا ماوەیەکی زۆر فۆرمێک وەردەگرێ و موسڵمانان بە تەواوی دەکەونە ژێر کاریگەری هەژموونی ( القول ما قال الله و قال الرسول) کە وادەکات نەریتێک بەربەنامای ( اذا صح الحديث، فهو مذهبي)، لەنێو ئەو کلتوورەدا بچەسپێ. تایپێک لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئایینداری دروست دەبێ، کە پرسیارکردن و گومانکردن و لێکدانەوە، بە کورتی هەر کردەیەکی بیرکەرەوە و فەلسەفاندن تیاییدا بە هەموو شێوەیەک حەرام و قەدەغە کراو بێت.

بە تێپەڕبوونی کات و هەراو زەنای بەشێک لە زانایانی موسڵمان، لەبارەی تێگەیشتنیان بۆ قورئان و فەرموودە، ئیدی خیلافی خوێناویی لە هەناوی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا دروست دەبێت، سەرەداوی ئەو ئاریشەیەش دەگەڕایەوە بۆ ئەو ئایەت و فەرموودانەی کە جێگەی تەئویل و لێکدانەوەی جیاواز و قسەلەسەرکردن بوون، واتا مەتاتی ئایەت و نا ڕۆشنی لە دەقەکاندا، وای لەوانکرد کە تێڕوانینی دیکەیان بۆ دروست بێت. قوتابخانە کەلامیەکان دەروازەیەک بوون، بۆ بیرکردنەوەی فەلسەفیانەی بەشێک لە موسڵمانان بۆ دەقە ئایینییەکان، یان بە مانایەکی دیکە دەرکەوتنی ئەهلی کەلام، سەرەتای جیاوازی تێگەیشتنی ئایینداریی و دروستبوونی تەئویل و بۆچوونی دژ بەیەکیان

بووه، لەسەر ئەحکام و تەنانەت لەسەر بە کافر سەیرکردنی گوناهکاران و بابەتگەلێکی زۆری تایبەت بە جیهانبینی قورئان.

هەرچەندە حیکایەتی دیکە هەیە کە مێژووی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی کەلامیەکان بۆ پێش موعتەزیلە و واصلیەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام هەندێک لە مێژووناسان (حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تالیب) بە یەکەم کەس دادەنێن کە لە ڕێگای نامەیەکەوە کە لە ئاکامدا وەک مانیفیستۆیەک دەدرێتە قەڵەم، کە لە بارەی ئاخۆ کەسێک گوناهی گەورەی کردبێت کافرە، یان نا» کە ئەو کێشەیە سەرەتا مورجیئەکان دەیورووژێنن. حەسەنیش لایەنگری لە بۆچوونی مورجیئەکان دەکات و بۆچوونی خەواریجەکان ڕەت دەکاتەوە کە ئەو کەسەی گوناهی گەورە بکات ئەوان بە کافری دەزانن و دەڵێن هەتاهەتایە لە دۆزەخدا دەبێت. مورجیئەکان دەیانگوت: ئەو کەسە کافرە، بەڵام مەرج نییە هەتاهەتایە لە دۆزەخدا بمێنیتەوە، ئێمە دەبێ ئەو باسە لێگەڕێین بۆ خودا و دوای بخەین، یان چاوەڕێی بەزەیی خودا بکەین. ناوی مورجیئەش هەر لەو مونتەڵەقەوە هاتووە (ارجاء( واتە دواخستن، یان چاوەنواڕی ئومێدەوارانە، بە ئومێدی خودا و ئەوەی کە لە دوارۆژدا چی لە ئەو بەندەی خۆی دەکات. تەنانەت ئومێدەوارانە لەو ژیانەدا، بە ئومێدی ئەوەی کە ئەو کەسە تۆبە بکات و بەو شێوەیە نەمرێت. ئیبن خەلدوون لەو بارەیەوە بەرچاوڕوونی زیاترمان پێ دەدات و بە ڕاشکاوی باسی ئەو فۆڕمە لە زانستی کەلاممان بۆ دەکات، کە بەر لە موعتەزیلە هەبووە. دەڵێت: موسڵمانەکانی پێشین « بەر لە واصیل و موعتەزیلە» لە کاتی بیرکردنەوە و ڕاڤەکردنیاندا بۆ مەسەلەکانی بیروباوەڕ، پەنایان بۆ قورئان و فەرموودە دەبرد، بەڵام پاش ئەوەی کێشەکان لە بارەی هەندێ وردەکاری بیروباوەڕەوە سەریان هەڵدا، وردە وردە کەوتنە پەنابردن بۆ سەلماندنی عەقڵی و بیرکردنەوە و لێکدانەوەی خۆیان، بەوشێوەیە زانستی کەلام سەری هەڵدا.

واتە زانستی کەلام لە جەوهەردا، ئاوێتە و وابەستەی ئەوەیە کە ئێمە تا چەند پەنا بۆ لێکدانەوە و سەلماندنی عەقڵی دەبەین. بە هۆی زۆرێک هۆوە، ناشتوانین جۆرێک لە تێکەڵی و هاو واتایی لە نێوان فەلسەفەو زانستی



کەلامدا دروست بکەین، بە پێچەوانەوە ئەو دوو چەمکە دوو دنیای جیاواز بە یەکن، چونکە کەلامزانەکان بیروباوەڕەکانی خۆیان دەربارەی بوون و گرنگترین مەسەلە و پرسە ئایینییەکان لەسەرچاوە دینیەکانەوە وەردەگرێ و پرس و گەڕانی فەلسەفی لای ئەو، پرس و گەڕانی کەسێکی پەرۆشی هەقیقەت نییە، بەڵکو پرس و گەڕانی کەسێکە، باوەڕ و دڵنیایی تایبەتی خۆی هەیە کە لە ئایینەکەیەوە وەری گرتووە و دەیەوێت بەڵگە بۆ سەلماندنیان بدۆزێتەوە و بەرگرییان لێ بکات، بەبێ ئەوەی کە پرسیاری جددی بخاتە سەر بیروباوەڕەکانی خۆی، یاخود گەر نەیتوانی بیان سەلمێنێت و بەڵگەی عەقلیی و بە هێزی، پێچەوانەی باوەڕەکانی دەست نەکەوت، ئامادەبێت دەستبەرداری ئەو باوەڕانە بێت.

دەکرێ بۆ زیاتر شارەزابوون و تێڕوانینی وردمان لەسەر زانستی کەلام، باس لە هەندێ خاڵ بکەین کە بۆتە هۆی ناولێنانی. بەشێک پێیانوایە لەبەر ئەوەی ناونراوە زانستی کەلام، چونکە لە بەرامبەر لۆژیکدا وەک میتۆدێکی سەلماندن داندراوە. بیروبۆچوونی دیکەش هەیە کە لای وایە هەموو بابەتەکان و باسەکانی ئەو زانستە سەرەتا بە ( الكلام في كذا....) دەست پێ دەکات واتە ( قسەکردن لەبارەی......) ئەوە بۆتە هۆی کە ئەو زانستە ناوبنرێت کەلام. بۆچوونی سێهەمیش دەڵێت: لەبەر ئەوە ناونراوە کەلام، چونکە کەسی شارەزابوو دەتوانێ بەڵگەسازی بکات و توانای گفتوگۆ و قسەکردنی دەبێت لەگەڵ دژەکانیدا، شارەزای توێژینەوە و ڕەتکردنەوە دەبێت. ئیبن خەلدوونیش دەیگەڕێنێتەوە بۆ کردەییەکی تیۆری و دەیبەستێتەوە بە باوەڕ و ئایینەوە، یان دەشێت لەبەر ئەوە ناونرابێت، چونکە کێشە و بەرکەوتنەکەی لەگەڵ خودا و قورئانە. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە زانایان نایشارنەوە کە ناونرانی کەلامیەکان جۆرێک لە توانج و بەکەمزانین دادەندرێ، دەڵێن: ئەگەر کەلام وەک قسە لە بەرامبەر فەرموودەکانی خودا و پێغەمبەرەوە وەربگرین، کە جەدەلێکی بێ بایەخ و بێ بنامەیە، ئەو کاتە ئەو شوناس پێدانە دواجار دابەزاندنە لە ئاستی ئەو زانستە، بەڵام ئەگەر ئەو ناولێنانە لەبەرامبەر قسەی خەڵکەوە وەربگرین، وەک پێوەری گەیشتن بە مانایەک، ئەو کاتە کەلام بە قسەی دروست و بەهادار، بە قسەی بەڵگەدار، بە قسەی تۆکمە و ئارگیۆمێنتسازی دەوترێت. بە گوتارێک دەگوترێت لە بارەی گرنگترین دۆخەوە کە ئاڵوگۆڕی بۆچوونەکان لە خۆ بگرێت، بێگومان گەر بەو مانایە بێ، ئەوە ناولێنانەکە ڕێزداری تێدایە بۆ ئەو زانستە. هەرچەند زانا و سەر مەزهەبە دیارەکانی دنیای ئیسلامی بەهای زۆریان بۆ ئەو زانستە داناوە، یەکێکی وەک ئەبوو حەنیفە «150 ک» لە بری زانستی کەلام، پێی وتووە (الفقه الاكبر). چەندان ناوی دیکە کە زانایانی ئیسلامی بەکاریان هێناوە، بەڵام لێرەدا بە پێویستی نازانین یاداشتیان بکەین.

## پێناسەی ئایین:

سروشتی ئایین وایە، وەک لە پێناسەکەیدا بۆی کراوە، ماهیەتی دین ( گرێدان و پێکەوە بەستن)ە. ئەم فیگەرانەی دین کە خۆی دەنوێنێت لە گرێدان و پێکەوە بەستنەوە بۆتە بەبەشێک لە ڕەهەندە هیومانیەکانیش، بەشی زۆری قوتابخانە ئاینیی و پەرستگاکان، ئایین بەو جۆرە پێناسە دەکەن کە فاکتێکە بۆ پارێزگاریکردن لە مرۆڤ، ئیدی ئەم جیهانبینیەی ئاینزاکان بۆ دین فۆڕم و بەهای دیکەی وەرگرتووە، لە زۆر شوێندا ئایین ئەم پێناسەیە لەدەست دەدات، مرۆڤ دەکاتەوە بە قوربانی، لە پێکەوە گرێدان و بەستنەوەی دڵەکان، دەگوازرێتەوە بۆ لێکترازان و کوشتنی ئایینداران. ئەم فیگۆر و دالانەش بەدوای جۆرێک لە مەدلوولی شاراوەدا دەگەڕێن لە مرۆڤدا، لە دەربڕینێکی مەجازیەوە دەچێتە تەلبەندێکی دیکەوە، کە ئاماژەیەکە لە باوەڕ و بە پیرۆز سەیرکردنی ئەوەی ڕۆحی پیرۆز گوتوویەتی، کە لە ئیمانێکی دەروونیەوە خۆی دەردەخات. ناشتوانین بڵێین ئەم ئاکارە ئیمانیە تەنها تایبەت بە ئایینی ئیسلام یان هەر ئاینێکی دیکەوە، بەڵکوو ڕۆحیەتێکە هەمیشە لە ژینگەی مرۆڤ و لە هەناوی سایکۆلۆژیای مرۆڤەکاندا لە دیزاینێکی ئاکاری خۆی مانیفێست دەکاتەوە. بەو تێگەیشتن و دەرهاویشتانە بێت، بە واتا گشتیەکەی دین لوغزێکی نادیارە و وەک ڕووداوێکی دەروونیی کە لە ئارەزووەکانی نا وشیارەوە سەرچاوە

دەگرێت، خوێندنەوەی بۆ کراوە. ئارەزوویەک کە دەیەوێت لە ڕێگای ئیمانەوە بە نادیار یان هەر سوژەیەکی دیکەوە بێت جەستە و گیانی ڕزگار بکات. وەک ماکس ڤێبەر دەڵێت: (تەنها شتێک توانای ڕاگرتنی ئەم بەڵانسەی هەیە، ئاگایی و هۆشیاری کەسەکانە). بە بۆچوونی من ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە مرۆڤ ئیدی دەربازی دەبێت لە ئیمان هێنان بە ئاینێک، یان کاریگەربوون بە هێزێک کە بە ئەودیوی سروشت (میتافیزیکا) ناوزەند کراوە، پێموایە مرۆڤ لە ڕێگای توانا ئەقڵی و ئاگاییەکانیەوە، ناتوانێت سنوور بۆ فشارە دەرەکیەکان دابنێت، بۆیە هەمیشە ئایین کە بە گرێدان و بەستنەوە وێنای کراوە لە زۆر حاڵەتدا، شوناسە ڕاستەقینەکەی دەردەکەوێت و لە کاتی شڵەژانە دەروونیی و بێ هێزیدا لەبەردەم کارەساتە سروشتیەکاندا، جارێکی دیکە دەبێتەوە بە هاوڕێ بێدەنگەکەی مرۆڤ.

## تێگەیشتن لە ئایین:

هەر لێکۆڵینەوە و ڕوانگەیەکی زانستی و ئەکادیمیانە بۆ ئایین، لای ئایندارانی عەوام، کارێکی زیادەیە و لە زۆرکاتانیش بە دژە دین و لادەر پێناسە و خوێندنەوەیان بۆ کراوە، هەرچەند ئایین وەک کلتوور و نەریت کە لە حاڵی ئێستاماندا باوە، جێگەی خۆی گرتووە لە دنیای کۆمەڵایەتیماندا، ئیتر چ پێویست دەکات بێین دەردەشە و گفتوگۆ و کێشمەکێشمی تیوری و فەلسەفیانە دەربارەیانەوە بکەین، بۆیە ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو قۆناغەکانی دیکە پێویستە باس لە ئایین و دەرکەوتەکانی ئایینی و نەریتە هیومانستیەکانی بکەین. بەو فۆرمەی ئایین وەک ڕەهەندێکی مرۆیی کۆمەڵگە، هەلومەرج و ئاکامی تایبەتی خۆی هەیە. واتە ئایین، لە سیاقی بوونیدا سروشتێکی مرۆیی و ئینساندۆستی هەیە، بەمەش دەگەین بەو دەر ئەنجامەی کە ئایین جۆرێک لە ئاکاری فیزیکیانەی خۆی کردۆتە پێداویستیەک بۆ مرۆڤایەتی، بەم شوناسەوە هەمیشە هەوڵیداوە ئەو وجوودە بکاتە پێداویستیەکی حەتمی، بۆ ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ. هەر ئەمەشە وامان لێدەکات بۆ تێگەیشتن و نزیک بوونەوە لە کۆمەڵگاکان، خوێندنەوە بۆ ئایین و جۆری ئایندارییەتەکەیان بکەین، ئەمەش یارمەتیدەرمان دەبێت، وەک بەشێک لە نووسەر و بیرمەندانی دنیا پێیانوایە: (ئایین جەوهەر و کرۆکی کلتوورەکانە)، کلتووریش هەمیشە وەک فۆرمی ئایین چاوی لێکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەوە بڵێین کوردیش وەک بەشێک لەم مەنزوومە فراوانەی جیهان، بۆتە هێمایەک بۆ ئایینناسی لای کەسانی دیکەوە، چ جای ئێمەی کورد ماف بە خۆمان نەدەین قسەیەکی جددی لە بارەی جۆری ئایینداری کۆمەڵگەی کوردی نەکەین، بۆیە چەندی لای پەیڕەوکارانی پیرۆزە و پڕ بەهایە، پێویستە لای ناوەندە ئەکادیمی، زانستی، ڕووناکبیرییەکانیشمان بەهای خۆی وەرگرێت. دەتوانین بڵێین هەمیشە ئایین و ئاییندارارن چەندین پرسیاری شاراوەیان کردۆتە قوربانی بێدەنگی خۆیان، واتە کورد لای بۆتە نەریت و شوناسێک کە ئایین بە بێدەنگی پەیڕەو دەکات و هیچ قسەیەکیان لەبارەیەوە ناکات، کەمیش ڕوویداوە، مەبەستم لای کەسە عەوام و تەنانەت لای بەشێک لە هەڵگرانی بیری ئاینییش ئەستەم بووە، «چەلەحانێ» لە بارەی ئایینەوە بکرێت، بۆیە وشەی چەلەحانێ بەکار دەهێنم، چونکە بەشی زۆری ئەم گفتوگۆیانە دیبەیتی زانستی و ئەکادیمی نەبووینە یان بۆ شکاندنەوە یان بۆ ناشیرینکردنی بەرامبەر بووە، ئەمەش جێگەی داخە و پێویستە بەلەبەرچاوگرتنی پێکەوەژیانی ئاینییمان، ئەم قۆناغە تێپەڕێنین و دنیای خۆمان بەرز ڕابگرین. سوودی ئەمەش، ڕەواندنەوەی کۆی ئەو نیگەرانیانەیە کە خۆمان لە سەر ڕەفتاری نا موسڵمانانە و هەڵسوکەوتی توندو و دوور لە ئایینی بەشێک لە ئێمە بەرامبەر هەم خۆمان، هەمیش ئایینەکانی دیکەوە هەمانە. ئاساییە پێمانوابێت بە دیوێکدا ئایین لە دنیای کورددا، لای ئەوانەی وەک خۆی لە ئایین نەگەیشتوون، بۆتە ئامراز و هۆکارێک بۆ بەلاڕێبردن و قبووڵکردنی داگیرکاری و ستەمکاری، واتە سستی لەهەستی نەتەوەیی و هۆشیاری نەتەوەیی و نیشتمانی بە هۆی جۆرێک تێگەیشتنێک بووە لە ئایین، لە هەناوی مێژووی ئێمەدا بەشێک لەو کارەسات و ڕووداوو ماڵوێرانیانەی کە هەبووینە دەگەڕێتە بۆ ئەو جۆرە تێگەیشتنە لە ئایین. ئەمانە و زۆرێک فاکتی دیکە، میکانیزمێکن بۆ قسەکردن لەسەر ئایین. سەیرکەن بۆ تا ئێستا

نەمانتوانیوە هیچ هەنگاوێکی جددی بنێین لەبارەی ئایینناسیەوە، چونکە ئایین لە نێو کوردا لەسەروی پیرۆزیەوەیە و ئەوەندەی پابەندە بە نەریتی ئاییندا ریەوە ئەوەندە پابەند نییە بە ئایینەوە.

هێندە ئاستی پراکتیزەکردنی ئایین و دروشم و ڕێوڕەسمەکانی بۆ ئاستێکی میللیی جەماوەری دابەزیوە کە با لە دەروونێکی شێواوو هەژار و تووڕەو دڵڕەق دەکات و تۆڵەسێنە، ئەوەندە مانا و هیوای ژیان و مرۆڤایەتی تێدا نەماوە، ئیدی بەمانا ئەرێنیەکەیشی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئایین ڕۆڵ و ئەرکی خۆی لە دەستداوە، سادە کراوەتەوە بۆ هەندێک داب و نەریت و سرووتی ئایینی کە هیچ مانا و قووڵبوونەوەیەکی تێدا نییە. لێرەوە ئەگەر بڵێین هێندەی ئەمڕۆ ئایین لە بێمانایی، بێ نازی، بێ هودەییدا دەژیت، ئەوەندەش گوێڕایەڵکردنی کوێرانە و دوور لە ژیریدا بەسەریدا زاڵە.

## ئایین و مەعریفە:

دەبێ خواستی قسەکردنمان لەسەر ئایین، سەیرکردنی بێت وەک خۆی یان بۆنەیەک هەبێت بۆ ئەوەی بیدوێنین. پڕ ماناترین بۆنەش، سەیرکردنیەتی وەک بەرکەوتەیەکی تیۆری و زانستی. واچاکە باسەکەمان بەو پرسیارە بکەینەوە، ئایە ئایین بۆتە کێشە بۆمان؟!. بە مانایەکی دیکە ئایە ئایین بۆتە بەرکەوتە لە دنیای مەعریفی ئێمەدا، بەر مەعریفەمان کەوتووە؟!. یان وەک بوونێکی مەعریفی بەری کەوتووین، بۆتە هۆشیاری ئێمە، پرسیاری لا دروستکردووین؟!. کاتێک دەڵێین ئایا بەر ئایین کەوتووین، مەبەستمان دە بارەکردنەوەی ئەو وتە بێ ئەرزشانە نییە کە ئایین بە ئاستەنگ و ڕێگر لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی دەبینن، یان پێیانوایە ئایین ئەفیونێکە و گەلان بێ مەیل و خواست دەکات. پێچەوانەی ئەمە کە دەڵێین ئایین وەک بەرکەوتە، مەبەستمان بەرکەوتنی مەعریفی کوردە بە ئایینەوە، نەک بانگەشەکردنی بۆ بێ ئایین و دوورکەوتنەوە لە ئایین. دەبێ ئەو ڕاستیە لەبەرچاوبگرین کە ئایین لە دنیای ئێمەدا ئامادەگیەکی مەعریفی و فەلسەفیانەیە نییە، تەنها سرووتێکی ڕۆژانەی خەڵک بووە. واتە نەبۆتە جێگەی مشت و مڕی نەک مەعریفەدار و ئەقڵگەراکان، بەڵکوو لەناو خۆشیاندا پەیڕەوکارانی ئایین نەیانتوانیوە وەک پێویست دەروازەکانی گفتوگۆی ئایینی بەسەر خۆشیاندا بکەنەوە، (مەبەست لە دیبەیتی زانستیانە و تیۆریانەیە بۆ ئایین). کاتێکیش خواستی قسەکردنمان لەسەر ئایین بۆ دروست دەبێت، بێشک خاڵی پێکەوە گرێدراوی ئایین و زانست لەبەر چاودەگرین کە جورئەتی توێژینەوە و پرسیارکردنمان لێیی هەبێت، ئەگەر بەو ڕۆحیەتەوە مەلە لە دەریای قووڵی ئایین نەکەین، ئەوە ناتوانین بەو بەرکەوتە بڵێین بەرکەوتەی مەعریفیانە. بە دیویکی دیکەوە توێژینەوە لە دۆخی ئایینی و لێکۆڵینەوە لە شوێن پێی ئایین لە ئاوەز و هۆش و بیرمان، خۆی لە خۆیدا کارێکی ئەقڵانی و گرینگییەکی ئەکادیمییە، چونکە هێندەی ئایین بۆتە کۆنەستی تاکی کورد، هێندە ئایدیاکانی دیکە بابەتی جەوهەری نەبووینە لە دنیای کوردیدا، هیچێک لەمانە تاکو ئەمڕۆکەمان نەکراوەتە پرسێکی ئەکادیمیانە، کە وەک دەرکەوتەیەک خۆیان لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا مانیفێستکردووە، بێ ئەوەی مەعریفەی ئێمە لای بۆ بکاتەوە کە ئەمەش جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە. هەر بۆیە مشتومالکردنی تیۆری بۆ ئایین لە دنیابینی ئێمەدا دواجار دەبێتەوە بە جەدەلێکی جیاوازتر لە جاران، بەمەش دەگوترێت ئایین وەک بەرکەوتەیەکی مەعریفی.


## بیرکردنەوە... وەک حاڵەتێکی کوشندە:

بیرکردنەوە، یان بە مانایەکی دیکە عەقڵ وەک پرۆسەی کردەیەکی تایبەت کە بریتییە لە شرۆڤەکردن. بە دەربڕینیکی تر بریتییە لە ڕێگە و شێوازی بەکارهێنانی زمان لە ناو ڕێساکاندا، چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە پەیوەندیکردن و چۆنیەتی ڕەوایەتی پێدان و پاساو داناندا. هەر بڕیاروو دەستەواژەیەک کە بەکار دێت، دەبێت بەو جۆرە بێت کە شیاوی پاساودان و سەلماندن بێت. چونکە ئەو جۆرە بڕیارانە دەبنە بڕیار لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ. بیرمەندێکی وەک هاپرماس، بیرۆکەی عەقڵانی دەبەستێتەوە بە دوو ئامرازەوە (کەسی و گشتی)، پێیوایە دۆخە کەسیەکە حاڵەتێکی فزوڵییە و مەبەست و نیازێک لە

پشتییەوە هەیە، بەڵام لە دۆخە گشتیەکەیدا مەبەستەکە گشتگیرترە و ئامانج و جیهان بینییەکەی فراوانترە.

کەیسی بیرکردنەوە لە هەناوی دیندا، بەتایبەت لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، ئاکامەکەی زۆر لە کەسی بێئایین، یان پەیڕەوکارێکی دوور لە ئیسلام کوشندەترە. کوشندەیی بەو مانایەی بیرکردنەوە دۆخی باوەڕی کەسێک بگۆڕێت بۆ گومان و پرسیارکردن لەسەر ئەو چەمک و مانایانەی کە ئیسلام لەبارەیانەوە خۆی ساغکردۆتەوە، بەڵام ئەو کاتەی بیرکردنەوە دەبێتە هۆیەک بۆ زیاتر قووڵبوونەوە و هەڵێنجانی مانا و دەلالەتی دیکە لە ئاییندا، ئیدی هێزێک شەرعییەت دەدا بە خۆی کە وێنات بکات وەک ئەوەی کە خۆی دەیەوێت، ئەو وێناکردنە چارەنووسی تۆ دیاریدەکات. مێژووی ئایین پڕیەتی لەو مەشهەدانە، کە بیرکردنەوە ئاکامەکەی بە مردن، یان دەربەدەربوون گەیشتووە.

لە لایەکی دیکەوە بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی باسەکەمان لە ژینگەی ئایینی مەسیحیدا، کارەکتەرێکی وەک مارتن لۆسەر 1483 – 1546 وەردەگرین کە بە یەکێک لە ریفۆرمخوازی ئایینی مەسیحی دادەندرێت لە ئەوروپا، لۆسەر لە بەیاننامەیەک، کە خۆی لەچەند خاڵێک دەبینیەوە وەک قەشەیەک، کڵێسا و دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی خستە ژێر پرسیارەوە، تێگەیشتنی ئەو بۆ ئایین و پەیڕوانی ئاینی مەسیحی جیابوو، لۆسەر خودای وەک بوونەوەرێکی دەستەمۆکراوی دەستی ئینسان سەیرنەدەکرد، بەڵکو خودا لای لۆسەر خولقێنەرێکی بێدەنگە و، مەسیح لەنێو تێکستدا قسە دەکات، بۆیە ئەو زیاتر کاری لە بونیادی دین دەکرد، دەیویست لە جەوهەری ئایینەوە گوتاری خۆی تەرحی ئەوانی دی بکات، نامەکەی لۆسەر ئیشکالیەتی گەورەی لە رۆما و ئەوروپا هێنا پێشەوە، ترس لە گوتار و زمانە ریفۆرمخوازیەکەی لۆسەر تا دەهات لەلایەن دەسەڵاتی کڵێساوە بەهەند وەردەگیرا، ئەمەی لۆسەر تەنها رەخنە نەبوو لە فەزای ئایینی مەسیحی، وەک دین، بەڵکو جەدەلێکی رادیکاڵیانەش بوو بۆ هەلومەرجی ئاییندداری لەو سەردەمەدا. لۆسەر گومانی خستبووە سەر هەژموون و دەسەڵاتی پیاوانی کڵێسا، ئەو دۆخەی کڵێسای بە کارگەی بە کۆیلەکردنی پەیڕەوانی ئاینی وێنادەکرد، ئەو لە مەنزومەی گەڕانەوەی بەها و سەروەری ئینجیل ژینگەی چەپێندراوی ئایینداری، بە



دۆخی ناجێگر پێناسە دەکرد. لای لۆسەر دەسەڵات نوێنەری خودا نییە لەسەر زەوی، ئەو پێیوایە خودا لە بووندا خۆشەویستی بۆ ئینسانەکان بەرهەم هێناوە، جەوهەری ئاییندداری خوشەویستییە، نەک قوربانیدان. لۆسەر هەمیشە بەگژ بە قوربانیکردنی مرۆڤ بۆ ئایین داچۆتەوە، هەمیشە ئەم واقیعەی بە کوشتنی ئیرادەی ئینسان لێکداوەتەوە. پرسی لێخۆشبوون و تاوان و پاداشت، بە گوتاری دینیی نەزانیوە، ئەو پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد ئایینی مەسیحی، خۆی پەیامێکە بۆ لێخۆشبوون، خودا لەنێو زمانی دەقدایە و لە رۆحی ئینسانەکان دێت و دەچێت. دەسەڵاتی

کڵێساشی بە ستەمکار و بەگەمژە سەیرکردنی پەیڕەوانی ئایین ڕەنگکردووە. کاتێک پیاوانی دین، خۆیان لەبەرگی نوێنەری ئاسمان نمایش دەکەن و لەبری لێخۆشبوون و گەیشتن بە بەهەشت، پارە وەردەگرن. لای لۆسەر ئەم نمایشە جگە لە بەکەم سەیرکردنی مرۆڤ و بێ بەهاکردنی ئاین و خودا، هیچ مانایەکی دیکە نادات. وەک هایدگەر وەک یەکێک لە بیرمەندانی فەلسەفەی (بوون و نەبوون) الوجود والعدم دادەندرێت، هایدگەر گریمانەی ورد لەبارەی تێڕوانینی مارتن لۆسەر بۆ دین بەرچاو دەخات، لای هایدگەر لۆسەر بەشێک بووە لە مەنزومەی ئایینی مەسیحی و بونیادە چاکسازیەکەی ئەو لەنێو دەق نەبوو، بەڵکو ئیشکردن بووە لەسەر چەمکی دەسەڵات و گەڕاندنەوەی بەها بۆ ئایینی مەسیحی. جگە لەوەش هایدگەر لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا ( تێگەیشتنی بنەڕەتی لە میتافیزیکا)، نەک ئایین و تەواوی وجود دەخاتە ژێر پرسیار.

بێگومان تێگەیشتن لە بیرکردنەوەی مارتن لۆسەر دژواربووە، دژە لۆسەریەکان زۆرن، بەشێک لە بیرمەندانی خۆرئاوایی لۆسەر وەک فەنتەمینتالیستێک ناوی دەهێنن، پێیانوایە مارتن لۆسەر جورئەتی ئەوەی نەبووە تەجاوزی دین بکات و یەک دیدگای نەبووە بۆ کۆی ئایینەکان، بەڵکو گوتاری لۆسەر بۆ چەمکی ئایین هەڵگری هەمان دۆخی گوتاری ئیسلامییە، لە چەرخی ناوەڕاستدا. بیرمەندانی وەک ئیبن روشد و فارابی و تەنانەت غەزالیش، کە بە رەوادی رۆشنگەری ئایینی دادەندرێن، تێگەیشتیان بۆ ئاین و ئەوی بەرامبەر ئایدیالیستانە و مەحافزکارانەبووە. ئەم بزاوتە هاوکات بووە لەگەڵ شۆڕشە داد پەروەریەکەی مارتن لۆسەر، بەس لەدوو دنیای جیاوزدا. لەو سەردەمەدا ئیسلام لە ئەوجی پەرەسەندنی خۆیدابووە، مەسیحیەتیش لە ئەورووپا دەخولایەوە بەدەوری ستەمکاریدا. لۆسەر بە دژە یەهودی ناسراوە لە مێژوودا، گیانی تاکی مەسیحی بەپیرۆز سەیرکردووە، هیگڵیش دەکەوێتە هەمان هەڵەوە ئەو (پێیوایە خودا رۆحی پیرۆزی دابەزیوە بۆ زەویی و چۆتە گیانی ئەڵمانەوە)، ئەم تێگەیشتنە هیگڵیە بۆ بە پیرۆز سەیرکردنی تاکی ئەڵمانی، دواجار بۆتە ئایدۆلۆژیا و ستەمکاری لێ بەرهەم هاتووە، لۆسەر لە کتێبی (درۆی یەهودیەت)، جووەکان لە ئەورووپا، بە کوشندەترین نەخۆشی ناودەبات، بۆیە لە کتێبەکەیدا دەڵێت (یەهودیەکان کرمێکی کوشندەن، لە نێو جەستەی ئێمەدا). ڕوانگەی لۆسەر زۆر ئایدۆلۆژیستانە بووە، ئەو تێزە کوشتندەیەی مارتن لۆسەریش دواجار بۆتە بەبەشێک لە ئایدۆلۆژیای نازی و هیتلەری لێ بەرهەم هاتووەو لە دەرئەنجامدا کۆمەڵکوژی جووەکانی لە ئەڵمانیا و ئەورووپا تێیدا ڕوویداوە.

لەو سۆنگەیەوە دەتوانین ئاوڕێک لە جیهانبینی دوو کەسایەتی ئایینداری ئیسلام بدەینەوە، مەنسوری حەللاج و سورەوەردی (شیخی ئیشراق) کە بەشێوەیەک لە شێوەکان تێگەیشتن و ئایینداری ئەوان، هەر چەندە چەندان سەدە جیاوازی دەرکەتنیان لە نێواندا هەیە، بەڵام لۆسەر کە ڕیفۆرمخوازێکی ئاینی مەسیحی بوو، بە ئاگاییەوە کاری لەسەر هەڵوەشاندنەوەی چەمکی خورافیات و ئایندارییە چەقبەستووەکەی کلێسا دەکرد. لێرەدا نموونەی وەک حەلاج و سورەوەردی لە ناو مەنزومەی ئیسلامیدا وەردەگرین، کە تێگەیشتن و ڕوانگەی تازەیان لەباری ئایین و خوداناسی بەرهەم هێناوە، بەڵام لە چوارچێوەی فەلسەفەی تەسەوفی و جیاوازی هەڵسوکەوتیان لەئەوانی دیکەوە، کە دواجار بەهۆی جیاواز دەرکەوتنیان، بە لەدەست دانی گیانی خۆیان کۆتایی هات.

## حەللاج.. خودا ناسێکی جیاواز

کە لە گەشتە دوور و درێژەکەی خاکی هیندستان دەگەڕێتەوە، ئیدی حەللاج ئەو حەللاجەی جاران نەما. وەختێک سەردانی ماڵی جونەیدی بەغدادی دەکات، هەرکە لە دەرگایدا، جونەید پرسی کێیە؟ حەللاج بە (انا الحق) وەڵامی دەداتەوە.

لەو ڕۆژەوە ئەو وشەیە لە نێو دەمی مورید و سۆفیاندا بڵاوبوویەوە، هەرچەند حەللاج دەمێ بوو پرسی (انا الحق)ی لە کتێبی (الطواسن) ورووژاندبوو. زۆر ورد لە ماناکانی ئەو وشەیە ڕۆچووبوو، بە جۆرێک کەوتبووە

بەراوردکردن لە نێوان منەکەی خۆیی، دەگەڵ (انا ربکم الاعلی)یەکەی فیرعەون و (انا خیر منه) کەی شەیتاندا کە بەرانبەر ئادەم گوتوویەتی. سۆفیەکان پێیانوایە ئەو منانە زۆر جیان، هەمیشە منەکانی ئەوانیان بە هەڵەزانیوە و بە خۆپەرستی ناوزەندیکردوون. دەبینین لەکاتی دەنگهەڵبڕینی ئیبلیس لە سەر تازە دروستکراوێکی خودا کە ئادەمە، بە هۆی قایلنەبوونی بۆ بردنی سوجدەی ڕێز لە بەردەم ئادەمدا، شەیتان کەوتە دۆخی یاخیبوون لە بەرانبەر خودا. فیرعەونیش هێندە لە خۆبایی بوو کە خۆی بینی خودای لە یادکرد، موریدانی حەللاج دەڵێن: حەللاج کە خودای بینی خۆی لە بیرکرد. ئەو منەی فیرعەون گوتی، کوفربوو، ئەوەی حەللاجیش توانەوەیە لە نێو ئەوینی خودادا.

کاتێکیش حەللاج لە بەندینخانە دەبێت، لێیدەپرسن ئەوین چییە؟

لە بەرسڤدا دەڵێت: ئەمڕۆ دەیبینی، سبەینێ دەیبنی و دووسبەیش هەردەیبینی.

حەللاجناسان، دنیابینی ئەویان هەر یەکەو بە جۆرێک شیکردووەتەوە، کاریگەریە ڕۆحی و فەلسەفیە عیرفانیەکانی ئەویان بەستۆتەوە بە چەند وێستگەیەکە کە ڕەنگە ئەو نا ڕۆنییەش بووبێت لە جیهانبینی حەللاج کە دواجار بۆتە هۆی کوشتنی. مخابن نموونەی زانایەکی وەک ئیبن تەیمیە کە دوای کوشتنی بە چەندان ساڵ لە سێدارەدانەکەی بە کارێکی شەرعی زانیوە. هەرچەند بەشێک لەوانەی لە پشتی کوشتنەکەی دابووینە سەرەتا شاگەشکەبوونە بە بیرکردنەوەی حەللاج، بەڵام لەبەر ئەوەی لێی تێناگەن، ئیدی دەست بۆ گیانی دەبەن. یەکێک لە هەرە ڕووداوە قێزەوەنەکانی مێژووی مرۆڤایەتی ئەوەبووە هەرکە لە کەسێک حاڵی نەبووینە یان نەیانویستووە لێی تێبگەن، کوشتوویانە، یان دەربەدرکراوە و بە شێت ناویان هێناوە.

زۆرێک لە نووسەران پێیان وابووە حەللاج کاریگەری ئەوانی دیکەی زۆر لەسەر بووە، یان بۆ گوێرەی شرۆڤە و لێکدانەوەکانیان شوناسی جیایان بە حەللاج بەخشیوە. یەکێکی وەک «فان کرێمەر» پاش گەڕان و وردبوونەوە بۆی دەرکەوتووە وتە بەناوبانگەکەی حەللاج (انا الحق) ڕەگوڕیشەیەکی هیندیی هەیە، کە «ماکس هۆرتین»ی مێژووناسیش لەمەدا هاوڕای بووە و ئەمیش بە وردی لێکدانەوەی بۆ وشەی (انا الحق) و (انا براهما)دا کردووە، پێشیوایە هەم لە ناوەکەی و هەمیش لە ماهیەتی وشەکە کە لە کتێبی (الاوثانیشاد)دا هاتووە لێکچوون هەیە. هەندێک لە توێژەران کە لە نێویشیاندا نووسەری موسڵمانیش هەیە، هەمان تێڕوانینیان بۆ دروستبووە. نەشیانشاردۆتەوە ئاکارە دەروونیەکانی حەللاج لە فۆرمی ئاییندارى عیساوە نزیکە، بۆیە تاوانباردەکرێت بەوەی بڕواداریێکی مەسیحی بووبێت. لێکۆڵەرێکی دیاری وەک «ئۆگۆست مۆلەر» ئەو دیوە شاراوەی حەللاج ئاشکرا دەکات و بە نەخۆش وێنای دەکات. بەوەی کە حەللاج لە جەوهەردا هەڵگری نەخۆشی سایکۆپایی بووە، نموونەی هەڵگەڕانەوەی لە ئایینی ئیسلام بۆ ناو دینی مەسیحی بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکەی دەهێنێتەوە کە حەللاج هەمیشە کەسایەتیەکی لاپەڕگیری هەبووە.

جگە لەمەیش لە باس و خواسی تێگەیشتن لە جیهانبینی حەللاج، ئاماژە بە فەلسەفەی بونگەرایی دەکرێت کە حەللاج لە بیرکردنەوەیدا ڕەگ و ڕیشەیەکی بونگەرانەی هەبووە. دیارە بنەمای بونگەرایی تێفکرین و ڕوانینی عەقڵانیانەیە بۆ شتەکان. پێیانوایە مرۆڤ دەبێ بیربکاتەوە، بۆ ئەوەی وەک مرۆڤ بژیت. ئەو ماهیەتە لە ڕۆحی حەللاجدا، گەیشتن بووە بە پلەی کەماڵ. کاتێک مرۆڤ دەبێ بە مرۆڤ، لای حەللاجیەکان ئەو قۆناغە ناو دەنێین فەنابوون، پێشیانوایە ئەوکاتە بزربوون لە نێو بووندا ڕوودەدات و مرۆڤ دەچێتە قۆناغی گەیشتن بە ئاستی فەنابوون لە نێو زاتی ئیلاهدا. دوایین پەیڤ و پەیامی حەللاجیش کە وەک کەسێکی یەکتاپەرست دەرکەوتووە، پێش ئەوەی لە سێدارەی بدەن گوتوویەتی: عاشق بۆیە ڕێی ئەوین دەگرێتەبەر، هەتا لە نێو مەعشوقدا بزربێت. هەر ئەوەیش لوتکەی یەکبوونی تەواوە کە عاشق بە خوێنی خۆی باجەکەی دەدات.

هەر ئەوەیشە وا لە حەللاج دەکات بڵێت:

ئەی متمانە پێکراوانم بمکوژن/ چونکە لە مردنمدا ژیان هەیە.

بوونگەرایی بریتییە لەو بیرە سەرەکیانەی لە دژواری قوڵەوە سەرچاوە دەگرێت، هەل و مەرجی گەشەکردن لەو شتانە وەردەگرێت



کە مرۆڤ بە هۆش و ویژدانەوە لە تەکیان ژیاوە. فەلسەفەی بوونگەرایی لە ململانێیەکی کوشندەدایە دەگەڵ زاڵبوون و توانایی مرۆڤ لە بەرانبەر هیچدا. «سارتەر» بۆچوونی وایە مرۆڤ دەبێ هەمیشە لە نێو دوو جەنگدا بژێت، باوەڕ و زانست. ئەمەیش دەبەستێتەوە بە چەمکی ئازادیەوە کە «دیکارت» وابەستەی یەزدانی دەکات. شەڕکردن لە نێو دوو جەنگدا، مرۆڤ ئالۆدەی جۆرێک لە یاخیبوون و پەنابردن بۆ بیرکردنەوەی قوڵتردەکاتەوە، لەوەی کە واقیع پێدەبەخشێت. لێرەدا لۆژیکی باوەڕ مرۆڤ نوقمی گرێ گوێرەکانی خۆیدەکات، بۆیە زانست لە ڕێگای هۆش و بیرکردنەوە پەرە بە ناسینەوەی ئەو شتانە دەدات کە باوەڕ بێوەڵام بەجێیهێشتوون، یان لەودیو ئەقڵ داینـاون. فەلسەفەی زانست جارێکی دیکە لە دەرگای باوەڕ دەداتەوە، وەک چۆن «سوقرات» و تەنانەت سۆفیستاییەکانیش هەمان دۆخیان هەبوو، چەمکی (نازانم و گومان) مرۆڤی دابەشکرد بەسەر دوو جۆر، ئەوانەی لە شوێنێک سنوور بۆ عەقڵ دادەنێن و ئیتر دەست بۆ ئەو دیوی نەزانینەکانیان نابەن، ئەوانەی بە گومانەوە سەیری هەمووشتێک دەکەن و پرسیار لەسەر جەوهەر و ماهیەتی شتەکان دروست دەکەن. دۆخی حەللاج تێپەڕاندنی هەردوو فەلسەفەکەبوو، تا لە کۆتاییدا بەری شتێک کەوت کە بەدەگمەن کەسی دیکە بەریدەکەوێت، ئەویش کەوتنی بوو بەسەر هەقیقەتدا، یان باشتر بڵێین بەسەر چارەنووسێکی دیکەوە کەوت، دۆزینەوەی شتێک لە قوڵایی ناخیدا، پەیبردن بە جەوهەری بوون، بە خالقیەتی خالق لە زاتی خۆیدا.

جیاوازی حاڵەتەکەی حەللاج دەگەڵ هەموو ئەوانەی لە مێژوودا بە سۆفی، یان عاریف و متەسەوف ناسراون چییە؟ حەللاج بەس سۆفی نەبوو، «جونەیدی بەغدادی» لە پێناسەی سۆفیگەریدا دەڵێت: سۆفێتی نە نیگار و ڕێوشوێنە و نە زانستیشە، بەڵکوو ئاکارە. سۆفیەکانیش دەڵێن: هەرکەس ئەخلاقی لە تۆ بەرزتر بوو، ئەوە سۆفێتیشی لە تۆ باڵاترە. سۆفێتی واتا بێگەردبوونی پەنهانییەکانت لە لێڵی سەرپێچیکردندا، «هوجەیری»ش ئەو قسەیەی بەو جۆرە ڕاڤەکردووە و دەڵێت: ئەوین جۆرێکە لە ڕازیبوون و قایلبوون، بەوەی جگە لە توانەوە لە دنیای دڵدارەکەیدا هیچی دیکەی بۆ نییە. بەشێک لە ئەهلی متەسەوفیش پێیانوایە، فەلسەفەی یەکانگیری جەوهەری سۆفیەکانە ئاوێتەبوونە لە نێوان شەریعەت و تەریقەت و هەقیقەتدا. دژە بۆچوونەکانی دنیای سۆفیگەری نموونەی وەک «شێخی شیبلی» دەڵێت: سۆفیگەری هاوەڵ بۆ خوادانانە، چونکە پاراستنی دڵە لە بینینی غەیری خۆی و هیچی تر. «سەعیدی نوورسی»ش لە بارەی جیهانی سۆفیەکانەوە دەڵێت: ڕوون وەربگرە و لێڵ فەرامۆش بکە. چونکێ حەللاج بەدوای ئەو پێناساندنەدا نەدەگەڕا تا ئێمە بێین ئەو ناوەی لێبنێین، بۆیە بەدروستی ناچێتە ناو هیچ خانەیەکەوە، ستەمێکی گەورەی لێدەکەین

ئەگەر پێمان وابێت ئەوەی حەللاج کردوویەتی کاری متەسەوف و عاریف و سۆفیەکانە! من پێچەوانەی هەموویان پێموایە حەللاج شتێکی دیکەبوو، چونکە ژیان و دنیابینی حەللاج بە ڕەهایی ناچێتە هیچ بازنەیەکەوە، لە هەمان کاتیشدا هەموو ئەوانە بوو، بەڵام کۆتایی حەللاج شتێکی دیکەی نیشاندایین کە دەریدەخات ئەوەی حەللاج کردوویەتی پێگەیشتن بووە نەک ئەزموون، یانی تێگەیشتن لە حەللاج بە گەیشتن بووە لەو کۆتاییەی کە بەسەریدا هاتووە کە گیان بەخشینییەتی نەک ئەوەی وتوویەتی، یان کردوویەتی، بۆیە موریدبوون و وێڵبوون بەدوای تەریقەتی حەللاج ناتکات بە حەللاج، ئەوەی ئەو شتێکی دیکە بوو.

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو پێناسە و حیکایەت و سەرگوزەشتانەی بۆ دنیای تەسەوف و عیرفانکراوە، ڕێگاکەی شتێکە و بەڵام ئاکامەکەی لای حەللاج بە جۆرێکی دیکە دەکەوێتەوە، سۆفیەکان بۆ پاکبوونەوە ڕێگای تەسەوفیان گرتووە، بەڵام حەللاج وەک گوناهبارێک بەڕێگای خودادا ناڕوات، سۆفیەکان خۆیان بە تاوانبار و زەلیل لە بەرامبەر خودادا دەرخستووە، حەللاج وەک دۆست خودای ناسیوە. ناسینی خودا لای حەللاج وەک شێوەی عاریف و سۆفیەکان نەبووە، بۆیە ئەکامەکەیشی وەک ئەوان نەبوو. ئەو تەسنیفەی بۆ سۆفیگەری کراوە، نموونەی سۆفیگەری بێسنوور و سۆفیگەری خۆخواردنەوە، لە هیچیاندا حەللاج دەرناکەوێت، ئەوی حەللاج بەرکەوتن نەبووە، دەگەڵ زاتی ئیلاهدا، چونکە ئەوبەرکەوتنە بەرکەوتنێکی باوەڕدارانەیە وەک ئەوەی لە ئایینداریدا پەیڕەو دەکرێت، چونکە زاتی خودا نە کۆتایی، نە کات نە شوێنی هەیە، بەڵام بەرکەوتنی مرۆڤ دەگەڵ زاتی خودادا، پەیوەندییەکی هەستییە کە خودا بوونێکی ڕەهای هەیە، کە لە بوونی خودای ڕەهاوە سەرچاوە دەگرێت. حەللاج بە جەستە نا، بە ڕۆحیکی جاویدانییەوە خودا تێکەڵ بە خۆی دەکات. لە جەستە دادەبڕێت و دۆستانە مامەڵەی دەگەڵیدا دەکات. واتا فەلسەفەی لە (یەکەوە بۆ یەک)هەرچەندە دواتر مێژوونوسان ئەوەیان وەک میتۆدێکی تەسەوفی بۆ پێناساندنی بەشێک لە کاری سۆفیەکان دادەنا و کاریان لەسەرکرد، بەڵام ئەو یەک بۆ یەکە لە جەوهەری دنیای حەللاجدا بە کردەوە ڕەنگی دابۆوە.

نووسەری ئەڵمانیایی خاتوو «ئانا ماری شمیل» لە کتێبی ( مێژوو و ڕەهەندەکانی سۆفیگەری لە ئیسلامدا) بە تێر و تەسەلی لە بارەی مێژووی سۆفیگەریەوە نووسیویەتی، بۆ دەوڵەمەندکردنی باسەکەم سوودێکی زۆرم لێبینوە. لەو حیکایەتانەی لە بارەی دنیای سۆفیگەری کە دەیگێڕێتەوە من دوو نموونەم وەرگرتووە، تا بیسەلمێنم کۆتاییەکەی حەللاج جیایە دەگەڵ کۆتایی هەموو عاریف و سۆفیەکانی جیهان. چیرۆکی سێوخواردنەکەی ئادەم دەگێڕێتەوە کە لە فەرمانی خودا دەرچووە، بۆیە ماوەیەکی زۆر لە بەهەشت خۆی کەنار گیردەکات و وەک گوناهکارێک هەمیشە لۆمەی خۆیدەکات، لە پاشان کە وەک سزایەک خودا دەینێرێتە سەر زەوی، مێژووناسان دەڵێن ئادەم و حەوا سەرەتا لە خاکی هیندستان ژیاون و لە «شاخی ڕاهون» بۆ ماوەی سێ سەدە لە خودا دەپاڕێتەوە تا خودا لێیخۆشبێت. «ئانا ماری» ئەوە بە یەکەم دەرکەوتنی حاڵەتی سۆفیگەری دەناسێنێت لە مێژووی بنیادەمدا. کە خۆی لە خۆسزادان و پەناگیری و پاڕانەوە و چاوەنواڕیکردنی لێخۆشبوونی یەزدان خۆی دەبینێتەوە کە حەللاج هیچ یەکێک لە مانەی نەبووە، بەو جۆرەش دەگەڵ خودادا کە بە دۆستی خۆیزانیوە مامەڵەی دەگەڵدا نەکردووە. چیرۆکی دووەم فەرموودەیەکی پێغەمبەری ئیسلام دەهێنێتەوە «د.خ» کە فەرموویەتی: ئەوەی من دەیزانم ئێوەیش بتانزانیایە کەم پێدەکەنین و زۆریش دەگریان. لەمەشدا حەللاج نا دۆزرێتەوە، هەرچەندە لە ناو سۆفیەکاندا گروپێک لەسەر بنەمای ئەو فەرموودەیەدا دروستبوو بەناوی (گرینۆکەکان).

حەللاج گەڕیدەیەکی ڕۆحی و جەستەیی بوو، بۆیە هەمیشە شوناسی جیاواز جیاوازیان پێدەبەخشی، ئەوکاتەیش خەریکی لە سێدارەدرانی بوون خەڵک بەردیان تێدەگرت، شیبلی هاوڕێی گوڵێکی تێگرت، دەگێڕنەوە حەللاج هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا کە هۆی ئەو ئاهەیان لێپرسی؟ گوتی: ئاخر ئەو خەڵکە نازانن کە چی دەکەن، خۆ ئەو دەبوو،

مەبەستی شیبلی بوو، زانیبای کە چ دەکات. ئەو وتەیەی کە دەڵێت: گوڵ تێگرتنی دۆست، لە بەردی ناحەز بە سوێترە. لەوەوە هاتووە.

**سورەوەردی.... ترۆپکی هۆشمەندی**

ئەبو حامیدی غەزالی (450 ک) تەوژمی سۆفیگەری میانڕەوی سوونەنەی ڕێک خست، هەرچەند سەرجەم بیر و ئایدیای نووسینەکانی هەڵقوڵاوی تەوژمی فەلسەفەی کەلامی بوو، بەڵام دواتر هەرخۆشی بێ ڕەحمانە بەرەو ڕووی وەستایەوە و دژایەتی کرد. پەرتووکی (مشكاه الانوار) یەکێکە لەو کتێبانەی سۆفییە پاشینەکان زۆر موتاڵیان دەکرد، بەڵام هەر لەدێر زەمانەوە ڕوونترین گوزارشتی سۆفیگەری دەربارەی تەسەوفی «نوور» کە غەزالیش پێناسەی کردووە لە تیۆرییە سۆفییەکانی شیهابودینی سورەوەردی دا بەدی دەکەین.

سورەوەردی (1153 ک) پێیوایە ئەوەی لە میتافیزیکا پێی دەگوترێت «وجوود»، لەگەڵ ئەو ئەزموونە دێرینەی کە «نوورە» دێتەوە و هاوتایە، کەوابوو وجوود یەکسانە بە «نوور».

(زانین تەنها بۆ زانینخوازان باس دەکرێ، نەک بۆ هەموو کەسێک، چونکە ئەوەی لەو زانینە نەگات، ئەوە خەڵک ئازار دەدا). سورەوەردی بەو تێگەیشتنەوە، لە تەمەنێکی گەنجانەدا دەرکەوت. بەو هەناسە مەعریفەدارە گەیشت بە لوتکەی هۆشمەندی، لە زۆرێک بواری زانست و عیرفان و فەلسەفەدا گەیشتبووە ترۆپک، بە هۆیەوە جگە لە ئەندێشە و بیرکردنەوەکانی، بەڵکوو ژیانیشی کەوتبووە مەترسییەوە.

لە زاری «فەخرەدینی ماردینی» یەوە بیستوومانە، کە سەرەتا ترسی لەو هەموو زیرەکی و سەرەڕۆییەی سورەوەردی هەبووە و هەر زوو مەترسی لەناوبردنی ڕاگەیاندووە. دەگێڕێتەوە کاتێک سورەوەردی دەگاتە شاری حەلەب تەمەنی نزیکەی سی ساڵێک بووە، لەو سەردەمەدا جیاوازی ڕوانگەی زانایان لەسەر کۆمەڵێک پرس، لە دۆخێکی کوشندە و خوێناویدا بووە. ململانێکانیان گەیشتۆتە ئەوجی مەترسی، بەتایبەت لە ئان و ساتی دەمە تەقێی نێوان مەدرەسەی باتنی و زانایانی سوونەنەدا، لەو کاتە لە ڕووی هزریەوە کۆمەڵێک تەوژم سەرهەڵدەدەن، توندترینیان لە نێوان ئەهلی کەلام و مەزهەبە فەقییەکاندا بووە. کەلامیەکان لەسەر چوار چەمکی قووڵ پێداگربوون، لەگەڵ ئەوانی دیکەدا.

_ تەوحید و سیفەتەکانی خودا
_ قەزا و قەدەر
_ وەعد و وەعید
_ پێغەمبەرایەتی و ئیمامەت

سورەوەردی بەسەر ئەو دۆخەدا کەوت، جیاوازتر لە هەردوو بەرە بیری دەکردەوە، بۆیە دەسەڵاتی ئەیوبی و بەتایبەت (شا زاهیر)، فەرمانڕەوای حەلەب، سوود لە زیرەکی سورەوەردی وەردەگرێ و دەیهێنێتە کۆشکەکەی و بانگی گەورە زانایانی موتەکەلیم و داناکان دەکات و پێکەوە دایان دەنیشێنێ، بۆ ئەوەی گوێیان لێبگرێ و بزانێ چ خیلافێک لە نێوان سورەوەردی و ئەوانی دیکەدا هەیە. سروشتی شا زاهیر وابوو هەرچی زانای بلیمەت هەبوو، نزیکی دەخستەوە لەخۆی، ئەو سەردەم (ئیبن عەرەبی) و چەندان دانای دیکەش سەر بە کۆشکەکەی شا زاهیر بووینە، بە هۆی بلیمەتی لەبەردەم کەلامیەکاندا تا ئاستێکی بەرز، تواناکانی سورەوەردی لەبەردەم شا زاهیر دەرکەوت، بۆیە پایەی لای شا زاهیر مەزن دەبێ و لە خۆی نزیک دەکاتەوە و پشتی دەگرێ. سورەوەردی بە هۆی زیرەکی و توانای وەڵامدانەوەی فکرەکانی ئەهلی کەلامەوە، دەرگای شەڕێکی کوشندەی بە ڕووی خۆیدا کردەوە، کە بە مردنی کۆتایی پێهات. بەشێک لە زانایان نامەیەک بۆ سەڵاحەدینی ئەیوبی دەنێرن و مەترسی بوونی سورەوەردی لە قەڵەمڕەوی ئەیوبیەکانی پێ ڕادەگەیەنن و باس لەوەش دەکەن کە مێشکی شا زاهیریشی تێکداوە.

فەلسەفە ئیشراقیەکەی سورەوەردی دوو پایەی گرنگی لە خۆگرتبوو، حاکمیەت و فەزیلەتەکان، ئەو پێی وابوو، دڵ چەقی هەموو شتێکە، هێزێکە و حکومڕانیەتی زەوی دەکات. چەمکی خەلیفەی خودا لەسەر زەوی ( اني جاعل فى الارض خليفة) بەوە لێکدەدایەوە کە خەلیفە یانی (حەکیمی خۆزان)، ئەو حەکیمەی ڕوونەچۆتە خۆزانی،

نابێتە خەلیفە و فەرمانڕەوایی زەوی پێناکرێ. زەمینیش بێ ئەو خەلیفانە، بوونی نییە. هەمیش بۆ ئەو جۆرە حەکیمانەیە کە ببنە خەلیفە لە سەر زەمینی خودا، چونکە خەلافەت هێز و سرووشە لە خوداوە، ئیلهام وەردەگرێ. مەبەستی سورەوەردیش لەو خەلافەتە، حیکمەتی عەقڵی و زانستی دڵە، کەوایە لای سورەوەردی چەقی فەرمانڕەوای لای مرۆڤەکان دڵیەتی، نەک ڕەوایەت وەرگرتن لە هەر شتێکی دیکە، هەموو ئەو شتانەی کە لە دەرەوەی ئەو دوو چەمکەوە دەبنە هۆی پێدانی مافی حاکمیەتی مرۆڤەکان ڕەتدەکاتەوە، مادامەکێ حیکمەتی عەقڵ و زانستی دڵی لەگەڵدا نەبێ. پێیوایە دەکرێ ئەو خەلیفانە دیار بن، یان نادیار. پێغەمبەران و فریشتە و پادشاکان بە دیارەکان ناودەبات و نادیارەکانیش ئەوانەن کە پێیان دەگوترێت ( قوتب) لای سورەوەردی کارەکتەری (قوتب) کەسێکە حیکمەتی عەقڵ و زانستی پێیە. زۆر لە سوپەرمانەکەی نیتشە و مەدینە فازیلەکەی فارابی و یۆتۆپیاکەی دانتی دەچێ، بەڵام سورەوەردی وردتر لەسەر کەسێتی (قوتب) ئیش دەکات و دەیبەستێتەوە بە کۆمەڵێک فەزیلەتەوە کە لە کارەکتەرێکی خەیاڵی و سوپەرمانیدا، بەرگی کەسێکی واقیعی و فریادڕەسێکی پێدەدات، ئەو لای وابوو دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەم بە سەلاحەدینی ئەیوبیەوەش ئەو قوتبە نینە و شایانی ئەو فەرمانڕەوایەتیە نین. لای سوورەوەردی ئەو قوتبە موڵکی دینێک و نەتەوەیەک و کلتورێک نییە، نموونە گەلی وەک هرمس، پلاتۆ، ئەمپادۆکلیس، پیتاگۆرس، ئاگادیمۆنۆ، زەردەشت، کە هەموویان پێش ئایینی ئیسلام بوونیان هەبووە، وەردەگرێ کە ئەو حەکیمانە ئیشراقیان لە عەقڵە باڵاکانەوە وەرگرتووە. دواجار بە لۆژیکی (حیکمەتی خۆزانی) دەبنە حەکیمی زەمان و قوتب و ئیمام.

ژینگەی بیرکردنەوەی سورەوەردی تا دەهات فراوانتر دەبوو، بەرەو ئاقارێکی تایبەت بە خۆی هەنگاوی دەنا. هیچ کاتێک وەک ئەوانی دیکە بیری نەدەکردەوە، لە کتێبی حیکمەتی ئیشراق و المشارع والمطارحات دەکەوێتە گفتوگۆیەکی ڕەخنەگرانەی جدی لەگەڵ بیر و ڕاکانی ئەرستۆدا. لەلایەکی دیکەوە لە زۆر شوێندا لە میتۆدا باوەڕەکانی پلاتۆ و زەردەشت و هرمس و باقی سەرچاوە و هزرەکان جیادەبێتەوە. بۆ نموونە لە بابەتی یەکبوون و حلوول لە حەللاج دوور دەکەوێتەوە. وەک نووسەر محەمەد عەلی رەیان دەڵێ:

جیاوازی سورەوەردی و غەزالی ئەوەیە، کە غەزالی بەرگریی لە ئیسلام دەکرد، بەڵام سورەوەردی بەرگری لە هەقیقەت دەکرد. ئەوەش جیاوازییەکی مەزن بوو، کە سورەوەردی هیچ سەرچاوەیەکی ڕۆحی، یان هزری، یان عەقڵی و دینی و فەلسەفی دواجار نەدەبوونە ڕێگر بۆ ئەوەی لێیان جیاببێتەوە و ڕەخنەیان لێبگرێ و وەڵامیشیان بداتەوە. لەبەر ئەو هۆکارانە زۆرێک ناسناو و شوناسی تایبەتی وەک دانا و زانای زەمانە و بلیمەت و چەندانی ناوی دیکەیان بۆ سورەوەردی داتاشیبوو. هەر بۆیەشە لە ئەنجامی ئەو زیرەکییەی، شا زاهیری کوڕی سەلاحەدینی ئەییووبی، کە زۆری لە خۆ نزیککردەوە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی زاناکانی دین، بەتایبەت هی ئەوسای حەلەب ئێرەیی پێ ببەن و ڕقییان لێببێتەوە و پلان بۆ دوورخستنەوەی دابڕێژن. ئەگەر بەباشی لە فکری سورەوەردی نزیکبیتەوە و خوێندنەوەیەکی وردی بۆ بکەیت تێدەگەیت کە لەسەر چەمکی توێژینەوە و خۆزانی دەڕۆیشت، هرمس و پلاتۆ و پیتاگۆرس و سوکرات و زەردەشت و مانی لای ئەو لە پێشی پێشەوەی چینی باڵای داناکانن. لە هەمان کاتیشدا پێیوابوو، پێغەمبەری ئیسلام لەنێو توێژینەوەکاریدا شۆڕنەبۆتەوە، بەڵام لە خۆزانیدا قووڵ بۆتەوە، چونکە (رسول و نبی) بووە، بۆیە زاناکی دین لە حەلەب لە بارەی پێغەمبەرەوە پرسیاری لێدەکەن، سورەوەردی بێدەنگ دەبێ، بەڵام زاناکان بێدەنگ نابن. تەوژمی زیاتری بۆ دەهێنن و پرسیارێکی سەختری بۆ دروست دەکەن. ( ئایا خودا دەتوانێ لە دوای محەمەد پێغەمبەرێکی دیکە بنێرێ). ئەو جۆرە پرسیارە لە لۆژیکدا بە شێوازی لە ڕوودامان ناسراوە. بەو مانایەی پرسیارێک بکەی وەڵامەکەی هەرچییەک بێ، کوشندە بێت. ئەگەر سورەوەردی وەڵامی دابایەوە « بەڵێ خودا دەتوانێ» ئەوە مەترسیداربوو، چونکە محەمەد دوا پێغەمبەری نێردراوی

خودایە، ئەگەریش بڵێ « نەخێر» بەو وەڵامە سنوور بۆ هێز و دەسەڵاتی خودا دادەنێ، بۆیە سورەوەردی بەو جۆرە وەڵام دەداتەوە، ( سنوور بۆ هێزی خودا نییە) لەسەر ئەو وەڵامەی بڕیاری کوشتنی دەدرێت.

لەبارەی کوشتنی سورەوەردییەوە چەندان باس و خواسی جیا و تێڕوانینی دژ بەیەک هەیە، بەڵام قاسم محەمەد عەباس ی نووسەر کە حەلـلاج ناسێکی دەگمەنە دەڵـێ: ئەو ڕەوتـەی بووە هـۆکاری کارەساتی حەللاج دوای زنجیرەیەک دادگاییکردن زۆر لەو ڕەوتە دەچێ کە بووە هۆی کوشتنی سورەوەردی، جگە لەوەش لە بارەی مەرگی سورەوەردیەوە دەڵێ: وەک گیان دەرچوونی حەللاج، مردنێکی کەم وێنە و تاقانە بوو.

---


**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

1.ميرسيا الياد - يوان ب. كوليانو/ معجم الأديان – ترجمة وتقديم وتعليق/ خليد كدري – عدد الصفحات – 538 – تاريخ الطبعة: 2018م – الناشر- مؤمنون بلا حدود للنشر والتوزيع- لبنان – بيروت.

2. ميشال مسلان - علم الأديـان - مساهمة في التأسيس / ترجمة عزالدين عناية الطبعة 2016.

3. فريدريك كوبلستون – تاريخ الفلسفة – المجلد الثالث – ترجمة امام عبد الفتاح الامام. الطبعة الاولى 1944.

4. د. سلطان بن عبدالرحمان العميري – ظاهرة نقد الدين في الفكر الغربي الحديث – الجزء الأول والثاني - الطبعة الثانية 1439ه - 2018م. دار النشر/ تكوين للدراسات والأبحاث.

5. د. محمد بن بسيس بن مقبول السفياني – الأسس المنهجية لنقد الأديـان- دراسـة في سؤال المنهج ونظرية البحث – المجلد الأول – الطبعة الأولى 1437ه – 2016م. ناشر/ مركز التأصيل للدراسات والبحوث.

**سەرچاوە کوردیەکان:**

1. جەمال حوسێن- فەلسەفەی ئیسلامی - دەرکەوتن تا کەوتن – چاپی یەکەم 2019- / چاپخانەی تاران – لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس.

2. نـەوزاد جـەمـال- فـەلـسـەفـەی ئـاییـن – چاپی یەکەم 2016 چاپخانەی سـەردەم – کوردستان سلێمانی.

3. د.کاوە ئەحمەد – عەقڵ و ئیمان – چاپ – 2019 لە بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی.

4. بـێرنـارد لـویـس - ئـیسلام و خـۆرئـاوا- وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: ڕەزوان حەسەن، چـاپ - تـاران 2018. لـە بـڵاوکـراوەکـانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.

5. عەلی ئەسغەر حیکمەت - مێژووی ئایینەکان – بە کوردیکردنی – هاشم عەلی وەیسی چاپ – تاران 2019 – لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.

6. دیڤید هیوم – مێژووی سروشتیی دین / بـەکـوردیـکـردنـی مـەسـعـود بـابـایـی/ چاپ – تـاران 2016. لـە بـڵاوکـراوەکـانـی مـاڵـی سوهرەوەردیی.

7. ئێریک شارپ – جۆناسان زێت. سمیت/ فینۆمینۆلۆجیای ئایین- بەکوردیکردنی - ئـارام مەحموود ئەحمەد- پـرۆژەی کتێبی گیرڤان – لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا 2019.


**تێبینی:**

جگە لەو سەرچاوانە، سوودێکی زۆرم لەو سێ پەرتووکە کردووە.

1. مـێژوو و ڕەهـەنـدەکانی سۆفیگەری لە ئیسلامدا لە نووسینی ئانا ماری شمیل/ بە کوردیکردنی زانا ناجی – هیوا مەحمود

2. دەروازەیـەک بۆ ئاشنابوون بە زانستی کەلام/ هاوژینی مەلا ئەمین

3. خـوێـنـدنـەوەی حیکمـەتی ئیشراقی سورەوەردی/ هۆشەنگ شێخ محەمەد یوسف

# ڕۆشنبیری و سیاسەت

- **ڕۆشـنبیرو دەسـەڵات**

سمکۆ عەبدولکەریم

- **ئایدیۆلۆژیا و دژەکانی ... سەردەمێکی نوێ بۆ پێناسەکردنی چەمکەکان**

سمکۆ محەمەد

- **عێراقی دوای هەڵبژاردن دەکەوێتە ژێر عەمامەکەی موقتەدا سەدر**

د. سەنگەر سەید قادر

- **ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی تاکەکاندا**

پ.ی. دکتۆر فواد عەلی

- **جوانناسی و کۆمەڵگا**


ڕەوەند محەمەد جەمیل

# رۆشنبیرو دەسەڵات

ناکرێ بەهۆی ئینتماکەیەوە، یان هەر ڕێبازێکی فکری ناونیشانی رۆشنبیر لە هیچ رۆشنبیرێک وەربگیرێتەوە، چونکە مومکین نییە ئەو جووڵانەوە رۆشنبیریەی لەوڵاتێک، لەناوچەیەک، لە شارێک هەیە، بە هەمان ئەندازەو تێگەیشتن لە شوێنی دیکەش هەبێت، ئەوەی ساڵی 1894 لە پاریس-ی پایتەختی فەرەنسا روویدا، لە هیچ وڵاتێکی تری دنیا، نە روویداوە، نە مەرجە رووبدات، کاتێک لە بەرامبەر کێشەی حوکمدانی ئەفسەرێکی فەرەنسی بە رگەز جوولەکەدا، بە تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ بەرژەوەندی ئەڵمانیا، جووڵانەوەیەکی گەورەی رۆشنبیران سەری هەڵدا، کە ناسراوە بە کێشەی « دریفۆس»

بۆ یەکەم جار رۆشنبیران بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە، بە ناوی « بەیانی رۆشنبیران» ئەمەش لە پەراوێزی ئەو وتارەی «ئەمیل زۆلا» کە وەک بەرگریکردنێک لەو ئەفسەرە نووسی بووی، ئەمە یەکێکە لەو رووداوە گەورانەی دنیا کە نووسەرێک تەنیا بە وتارێک رای گشتی فەرەنسای دابەشی سەر دوو بەرەی جیاواز کرد، بەرەی پشتیوانیکردن لە دریفۆس و بەرەی پشتیوانیکردن لە دەسەڵات.

لەم کێشەیەدا رۆشنبیران لە بەرەی دژ بە دەسەڵات دابوون و پشتیوانیان لە «دریفۆس» کرد کە ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵی بێ بنەمان، دواتر بەرەی رۆشنبیرانی دژ بە دەسەڵات سەرکەوتن و بێتاوانی «ئەلفرێد دریفۆس» سەلمێنرا.


سمکۆ عەبدولکەریم

ئەم هەڵویست و رووداوەی رۆشنبیران لە پاریس بە بنەچەی تێگەیشتن لە رۆشنبیر دادەنرێ لە جیهاندا. ئەم رووداوەش بە شەرمەزارترین رووداو دادەنرێت لە مێژووی فەرەنسادا.

کاتێک وتاری نووسەرێکی وەک «ئەمیل زۆلا» لە پاریس دەبێتە هۆی دروست بوونی بەرەیەکی رۆشنبیری و کاریگەر، بۆ داکۆکیکردن لە ئەفسەرێکی سەربازی، کە دوورو نزیک پەیوەندی بە ئەرکی رۆشنبیریەوە نییە، نموونەیەکی زۆرباشە لەرووی کردارییەوە ئێمە بتوانین لە هەموو رووەکانەوە قسە لەسەر رۆشنبیر بکەین. لە کاتێکدا دوای نیو سەدە لەم رووداوە، خۆپشاندان و نارەزاییەکانی ساڵی ١٩٦٨ی فەرەنسا، کە بە گەورەترین و کاریگەرترین خۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕینی گشتی دادەنرێت لە مێژووی نوێی فەرەنسادا، کە خوێندکارانی ئەم وڵاتە رۆڵی کاریگەرو گەورەیان تێدا بینی، کەچی ئەم رووداوە نابێتە جێی بایەخی بیرمەندێکی گەورەی وەک»پییر بۆردیۆ» کە لەم سەردەمەدا کاریگەری زۆری لەسەر بیرمەندانی دیکەی فەرەنسا هەبووە، لە سەرووی هەمووشیانەوە»مێشێل فۆکۆ».

ئەگەرچی ناوبراو لە خۆپشاندان و نارەزاییەکانی ساڵی ١٩٩٥ گۆرانکاری بەسەر بۆچوونەکانیدا دێت و بە پێچەوانەی ساڵی ١٩٦٨ دەبێتە سمبوولی ئەو خۆپیشاندانە گەورە کە دوای ساڵی ١٩٦٨ بەگەورەترین خۆپیشاندان دادەنرێت.

مەبەستم ئەوەیە، رۆشنبیر و بیرمەندێکی گەورەی فەرەنسا، لە ماوەی نزیکەی چارەکە سەدەیەکدا لە نێوان دوو بیرکردنەوە و ئاراستەی فکری دژ بەیەکدا خۆی نواندووە، لە هەردوو دۆخیشدا، هەر رۆشنبیرو بیرمەندێکی گەورە بووە.

ئەمە وادەکات، بیر لەوە بکەینەوە بۆچی لە کوردستان هەڵوێستێکی کاریگەری سەرتاسەری لەو شێوەیە دروست نابێت ؟

ئەگەر تەماشای ئەوێ رۆژێی، سەردەمی خۆپیشاندانە گەورەکانی پاریس بکەین لە ساڵی ١٩٦٨، رەوت و ژیانی رۆشنبیری لە دۆخێکی ئەوپەڕی بێدەنگیدا بووە، ئەمە لە کاتێکدا پاریس بە

مەڵبەندی کلتوری و رۆشنبیر دادەنرا.

بێدەنگترین توێژێک کە هیچ جۆرە هەڵوێستێکی ئەوتۆیان نەبوو، رەخنەیان لە دیسپۆتیزمەکانی دەسەڵات نەدەگرت، توێژی رۆشنبیران بوون. بۆ ئەو بێدەنگییەشیان بیانوویان هەبوو، کە هەندێ سەرچاوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە (رەنگە یەکێ لە بیانووەکان ئەوە بووبێت کە هەر جۆرە خۆ تێوەگلاندنێکیان لەو مەسەلانە ببێتە هۆی « بە ئایدۆلۆجیست و مارکسیزمبوون» تۆمەتبار بکرێن، هەڵوێستی هەریەک لە «غلۆسکمان و بێرنارد هنری لیڤی و فنکلکرۆت» لەم بارەیەوە دیارترینیان بوون. لە کاتێکدا بیرمەندی فەرەنسی «بێرنارد هنری» بە عەرابی راپەرینی وڵاتە عەرەبییەکان دادەنرا.

**رۆشنبیر و بیرمەندێکی گەورەی فەرەنسا، لە ماوەی نزیکەی چارەکە سەدەیەکدا لە نێوان دوو بیرکردنەوەو ئاراستەی فکری دژبەیەکدا خۆی نواندوە، لە هەردوو دۆخیشدا، هەر رۆشنبیرو بیرمەندێکی گەورە بووە**

ئەگەر ئاورێک لە دۆخی کوردستانیش بدەینەوە، بێدەنگی جۆرێک لە رۆشنبیرەکانی کوردستان تاوتوێ بکەین هەمان حاڵەت سەردەردێنێ، بە هۆی ئەوەی زۆربەی ئەو رووداوانەی لە کوردستان روودەدەن، دەخرێنە چوارچێوەی حزبی، واتە زۆر بە خێرایی، هەندێ جار راستەوخۆ، هەندێ جاریش ناڕاستەوخۆ، حزب خاوەندارییەتی و رابەرایەتیکردن لە ئەستۆ دەگرێت، کە ئەمەش وادەکات زۆر لە رۆشنبیرەکان خۆیان دوورەپەرێز بگرن لە هەر جۆرە هەڵوێست دەربڕینێک، ئەم دۆخە لە زۆربەی رووداوەکانی کوردستان هەستیان پێدەکرێت، هەر لە مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی «١٧ شوبات»ەوە بگرە تا دەگاتە تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسان.

لەم چوارچێوەیەدا، ئەگەر دیقەتی هەڵوێستی هەندێ لەو رۆشنبیرانەی سلیمانی بدەین، کە بەشدارییەکی زۆر راشکاوانەو دیاریان هەبوو لە (١٧ شوبات) ئێستا هەست دەکەین کە چەندە لە پاشیان داوە، لە ئێستادا چەندە بێدەنگ و خەمسارد دێنە بەرچاو، چونکە پێم وایە لە سەردەمی نوێدا هێندەی ئەو رۆشنبیرانە دەتوانن رۆڵ بگێڕن کە لە سلکی حزبی و ئایدۆلۆژییەوە دوورن، هێندە رۆشنبیرانی سەر بە ئاراستەیکی فکری و حزبی ناتوانن، ببنە جێی متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

لێرەوە دەبێت جارێکی تر بگەڕێنەوە سەر ئەو پرسیارەی، رۆشنبیر کێیە؟

ئەگەر بە قسەی «ویتگنشتاین» بکەین، لە جیاتی ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، دەبێت کار بۆ هەڵوەشانەوەی پرسیاری لەو چەشنە بکەین، چونکە بە بۆچوونی ئەو، ئەم جۆرە پرسیارانە زیاتر لە گەمەیەکی وەهمی، هەندێ جاریش زمانەوانی و زۆرجاریش نەزانانە دەچن، بەو مانایەی ئەو پرسیارە نابڕێتەوە، بەردەوام لەگەڵماندایە، بەڵام وەک «تێری ئیگڵتن» دەڵێ ( زۆر ئاشکرایە کە پرسیارێکی نەزانانە چ جۆرە وەڵامێکی بەدوادا دێت. دارشتنی پرسیاری دروست بۆی هەیە سنووری وڵاتێکی نوێی مەعریفە بەڕووی ئێمەدا بکاتەوە، لێشاوێک پرسیاری دیکە بە دوای خۆیدا بهێنێت).

بۆیە با واز لەو پرسیارە بێنین و بە دوای ئەو شتەدا بگەڕێین کە کەسانێک بە ئاسانی بۆیان نادۆزرێتەوە.

شکسپیر دەڵێت» نابینی هەموو ئەوەی کە چاوت دەیبینێ، گوێشت لێنابێت، هەموو ئەوەی کە گوێت دەیبیستێت».

ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو کات و شوێنەی کە دەتوانین لێیەوە رۆشنبیر بناسینەوە، ئەو رۆشنبیرانەی لە باوەشی دەسەڵاتدا پاڵ کەوتوون، ناتوانن مێژوویەک دروست بکەن، ببێتە سایە بەسەریانەوە، ئەوانەش کە ملیان لەبەر ملی دەسەڵات ناوە و بە هەموو هێزیانەوە دەیانەوێ بەرگری لەو راستیانە بکەن کە باوەڕیان پێی هەیە، ئامادەش نین تۆزقاڵێک لەو بیروباوەرەیان پاشەکشە بکەن، ئەگەرچی ئەنجامەکەی نەهامەتی و زیندان و دەربەدەریش بێت.. لەبەرامبەر ئەو رۆشنبیرانەی کە دەسەڵات دەوریان دەدات و لە چوارچێوەی بەرنامەی ئیحتیوا کردنیانەوە، گۆشەگیریان دەکات.

ئایدیۆلۆژیا و دژەکانی

# سەردەمێکی نوێ بۆ پێناسەکردنی چەمکەکان



سمکۆ محەمەد

کۆتایی سەدەی رابردبوو سەدەی گەشەو هەڵدانی تەکنۆلۆژیا بوو، زنجیرە مانایەکی دیکەی ئەدەبی وەکو تەشکیلاتێکی ئایدیۆلۆژی لەنێو فەزای ئەدەبی رۆژئاوا جێکەوتە کرد، هەروەها گروپێک لەگوتاری رێژەگەرایی پێکەوەگرێدراو نوێنەرایەتی ئەو چەمکەیان دەکرد. هەر لەوکاتەوە ئایدیۆلۆژیا جارێکی ترو بەرەنگ و بۆیەکی ترەوە سەرتاپای فەزای بیرکردنەوەکانی سەرخانی هەموو کۆمەڵگەی کراوە و داخراوی داگیرکرد، هەموو دژەکانیش بەئاکادیمی و دەرەوەی ئاکادیمیاوە، لەسەر ئەو گوتارە ئایدیۆلۆژیانە کۆک بوون کە قەیرانە مێژووییەکانیان مەترسیدارتر کردبوو، بەڵام تاکو بۆشاییەک مابوو کە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەکان بوو، ئەویش بەبنبەست گەیشتنی ململانێی فکری و پڕکردنەوەی بۆشاییەکان بوو، هەرچی کێشەی گوتاری ئەدەبی و ئەوانەش کە سیاسی بوون و دژ بەئەدەب بوون، لەفەزایەکی ئاڵۆزتر بەفەرهەنگ کرد کە دواجار بوو بەئەخلاقی گروپەکانی کۆمەڵگە، چونکە سیاسەت کاریگەری راستەوخۆی هەبوو بەسەر بیرکردنەوەی تاک و کۆمەڵیش.

لێرەوە پەیوەست بوون بەئەخلاقەوە بوو بەئۆلگۆیەکی تر کە لەجیاتی ئایدیۆلۆژیا کاری خۆی دەکرد، ئەوانیش بوون بەدوو بەشەوە، بەشێک پشتگیری ئایدیۆلۆژیای دۆگمایان دەکرد، بەشەکەی دیکە بوون بەپارێزەری ئازادی و دادگایی کردنی هێزی ئایدیۆلۆژی کە دواجار دژی روحی سەرمایەداری کلاسیکی وەستانەوە، تائێرە قسە لەسەر مێژووی ئەم چەمکەیە کە رەخنە لە کۆی سێکتەرەکان دەگیرێت بەئەزمونی رەتکردنەوەی هەموو رەهاییگەراییەکی ئایینی و سیاسی و فەرهەنگی کە دیسان ئایدیۆلۆژیا وەکو ماسک جێگەی گرتۆتەوە.

ئایدیۆلۆژیا لەهەر دەقێکدا لەرێگەی تیۆرەوە دەردەکەوێت، چونکە لەسیستمی فیدراڵیدا هەر کارێک بەپێی رەهەندی خۆی و بەرامبەر ئایدیۆلۆژیایەکی تر دەپارێزرێ کە حوکمی بەسەردا دەکات، بەڵام ئایدیۆلۆژیا پەیوەندییەکی خەیاڵییە لەنێو فەرهەنگ و سیاسەت وەکو کۆنتاکتی بابەتی، ئەویش دواجار ئەفرادەکانی پێکەوە لەبابەت و مەیدانێکی دیاریکراودا گرێدەدا و وەکو واقیع دەیناسێنێ، بەڵام لەدەرەوەی دەقەکەدا هەموو ئەوانەی تائێستا بەناوی ئایدیۆلۆژیاوە بانگەشەیان دەکرد، مانایەکی دیکەی وەهمی وەرگرت، چونکە وەڵامی راستەقینە و لۆژیکی و بڕواپێکەر نەبوون.

هەموو خوازە ئۆرگانییەکان کە دەوڵەت پشتی پێدەبەستێت، بریتیین لەتێگەیشتن بۆ دەسەڵاتدارێتییەکی قوڵ، هەر بۆیە ستراتیژی قوڵ بۆ مانەوە هەڵدەبژێرن، خاڵی هاوبەشی ئەو ئۆرگانانەش بەناڕاستەوخۆ پێناسەیەکی نوێی ئایدیۆلۆژی وەردەگرن، مەترسییەکانی بەردەم نەتەوەپەرستی و رەگەزپەرستی و تەواوی ناکۆکییەکان کە جەمسەرگیری لەیەکتر دەگرن، بەناڕاستەوخۆ دەچنە خزمەت دەوڵەت و دەزگا ئایدیۆلۆژییەکانی، چونکە ئەنجامدانی ئەو کردەوانە لەسەر بنەمای تیۆری زانستی ساختە بۆ چەمکەکان پراکتیک دەکرێت، هەروەها لۆجیکێک وەردەگرێت کە لەنێو رژێمێکی بەرژەوەندخوازدا گوشارەکان رادەستی دەسەڵات دەکرێتەوە، بەوپێیەی سەرجەم ئەو چەمکانەی بەناوی ئایدیۆلۆژیاوە بزووتنەوەی سیاسی لەسەر بینا دەکرێت، توندوتیژی بەرهەمدێنێت، بۆ ئەمەش دەبێ دەوڵەت چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، بۆ نموونە زیندوو کردنەوەی ژیانی ئایدیۆلۆژی لەسەر بنەما کلاسیکی و نەریتخوازییەکەی کۆن، رەهەندی فکری پێنابەخشێت، چونکە ناکۆکەکان هەموو یەکتر رەتناکەنەوە، بەڵکو یەکتر زیندوو دەکەنەوە، ئەمە وەڵامە عەقڵانییەکەی بەردەم ئایدیۆلۆژیای مۆدێرنەیە کە سیستمی سیاسی لەبری ئەوەی نەفی

بکاتەوە، زەمینەی بۆ سازدەکات تاکو دژەکەی هەست بەو جوامێرییە بکات کە هەمیشە خۆی سازداوە وەڵامی بەرامبەرەکەی بداتەوە، ئەم شانۆ هەمیشەییە کۆمەڵایەتییە، لەکارایی خۆیەوە هاوکاری زنجیرە دراماکانی ژیانی رۆژانە دەکات.

کەواتە ئایدیۆلۆژیا لەو پێناسە کلاسیکییە رزگاری بو کە پێشتر حزب، یان ئایین یان گروپێکی دیاریکراو بەفکرێک و ئایدیایەک نوێنەرایەتیان دەکرد و خەڵک پەیوەست دەبوون پێوەی، بەڵکو بوو بەماسکێک و لەشێوەی هۆشیارییەکی موزەیەف و تێکەڵ و پێکەڵ و تەمومژاوی خۆی نمایش کرد، ئیدی وەکو کۆمەڵێک بەها و بیرۆکە کاریگەری خۆی کرد کە گروپێک بڕوایان پێیەتی، هەڵبەت بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی پێشوو، ئەمجارەیان کاریگەری لەسەر فکر و کایە و ماناکانی دیکەی ژیان کرد، بۆیە بووە لۆژیکێکی نەشیاو، یان مەعریفەیەکی وەهمی کە بیانووەکە ئەوەیە کۆمەڵگە بەپێی ئەو لۆژیکە بەرژەوەندیی خۆیان بدۆزنەوە، بۆ نموونە (عبدلله العروی) لە کتێبی (مفهوم الایدیولوجیە) ئەم چەمکە دابەشدەکاتە سەر سێ جۆر.

1: ئایدیۆلۆژیای تێڕوانینی یونیڤێرساڵ: لێرە ئەم سیفەتەی ئایدیۆلۆژیا لەفەلسەفە نزیکتر دەبێتەوە، بەوپێیەی لە حوکمی شمولی و یونیڤێرساڵیدا، چارەسەری کێشەکانی تاک و کۆمەڵگەش دەکات، بەهەمان شرۆڤەش یەکلایی کراوەتەوە و لەمێشکی هەمووواندا رەنگیداوەتەوە.

2: ئایدیۆلۆژیای تاکگەرایی: ئەم ستایلە بەپێی تێگەیشتن و قەناعەتی تاکەکانە بۆ ئاسۆیەکی فکری، لێرەدا تاک هەموو ئەو رەگەزانە لەفکر و لەوێنەیەکی دروستکراو و رەنگاوڕەنگدا دەدۆزێتەوە، لەوێشەوە غەریزە بچووک و گەورەکانی خۆی لەجەستە و مێشکیدا تەوزیف دەکات، بەڵام ناتوانێ بازبدات بەسەر سنوورەکانی خۆیدا، ئەمەش تێڕوانینێکی زەینییە کە خۆی تێدا دەبینێتەوە، نەک هەموو دنیابینی نوێ ببینێ، هەروەک ئەو بەناو تاکانەی لەهیچ سیستمێکدا نەژیاون و هیچ خوێندنەوەیەکیان نییە بۆ ژیانی تاکێتی، کەچی بانگەشەی تاکگەرایی دەکەن.

3: ئایدیۆلۆژیای دیاردەناسی: ئەم رەهەندەیان شیکارییە بۆ دیاردە دیار و نادیارەکانی رۆژانەی کۆمەڵگە، ئەم رەهەندە فکرییە خۆی بۆ مەعریفە و زانست و کێشە بابەتی و خودییەکان زیاتر دەردەخات، ئەمەیان بەبارتەقای ئایدیۆلۆژیای یونیڤێرساڵی زیاتر کاریگەری هەیە، چونکە جەوهەری فکرەکە وا خۆی دەگونجێنێ، لەبارەی ئینسانەوە بەگشتی قسە دەکات، عەبدوڵڵا ئەلعرەوی پێی وایە جیاوازییەک لەنێوان ریالییەتی و فکر هەیە، ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ئایدیۆلۆژیا وا لێدەکات پێچەوانە ببێتەوە لەبەرامبەر فکری راستەوخۆ، هەڵبەت ئەمەش ئارگۆمێنتی خۆی هەیە.



کەواتە ئایدیۆلۆژیست خوازەکان پێیانوایە لۆژیکی ئەوان پێچەوانەی ئەو هەقیقەتەیە کە کۆمەڵگە بەگشتی بڕوایان پێیەتی، هەروەک چۆن بیرۆکەیەک هەیە فەلسەفە پشتی دەگرێت ئەویش ئەوەیە کە دەڵێ (هەرچی تاک بڕوای پێی هەبوو کۆمەڵگە دژی بوو، کەواتە راستە و لۆژیکییە و لەسەر هەقە) بۆیە لۆژیکستەکانیش ئەم بابەتە واشیدەکەنەوە گوایە وەهمی ئەوانی ترە کە ستایلی جۆرە خۆشەویستییەکە، مانای کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەی هەیە، ئەمەش زەمینەیەکی فەلسەفی هەیە کە هەردوو فەلسەفەی ماتریالی و عەقڵانییەت حوکمی بەسەردا دەکەن، بەڵام لەرابردوودا پەیمانی شۆڕشی فەرەنسی و ئاشکراکردنی پارادۆکسەکانی فکر، نەیانتوانی باڵانس بۆ هەموو شتەکان رابگرن، بۆیە لێرەوە لۆژیکیستەکان ئەمەیان وەکو واقیع تەماشا نەکردووە و بەفکرێکی ئایدیۆلۆژیی دۆگما و نازانستی ناوزەدیان کردووە.

کەوابوو لێرەوە ئەو جەنگە ئایدیۆلۆژیەی لەگەڵ ئاراستەکانی تر کە خاوەن فرسەتێک

نین بۆ تەعبیرکردن لە خۆیان، ئەو باسە زیندوو دەکەنەوە کە هەموو رۆشنبیر و نووسەرێک جورئەتی ئەوەی نییە موناقەشەی بکات، رۆشنبیری کردووە بەکارێکتەرێکی چالاک بەکارهێناوە کە لەرێگەی ئەدەبیات و نووسینی رۆمان و تێکستەوە تەعبیر لەخۆی بکات، بەڵام گروپی سیاسی و چین و توێژەکانی تر ململانێیەکی دیکە دەکەن، بۆیە ئایدیۆلۆژیا هەمیشە خۆی بەرهەمدێنێتەوە و خۆی زیندوو دەکاتەوە.

وەختێک ئایدیۆلۆژیا لەچەمکەوە بوو بەکەرەستەی دامودەزگای دەوڵەت و هەروەها کۆمپانیاکانیش، ئاڵتۆسێر زووتر لەهەموو بیرمەندەکان هەستی پێکرد، ئەو باسی لەو جیاوازییە ریشەییانە کرد کە لەنێوان مارکس و هێگڵ بوو، هەر وەک چۆن دەوڵەت خراپ کەڵکی لێوەرگرت و هەموو دامودەزگاکانی خستە ژێر هەژموونی ئایدیۆلۆژیاوە. هەڵبەت ئەمە دوابەدوای ئەو جەنگە دیالێکتییەکەی مارکس و هیگڵ بوو لەرابردوودا، ئەوکاتیش بەشێکی زۆر لەبیرمەندان هەستیان بەمەترسییەک کرد کە لەئەنجامی ئەو گەشەیە سەرەتای بێبەهاکردنی ئەو شتانەیە کە ئینسان شانازی پێوەدەکات و لەسەروو هەمووشیانەوە هۆشیاری و ئازادی نووسین بوو، ئەوەبوو لەدرێژەی ئەو رەوتە چەپە فرۆییدیەی کەلێنە روحییەکانی مارکسیان پڕکردەوە، ئەم بێبەهاکردنە بووە میتۆدێکی سنوورداری فکری، ویلهێم رایش خاوەنی کتێبی (گوێگرە پیاوی گرگن). یەکێک لەو بیرمەندانەیە کە هەردوو فەلسەفەی سایکۆلۆژی و ماتریالیزمی دیالیکتیکی لەکتێبی شۆڕشی سێکسیدا تێکەڵ کرد کە مارکس و فرۆییدی پێکەوە گرێدا.

هەڵبەت جیاوازییەکەش لەنێوان هەردوو فەلسەفەکە ناڕۆشن بوو، چونکە چەمکی نامۆبوون چەند رەهەندێکی هەیە و هەردوو رەهەندەکەش لەبەردەم یەک ئامانجە. (مارکس پێیوایە شیکردنەوەی ناوەرۆکی ئایدیۆلۆژیاکان بەسەر راڤەی کردەی مرۆییدا پەیرەوناکرێ، پێویستە دان بەوەدا بنرێت کە زیاتر لەکاریگەری و نیشانەکانی ئەو تێگەیشتنە، بەوشێوەیە مارکس لەئایدیۆلۆژیای ئاڵمانی دەنووسێ وادیارە خەڵکی و بارودۆخی خەڵکی لە هەموو ئایدیۆلۆژیاکاندا کە لەسەری وەستاون، وەکو ئەوەی لە فۆتۆیەکی تەمومژاویدا هەیە). هەروەها ئایدیۆلۆژیا ریشەی خۆی لە بارودۆخی ژیانی ماتریالیدا داکوتاوە، بەڵام ئەوە پێویستی بە بوونی پەیوەندییەکی گشتی، یان تاکلایەنی نێوان بناغەی راستەقینەی کۆمەڵگە هەیە، چونکە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بونیادی یاسایی و سیاسی نییە.

ئەم نامۆبوونە حاڵەتێکی سایکۆلۆژی دروست دەکات و وەکو نەخۆشییەک لەلای هەڵگرانی ئەم ئایدیاڵە دەردەکەوێت و دەبێت رەفتار، چونکە کاتێک ئایدیۆلۆژیست دەبێتە رەفتار، کەواتە لەلاشعوری کەسەکە یان هەڵگری ئایدیاکە جیاوازی نابێت لەگەڵ نەخۆشی سایکۆلۆژی.

(پەرچەکردار لەراستیدا کردەیەکی زمانەوانییە لەنەخۆشدا، وەکو هەر نەخۆشییەکی دیکە کە پەیوەندیی بەنەستەوە هەیە، لەهەر شوێنێک کە جیاوازی هەبێت لەرووی سرووشتییەوە، جیاوازییەکی بچووکە، بەمانایەکی تر ئایدیۆلۆژیا جیاوازی نییە لەگەڵ ئەو حاڵەتە نەستییەی کە فرۆید بە شعووری ئاساییەوە گرێیدا، لەوانەیە بتوانین ناوی بنێین شعوری نافەرمی؟). رەگوریشەی سۆبجێکتیزمی ئایدیۆلۆژیای لاشعوری لەکاتی پەرچەکرداردا، ئەگەر کەسەکە خاوەنی کارێکتەرێکی گەرمیش بێت، ناتوانین بگەین بەو راستییەی کە لەمیتۆدی سۆسیۆلۆژیای بابەتییەوە هاتووە کە مارکسیزم پشتی پێ بەستووە بۆ شرۆڤەکردنی ئایدیۆلۆژیا، سابا بابەتەکە یاسایی یان ئەخلاقی یان فەلسەفی یان زانستی و هونەری و ئایینی بێت. چونکە هەڵگرانی ئەم ئایدیا نیگەتیڤەی کە ناڕاستەوخۆ گرێدراوی سایکۆلۆژیایە، نابنە خاوەنی زمانێکی پۆزەتیڤی بۆ شیکارکردن و بەرخودکردنی بەرامبەر، بۆیە ئاستی تێکست یان لێدوانەکانیان ئاستێکی لاواز دەبینرێت لەرووی مەعریفییەوە، چونکە کارێکتەری ئایدیۆلۆژخواز خاوەنی خەونێکی نەبڕاوەی ئەفسانەییە و ململانێکەشی لەو حاڵەتە ناترازێت، بۆیە حاڵەتەکە لەتێڕوانینی بەرامبەرەکەی بووەتە نوکتە.

هەموو ئەو ئایدیۆلۆژیست خوازەکان کە ململانێکان لە تێڕوانینی سێکسییەوە دەبینن و دەیبەستنەوە بەململانێ کۆمەڵایەتییەکان



ناویان لێناوە گرێی ئۆدیب، لەو خێزانە سەرمایەدارانە دەچن کە لەنوێ کەوتوونەتە نێو فەزاکەوە و لە چەمک و سیستمی سەرمایەداری تێنەگەیشتوون، بۆیە لەجیاتی چارەسەرێک بۆ ئەم نەخۆشییە هەمیشەیی و سایکۆلۆژییە سیاسییە، نامۆبوونە و لەهەموو کایەیەکدا هەرەمێک دەبینێت کە باوکێک لەسەرەوە بەدارێکەوە وەستاوە، بۆیە وەکو ماڵێکی ناسرووشتی تەماشای دەکات کە ئەمە نەخۆشییە سایکۆلۆژییەکەیە، کەوابوو ئەو منەی لەلای ئایدیۆلۆژخواز کردوویەتی بەگوتاری هەمیشەیی خۆی و بەردەوام لەکەمیندایە بۆ پەرچەکردار، لەو منەدا کۆ بۆتەوە کە بەمانیفێست کردنی خۆی، ئایدیۆلۆژیاکەی بزر دەکات، بەڵام لەراستیدا حاڵەتەکە سایکۆلۆژییە و هیچی تر.

ئەوەی تێبینی مارکسە لەو پەیوەندییەدا دەکەوێتە نێوان بونیادی چینایەتی و خودی ئایدیۆلۆژیا، بەوپێیەش بێت پەیوەندیی نێوان ئایدیۆلۆژیا و ژێرخانی ماتریالی دەگشتێنێ، چونکە بنەمای ئەو بۆچوونە کەناڵێکی نێوان ئەو دوانەیە کە بەشێکی دەرکەوتنی ئایدیاکانە و دوا بەدوای ئەو پەیوەندییەش، ئایدیۆلۆژیایەکی دیکە لەدوای خۆی بەرهەمدێنێتەوە، زۆرجار ئایدیالیزمیش کە بەرامبەر ماتریالیزم دادەنرێت، هۆکارەکەی دژبوونی چەمکەکەیە، چونکە ئایدیا وەکو بیرۆکە و بەرهەمی عەقڵ تەماشا کراوە، واتە شتێک لەزەینیدا چەکەرەی کردووە، بەڵام لەرووی واقیعەوە زۆرجار بەبێ هیچ عەقڵ و زەینییەتێک بەرجەستە دەبێ، ئەوەی دیکە وەکو ڕێژەی کامڵ بوونی پێش پراکتیک کردنی بیرۆکەکەیە، ئەم چەمکە راستەوخۆ پەیوەندیی بە روحەوە هەیە، بۆ ئەو بابەتانە بەکاردێت کە نابینرێن، وەکو چۆن دیکارت لەبارەی لاهوتەوە بەکاریهێنا.

ئەگەر ئایدیۆلۆژیا لەتاکەوە بگوازینەوە بۆ گشت، دەبێ موناقەشەی ئەوە بکەین کە بۆچی و چۆن دەوڵەت جومگەکانی بە ئایدیۆلۆژیا بارگاوی کردووە؟، بۆچی لەدەوڵەتی خەڵکەوە کە گوایە لەئەنجامی هەڵبژاردنەوە بووە، بووەتە دەوڵەتی ستەمکار و سەرکەوتکەر؟، بۆچی هەموو سیاسەتی کارگێڕی و سیاسەتی ناوەوە و دەرەوە بووە بە ئایدیۆلۆژیای گشت؟. ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە ناچارمان دەکەن شرۆڤەی پراکتیک کردنی چەمکی ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتی بکەین، ئایا بۆچی کۆمەڵایەتی بووە و لەمێشکی هەمووواندا رەنگیداوەتەوە؟.

## نووسەری ئایدیۆلۆژخواز

بەوپێیەی هەموو دەزگاکانی دەوڵەت کە بەئەفرادەکانی خۆی بەڕێوەی دەبات، بەگشتی سەرکوتکەرن و توندوتیژن، چونکە بەچڕی کار لەسەر بیرکردنەوەی خەڵک دەکەن لەهەموو کایەکاندا، بۆ نموونە تەنانەت بۆ چارەسەری ریشەیی هەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتیش، بەپێی ئایدیۆلۆژیای پراکتیک کراو کار دەکەن، هەر

بەپێی ئەو بەرنامە دارێـژراوە کار دەکەن کە جومگەکانی حکومەت، وەکو بیرۆکە و دەسـتووری کار وەریانگرتووە، هـەر بەو سیستمە چاودێرییە سیاسییە کاردەکەن کە بنەما فکرییەکەی دەسەڵات قەبوڵی کردووە. وەختێک هـەموو شتێک لـەژێر کۆنترۆڵی چـاودێـری وردی سیاسی و ئەمنی بـوو، ئیدی ئایدیۆلۆژیا لەچەمکەوە دەگوازرێتەوە بۆ دەسـتووری کارکردنی دەوڵـــەت. بـەتـایـبـەتـی ئـەو کاتەی کە چینی دەوڵەمەند و بازرگان و پیاوانی ئایینی و ئـەوانـی تـر کـە نزیکن لەدەسەڵات و بەرژەوەندی یـەکسـانـیـان هـەیـە، ئیدی هەموو شتێک بەو چەمکەوە بارگاوی دەبێت، مانایەکی دیـکـەی وەرگـرتـووە کە بـریـتییە لـەبـەرژەوەنـدی پـاراسـتـنـی چـیـنـێک کە بۆرژوازیە و هەر بۆئەوانیش ژیان فەراهەم کرا، (بەپێی چەمکە هیگڵیەکە سەبارەت بـەدەوڵـەت، ئایدیۆلۆژیا پەیوەندی بەسەردەمانێکەوە هـەیـە کـە گـەشـەکـردن و پـەرەسـەنـدنـی بـۆرژوازی بەشێوەیەکی نادیاریکراو دەردەکـەوت و لەئەنجامدا، لافلێدانی چییەتی ئاکاری و جیهانگرەوە بۆ دەوڵـەتـی بـۆرژوازی لـەژێر ئـەم بەیداخەدا فەراهەمدەبێت، لەکۆتاییشدا رۆژێک هەموو جیهان دەبێتە بۆرژوازی، بەڵام لەراستیدا تەنها چینێک دەتوانێت دەوڵەتێکی ئاکاری بخوڵقێنێت کە لەناوبردنی خۆی و دەوڵەتی وەک ئامانج بۆ خۆی لەبەرچاوگرتبێت، بەکورتی تەنها چینێکی وەها دەتوانێت دەوڵـەتێکی وەها بخوڵقێنێت، بەمەش کۆتایی بەدووبەرەکی نێو هەژاران بهێنێت و ئۆرگانیزمێکی کۆمەڵایەتی وا پێکبهێنێت کە لەیەکێتی تەکنیکی ئاکاری بەهرەمەند بێت).

**بەشێک لە نووسەر و بـیـرمـەنـدی کۆنسەرڤاتیڤ خۆیان وانیشان دەدەن کە دژی ئایدیۆلۆژیان، لەکاتێکدا پێچەوانەکەی راستە و خۆیان بانگەشەکەری ئایدیۆلۆژیان،**

بـەرهـەحـاڵ ئـێـمـە تائێستا لـەبـابـەت بـەر لەسەرهەڵدانی دابڕانی فەلسەفە لە ئەڵمانیا موناقەشەی چەمکی ئایدیۆلۆژیامان کردووە، بەڵام لەدوای سەرهەڵدانی رەوتە فکرییەکە لە ئەڵمانیا کە رەخنەیان لە ئایدیۆلۆژیا دەگرت، بەڵام بە تێگەیشتنێکی سایکۆلۆژییەوە، لەگەڵ دەرکەوتنی هەریەک لە بیرمەندانی وەکو (ئەریک فرۆم و هابرماس) مانای چەمکەکە رەهەندێکی دیکەی وەرگرت، چونکە لەدوای سەرهەڵدانی کێشەی چەمکی ئایدیۆلۆژیا کە پێشتر ئاڵتۆسێر لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا کۆی کردبۆوە، ئەو دوو بیرمەندە درکیان بەو مەترسییە گەورەیە کردبوو کە بەناوی شـۆڕشـی تـەکـنـۆلـۆژی و جیهانگەراییەوە تۆمەتباری کردبوو، گوایە هێرشی هێناوە و هەرچی بەهای فکری هەیە رایدەماڵێ، چونکە تەکنۆلۆژیا پانتاییەکی فراوانی فەراهەم کرد بۆ بەشداربووەکانی خۆی، ئیدی ئایدیۆلۆژیا ئەو مانایەی پێشتری نەما کە بریتی بوو لە فکرێکی دیاریکراو یان ئایینێک، بەپێچەوانەوە بـەهـۆی هـەڵـدان و گـەشـەی تەکنۆلۆژیاوە پیوەندییەکانیش گـۆڕانـیـان بـەسـەرهـات و هەرکەس بیهەوێ دەتوانێ ببێتە خاوەن ئیمێڵ و دەستکەوتنی داتا لەرێگەی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتەکەی لەماڵەکەی خۆیەوە کە کۆمپانیا درۆزنەکان بەخۆڕایی پێیان دەبەخشن، ئەمە بەبێ هیچ ماندووبونێک ئەوەی پێویستی بێت لەدەرەوەی خوێندنەوە و کۆڕ و سیمینار و کۆنفرانس و هتد چنگی بکەوێ، ئەم دیاردەیە کە سەرەتاکەی دیاربوو بەنیازە هیچ بەهایەک بۆ فکر نەهێڵێتەوە، ئەو مەترسییەی خوڵقاند کە کێشەیەک بـەنـاوی ئـازادی نووسین و بیرکردنەوە و نەهێشتنی موڵکیەتەوە نەمێنێت و مۆدێلی تەمبەڵی بـیـرکـردنـەوە دروسـت ببێت، بۆیە کێشەی هـەرە گـەورەی ئەوەی بەناوی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا هات، ئەوەبوو دەستی هەموو کەسێکی واڵاکرد تاکو ببێت بەنووسەر و هونەرمەند لەهەموو بوارەکاندا.

هەڵبەت نووسەر و هونەرمەندی چاوچنۆک وەکو نیچە لەکتێبی (ئاوابوونی بتەکان) باسی دەکـات، تـەواوی کایەکانیان کۆنترۆڵ کرد، بەمەش ئایدیۆلۆژیا لەچەمکێکی ئایدیاڵی و سیاسییەوە، بوو بەچەمکێکی کۆمەڵایەتی و هـونـەری، ئیتر هەرکەس لەماڵی خۆی هەم بوو بەسەرنووسەر و هەم خاوەن ستۆدیۆ و هەم بوو بەکامیرامان و مونتێر و بەڕێوەبەری میدیا و هتد، هاندەریان بۆ خۆیان پەیدا دەکرد

وەكو هاندەری تیپی فوتبۆڵ، بەوپێیەی مەترسی سانسۆرێك نەما كە لەدەرەوەی سانسۆری ئازادی و بیركردنەوە هەبوو لەسەدەكانی پێشوو كە لەئەنجامی سانسۆردا بوو فكری نوێ، یان رەخنە و موناقەشەی نوێ بەرهەمدەهات، هەڵبەت سەرهەڵدانی ئەو خاوەندارێتییە موزەیەفەی كە دژی مولكیەتی فكرە، كارێكی كرد هەرچی ناوی مولكیەتە نەمێنێ و مولكیەتێكی دیكە بێتەئاراوە كە بەناوی ماسمیدیاوە لەفەیسبوكدا نەخوێنەوار و بیرمەند وەكو یەك بەشداری تەكنۆلۆژیا بن، بگرە بازاڕی نەخوێنەواری رەواجی باشتری وەرگرت، هەڵبەت ئەم فەزایە لەشوێنێكی دیكەدا كێشەی بۆ سیاسەتیش دروستكرد، ئەویش ئەوەبوو كە لەبەرامبەر بێ بەهاكردنی نووسین، جۆرێك لەناڕەزایەتی گشتی بەبێ هاتنە سەر شەقام و ترس لە پۆلیس خوڵقاند، ناڕەزایەتی گشتی دروستبێت.

سەرەتای سەرهەڵدانەكانی میسر و تونس و لیبیا و سوریا لەناوچەكە، باشترین سەلمێنەری ئەو راستییەن كە سیاسەت لەرێگەی تەكنۆلۆژیاوە خەڵكی لەدژی دەسەڵاتەكان هەڵخران و كردنی بەكۆمبارسی فیلمێك و هەر خۆشی پاڵەوانی كارتۆنی و كۆمیدی و تراژیدی بۆداناو و دۆخەكەی گۆڕی، ئەمە راستییەكەیە كە ئازادی كرد بە ویستێكی نیگەتیڤ و هەموو كەس خاوەنی هەموو شتێكە و لەرووی غەریزییەوە بۆ ئازادی چێژی لێوەرناگرێت، چونكە ئەم سیستمە هەموو شتێكی بۆ تاك فەراهەم كردووە، جگە لەخودی ئازادی نەبێ بوونی نییە، تاكو كەڵك لەو ئازادییەی سەدەی رابردوو وەرنەگرن و نەگەڕێنەوە بەرەو دواوە و مانای شۆڕش هەڵبگرن، هەروەها ببنە هەڵگری ئەو شوناسەی خودەكان پێداگری لەسەر عەقڵی بیركردنەوە دەكەن، رۆژانە خۆیان بەرهەمدێننەوە، ئەمەش ستایلێكە لە دیسكۆرسی عەقڵانییەتەوە سەرچاوەی گرتووە، عەقڵانیەتێك كە دژی خۆیەتی.

بەشێك لە نووسەر و بیرمەندی كۆنسەرڤاتیڤ خۆیان وانیشان دەدەن كە دژی ئایدیۆلۆژیان، لەكاتێكدا پێچەوانەكەی راستە و خۆیان بانگەشەكەری ئایدیۆلۆژیان، بەڵام لەرێگەی هونەری شاراوەوە، ئەوان لەوە تێنەگەیشتوون كە بواری تێگەیشتن لەزمان، بەتایبەتیش زمانی دایك یان لۆكاڵی، ئەوا پێویستە دوور بێت لەهەر ئایدیۆلۆژیایەكی دەسەڵاتگەرێتی سیاسی، بۆیە هەقیقەتی باڵادەستی لەتێكستدا بوو بەهەقیقەتێكی دیكە كە خۆی دەسەڵاتە، چونكە دەسەڵات بۆ خۆی دوودڵە لەمانەوەی بەو زمانەوە كە گوتارەكەی جێگەی سەلماندنی مانەوەیەتی، بەوپێیەی هیچ دەسەڵاتێك لەدەرەوەی مانەوەی زمانە لۆكاڵییەكەی، زەمانەتی مانەوەی مسۆگەر نییە كە ئەمە نووسەرە ئایدیۆلۆژخوازەكان پاراستوویانە.

رزگاربوونی كۆمەڵایەتی و سیاسی لەدەرەنجامی دووركەوتنەوەی ئایدیا فكرییەكانەوە، ئینسان ئازاد دەكات، بەڵام دەركەوتووە بە گەشەی تەكنۆلۆژیاش بارودۆخی كۆمەڵایەتی لەئەنجامی دابەشبوونی كاردا هەروەك ئەوەی پێشووتر هەبوو، جارێكی دیكە لەئایدیایەكی پراكتیكیدا زیندانی دەكرێتەوە، ئێستا هەمان ئەو دۆخەی كە چینێك بەسەر چینێكی تردا زاڵە، لە دۆخی ژیانی سەدەی 18 و 19 دەچێت رەنگە لەهەندێك باردا خراپتریش بێت، چونكە رەخساندنی زەمینە و توانای فكری و جەستەیی بۆ دەركەوتنی چینی ناوەڕاست نەما، ئەوانەی كە بەتەنگ فكرەوە بوون، كەوتنە نێوان بەرداشی تەكنۆلۆژیا و باوەڕی ئایینی كە بوو بەئایدیۆلۆژیایەكی نوێ، تا ئەو رادەیەی كە بەشێكی زۆر لەوانەی بێئومێد ببوون لە دنیای سەرمایەداری، بوون بەكەسی ئیدیالیستی و تیرۆریست و لەرێگەی تەكنۆلۆژیاوە ئایدیۆلۆژیایان دەپاراست.

رەهەندێكی دیكەی زیندووبوونی ئایدیۆلۆژیا، ئەوەبوو سەرمایەداری بەلانیكەمەوە كرێكاری یەخە سپی كرد بەسەرداری یەخە رەشەكان كە چەرمی دەست و بازوویان لەبەر عارەقەی كاری تاقەت پروكێن و سەرما و گەرما تێكچووبوو، لەكاتێكدا ئەو یەخە رەشانە هێشتاش فریای ویستەكانی ژیان ناكەون. ئەمە جگەلەوەی ئایین نموونە باڵاكەی فەلسەفەی ژیانە لەو وڵاتانەی دەسەنەخواری واقیعی ماتریالین، بگرە لەهەندێك شوێن بەدەستهێنانی كار لەرێگەی ئایدیۆلۆژیاوەیە و خاوەن كار خوداوەندێكی سەربەخۆیە و دەبێ كۆیلەكان ئەوانەی دەسەنە خواری خاوەن كارن، دەبێ

بپەرستریت، هەروەک ئەوەی بەنگلادیشی و نیپاڵی و هیندی و سۆماڵی و نێجیری و هتد بەناچار لەژێر هەژموونی ئایدیای سەرمایەدارەکان گەڕانەوە بۆ ئایدیۆلۆژیای خاوەن کار و سەرمایەداریی کۆنەپەرست کە زۆربەیان لە وڵاتانی رۆژهەڵاتن.

جەنگێک کە یەکێک لە کایەکانی سەدەی بیست بوو، دیاردەی تۆتالیتاری بوو، ئەوەی کە (کلۆکسمان) کاری لەسەر نەکردووە وەکو لادانێک کە بەناو پێشنیاری کلاسیکی تۆتالیتاری بوو بۆ دوای تۆتالیتاریزم، ئەوەی کە لەپێشنیارەکانی (جۆرج ئۆروێل و هانا ئارێندت) و هاوچەرخەکانیان دەرکەوتووە، ئەوان بیریان لە قۆناغی سیاسی کورتکراوە دەکردەوە، بەو پێیەی کە تۆتالیتاریزم مەحکوم بوو بەوەی پارادۆکسەکانی خۆی نەهێڵێت، بەڵام ئەمڕۆ دروست بەپێچەوانەوە روحی تۆتالیتاریزم نەک هەر نەما، بەڵکو خودی خۆی پاراست.

مەبەست لە تۆتالیزمی رۆشنبیری کە ناوی هەریەک لە جۆرج ئۆرویل و هانا ئارێندت دێت وەکو دوو کەسی خوێنەر و بیرمەند بۆ تۆتالیتاریزم، لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە هەریەک لەو دوو نووسەرە ناسراوە بەیەک چاو تەماشای یەکێتی سۆڤیەتی کۆنیان کردووە و زاڵم و مەزڵوومیان وەکو یەک تەماشا کردووە، هەروەکو هانا ئارێندت لەکتێبی (بنەماکانی تۆتالیتاریزم) و جۆرج ئۆرویل لەرۆمانی (باخچەی ئاژەڵان) نووسیویانە، ئەوان بەو پێیەی دژە فکری کۆمۆنیستی باو بوون، بەیەک ئاراستە بیریان کردۆتەوە و دنیای سیاسەت و رۆشنبیرییان بەدنیای زیندووبوونەوی تۆتالیتاریزم ناوبردووە، ئەوەی ئێستا دووبارە بوونەوەی هەمان مێژووە کە بەژینالۆژیای رۆشنبیری ناسراوە، چونکە رۆشنبیران لەبری خۆ دەربازکردن لەبیری بنەماڵەیی و دەستگرتن بەبیرکردنەوەی تاکگەرایی، بەپێچەوانەوە بوون بەکەسانی تۆتالیتاریزمی رۆشنبیری و ئەمەشیان کردووە بەستایلێکی دیکەی ئایدیۆلۆژیا و زۆربەی گرووپە بەناو دەستەبژێرەکان ئەم پرنسیپەیان قبوڵە، چونکە خۆیان لەهەناوی فکرێکی کۆنکریتییەوە هاتوون و سەر بەهەمان ئایدیۆلۆژیای نادیارن.

بەپێی ئەو خوێندنەوەیەی کە دەزگایەکی گرینگی ئەمریکی بۆ راپرسی لەبارەی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا بەبێ سانسۆر، ئەوەی دەرخستووە کە 48 % خەڵک دوور کەوتوونەتەوە لەبابەتی جددی و بیرکردنەوە و خوێندنەوەی کتێب و دەستیان داوەتە گەمەی نێو ئینتەرنێت و گەڕان بەدوای داتای بەلاش و سایتی بێ بەها و هتد، ئەمە کاریگەری نەرێنیشی کردۆتە سەر بازاڕی چاپەمەنی، تائەو رادەیی کارگەیشتۆتەئەوەی خەڵک تەنانەت بۆ پرسی تەندروستیش پشت بەو داتایانە ببەستن کە لەئۆنلاین هەیە، دەزگاکە ئەوەشی خستۆتە روو کە ئەم دیاردەیە جگە لەدروستکردنی نووسەری وەهمی و رۆشنبیری وەهمی و هونەرمەندی وەهمی



و فەرهەنگێکی بێ بنەما، جۆرێک لەتێکدانی شیرازەی کۆمەڵگاشی دروستکردووە کە چیتر کۆمەڵناس و کەسانی پسپۆر دروست نەبن لەدەرەوەی مامۆستای زانکۆ بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگاو دیارە پۆزەتیڤ و نەگەتیڤەکانی، ئەمە سەلماندی کە گەشە و هەڵدانی تەکنۆلۆژیا یەکێکە لەمەترسییەکانی بەردەم رۆشنبیری جددی لەسەرانسەری دنیادا ئەو ئازادییەیە کە دژی ئازادییە راستەقینەکەن، ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەو ویستە ئازادییەی دەسەڵاتی سیاسی هەیەتی و شێوە پەرچەکردارێکە کە رەنگدانەوی هەیە بەسەر بیری خاوی رۆشنبیر و لەوێشەوە بەسەر خەڵک.

هەڵبەت میدیا کە ئێستا لەکارەکەی خۆی کە ئەخلاقە ترازاوە و وەکو پێوەر تەماشا ناکرێ و هیچ میدیایەک نییە لە 100% کاری پێبکات، بەناوی بەدەستهێنانی زانیارییەوە تاڵە موویەک لەنێوان کاری سیخوری و کاری میدیایی ماوە، بەشێکە لەو هۆکارانەی کە نووسین و خوێندنەوەیان سووک کردووە لەبەردەم خوێنەر، بەدەستهێنانی داتا لەرێگەیەکی ئاسانەوە و بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە ئەهلی خوێندنەوە نین و دژی مولکیەتی فکرین و بیرناکەنەوە لەهیچ کام لەو کایانەی کە ژیانی پێ بەرێوەدەچێ، هەڵبەت میدیاکاریش کە بەشێکی زۆریان وەکو بووکەڵەی ژێر دەستی سیاسییەکان و گەمەپێکردنیان لەنێو کایەی سیاسی و کاری هەواڵگریدا، ئاسانە بەهۆی نەزانینیانەوە لەمومارەسەکردنی سیاسەت، تاکو نووسین سووک بکەن، بەمەش کاریگەری نەرێنیان هەبووە لەسەر خودی خۆشیان و لەسووککردنی نووسین و رەنگدانەوەی بەسەر بیرکردنەوەی تاک و خوێنەر و بیسەر و بینەر، ئەم فەزایە بەناوی ئازادییەوە فەراهەم کراوە، رێک دروستکردنی ئەو وەهمەیە کە گوایە ئازادی هەیە، لەحاڵێکدا ئەو ئازادییە مولک و ویستی دەسەڵاتە و هەر دەستەبژێری سیاسیشە لە شاشە و لەپشت مایکەوە هەستی پێدەکرێت، بۆیە هەمیشە خەڵک چاویان لەدەستی دەستەبژێری سیاسییە ئازادییان لەبەشە ئازادی خۆیان پێببەخشن، هەر ئەوەی کە داوای دەکەن و لافیتەیان بۆ هەڵداوە باشترین سەلمێنەری ئەو راستییەیە.

## خزمەتکارەکانی ئایدیۆلۆژیا

لەدوای هاتنە پێشەوەی سەدەیەکی نوێ و هەزارەی سێهەم، ئایدیۆلۆژیا وەکو بابەتێکی نوێی فکری کەوتە بەردەم موناقەشەی بیرمەندانی ئەوروپا، ئەمجارەیان ئایدیۆلۆژیا لە چوارچێوە تەسکە حزبی و ئایینی و مەزهەبییەکەی تێپەڕی و بوو بەئەرکێکی ناچار کە ململانێکان وەکو ئەرک بەئینسانی هەزارەی سێهەمی سپارد، ئەگەرچی ئایدیۆلۆژیا تەواوی توێژ و چینەکانی کۆمەڵگای ناچار کرد ببن بەخزمەتکاری، ئەمجارەیان ئایدیۆلۆژیا لەرێگەی تەکنۆلۆژیاوە هات و هەموو کەسی کرد بەئایدیۆلۆژیخواز، چونکە ماکینەیەکی دیکە بوو بۆ بەرهەمهێنانی جۆرێک لە ئینسانی ئەم سەدەیە و شەرعیەتدان بەو دۆخەی کە کایەی سیاسەت بەرهەمیهێناوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە بەدەر لە ئینسانی ئاسایی، بەشێکی زۆر لەبەناو رۆشنبیرەکانیش کە لەسەر حیسابی رۆشنبیری جددی هاتن و کۆمەڵێک جومگەی دەسەڵاتیان لەهەموو دنیا بەدەستەوە گرت، ئەوانە بوون کە بەدەر لەبیرکردنەوە و خەمی رۆشنبیری لەداهاتووی ئینسان، بوون بەخزمەتکاری ئایدیۆلۆژیای حزبی و ئایینی و مەزهەبی و کاریان کرد بۆ سەرخستنی هاوکێشەی سیاسی لۆکاڵی و نێودەوڵەتی، ئەوانەی لەئاستی لۆکاڵی دەنووسن و قسەدەکەن زۆرترن لەوانەی کە لەئاستی نێودەوڵەتی شتە ناحەزەکان تیۆریزە دەکەن بۆ خوێنەری تەمبەڵ، ئەم فەزایە لەکاتێکدا بەرهەمهاتووە کە بەهەموو پێوەرێک دەبوو لەدوای روخانی بلۆکی سۆڤیەتی بەناو سۆسیالیستی، ئەو جۆرە خزمەتکارە ئایدیۆلۆژیایە نەمابووایە تاکو ئینسان بکەن بەخزمەتکار و کۆیلەی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیای وشک و هەندێکجاریش مەترسیدار، کەچی بەپێچەوانەوە ئەم تەرزە لەو بەناو رۆشنبیرانە زۆرتر بوون و ئەوەی حزبەکان ترسیان لێنیشتبوو، ئەوان کەلێنەکەیان بۆ پڕکردنەوە بەنووسین و بابەتی کرچ و کاڵ بەناوی هونەرەوە و ترسەکەیان رەوانەوە کە ئەمە بەئایدیۆلۆژیای پراکتیکی ناسراوە لەدنیای فکری هاوچەرخدا.

ئێستا بۆ سووک کردنی کتێب و فکر و

**لەدوای هاتنە پێشەوەی سەدەیەکی نوێ و هەزارەی سێهەم، ئایدیۆلۆژیا وەکو بابەتێکی نوێی فکری کەوتە بەردەم موناقەشەی بیرمەندانی ئەوروپا**

بیرکردنەوە و رەخنە، ستایلێک لەخوێندنەوە پەیدا بووە جێگەی بەرەخنەی جددی و فکری لەق کرد، تاکو ئەو جێگەیەی کە ئایدیۆلۆژیا ئەو مەترسییەی نەمێنێ کەسێکی وەکو (ئەنتۆنیۆ گرامشی) کە لەسەدەی رابردوو ژیاو جارێکی تر بەزمانێکی رەخنەئامێزەوە سەرهەڵبدات و رەخنە لەو تەرزە رۆشنبیرە بگرێ کە ئەو ناوی نابوون رۆشنبیری ئۆرگانی، ئەوانیش لەچەشنی مەلا و قەشە و مامۆستای کۆلکە خوێنەوار و هتد ئۆرگانەکانی دەسەڵات بەڕێوەبەرن، هەروەها (کارل مانهایم و ئالتۆسێر) بەهەمان شێوەی بیرکردنەوە قسەیان لەسەر بنەماکانی فکری مارکس کرد، ئەوەش بوو بەجێگەی تێگەیشتنی دووەمی ئایدیۆلۆژیا کە بۆ جێگیری ئەدەبیاتی سیاسەت دەگەڕێتەوە.

دروستبوونی ئەو فەزایە کارێکی کرد کە ئیتر نەک نووسین و رەخنە لەبەرامبەر سیاسەت و جومگەکانی پاشەکشە بکات، بگرە بێ بەها بکرێت و هەرکەس بەو جددیەتەوە کار بکات، بکەوێتە بەر تانەو تەشیر و گاڵتەجاری ئەو سوپایەی کە وەکو ئەلتەرناتیڤی رۆشنبیری خۆی نمایش کردووە و قەبوڵیش کراوە، لەبری ئەوەی رۆشنبیر یان نووسەرێکی جددی بناسرێت، ئەستێرەیەکی گاڵتەجاری فەیسبوک و یوتوب و هتد ئۆنلاین ناسراوترن.

بەپێی تێگەیشتنی (کۆڵن ولسن) یش بێت، رۆشنبیر دەستی هەیە لەپارێزگاری کردن لەئاشتی کۆمەڵایەتی، چونکە ئەوان هۆشیارترن لەوەی سیاسییەکان بەهەڵەیاندا ببەن، بەڵام ئەمە ئێستا لەژێر چنگی رۆشنبیر دەرکراوە و رادەستی بەناو رۆژنامەنووس و میدیاکار کراوە، بۆیە ئەو ئاشتەواییە کۆمەڵایەتیەش مەترسی تێکەوتووە.

دەبێ ئەوە بزانین کە ئایدیۆلۆژیا بەتەنها هێرشی نەهێنا بۆ زیندووکردنەوەی خۆی و لەچوارچێوەی سیاسەتدا بمێنێتەوە، بەڵکو ئەمجارەیان کۆمپانیاکان بۆ رەواجپێدان بە کاڵاکانیان کە ئینسان بە کاڵا کرد، ئایدیۆلۆژیای تەکنۆلۆژییان بەرهەمهێنا، لەوەش مەترسیدارتر ئایدیۆلۆژیایەکی نوێ وەرزشە، ململانێی نێوان گەنجان و دابەشبوونیان بەسەر یانەکانی بەرشەلۆنە و ریاڵ مەدرید و بایرن میونخ و ئینتەر میلان و چێڵسی و هتد و ئەستێرەی گۆڕەپانەکانیش کەسانی وەکو میسی و رۆناڵدۆ و هتد، لە ناوەڕاستی نەوەدەکانیش بەرازیل و فەرەنسا و ئەرجەنتین و هتد، شێوەیەکی دیکەی بەرهەمهێنانی ئیدیۆلۆژیایەکی نوێیە کە لەرێگەیەوە هەم ململانێکان دەگوازێتەوە بۆ شەرعیەتێکی هێمنانە و ئاشتیخوازانەی چێژ بەخش لەکافیتیریا و سەر شەقامەکان و لەئایدیۆلۆژیای حزبیش بەهێزترن، بۆ نموونە گالاکسی و ئایفۆن، تەنانەت ماشین و کاڵای ناپێویست، هەموو ئەمە هەم رەواجدانە بە کاڵاو کەمالیات و ئێکسسواراتی وەرزشی، هەم کوشتنی ئایدیۆلۆژیای فکریە، ئەم بیرۆکەیە لە کاتێکدا هاتە پێشەوە کە سیستمی سەرمایەداری لە تەواوی دنیادا تێگەیشت بەتەنها ئینتیما بوون بۆ حزب و مەزهەب بەس نییە، بەڵکو دەبێ ئەلتەرناتیڤێکی دیکە بدۆزێتەوە و درێژە بە گەمەکان بدات کە فۆرمێکی جیاوازی هەیە، ئەویش ئایدیۆلۆژیای پراکتیکییە.

رۆژنامە یان میدیا بەگشتی قەد بەشێک نەبووە لەدەسەڵات، تاکو ناوی لێبنرێ دەسەڵاتی چوارەم و ببێتە رووبەرێک بۆ جەنگی سیاسی و تەنها سیاسییەکانیش کەڵکی لێوەربگرن، بەڵکو داردەست و جێبەجێکاری ئەجێندای سیاسی دەسەڵات بووە، ئەمە لە ئاستی دنیاشدا بەشێک بووە لەکاری سیاسی و بازرگانی نێودەوڵەتی کە بازرگانەکان وەکو کاڵایەکی سپی کەڵکیان لێوەرگرتووە، گرووپە بەرخۆرییەکان (بازرگان و کەناڵەکانی راگەیاندن) جارناجارێک لەنێو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا لەپێناو سەرمایەداری جیهانگەریدا چالاک دەبن، زۆربەی بازرگانەکان و کەناڵەکانی راگەیاندن بەجۆرێکی وەها دڵگەرمانەوە دەکەونە لایەنگیری سەرمایەداری جیهانی کە قەت مایەی سەرسوڕمان نییە، زنجیرەی فرۆشتنی بەبەش بەشێوەیەکی سروشتی دەبێتە هۆی یارمەتیدانی ئەو هەنگاوانەی کە چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت بەهۆی زیادبوونی بازاڕەوە جەماوەرییەکانی لێبکەوێتەوە، ئەمە لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا بێت لەکاتێکدا ئامارەکانی راگەیاندن کات و بوارێکی تایبەت دەدەنە ئەو مشتومڕانەی کە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان

دەیکەن، بەگشتی ئەوانە گۆشەنیگای چینی سەرمایەداری نێونەتەوەیی پێشکەش دەکەن لەکاتە سەرەکییەکاندا، نیشاندانی هەواڵە گشتیەکان و چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنیەکان و پرۆگرامە تەلەفزیۆنیەکانی تریش، یان هەندێک وتاری (سەروتار ئاسا) کە گوزارشت لە بۆچوونی بڵاوکەرەوەکانی دەکات، ئەو ئامرازانەی راگەیاندن دەبێتە هۆی فراوانبوونی مەودای جیهان و قوڵکردنەوەشی، ئەوانەشی دەستیان پێدەگات چینی سەرمایەداری نێونەتەوەیین، بەدەر لە پارتە کۆمۆنیستەکان، یان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە شۆڕشگێڕیەکان، یاخود ئەو بزووتنەوانەی کە هەموو کار و چالاکییەکانی خۆیانیان لەوەدا چڕکردۆتەوە تا دەستبەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتدا بگرن، لێرەدا بزووتنەوەیەکی فراوان هەیە دژی چینی سەرمایەداری.

بەهەمان شێوەیە ئایدیۆلۆژیاکان کە بەشێوەیەکی سەرەکی لەرێگەی زمانەوە دەهاتن، وەها پیشان دەدرێن کە تایبەتمەندی رێزمانی خۆیانیان هەبێت، وێڕای ئەمەش وشەکان و لێکدراوەی وشەکان و دەنگ و پیتەکان و نیشانەکان و شتی تریان پیشاندا کە ئاماژەپێکرابوو، وشەی دەسەڵات کە یەکێک لەوانەیە کە ئاماژەی رێزدانان بۆ کەسێک یان دامەزراوەیەک، بەڵام مانای وشەکان بەهەمان شێوە وابەستەی یەکترن، لەگەڵ وشەی تردا لەتۆرێکی پەیوەندییەکاندا جێگیر بوون و تەنها لەکۆنتێکستێکدا شیاوی تێگەیشتن بوون، هەروەها وشەی ئازاد، لەرستەی دەبێ حکومەت زیندانییەکان ئازاد بکات، هەموو ئەمانە بەئایدیۆلۆژی کران، خوێندکاران دواتر زانیان مامەڵەکردن لەگەڵ ئایدیۆلۆژیاکاندا وەکو بەرهەمێکی زمانەوانی و سیمانتیکی، شتێکی بەسوودە، بۆیە خستیانە نێو زمانەوە و بەکاریانهێنا.

## سەرچاوەکان


1: کارل پۆپەر. ئازادی و بەرپرسیارێتی روناکبیران. وەرگێڕانی. عومەر ئیمام. خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. ساڵی 2015. ل53

2: بیتر بروک. تیری ایجلتون. سو الین کیس و اخرون. التفسير و التفکیک و الايديولوجيه. اختيار و تقديم. نهاد صليحه. الهيئه المصريه العامه للكتاب. سنه 2000. ص104.

3: عبدلله العروي. مفهوم الايديولوجيا. مركز الفارابي. سنه 1981

4: خليل ابراهيم. رحله الي جوهر الديانات. مركز الپقافي القومي. 1981.

5: ایزا بیرلین. الحريه. خمس مقالات عن الحريه. تحرير. هنري هاردي. ترجمه. يزن الحاج. مركز القومي للگباعه. مع دار التنوير للنشر و الگباعه. سنه 2006. ص247

6: جيورجي اتزل. حول الدور القيادي للماركسی فی السياسه الپقافيه. ترجمه. مصگفی عبود. مركز الابحاپ و الدراسات الاشتراكيه في العالم العربي. 1986. ص16

7: ايزا بيرلين. الحريه. خمس مقالات عن الحريه. تحرير. هنري هاردي. ترجمه. يزن الحاج. دار التكوين لگباعه و النشر. سنه 2015 ص209

8: هەمان سەرچاوەی پێشوو. ص51

9: میخاییل باختین. الفرويديه. ترجمه. شكير نصردالدين. دار روئيه للنشر و التوزيع. سنه 2015.ص239.

10: ئانتۆنیۆ گرامشی. دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی. وەرگێڕانی. مامەند رۆژە. بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان لەوەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان. ساڵی 2011. ل117.

11: ايريش فروم. الهروب من الحريه. ترجمه. محمود منقژ الهاشمي. دار الحوار للنشر و التوزيع. سنه 2016 ص159

12: محمد الشيخ. المپقف و السلگه. دراسه في فكر الفلسفي الفرنسي المعاصر. دار الگليعه للگباعه و النشر. سنه 1991. ص142

13: ماركس و انجلس. الايديولوجياى المانى. ترجمه. فواد ايوب. دار دمشق للنشر. سنه 2013. ل50.

14: مایکل فریدێن. دەروازەیەک بۆ ئایدیۆلۆژیا. وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە بۆ کوردی. کارزان کاوسێن. دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی. 2012.

# ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی تاکەکاندا



پ.ی. دکتۆر فواد عەلی

زانا کۆمەڵناسەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پرۆسەی گەشەی کۆمەڵایەتی تاکەکان بۆ بەشداریپێکردنیان لە ژیانی گشتیدا ئامادە دەکات و لێرە تەرکیز لەسەر دوو بابەت دەکەین:

یەکەم: ئەو ڕێگایەی کە خەڵک ئەتوانێت لێوەی مەعریفە بەدەستبێنێت کە پێویستییەتی، تاکو بتوانێت ببێتە ئەندام لە گروپێکی دیاریکراودا، وەک: خێزان، قوتابخانە، گروپە پیشەییەکان و پارتە سیاسییەکان.....هتد.

دوەم: ناسینی خەڵکانێکی زۆر فراوان لە گروپە جۆراوجۆرەکان کە کۆمەڵگاکەی هەر تاکێک پێکئەهێنن، کە بە هیچ شێوەیەک نابن بە ئەندامی ئەو گروپانە، بەڵام ئەبێت لە چەندین بۆنەدا هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت، وەک: نەخۆشخانەکان، بانکەکان، دامەزراوەکانی حکومەت، کۆمپانیاکانی دڵنیایی، پۆلیس، یانەکان.......هتد.

بۆ ئەوەی تاک هەڵسوکەوت و ڕەفتار لەگەڵ گروپەکانی کۆمەڵگادا بکات ئەوا پێویستە کۆمەڵێک مەعریفەی لە بیر وهۆشیدا دابنێت کە تاک پێویستیان پێیەتی تاکو بزانێت چی لە نێو کایەی ئەو گروپە جیاوازانەدا ڕوودەدات، لە منداڵ و هەرزەکار و گەنج و تەمەن ناوەڕاستەکان و پیرە چالاکەکان و ئەوانەی کە لە مردن نزیک ئەبنەوە بە توخمی مێ و نێرەوە، هەر قۆناغێک لەم قۆناغانەدا پێویستی بە تێگەیشتنی سایکۆلۆژی هەیە بۆ تێگەیشتن لێیان، چونکە بواری سایکۆلۆژی وا ئەڕوانێتە ئەو قۆناغە جیاوازانە کە ئەتوانن مەعریفە لە ڕێگای پرۆسەی گەشەی کۆمەڵایەتییەوە وەربگرن.

دیارە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگا تازەکاندا، چەندین وانەمان لە بارەیەوە فێرئەکەن و وێنەی تاکەکان و ئەو قۆناغانە ڕاستبن یان درۆ، واقعیبن یان ناڕاست، ڕاستبن یان هەڵە، ئەوا دەزگاکانی ڕاگەیاندن پێشکەشیان ئەکەن و دووبارەشیان ئەکەنەوە لە ناوەڕۆکەکانیاندا و ڕۆژانەش خەڵک بەر ئەم پەیامانە ئەکەون.

بەمشێوەیە پرۆسەی گەشەی کۆمەڵایەتی تاکەکان یان پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تاکەکان مەرجی مانەوەی کۆمەڵگایە وەک سیستمێکی جێگیر و بەردەوام، سەرەڕای گۆڕینی بەردەوامی دینامیکیەت و ئەندامیەتی کۆمەڵگا لە ڕێگای لە دایکبوون و مردندا، ئەوا سیستمی کۆمەڵگا بەردەوام ئەبێت لەبەرئەوەی ڕۆشنبیری گشتی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لە ڕێگای پرۆسەی گەشەی کۆمەڵایەتی تاکەکان و بەشداریکردنیان لە چالاکییەکانی کۆمەڵگادا ئەگوازرێتەوە، هەڵبەتە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵیان لەو گواستنەوەیە و گەشە کۆمەڵایەتییەدا هەیە.

### ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و بونیادی واقعی کۆمەڵایەتی

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەو پرۆسەیە لەلای جەماوەر پێکئەهێنێت کە لەڕێگایەوە ئەتوانێت تێگەیشتنی خودی حەقیقەتی مەوزوعیش بزانێت، لەگەڵ زیادبوونی ئەو ئامرازانە لە ژیانی تاکەکاندا، ئەو ڕۆڵەی لە بونیادی واقعی کۆمەڵایەتیدا گرنگی زیاتر ئەبێت.

هەر لە کۆندا ئەفلاتون و ئەرستۆ باسیان لە واتا و شێوە و چەمک کردووە، کە هەردووکیان بریتین لە کێشەی مەعریفە و مەعریفەی مرۆڤیش لەسەر هزری چەمک بەندە.

لەسەردەمی ئێستادا چەمکەکانی واتا گۆڕاون، ئەمە تەنها ئەو وشانە ناگریتەوە کە گۆئەکرێن، بەڵکو چەندین جۆری سیمبول و ئاماژەکان ئەگرێتەوە، بۆ نموونە ئاماژە نازارەکییەکان زۆر جار وەک وشە بەکاردێن و ڕۆڵیان لە پرۆسەی پەیوەندیکردنی ڕۆژانەدا هەیە، وەک: مستەکۆڵە، دەستبەرزکردنەوە، چاوداگرتن، ئاماژەکانی هاتوچۆ، کەللەسەر، ئاماژەکانی کۆمپانیا بەرهەمهێنەکان، ئایکۆنەکانی نەوە جیاوازەکانی مۆبایل و کۆمپیوتەر و ئاماژەکانی نێو ژانرە جیاوازەکانی پەیامەکانی ڕاگەیاندن، ئەمانە ئەو ئاماژە کۆمونیکەیشنە نازارەکییانەن کە ڕۆڵی زمانیان هەیە بۆ گواستنەوەی واتاکان.

کاتێک کە پێکەوە قسەئەکەین یان ڕۆژنامە ئەخوێنینەوە یان گوێ لە رادیۆ ئەگرین یان تەماشای تیڤی ئەکەین، ئەوا چەندین چالاکی پەیوەندیکردنی مرۆیی تێدایە کە سیمبولەکان بۆ تێگەیشتنی چەمکەکان بەکارئەهێنن.

دیارە دوو مەبدەئی ئەساسی بە درێژایی مێژوو ڕۆڵی هەبووە لەم پرۆسەیەدا، ئەویش: یەکەم: چەمکەکان کە بنچینەی مەعریفەی کەسەکانن لەسەر واقع، دوەم: نەریتی زمان کە بناغەی کۆمەڵایەتییە و تێگەیشتنەکانی نێوان کەسەکان بەدیدەهێنێت، بۆیە ئەمە پێویستی بە پەیوەندییەکی ڕێکخراو هەیە لە نێوان چەمکەکان و نەریتی زماندا.

مەبدەئێکی کۆن هەیە کە دەڵێت مەعریفە ڕەفتار دروست ئەکات، واتە یەکێک لە گرنگترین ئەنجامەکانی مەعریفە بریتییە لە هەڵبژاردنی بابەتێک لە نێوان چەندین ئەڵتەرناتیڤی ڕەفتاردا.

دەکرێت ئەو پەیوەندییانە بەم شێوەیە کورتبکرێنەوە:

1. کەسانێک هەن لە جیهانێکی سروشتی و بابەتیدا ئەژین و هەشە لە جیهانێکی سەرووی سروشتیدا ئەژین، ئەمە بابەتێکە تاکو ئێستا زاناکان لەسەری پێکنەهاتوونە.
2. تاکەکان وێنەیەکی هزرییان بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی هەیە جا ئەوە لە ڕێگای پەیوەندییە کەسییەکان یان دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەدەستبهێنن.
3. هەموو تاکێک واقیعی کۆمەڵایەتی بە ڕێگای خودی خۆی لێکئەداتەوە کە خاسیەتە کەسی و کۆمەڵایەتییەکان ئەیسەپێنن.
4. لێکدانەوە خودییەکان ڕەفتاری کەسی تاکەکان دیاری ئەکەن.
5. سیستمی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای مۆدێلەکانی ڕەفتاری کەسی حوکم ئەکات، ئەمەش لە ڕێگای بەها کۆمەڵایەتییە پێویست و ناپێویستەکانەوە ئەبێت.

### ڕاگەیاندن و پێشبینی کۆمەڵایەتی تاکەکان

زانایانی دەروونناسی وا تەماشای ڕەفتاری مرۆڤایەتی ئەکەن پێوانەیەکە بۆ پرۆسە ناوخۆییەکان و بریتییە لە هەڵسوکەوت و بەدائیلی ڕەفتارەکان لە لای تاکدا، ئەرکی توێژینەوەکان بریتییە لە دۆزینەوەی هێز و فاکتەرەکان کە کاریگەری لەسەر عەقڵی تاکەکان جێئەهێڵێت، ئەمەش لە ڕێگای پاڵنەر و وەڵامدەرەوەکانی تاکەکان و ئەرکەکانی هەستەوەرەکانەوە بەدیدێن، ئەم پرۆسە ناوخۆییانە وەک پرۆسەیەک دەکرێت هۆشدار بێت یان ناهۆشدار بێت، بە فێربوون یان بە بۆماوەیی بێت.

هەموو ئەو بگۆڕ و کەتیگۆریانە(موتغیراتانە) کەتیگۆری سەربەخۆن کە بە ڕێکەوت ئەبێت، کەتیگۆری وابەستە(تابع) بریتییە لە ڕەفتاری ئاشکرای کەسەکان. نموونە: ڕۆڵی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن(کەتیگۆری سەربەخۆیە) لە بەشداری سیاسیدا(کەتیگۆری وابەستەیە).

بەڵام زانا کۆمەڵناسییەکان و هەندێک لە زانا ئەنسرۆپۆلۆژییەکانی ڕەفتاری مرۆڤایەتی تێڕوانینێکی تریان هەیە، هەموویان دان بە بوونی شیکردنەوەی دەروونی دائەنێن، بەڵام بڕوایان وایە ئەمانە وێنەیەکی تەواو بۆ بارودۆخی مرۆڤایەتی نادەن بەدەستەوە.

بۆیە وایئەبینن کە ڕوونترین وێنای مرۆڤایەتی بریتییە لە سروشتە کۆمەڵایەتییەکەی، چونکە لەدایکبوون و پەیوەندییەکان و ژیانیان لە نێو تۆڕێکی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئالۆزدایە و لە کۆتاییشدا مردنەکەیان لە نێو مەراسیمێکی کۆمەڵایەتیدایە.

واتە مرۆڤ ناتوانێت زیندەوەرێکی سەربەخۆ بێت، چونکە لە دەروونناسیدا تەنها پشت بە هاندەر و وەڵامدانەوەکان ئەبەستێت، بۆیە زانایانی کۆمەڵناسی و ئەنسرۆپۆلۆژییەکان پشت بە کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەبەستن، واتە ئەو ڕووداوانەی کە تێبینی ئەکرێن لەلای تاکەکان نەک لە نێو کۆئەندامی دەماریدا ڕووئەدەن.

شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی بۆ ڕەفتاری مرۆڤایەتی بە توێژینەوەی سروشتی گروپەکانی مرۆڤ دەستپێئەکات، هەروەکو زانای کۆمەڵناس «تشارلز هۆرتۆن کولی» ئەڵێت: «بۆچوونەکانی لای مرۆڤ و ئەوەی لەسەر یەکتر هەیانە، بریتییە لەو ڕاستییە چەسپاوانەی کۆمەڵگا».

ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لە نێو گروپەکانی مرۆڤدا بریتییە لە سادەی ڕێژەیی بۆ زۆر ئالۆز، ئەمە بەپێی قەبارەی دوو ئەندام ئەگۆڕێت(وەک ژن و مێرد) بۆ سەدان هەزار و ملیۆنەها لەو جۆرە ئەندامانە، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بەرەو ئالۆزی ئەڕوات هەرکاتێک قەبارەی ئەندامەکانی زیادبکەن.

سەرەڕای قەبارەی گروپەکان و پلەی ئالۆزیان، ئەوا ڕەگەزە بنچینەییەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دەتوانرێت لە ڕێگای (4)چوار چەمکی سەرەکی بزانرێت ئەویش: پێوانە و ڕۆڵ و پلە و سزایە.

ئەم دابەشکردنە سەرەکیانەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە کە ڕووداوی چالاکییەکانی نێوان تاکەکان ڕونئەکاتەوە، ئەم چوار ڕەگەزە ئەبنە ڕەنگدانەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ کاریگەرییان لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتی تاکەکان.

**ئەو (4)چوار چەمکانەش ئەمانەن:**

1. پێوانە: ئەو قاعیدە گشتییانەن کە پێویستە تێبگەیت و ڕەچاوی بکەیت لەلایەن سەرجەم تاکەکانی گروپەکانەوە، ئەمەش چەند بۆنەیەکی سادە و ئالۆز ئەگرێتەوە، وەک: سڵاوکردن، وەڵامدانەوەی تەلەفۆن، کوشتن، سێکسی ناشەرعی، دزیکردن، گەڕانەوەی شتەکان بۆ خاوەنیان......هتد، ئەم پێوانانە هەندێکیان کراون بە قانون و دەستوور و عورف و عادات، وەک: قانونی تاوان، قانونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان،...هتد، بەڵام ئەم پێوانانە سادەبن یان ئالۆز، فەرمی بن یان نافەرمی، بریتین لە قاعیدەی گشتی پێویستە لەسەر هەموو ئەندامانی گروپە بەشەرییەکان جێبەجێبکرێن.

2. ڕۆڵ: ئەمەش قاعیدەی ڕەفتارییە بەڵام لەسەر هەندێک هەڵوێستی تایبەتدا جێبەجێ ئەبێت، کە ڕۆڵێکی تایبەتمەندی تاکەکان دیاری ئەکات لە نێو چالاکی گروپە بەشەرییەکاندا، وەک: ڕۆڵی دایک و باوک و منداڵ، کۆمپانیاکان، خوێندگاو مامۆستا، ئەفسەر و سەرباز، ئەندامانی تیپی تۆپی پێ و ڕاهێنەر و هاندەران، .....هتد، بۆیە ئەو ڕۆڵانەی تاکەکان ئەوا ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی نیشانئەدات کە لە بنەڕەتدا هەڵسوکەوتێکی گروپی و هاوئاهەنگە و بەبێ ئەوە ئەگەر تاکەکان بە تەنها ئەو هەڵسوکەوتانە بکەن ئەوا ئامانجەکان بەدەستنایەن، بەوشێوەیە سیستمی دیاریکردنی ڕۆڵەکان لە نێو گروپەکاندا پێویستە لە ڕێگای هەر ئەندامێکی ئەو گروپانەی مرۆڤ بزانرێت و لەگەڵ ڕۆڵی ئەندامانیتری تایبەتمەند پەیوەست بن و هاوئاهەنگ بکرێن.

3. پلە: واباوە هەندێک لە ئەندامانی گروپەکان نفوز و دەسەڵات و پێگەیان لە ئەندامانیتر گەورەترە، ئەمەش جیاوازی لە پاداشت و سزا دروست ئەکات و هەندێک فەرمانی هەندێکیتر جێبەجێ ئەکات و لایەنگیری بۆ کەسە بەهێزەکان دروست ئەبێت و ڕێز و پێگەی لە کۆمەڵگادا زیاتر ئەبێت.

4. سزا: ئەمە لە نێو هەموو گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە بە ئامانجی پاراستنی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و لە نێو هەموو گروپەکانیشدا هەمیشە ئاراستەی ڕەفتاری نەشیاو هەن، زۆرجار ئەمە دژی ڕۆڵەکانە لە کۆمەڵگادا و هەندێک کەس پابەند نابن بەو ڕۆڵ و پلە و پێگانە، ئەمە بەردەوام ناهاوسەنگی کۆمەڵایەتی دروستکردووە و سزاکان بەردەوامن تاکو قۆناغی سەقامگیری ڕێژەیی کۆمەڵگا.



بەشێوەیەکی گشتی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی جەخت لە ڕوداوەکانی نێوان تاکەکان ئەکات زیاتر لەوەی کە چی لە مێشکی تاکەکاندا ڕووئەدات و ئەگوزەرێت، بۆیە پێویستە خەڵک پێوانە و ڕۆڵ و پلە و سزا بزانن کە لە نێو سیستمی کۆمەڵایەتیدا ڕووئەدەن.

ئەو وێنانەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەک سەرچاوەیەکی پێشبینی کۆمەڵایەتی پێشکەشیان ئەکەن ئامرازەکانی میدیای جەماوەری بە سەرچاوەیەکی گرنگی پێشبینییە کۆمەڵایەتییە نموونەییەکان دائەنرێت دەربارەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بۆ گروپێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگا تازەکاندا.

بەواتایەکیتر ناوەڕۆکی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەسفی پێوانە و ڕۆڵ و پلە و سزاکانی هەموو جۆرە گروپە ناسراوەکان ئەکات لە ژیانی کۆمەڵایەتی هاوچەرخدا.

کاتێک کە گەنجێک بەرکەوتنی بۆ ئامرازە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن ئەبێت، ئەوا دەیان گروپی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی ئەبینن، وەک: گروپە تاوانکارەکان، چێشتخانە نوێیەکان، گروپە پزیشکییەکان، پۆلیس، خانەوادە دەوڵەمەندەکان، تیپە مۆسیقییەکان، پیشە جۆراوجۆرەکان، داعش و تیرۆستان و کپکردنی ئازادییەکان و کرداری توندوتیژی ......هتد، لیستێک لە نموونەی جۆراوجۆر کە کۆتایی نایەت.

بەم شێوەیە منداڵ و گەنجان و زۆرینەی خەڵک ئەتوانن لە سەرچاوە میدیاییەکانەوە فێری ڕەفتار و ڕۆڵ و پلە و پێوانەی پێشبینیکراو بن، ئەو ڕۆڵانە لاسایی بکەنەوە، وەک مامۆستای زانکۆ و سەرکردەیەکی سیاسی و یاریزانێکی تۆپی پێ.



هەروەها دەتوانن نموونەکانی شەرەفی کۆمەڵایەتی و نموونە قێزەونەکانی کۆمەڵایەتی و پاداشت و سزاکانیان ببینن لە کۆمەڵگادا لە ڕێگای ناوەرۆکی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە.

لەسەر ئەو بنچینەیە و لەم سەردەمەدا پێشبینی کۆمەڵایەتی تاکی سەردەم پەیوەندی بە فاکتەرەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیاوە هەیە، کە نموونەی ڕاست وجێگیری ئەو گروپانەی کۆمەڵگا وێنە ئەگرێت.

هەر ئەو نموونانەن کە پێشبینی ئەکرێن لە لایەن تاکەکانەوە هەڵسوکەوتی پێبکرێت لە نێو خێزان و هاوڕێ و مزگەوت و قوتابخانە و کڕینی شتومەک و بەشداریکردن لە بۆنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا، لێرەدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیا یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی پێشبینییەکان پێش ئەوەی بەشداربن لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا، کە ئەندامانی ئەو گروپە کۆمەڵایەتیانە بە شێوازی موکتەسەب هەیانە، هەروەها ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تەکنەلۆجیای پەیوەندیکردنی تازە سەرچاوەیەکن بۆ پێشبینییەکان دەربارەی چۆنیەتی هەڵسوکەوتی خەڵک لەگەڵ جۆرەها گروپیتر کە کۆمەڵگای لێپێکدێت.

بەکورتی بیری سەرەکی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تەکنەلۆجیالی پەیوەندیکردنی تازە و سۆشیال میدیا وەک سەرچاوەیەکی پێشبینی کۆمەڵایەتی بەم شێوەیەیە:

1. نموونەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کە بەشێوەی پێوانە و ڕۆڵ و پلە و سزا و پاداشت دەرئەکەون و پەیوەندییان بە گروپێکی دیاریکراوەوە هەیە، زۆرجار لەڕێگای ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیاوە وێنە دەگیرێن.

2. دەکرێت ئەو وێنە میدیاییانەی نموونەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی وێنەیەکی ڕاستبن یان ناڕاست و شێوێنراو، جێگای متمانەبن یان ناڕۆشنبن.

3. ئەو وێنانە پەیوەندی هەرچۆنێک بێت بە واقع و ڕاستییەوە، ئەوا جەماوەری وەرگر ئیستیعابیان ئەکەن و ئەو وێنانە ئەبن بە کۆمەڵێک پێشبینی کۆمەڵایەتی و لەڕێگایەوە فێری نمونەی ڕەفتارکردن ئەبن لە کۆمەڵگادا.

4. ئەم پێشبینییانە بەبەشێکی گرنگی پێشتری تێگەیشتنی خەڵک دائەنرێن بۆ ئەو ڕەفتارە پێویست و خوازراوانەی کە پێویستە و دواتر هەر ئەوان ئەبن بە ئەندامی ئەو گروپانە.

5. ئەو مۆدێلە میدیاییانە بە بەشێکی گرنگی سەرچاوەی زانیاری جەماوەر دائەنرێن لەسەر ڕێکخستن و سیستمی کۆمەڵایەتیدا.

**ئامرازەکانی میدیای جەماوەری بە سەرچاوەیەکی گرنگی پێشبینییە کۆمەڵایەتییە نمونەییەکان دائەنرێت دەربارەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بۆ گروپێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگا تازەکاندا**

6. ئەم پێشبینییە کۆمەڵایەتییانەی تاک سوودی بۆ دیاریکردنی چۆنیەتی هەڵسوکەوتی کەسەکان هەیە بەرانبەر ئەوانیتر کە ڕۆڵیان لە گروپێکی دیاریکراوی کۆمەڵگادا هەیە، سوودی ئەوەی کە چۆن ئەوانیتر هەڵسوکەوت بەرانبەریان ئەکەن لە چەندین بارودۆخی کۆمەڵایەتی جیاوازدا.

ئەم شیکردنەوانەی سەرەوە بۆ پێشبینی کۆمەڵایەتی لێکدانەوەیەکی بۆ ڕەفتاری کۆمەڵایەتی هەیە کە پشت بە هێزە زهنییەکانی زانستی دەروونزانی نابەستێت و ئەو فکرەیەی قوتابخانەی دەروونزانی بە کۆن دائەنێت دەربارەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و دەڵێت:

1. زانیارییەکان ئەگوازێتەوە.

2. بە ڕێگایەک بیری تاکەکان ئەخاتەوە بۆ ئەوەی هەڵوێستێک یان ئاراستەیەکیان هەبێت.

3. ئەو هەڵوێست وئاراستانە تارادەک لەگەڵ یەکتردا هاوڕان.

4. هەوڵی جووڵاندن و ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری ئاشکرای تاکەکان ئەدات.

ئەم بیرە کۆنانە دەربارەی ڕاگەیاندن زۆر پێویست نییە، چونکە شیکردنەوەکانی قوتابخانەی پێشبینی کۆمەڵایەتی بە شێوازێکی زۆر سادە و تازەتر و گەرمتر داڕشتۆتەوە و پشت بەم خاڵە سەرەکیانە ئەبەستێت:

1. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەڵدەستێت بە گواستنەوە و بیرخستنەوەی ئەو زانیارییە پەیوەستانەی قاعیدەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بۆ هەر ئەندامێکی گروپی کۆمەڵایەتی کە ڕۆڵێکی تایبەتمەند و دیاریکراو لە کۆمەڵگادا ئەگێرن.

2. ئەو پرۆسەیە بە شێوەیەکی ڕوون و دیار لە ڕەفتاری ئاشکرای تاکەکانی نێو گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا دەرئەکەوێت.

بەم شێوەیە قوتابخانەی پێشبینی کۆمەڵایەتی لێکدانەوەیەکی دوورمەودا و ناڕاستەوخۆی بۆ کاریگەرییەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێشکەش کردووە، ئەم تیۆرە وائەڕوانێتە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کە هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ فێربوون.

بەمشێوەیە ئەم قوتابخانەیە زۆر لە قوتابخانەی مۆدێل ئەچێت کە باس لە کاریگەری دوورماوەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەکات، لە هەردوو قوتابخانەکەدا باس لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای جەماوەری ئەکات وەک سەرچاوەیەک بۆ ئاراستەکردنی ڕەفتاری جەماوەر و هاوکاریکردنیان لە خۆگونجاندنیان لەگەڵ ئەو ژیانە ئاڵۆزەی کە تێیدا ئەژین.

بەم شێوەیە ئەم قوتابخانەیە بنچینەیەکی تیۆرییە بۆ تیبینییە ڕێک و مەنهەجییەکانی ناوەڕۆکی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کە کاریگەرییان دوورماوە ئەبێت لەسەر ڕەفتاری ڕۆژانەی تاکەکان و وێنەگرتنی پێشبینییە کۆمەڵایەتییەکان کە لە ئێستادا گرنگی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە زیادبووندایە.

# عێراقی دوای هەڵبژاردن دەکەوێتە ژێر عەمامەکەی موقتەدا سەدر

د. سەنگەر سەید قادر *

لە دوای ئەوەی داعش لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (٢٠١٤) دا لەماوەیەکی کەمدا دەستی بەسەر نزیکەی نیوەی خاکی عێراقدا گرت و سوپا و دام و دەزگا ئەمنیەکان. داڕووخان و داعش گەشتە سنوورەکانی هەولێر و بەغداد، لێرەوە ئەمەریکا لە دوای سێ ساڵ لە کشانەوەی لە عێراق جارێکی تر گەڕایەوە عێراق، بەڵام ئەمجارەیان بە ستراتیژێکی نوێ و گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسی عێراقدا گەڕایەوە ئەویش دوورخستنەوەی حیزبی دەعوە و مالیکی بوو لە دەسەڵات، بۆ ئەم مەبەستە لەمانگی ئەیلولی ٢٠١٤ ئیدارەی ئۆباما لە نامەیەکدا بۆ مالیکی دوو بژاردەی خستە بەردەمی ئەویش سەپاندنی سزا بەسەر مالیکی دا یان کشانەوە لە دووبارە گرتنە دەستی پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران، مالیکی بژاردەی دووەمی هەڵبژارد و عەبادی کە کەسێکی نزیکی مالیکی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی دەعوە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران هەڵبژێردرا، بەو مەرجەی دەستبەرداری حیزبی دەعوە و مالیکی بێت، بەڵام لە دوای سێ ساڵ لە دەسەڵاتی عەبادی هەرچەندە سەرکەوتوو بوو لە شەڕی داعشدا بەڵام ئەمەریکای خستە ناو گێژاوێکی ترەوە ئەویش بەهێز بوونی دەسەڵات و نفوزی ئێران و دەرکەوتنی میلیشیای چەکدارەکانی بوو، هەربۆیە لێرەوە کارتی عەبادیش سووتا و ئەمەریکا ڕێگری کرد کە بۆجاری دووەم پۆستی سەرۆک وەزیران وەربگرێت

> **لەدوای دەرکەوتنی داعش و دوورخستنەوەی مالیکی سەدر دەرفەتێکی زێڕینی بۆ ڕەخسا و گەڕایەوە گۆڕەپانەکە و میلیشیاکانی سەرایا سەلامی دروست**

لە دوای هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٨ ئەمەریکا لە عێراق لە ئەوپەڕی لاوازیدا بوو بەهۆی زیادی بوونی نفوزی ئێران و میلیشیا شیعەکانەوە و هاوکات کارتی عەبادی سووتابوو، هەر بۆیە ئەمەریکا نزیک بوو لەوەی کۆتایی بە نفوز و دەسەلاتی بێت چونکە ئێران عادل عبدلمەهدی وەک سەرۆک وەزیران سەپاند و لە پشت پەردەشەوە ژەنراڵێکی ئێرانی حکومی عێراقی دەکرد کە قاسمی سولەیمانی بوو، ئەمەش وایکرد کە نەک تەنها لە ڕووی سیاسییەوە بەڵکو لە ڕووی ئابووری ئەمنیشەوە ئێران و ملیشیاکانی بەتەواوی دەستیان بەسەر جومگە سەرەکییەکانی عێراقدا گرت بەجۆرێک دزەیان کردە ناو باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغد.ا

## ڕێکەوتنی نهێنی سەدر و ئەمەریکا

ئەگەرچی موقتەدا سەدر یەکەم سەرکردەی شیعە بوو کە لە ساڵی ٢٠٠٤ جیهادی دژی ئەمەریکا ڕاگەیاند و میلیشیاکانی سوپای مەهدی دامەزراند کە ژمارەیان لە نێوان٧-٩ هەزار چەکداردا دەبوو لە ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٩ بەرپرسیاری کوشتنی ١٢٣٠ سەربازی ئەمەریکا بوون، لەو قۆناغەدا ئێران پشتیوانی سەدری دەکرد بۆ شوێنکردنەوەی ئەجنداکانی لە عێراق و لە کۆتاییدا لە ژێر فشاری سەدردا لە ساڵی ٢٠١١ ئەمەریکا لە عێراق کشایەوە، بەڵام سەدر لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بوو بەهێزێکی پەراوێزخراو ئێران پشتی بەردا




و پشتیوانی مالیکی دوژمنی سەرسەختی سەدری دەکرد، ئەگەر چی سەدر هاوشان لەگەڵ سوننەکاندا لە ٢٠١١-٢٠١٣ جووڵێنەری خۆپیشاندانی پارێزگا سونییەکان بوو بەڵام بەهۆی هەژموونی ئێرانەوە ڕێگر لەهەوڵەکانی سەدر کرا بۆ لادانی مالیکی، بەهەمان شێوە لە ڕووی سیاسیشەوە سەدر بەهاوکاری بارزانی و ئەیاد عەلاوی لە ساڵی ٢٠١٢ هەوڵی لادانی مالیکی دا، بەڵام ئێران لە ڕێگەی مام جەلالەوە هەوڵەکەی شکست پێهێنا سەدر بڕیاریدا لە ماڵەکەی خۆیدا لە حەنانە مان بگرێت.

لەدوای دەرکەوتنی داعش و دوورخستنەوەی مالیکی سەدر دەرفەتێکی زێڕینی بۆ ڕەخسا و گەڕایەوە گۆڕەپانەکە و میلیشیاکانی سەرایا سەلامی دروست کرد، بەڵام دروستکردنی زیاتر لە ٦٧ ملیشیای چەکداری لەژێر ناوی حەشدی شەعبیدا ڕێگر بوو لەوەی سەدر بەخەونەکەی بگات، هەربۆیە بەناچاری هەوڵی بەهێزکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا، بەڵام لە دوای هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٨ ئێران جارێکی تر دەستبەرداری سەدر بوو لەبەرامبەر میلیشیاکاندا ئەمەش سەدری تەواو تووڕەکرد، وایکرد کە لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٩ سەدر وەفدێک بەسەرۆکایەتی ئەحمەد سەدری برازای بنێرێتە واشنتن و وەفدەکە لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشی ئەمەریکا و سی ئای ئەی و کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوەدا کۆبوونەوە و گەشتنە ڕێککەوتن بۆ هاوکاری کردنی سەدر لە گۆڕەپانی سیاسی عیراقدا، هاوکات لەسەر ئاستی ناوچەکەش سەدر سەردانی سعودیە و ئیماراتی کرد بۆ ئامادەسازی

بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی سەدر و ئەمەریکا بۆ ڕێگری سنوردار کردنی نفوزی ئیران لە عێراق.

لە کۆتای مانگی ئەیلولی ٢٠١٩ سەدر داوای خۆپیشاندانی ملیۆنی کرد و شۆڕشی تشرینی شیعەکان هەڵگیرسا، کە دروشمەکانیان دژایەتی ئێران و میلیشیاکانی حەشد بوو، لەبەرامبەردا ئێران هەوڵی سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان و تیرۆرکردنی خودی موقتەدا سەدریاندا لە ڕێگەی فرۆکەی دوورونی بۆمب ڕێژکراوە، بەڵام سەرکوتکردنی خۆپیشاندان و تیرۆرکردنی سەدر بە بڕیاری قاسمی سولەیمانی شکستی هێنا، خۆپیشاندانەکە فراوانتر بوو و ئەمەریکاش قاسمی سولەیمانی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ تیرۆرکرد و ئەمەش گۆڕەپانەکەی بۆ سەدر و خۆپیشاندەران چۆڵکرد و لە ئەنجامدا بووە هۆی دەستلەکار کێشانەوەی حکومەتەکەی عەبدولمەهدی و نفوزی ئێران لە عێراق گورزێکی گورچک بڕ و کاریگەری بەرکەوت.




لە ٨ حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٠ دا کاندیدەکەی سەدر و ئەمەریکا کە مستەفا کازمی سەرۆکی دەزگای هەواڵگری عێراق بوو وەک سەرۆک وەزیرانی نوێ هەڵبژێردرا کە ئامانجی حکومەتەکەی سنووردارکردنی دەسەڵاتی ئێران و میلیشیاکانی و ئامادەکاری بوو بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە کە میلیشیاکانی حەشد لە گۆڕەپانی سیاسیدا دەسەڵاتیان سنووردار بکرێت.

### سەدر پاڵەوانی عێراقییەکان و فریاد ڕەسی ئەمەریکا

تێزێکی باوی کیسنجەری هەیە دەڵێت ( ئەمەریکا دۆست و دووژمنی نییە بەڵکو بەرژەوەندی هەیە) لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر سەدر لە ڕابردوودا دوژمنی ئەمەریکا بووبێت ئەوا لە ئێستادا بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا وادەخوازێت کە سەدر دۆست بێت، ئەم هاوکێشەیەش بۆ سەدریش بەهەمان شێوە دروستە، چونکە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و سەدر لە ئێستای عێراقدا هاوتەریبە لەبەر چەند هۆکارێک:

١-موقتەدا سەدر سەرکردە و مەرجەعێکی ئایینی شیعەی عێراقە، بەڵام جیاواز لەگەڵ مەرجەعەکانی تری عێراقی مەرجەعێکی عروبەخوازەو باوەڕی بەمەرجەعیەتی ناوخۆی عێراقی هەیە نەک دەرەکی.

٢-ئەمەریکا و سەدر لە سنووردراری دەسەڵات و نفوزی ئێران لە عێراقدا هاوبەشن هەردوولا دەیانەوێت سنوورێک بۆ ئێران دابنێن و بەبێ هاوکاری یەکتر ئەم کارە ئەستەمە.


٣- بەهەمان شێوە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە یەک کاتدا دوژمنی ئەمەریکا و سەدرن و هەڕەشە لە بەرژەوەندی هەردوولایان دەکات.

٤-سەدر خەونی گەشتن بە کورسی مەرجەعیەتی سیاسی هەیە لە دوای مردنی سیستانی، کە ئێستا دۆخی تەندروستی نا جێگیرە و تەمەنی هەڵکشاوە، بەهەمان شێوە ئەمەریکا لە ئێستاوە ئامادەکاری دەکات بۆ دوای مردنی سیستانی و ڕێگری لەوەی ئێران دەست بەسەر مەرجەعی یەکەمی شیعەکاندا بگرێت کە نەجەف و کەربەلایە.

٥- هەروەها لە ڕووی سیاسیشەوە تاکە هێزی ڕێکخراوو یەکگرتووی شیعە سەدرییەکانە کە ئەمەش بۆ ستراتیژی درێژخانی ئەمەریکا گرنگە و کەمتر مەترسی دابەشبوونیان هەیە.

٦-لە ڕووی مەزهەبیەتی سیاسی شیعەشەوە سەدر باوەڕی بە ویلایەتی فەقیهی ئێران نییە و ئەمەش بۆ ئەمەریکا گرنگە، چونکە نایەوێت دەوڵەتێکی ئایینی شیعە لە عێراق دروست بێت هاوشێوەی ئێران.

**بەپێی پێشبینیەکان سەدر براوەی هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق دەبێت و ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی دەبێت لە دیاریکردنی پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراقدا**




ئەمانە و چەند هۆکارێکی تر وادەکات کە دڵۆپەی بەرژەوندیەکانی سەدر و ئەمەریکا برژێنە یەک جامەوە، بەڵام ئایا سەدر لە دوای هەڵبژاردن هەڵویستی چی دەبێت؟ ئایا ئێران لە گەمەکانی ئەمەریکا و سەدر بێدەنگ دەبێت؟ شەقامی عێراقی سەدریان وەک مەرجەع قبوڵە؟ هەڵوێستی کورد و سوننە چی دەبێت لەبەرامبەر ستراتیژی ئەمەریکادا؟ئەمانە ئەو گریمانانەن کە گەرەنتی نەکراون و لە دوای هەڵبژاردن ڕوون دەبنەوە.

**دەرئەنجام:**

١- بەپێی پێشبینیەکان سەدر براوەی هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق دەبێت و ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی دەبێت لە دیاریکردنی پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراقدا

٢- لە دوای خۆپیشاندانەکانی تشرین و هاتنەسەردەسەڵاتی کازمییەوە حکومەت و جومگە سەرەکییەکانی وەک بانکی ناوەندی و هەواڵگری و سوپا و ئاسایشی نیشتیمانی ڕادەستی سەدرییەکان کراون



٣- دەوڵەتی قانونی مالیکی و ئێران لەلایەن کازمییەوە بنکۆڵ کراوە ئەمەش لەبەرژەوەندی سەدر و ئەمەریکایە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا

٤-هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق قۆناغێکی ڕاگوزەر دەبێت لەنێوان عێراقی دوای سەدام و عێراقی ئاییندەدا و ئەمەریکا و کەنداوو ئێران گرەوی لەسەر دەکەن، هەربۆیە مەترسی ئەنجامنەدانی یان پشێوی و گرژی پێش و دوای هەڵبژاردن ئەگەرێکی کراوەیە لە ژێر کاریگەری گۆڕانکارییە ناوچەییەکاندا.

٥- بۆ سەدر گرنگە مەرجەعیەتێکی سیاسی لە کوردستان هەبێت کە دژی حەشد و ئێران بێت و هاوکاری بێت لەگەشتن بە کورسیەکەی سیستانی.

٦- لە هەڵبژاردنی داهاتوودا سەدر کاندیدی ڕاستەوخۆی لە ڕەوتی سەدر نابێت چونکە نایەوێت هێز و جڵەوی شەقام لەدەست بدات بەڵکو دەیەوێت لە پشت پەردەوە سەرۆک وەزیران دیاری دەکات بەهاوکاری ئەمەریکا.

٧- سەدر پشتیوانی ئەمەریکا و کەنداوو ئیسرائیل دەکات بە قەڵغانی بەرگری لەبەرامبەر هێرش و کاردانەوەکانی ئێراندا، مردنی خامەنەئی و گۆڕانکاری لە ئێران،عێراق بەتەواوی دەخاتە ژێر عەمامەکەی موقتەدا سەدرەوە.

* بەرپرسی دیسکی عێراق و کوردستانی ناوەندی ئیمارات بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی


-توێژەر لەناوەندی زانکۆی تەلئەبیب

-مامۆستا لەزانکۆی ئەمەریکی قاهیرە

-نووسەر و ڕۆژنامەنوس

# جواناسی و کۆمەڵگا

رەوەند محەمەد جەمیل



ڕەنگە باسکردن لە ئاستی جوانناسی هەر کۆمەڵگایەک تەواو پەیوەندی بەئاستی جوانناسی تاکەکانییەوەشی هەبێت، لەبەرئەوەی جوانناسی تاکەکانە ئاستێکی ڕێژەیی جوانناسی بۆ کۆمەڵگا دروست دەکات. کە باس لە جوانناسی دەکەم، پێویستە لەسەرم هەندێک لەو کاریگەرییانەش بڵێم کە پەیوەندییان بە ئاستی جوانناسی تاک و کۆمەڵگاوە هەیە.. بۆیە پێموایە سەرەتا ماڵ و دامەزراوەکانی پەروەردە و فێرکردنن ئەم ڕۆڵە دەگێڕن لە دروستکردن یان بنیادنانی هەستی جوانناسی تاک، ئەمەش پڕۆسەیەکی درێژخایەنە و چەندینساڵی پێویستە بۆ گەیشتن بەم خواستە باڵایە، کە لە داهاتوودا کاریگەری بەسەر تەواوی شێوە ژیانی تاکەکانی نێو کۆمەڵگا و فۆڕمی گشتی کۆمەڵگا هەیە.

بۆیە پێویستە ئەو کاریگەرییانە بزانین کەوا لە تاکی نێو کۆمەڵگا دەکات، بگات بە ئاستێکی پێویستی جوانناسی.. من سەرەتا باسم لە ژینگەی ماڵ و دامەزراوەکانی پەروەردە و فێرکردن کرد، بۆیە ژینگەی ئارام و پاک و گرنگیپێدانی بەخێوکەر لە ماڵەوە، واتە ژینگەیەکی ئەرێنی تا ئاستێکی زۆر کاریگەری بەسەر بنیادنانی ئاستی جوانناسی منداڵەوە هەیە، لەبەرئەوەی بەپێچەوانەوە ژینگەی پیس و توندوتیژ و خراپی ناوماڵ ئاستێکی نەرێنی بۆ منداڵ دروست دەکات لەڕووی هەستکردن بە جوانناسی.. پاشان ڕۆڵی دامەزراوە پەروەردەییەکانی وەکو باخچەی منداڵان و قوتابخانە و زانکۆ دێت کە درێژە بەئاستی جوانناسی لەڕووی نزمی یان بەرزی ئاستەکەوە دەدات، ئەگەر ژینگەی ماڵەوەی فۆڕمێکی نەرێنی بێت، ئەوا ڕۆڵی دەزگاکانی پەروەردەیی دێت بۆ گۆڕینی ئاستی نەرێنی جوانناسی تاک بۆ شێوەیەکی باش، هەر لەهەمان کاتیشدا ئەگەر ژینگەی ماڵەوە باش و ئەرینی بێت ئەوا دامەزراوەی پەروەردە و فێرکردن زیاتر ئەو ئاستە بەرز و بەهێزتر دەکات!

لە دەزگاکانی پەروەردەش مامۆستای پەروەردەی هونەری لەمیانەی بابەتی هونەری و چالاکی هونەری ڕۆڵێکی ئێجگار زۆر دەگێڕێت لە بنیادنانی ئاستی جوانناسی تاک! کە دەکرێت بڵێم ئاستی ڕۆشنبیری مامۆستای پەروەردەی هونەری بە هاوکاری ستافی مامۆستایان و کارگێڕی قوتابخانە و زانکۆ هەموویان بەیەکەوە دەتوانن ئاستی جوانناسی قوتابیان و خوێندکاران بەرزبکەنەوە.

کاریگەرییەکی دیکەی هەستکردن بە جوانناسی (ڕاگەیاندن)ە، ڕەنگە لەم سەردەمەی ئینتەرنێت و سەتەلایت کۆنترۆڵکردنی ئەم تەکنەلۆژیا بەربڵاوە تۆزێک زەحمەت بێت! لەبەرئەوەی سات بەسات هەموو ڕووداوە جیاوازەکان لەڕێی ئامرازی شاشەوە دەخاتە بەرچاوی بینەر،

**سەرەتا ماڵ و دامەزراوەکانی پەروەردە و فێرکردنن ئەم ڕۆڵە دەگێڕن لە دروستکردن یان بنیادنانی هەستی جوانناسی تاک**

بەڵام لێرەدا سەقامگیری وڵات لەڕووی دادپەروەری و ئابووری و سیاسی.. ڕاستەخۆ دەتوانێت هەموو ڕووداوە نەرێنییەکانی جیهان کۆنترۆڵ بکات و بەلاوەی بنێت! بەڕوونتر بڵێم، خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگایەک هەموو ڕووداوە نەرێنییەکانی کۆمەڵگا ناسەقامگیرەکان بەلاوە دەنێت و ڕووە ئەرێنییەکانی خۆی دەسەپێنێت بەسەر تاک و کۆمەڵگاکەی، بەپێچەوانەوە ئەو وڵاتانەی کە ناسەقامگیرن لەڕووی دادپەروەری و ئابووری و سیاسی.. ئیتر ڕاگەیاندنەکانیان بەهۆی ئەو دۆخە نەرێنییەی کۆمەڵگاکەیان زۆرینەی هەواڵ و شیکار و ڕاڤەکردنەکانیان نەرێنی دەبێت و تاک و کۆمەڵگا ڕەشبین دەکەن! بۆیە ڕۆژانە هەواڵی ناخۆش و نەرێنی پەخش دەکرێت و تاوای لێدێت ئاستی جوانناسی تاک لەو وڵاتانە نزم دەبێتەوە.

کاریگەرییەکی دیکەی ئاستی جوانناسی کۆمەڵگا، بەڕێوەبەری کارگێڕی شار و دێ و لادێکانن کە لە ڕێگای جوانکردن و پاکڕاگرتنی هەموو ناوچەکانی بەردەستیان ئەو هەستە لای هاوڵاتی دروست بکەن کە جوانناس بن! بۆیە ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر و بەردەوام.. ئەمانە هەمووی دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاک (خۆدانەپاڵ ـ ئینتما)ی بۆ شارەکەی زیاتربێت و شار و وڵاتەکەی جوان ڕابگرێت.

توێژێکی دیکەی کاریگەر و گرنگ، کە زۆر پێویستە پشتیان پێببەسترێت لەم پرۆسەیەدا، کاریگەری هونەرمەند و ڕۆشنبیرەکانە، کە زۆر پێویستە لە هەموو شوێنیکی شار و شارۆچکەکان شوێنپەنجەیان دیاربێت، بە پەیکەر و تابلۆ و دیواربەندی هونەری و مۆزیک و شانۆی ناو هۆڵ و سەرشەقام، بەم شێوەیە تاک ئاستی جوانناسی لادروست دەبێت، کە ئەوەش کاریگەرییەکی ئێجگار زۆری هەیە بۆ لێبووردەیی و هەستکردن بەبەرپرسیارێتی تاک لەناو کۆمەڵگا، لەلایەکی دیکەوەش بەرزبوونەوەی ئاست و ڕێژەی ئەو کەسانەی ناو کۆمەڵگا ڕاستەوخۆ پەیوەندی دەبێت بە تەندروستی دەروونی تاکەکانی نێو کۆمەڵگا، بەشێوەیەک کۆمەڵگا دەبێتە کۆمەڵگایەکی داهێنەر و بەرهەمهێن و دوور دەبێت لە کێشەی دەروونی.



# رەخنەو لێکۆڵینەوە

- **ئیرۆتیک، رۆمانسیەت، لیریک لای قوباد جەلیزادەدا**

فەرەیدوون سامان

- **ڤەگێڕانا شعری، سەروبنکرنا فورمێ گۆتنێ یە**

ئازاد دارتاش

- **سەیدی هەورامی و سەرهەڵدانی شێعری ئەویندارانە لە ئەدەبی کوردی هۆرامیدا**

محەمەد وەلی کاکایی

- **مادی ناوەڕاست، شێوەزارێکی نەناسراو**

کامەران رەحیمی

- **شاعیری خەباتگێڕی کورد فەریکی پۆلادبێگ**

د. جمشید حەیدەری

- **زمان و گوتاری ئەدەبی**

غازی حەسەن

# ئیرۆتیک، رۆمانسیەت، لیریک
# لای قوباد جەلیزادەدا



فەرەیدوون سامان

**قوبادی جەلیزادە لە ئەزموونی نووسینی شیعری خۆیدا و هەروەها لە وێستگە جیاوازەکانی ئەو ئەزموونەدا بە چەند وێشتگەیەکدا تێپەڕیوە، دەتوانین وەک سەرەتای نووسینی هەر شاعیرێک ئاماژە بەوە بکەین کە لە ژێر کاریگەریی شاعیرانی کورد و دواتر لەناو عەرەبیشدا بە ئاشکرا رۆمانسیەتی شاعیرێکی وەکی نزار قەبانی پێوە دیار بووە**

**بەشی یەکەم**

بەڵام لە دوا وێستگەی ئەزموونی شیعری خۆیدا دەتوانین ئاماژە بەتایبەتمەندییەکانی قوباد بکەین کە وەک شاعیرێکی بە تواناو کارامە ناسراوە بەتایبەتیش لەو ساڵانەی دواییدا، کە پتر کاری لەسەر نووسینی ئیرۆتیک کرد، دوای بەچاپگەیاندنی چەند کۆشیعرێکی خۆی بە ناوەکانی (چاکەتێک لە کۆنە دەکرم) - دەزگای جەمال عیرفان ٢٠١٥)، (با لەسەری کۆڵانەکانەوە دانیشتووە،)-غەزەلنووس ٢٠١٥، (هایکۆکانی قوباد- دەزگای جەمال عیرفان ٢٠١ ، لە خوێندنەوەی تێکستە شیعرییەکانیدا خوێنەر ئەو بۆچوونەی لا گەڵاڵە دەبێت، کە وێڕای ئەو بەها ئیستاتیکیانەی کە لە رەگەز و پێکهاتە هونەرییەکانی شیعرەکانی شاعیردا هەن، هاوکاتیش خەسڵەتێکی جیاواز لەگەڵ ئەزموونی نووسینی شاعیرانی دیکەی هاوچەرخی کورد بەدی دەکرێت، بۆیەش دەتوانین بڵێین کە قوباد جەلیزادە شاعیرێکی ئیرۆتیکخوازە، ئەویش بە ئاماژەکردن بە زۆرێک لەو نموونە شیعرییانە کە بەرچاوی خوێنەران دەکەون، لەو توێژینەوەیەدا باس لە چەمکەکانی ئیرۆتیکا و جیاکردنەوەیان لەگەڵ چەمکەکەکانی رۆمانتیک و پۆرنۆ دەکەین، تا پتر بەرچاوروونیەک بخەینە بەردیدەی خوێنەرانی هێژا دواتریش لەبواری پراکتیکدا ئاماژە بە چەند نموونەیەکی شیعری ئیرۆتیکی قوبادی شاعیر دەکەین.



**قوبادی جەلیزادە شاعیرێکی ئیرۆتیکیە؟**

ئەو بۆچوونە گومان هەڵناگرێت کە دەبێت ئەو مەرج و خەسڵەتانەی لە دەقێکی شیعری ئیرۆتیکیدا هەن، لەهەمان دەقی شیعرەکانی قوبادیشدا هەبن، لەدەسپێکی وەڵامی ئەو پرسیارە گەرەکە سەرەتا بۆ واتاو چەمکی ئیرۆتیک بگەڕێینەوە و دواتر لەگەڵ واتاو چەمکی پۆرنۆو رۆمانسیەتدا جودای بکەینەوە، ئەوسا پێموایە دەگەینە ئەو راستییە کە شاعیرێکی ئیرۆتیکیە یان نا؟، قوباد بە ستایلە جیاوازەکەی لە ئەفراندنی شیعردا و لە وەدەرخستنی بەها جوانییەکانی ئەفراندن

بۆتە خاوەن چەندان تێکستی شیعری کە خوێنەری جوانبین و هەستبین، بە سانایی ئەزموونەکەی شاعیر لە هی شاعیرێکی تر جوێ دەکاتەوە، بۆ نموونە دوابەرهەمی چاپکراوی کۆشیعری (با لەسەری کۆلانەکانەکەتانا دانیشتووە)، کە لەسەر ئەرکی شاعیر خۆی و لەلایەن ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، لەساڵی ٢٠١٥ هاتووتە وەشاندن، سەرجەم کۆشیعرەکە بریتیین لە٣٠٠ لاپەڕە، هەروەها بە پێشەکییەکی شرۆڤەی رەخنەیی شاعیر و رەخنەگر حەمەسەعید حەسەن بەسەر کراوەتەوە. ئاماژەی بە زۆربەی ئەو کۆپلە شیعرانە کردووە کە خەسڵەتی شیعری ئیرۆتیکی تێدایە و لەراستیشدا ئەوخوێندنەوەیە هاوکارییەکە بۆ خوێنەران، تەنانەت لێکۆڵەرانیش بەسانایی ئەو شیعرانە وەدەست بهێنن کە کە ئیرۆتیکین و قووڵتر لە دنیابینی شاعیر وردبینەوە، ئەو خوێنەر و رەخنەگرانەی کە مەبەستیانە بەسانایی ئەو دەقانەیان دەست بکەوێت کە گوزارش لەو چەمکانە دەکەن کە ئێمە لەو خوێندنەوەیەدا مەبەستمانە.

( وەک پاکیزەیی ژن ببارە
ئەی بەفر..
رووت رووت
سادە سادە
سپی سپی
دەبارێت.
نە مانتۆیەکی رەشی لەبەردایە
نە لەچکێکی خۆڵەمیشی.
نە پشتێنێکی خۆکوژی.
رووت رووت
نە ستیان
نە ژێرکراس
نە دەرپێ.
سپی سپی
رووت رووت
نە چارشێو
نە گۆرەوی
نە کەوشی ئاوریشمین.
سادە سادە
بێ گوارە
بێ لووتەوانە
بێ ملوانکە
بێ خرخاڵ
رووت رووت
بێ ماسک ، وەک خەیاڵی من
وەک شیعری من رووت
وەک خەونی مناڵیی ، سپی
ببارە..
دەمووچاوی رووبارە
چڵکنەکان بشۆ
پرچی ئالۆسکاوی ، کانی و
کارێزەکان دابهێنە
بەجۆگەلە چەق بەستوەکان
بڵێ : سەفەر بکەن.
بە سەر ئاتەشگەکاندا،
بە سەر سەلیبی کلێسەکاندا،
بە سەر منارەی مزگەوتەکاندا،
بە سەربارۆ سەماگەکاندا،
لە ئاو رووت تر ببارە.
سپی تر، لە مێزەری پەپوولە.
فێرمان کە ؛
رووتیمان خۆش بوێ.
سادەییمان خۆشبوێ.
پاکیزەییمان خۆشبوێ.
وەک خۆت سپیمان کەرەوە..
رووتمان کەرەوە وەک خۆت
وەک خۆت،
پاکمان کەرەوە لە گوناە.
لە ژەنگ.
لە رق.
رووت رووت
سپی سپی
وەک روحی ژن ؛ سپی
وەک روحی گوڵ؛ سپی
وەک روحی کۆتر، سپی
کولوو کولوو ببارە.
ببارە و
مانایەکی تازە ببەخشە بە شەرەف؛
ئەی بەفر...)

هەروەها لێکۆڵینەوەیەک بە ناونیشانی (ئیرۆتیک لە کۆمەڵە شیعری چاکەتێک لەکۆنە دەکرم ی قوبادی جەلیزادە – د.رێزان سالح مەولود - زانکۆی کۆیە). کە ئەویش لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی و ئەکادیمی بووە لەسەر ئەزموونی شاعیرو ئیشکردن لەسەر ئیرۆتیکیەتی شیعرەکانیدا، ئاماژە بە زۆر لە دەقە شیعرییانە دەکات کە هەڵگری خەسڵەتی ئیرۆتیکین؛ کە پێویست ناکات من لێردەدا



دووبارەیان بکەمەوە، بۆیە من لەو خوێندنەوەیەدا بۆ ئەو کۆشیعرە (یا لەسەری کۆڵانەکانەکەتانا دانیشتووە) وا هەست دەکەم جگە لە تێڕوانین و خوێندنەوەی خۆم لەوان زیاتر شتێکی دیکە نالێم. بە دەر لەوەش کە بە تێڕوانینی رەخنەیی خۆم ئاماژەی بە هەندێک خاڵ بکەم کە رەنگە هێشتا لای خوێنەرانی ئێمە بەرچاو روون نین. جا لێرەدا هەوڵدەدەم بەرلەوەی رۆشنایی بخەمە سەر هەندێ لەو فیگەرانەی کە لەو کۆشیعرەدا ئاماژەم پێکردوون ، گەرەکە وەک ئاوڕدانەوەیەکی خێرا باس لە چەمکە جیاوازەکانی ئێرۆتیک، پۆرنۆگرافی، رۆمانسیزم لە ئەدەب بە گشتی و لەشیعردا بەتایبەت بکەین، چونکە وەکو پێویست هێشتا زۆرێک لە خوێنەرانی کورد جیاوازی لە نێوان ئەو چەمکانە ناکەن، بۆ ئەوەی بزانین قوباد سەر بەکام ستایل یان رێبازی شیعرییە سەرچاوەکانی ئەفراندنی شیعرەکانی لە کوێدا رەگیان هەڵتۆقیوە.

هەندێ لەشاعیرانی ئێمە بێ قووڵبوونەوە وردەکاری هەیانە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە شاعیری ئێرۆتیکین، یان رۆمانسین، وەلێ مخابن هەیە جیاوازی لەنێوان واتاکانی ئەم چەمکانە ناکات، لەو نووسینەدا کە لەبنەڕەتدا خوێندنەوەیەکی ئیستاتیکیە لەسەر کۆشیعری ( یا لەسەری کۆڵانەکانەکەتانا دانیشتووە)، ئاماژە بە ئەزموونی ئەو شاعیرە دەکەم کە لەو بوارەدا شیعری ئێرۆتیکی نووسیوە.

**• گەڕانەوەیەک بە بنەماکانی چەمکی ئێرۆتیکا:**

وشەی ئێرۆتیک لەزمانی یۆنانی کۆندا بە مانای عیشق و ئەڤین دێت، (تنکامگی)ش لە زمانی فارسیدا رێک بە مانای ئێرۆتیکە. ئەگەر ناوەڕۆکی نووسینێک پێداگری بە هێمای ستریسی وئاڵۆشی مرۆڤەوە لەگەڵ عیشقێکی سەرزەوینیدا بکات لەرادەی نووسراوێکی ئێرۆتیکدا دادەنرێت، هەروەها سێکس کە پێکهاتەیەکەی لەغەریزە و جەستەی مرۆڤدایە، کەچی عیشق پێوەندی بە گیان و هەستی مرۆڤەوە هەیە، ئەدەبیاتی ئێرۆتیکی لەراڤەکردنی پەیوەندی سێکسی و سۆزداری نێوان کەسێک لەگەڵ کەسێکیتر دایە، کە هەردوو لایەن لەپێوەندییکی ئەڤیندارانەیاندا لانی کەم سۆزدار پێکەوە دادەنرێن، گێڕاندنەوەی ئەگەری کردار یان ئارەزووی سێکسی پێکهێنانی بەتەنێ بەشێک لەتێکستەکەدایە. جوانی و جوانیناسی لەم جۆرە تێکستانەدا جێگاییکی زۆر گرینگیان هەیە و بە وتە باسکردن لەسەر کرداری سێکسییان نیشاندان و پێداگری لەسەر ئەندامی زاوزێدا ناوەڕۆک و بەشی سەرەکی مژارەکە پێکناهێنێت.

لەئەدەبیاتی ئێرۆتیکیدا نە بە تەنێ بایەخەکانی ئەدەبی وەکو شوێنەوار دەناسرێن، بەڵکو لە رەخنەی کۆمەڵگادا بەتایبەت لایەنی رەخنەی ئاکاریش بێ ئاگا نییە. لەئێرۆتیکدا جەستە هەیە،



بەلام تەنیا لەش نییە، گیانی کەسایەتییەکانیش و جۆری پێوەندی و هزر و ئیدی تایبەتمەندیەکانی تری ئاسەوارێکی ئەدەبی بەرچاو و دیارن. ئەم ئەدەبیاتە بێشەرم و نەترسە و پێوەندی و بۆنەگەلی کۆمەڵایەتی و هەروەها روانگەکانی ئایینی و ئاکاری کۆمەڵگا بە کێشەوبەرە دەکێشێت.

ئەدەبیاتی ئێرۆتیکی کەم تا زۆر لەکۆنەوە لەهەموو کولتوورەکاندا بوونی هەبووە و لەسەردەمانی جۆراوجۆری مێژوییدا زۆر هەوراز و نشێوی تێپەڕاندووە. دڵخوازی (سەلیقەی) ئەدەبی هونەری و بایەخەکانی ئاکاری و بەدەسەڵاتی هەر سەردەمێک پێوەرێکن بۆ وەرگرتنیان، وەرنەگرتنی ئاوەها ئەدەبیاتێک لە لایەن کۆمەڵگاوە. مێژووی ئەدەبیاتی ئێرۆتیک نیشان دەدات کە لەلایێکەوە دابونەریت و ئاکاری کۆمەڵگا و لاییکی تریشەوە سانسۆر و پشکاندنی حکومەتی دەورێکی دیارکراوی

لەپێکهاتن و دروستبوون و پەرەپێدانی ئەمجۆرە ئەدەبیاتە هەبووە وهەیەتی. دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێت کە ئەدەبیاتی ئیرۆتیکیش هەر وەکو ئەدەبیاتی پۆرنۆگرافیک بە نیازی ورووژاندنی ئارەزووی سێکسی لەمرۆڤدایە، بەڵام بەو جیاوازییەوە کە نووسراوە لە هێڵی هاوبەشی تەواویاندا تەنیا ئەندامی سێکسی ناسووڕێتەوە هەست و سۆزیش جێگاییکی تایبەتیان هەیە.

## • چەمکی پۆرنۆگرافی:

وشەی پۆرنۆگراف لە زمانی یونانی کۆندا و بە واتای (وێنەکانی داوێنپیسی)یە و لە زمانی فارسیشدا وشەکانی (هرزەنگاری، زشتنگاری و وقاحتنگاری) ریک بەرانبەر بە پۆرنۆگرافییە. ئەو شتانەی لە نووسراوی پۆرنۆگرافیدا زۆر بەرچاون، وەبەرچاوهێنان و نیشاندانی کرداری سێکسی و پیداگریکردن بە ئەندامی (سێکسی) زاوزێدایە و شێوەی هەست و سۆزی پێوەندی نێوان هەردوولایەن لەبەرچاو ناگیردرێت و تایبەتمەندییەکانی ئاسەوارێکی ئەدەبی کە هەڵگری پێواری جوانناسی بێت تێیدا نییە و یان زۆر لاوازە. ئەوەش روون و ئاشکرایە کە پۆرنۆگرافی سێکس بە ئیشێکی سادە و کورت و کۆتا دەکاتەوە، مرۆڤیش لەئاسەواری پۆرنۆگرافیدا بە ئیشی سێکسی کۆتایی دێت و کراوەتە ئۆبژەییکی تەواوی سێکسی. پۆرنۆگرافی چاو لەو شوێنەی ناکات کە ئیشی سێکسی تێدا دەکرێت و پێوەندی نێوان مرۆڤەکانیش بەلایەوە گرنگ نییە، ئامانجی پۆرنۆگرافی شتێک نییە، جگە لە ورووژاندنی هەستی سێکسی خەڵک بە پێداگری کردن لەسەر تەنیا ئیشی سێکسی، کەوایە دەتوانین بڵێین پۆرنۆگرافی تەنیا بە کردار و ئەندامی سێکسی پێداگری دەکات و پشت دەبەستێ و کاریشی تەنیا نیشاندانیان بە وێنەکێشانی ئەوانەیە، لەم جۆرە ئەدەبیاتەدا زۆرتر هەبوونی ژن تەنیا وەکو ئۆبژەیێکی سێکسییە و بە زۆری لەروانگەی پیاوانەوە دەنووسرێن. کەواتە لەگەڵ ئارەزووی سێکسی پیاوانەوە سازگارترە و بەم بۆنەوەش زۆرتر پیاوان لایەنگری ئەمجۆرە ئەدەبیاتەن، ژنان کەمتر.

بە کورتی رەنگە بتوانین ئاوەها ناساندنێک بۆ پۆرنوگرافی پەسەند بکەین و وەبەرچاو گرتنی کرداری سێکسی و ئەندامی سێکسی لەلایێک و نەبوونی گیان و هەست وسۆزو نەبوونی لێهاتوویی هونەری لەلاییکی ترەوە.



## ئێرۆتیک و پۆرنۆگرافی:

بۆ کۆکردنەوەی ئەو شتانەی کە باسمان لێوە کردن دەتوانین بڵێین کە پۆرنۆگرافی تەنیا و تەنیا بۆ هاندانی سێکسی مرۆڤەکاندا بین و دروست بووە و لە هەر جۆرە جوانیناسی هونەری دوورە و خۆماکی بووە، بەڵام هەر چەند کە ئێرۆتیک لە بزاوتنی سێکسی بێئاگا نییە، کەچی بایەخەکانی جوانیناسیشی هەیە و لە نێو سنووری هونەریشدا جێگا دەگرێ، لە دوای ئەم هەموو باسانە وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵەش دەتوانێت بەکەڵک بێت، کە ناتوانین هەمیشە و لەهەموو شوێنێک پۆرنۆگرافی و ئێروتیک بەروونی لێکتر جودابکەینەوە. لە دیارکردنی جیاوازیان یەکسان زانینی ئەو دووانە زۆر هۆکاری جۆراوجۆر وەکو کلتوور، دابونەریت، ئایین، مێژوو، نەستی کۆمەڵ و دڵخوازی و گیرۆدەیی تاک دەوریان هەیە.

## پۆرنۆگرافی وئێرۆتیک لە ئەدەبیاتی جیهانیدا:

دەتوانین هەڵوێستی غەریزەی سێکسی مرۆڤ لەئەدەبیاتدا لە کۆنەوە لەلای زۆربەی وڵاتان و فەرهەنگەکانی دنیادا ببینین. لە هیندستان (کاماسوترا) لە نێوان ٢٠٠تا٣٠٠ساڵ پێش زاییندا نووسراوە، لە چینستاندا کتێبی بە ناوبانگی (جینگ پینگمای) و لە رۆژئاواشدا

**هەندێ لە شاعیرانی ئێمە بێ قووڵبوونەوە وردەکاریی هەیانە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە شاعیری ئیرۆتیکین، یان رۆمانسین**

**دەبێت ئاماژە بە کاریگەری شاعیرانی دیکە بکەم لەسەر قوباد بەتایبەتیش نزار قەبانی کە لە رابردوو وەک باکگراوندێک لە ئەزموونی شیعرییە بەراییەکانی بە ئاشکرا ئەو کاریگەرییە بەدی دەکەین**

مێژینەی ئەدەبیاتی ئێرۆتیک دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی کۆن لە سەردەمی یۆنان و رۆمانی کۆندا، ئەم جۆرە ئەدەبیاتە لە گەڕانی مێژوویی خۆیدا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا توانی بە مانای مودێرنی وشە سەقامگیر بێت و نووسەرانێکی وەکو ( چوون گیدو وموپاسان، لارن سو و ئەلبرتۆ مۆرافیا و..) زۆر کەسی دیکە، کە یەک لەدوای یەکتر لەنێو رۆمانەکانیاندا لەئێرۆتیک دەدوێن. ئەدەبیاتی سەدەی بیستەمیش کەسانێکی بە ناوبانگی وەکو(جێمس جۆیس وناباکۆف) لە بواری ئەدەبیاتی ئێرۆتیکدا بە دنیا ناساندووە، رەنگە لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئاماژە بە تێکستی ئەدەبی چەند شاعیرێکی وەک شێخ رەزای تاڵەبانی و نالی ناسراو بە مەلاخدری شارەزووری بکەین .لەئەدەبیاتی هاوچەرخیشدا زۆرێک لە بەرهەمە شیعرییەکانی قوبادی جەلیزادە باشترین ئاماژە بن، نموونەی ئەم باسەی ئێمەش لە کۆشیعری (با لەسەری کۆڵانەکەتانا دانیشتووە... ) نموونەیەک دەخەینە بەرچاو:

هاتۆتە بەر پەنجەرە..
بەهەڵمی میناکان پەنجەی گەرم دەکاتەوە;
بەفر.
❊
کەوشەکانی ئاو بردنی..
پێیەکانی خستە ناو رووبار;
بەفر
❊
کە هاتە دەر، ملوانکە سپییەکەی پسا بوو..
چوو بۆ ماڵی ئاو؛
بەفر.
❊
لەبن پێ قورسەکانی باراندا،
خرمە خرمی،
پەراسووە ناسکەکانی بەفر.
❊
پێی خلیسکا..
کەوتە ئاوی کانیەکەوە؛
ئەستێرەیەک.
❊
بە چلێک هەور،
قاچ و قوڵی داپۆشیوە ..
سەرمایەتی؛ مانگ.
❊
گوێم لە زریکەی ژنێک بوو..
کە لەپەنجەرەوە سەیرم کرد
-با- بوو بە قژ بەفری رادەکێشا.
❊
زستان ، کڵاوی بەفر،
چاکەت و پانتۆڵی زوقمی لەبەردایە
بۆینباخێکی بەستووە لە چلوورە.
❊
بەسەر باڵی ریشۆڵەوە..
لەشاخەوە هاتە شار؛
بەفر.
❊
لە چیمەنەکەدا، دۆشەگێکی سپی راخست..
ریشۆڵەکانیشی، بەسەر تەلی کارەباوە ریز کرد؛
بەفر.

(لەکتێبی: ستیانی بەفر پڕە لەریشۆڵە).


لەو دەقە شیعرییەدا، زمانی دەربڕین رۆڵێکی کارا دەگێڕێ لە پێکهێنانی ستراکتۆری ئەو دەقە داهێنراوەدا، هەروەها لە رووی دارشتن و تەکنیکی زماندا،کە دەقی شیعری لە دەقێکی ناشیعری جودا دەکاتەوە، هەر بۆیەش گەرەکە ئەو زمانە شیعرییە زمانێکی هونەری بەرجەستە و ناراستەوخۆ بێت کە تێڕامان لای خوێنەر بئافرێنێت، واتە لەرێگای ئەو زمانە هونەرییە شیعرییە خوێنەر ستایلی شاعیر لە هی شاعیرێکی تر جودا دەکاتەوە. لە نێوان وێنە و واتا و نەخشەڕێژی ئەو دەقە و بە یەکگرێدانی ئەو رەگەزانەی کە شیعرەکە تەواو دەکەن. هەر بۆیە مەبەست لە زمانی شیعریش، زمانە هونەرییەکەیە کە کۆمەڵێک دەلالەت و سیمبولی لە دووتوێی خۆیدا وەک ریتمەکانی

ناوەوە، وێنە شیعرییەکان بەرجەستە دەکات، لە ئەنجامی خوێندنەوەی شیعرەکە خوێنەر هەست دەکات سەرجەم ئەو دەقانە بەزمانێکی شیعری ئیرۆتیکی، لیریکی بە زمانێکی هونەری نووسراون کە پڕن لە هێما و نمادی شیعری کە لەگەڵ زمانی ئاخاوتنی ئاسایی بەسانایی جودا دەکرێنەوە، چونکە جیاوازی نێوان دەقێکی شیعری لەگەڵ دەقێکی ناشیعریدا ئەوەیە کە دەقی شیعری زمانێکی هونەری ئاماژەییە و لەخەیاڵگەی شاعیردا لە دایک دەبێت، ئەو زمانە شیعرییە کۆڵەگەی بنەڕەتی داهێنانەکەیە، هەر شاعیرێک دەسەڵاتی بەسەر ئەو زمانە هونەرییەدا نەشکێت و نەتوانێت داهێنەرانە مامەڵە لەگەڵ ئەو زمانە هونەرییە بکات لە بەرجەستە کردنی بەهایەکی ئێستاتیکی لە وێناندن و واڵاکردنی ئەو فیگەرە شیعرییانە، ئەوا سەرەنجام نەشیعرێکی داهێنەرانە لە دایک دەبێت و نە شاعیرێکی داهێنەریش بوونی هەیە. کۆی ئەو توخمە شیعریانەش لە دووتوێی زماندا لە خەیاڵ و هزری شاعیردا بە شێوازێک وێنادەکرێن، کە خوێنەران لەو رەوشەدا دەچنە قاڵبی خوێنەرانێکی شرۆڤەکار، یان رەخنەگر، کەواتە لێرە پەیوەندییەکی ئۆرگانێکی لە نێوان دەقی شیعری و خوێنەردا هەیە، خوێنەر رۆڵی خوێنەرێکی رەخنەگر دەبینێت. ئەو زمانە شیعرییە هەر چەند سادەو رەوانیشە، بەڵام تایبەتمەندی خۆی لە جوانی دەربڕینەکانیدایە، لەکاتێکدا دەبێ وەک جیاوازی لەگەڵ زمانی نووسینی شاعیرانی دیکە و گوزارشت لەئاست وتوانا و داهێنانی خەیاڵی نووسینی ئەو شاعیرە دەکات، هەڵبەت دەبێت ئاماژە بە کاریگەری شاعیرانی دیکە بکەم لەسەر قوباد بەتایبەتیش نزار قەبانی کە لە رابردوو وەک باکگراوندێک لە ئەزموونی شیعرییە بەراییەکانی بە ئاشکرا ئەو کاریگەرییە بەدی دەکەین، لە بونیاتی زمان و وێنەدا کە شیعریەکانی خۆی لەسەر هەڵچنیوە. بۆیەش خوێنەر ناچار دەبێت بۆ وێستگەکانی ئەزموونی ئەو شاعیرەی بگەڕێتەوە و پەنا بباتە بەر کۆدی ئەو فیگەرانەی کە نەک هەر بۆ زمانە شیعرییەکەی خۆی، بەڵکو دەبێ بگەڕێتەوە بۆ وێستگە جیاوازەکانی ژیانی شاعیریش.

ئەگەر بێت و رۆشنبیرییەکی قوڵی لەرەهەند و مەودا و باکگراوندەکانی مەعریفی و ئەدەبی لە زمانەکانی وەک عەرەبی یان فارسی و کلتوری رۆژهەڵاتی و نەبێت دووچاری تاسەیەک دەبێت، هەڵبەت لەشیعری نوێشدا شاعیری بە ئاگا ئەو کەسەیە کە ئاگای لەدەقی شیعری و ئەزموونی شاعیرانی دەوروبەر و جیهانی هەبێت، کە سەرەنجام دەبێتە مایەی دەوڵەمەندبوونی ئەو تێکست ەشیعرییە خۆی، ئەگەر نا خوێنەرێکی سادە بڕیاری رەتکردنەوەی ئەو دەقە شیعرییە داهێنراوە دەدات و رەتی دەکاتەوە، لەکاتێکدا کە شیعری هونەری بۆ نوخبەیە نەک خەڵک، ئەو نوخبەیەش بەرپرسە لە تێگەیشتن و چێژ وەرگرتن و پەسەند کردنی ئەو شیعرە، بەرامبەر بەوەش هەوڵدەدات بە سانایی لەسەر بنەمای میتۆدێکی باوی رەخنەیی دەقە ساکارەکان بکۆڵێتەوە.



# ڤەگێڕانا شعرێ، سەروبنکرنا فورمێ گۆتنێ یە



خۆیندەنک د کورتە هەلبەستەکا قوبادێ جلی زادە دا..
وازم لە هەموو شتێک هێناوە،
خەریکی پان و بەرین کردنی،
پردی سیراتم. بۆتۆ.

ئازاد دارتاش

قوبادێ جلی زادە، ییێکە ژ وان هەلبەستڤانان ئەوێن شییان شین تلێن خوە ب کویری د قادا شعرا کوردی یا هەڤچەرخ دا ب هێلیت، ب ستایلەکێ وەها دنڤیسیت کو سڤک و گڕان، سادە و ئالۆز، تەنک و کوویر...هتد، تێکهەلی هەڤدوو ببن، تشتەکێ نوی و رامان هاڤێژ ژێ دەردئینیت، ب شێوازەکێ وەها تێکستا خوە دادرێژیت کو رستەیا ب فورمەکێ سڤک هاتیە دارێژتن، وێ کارتێکرنا پێدڤی ل ناخێ کەسێن نازک بکەت.

دەستەواژەیێن وی دەربڕینێ ل روحەکا یاخی یا تاگیرێ لایەنێن جوان و قەشەنگێ ئەڤینێ و عشقا ژیانێ دکەن، خۆینەری هانددەت ژبۆی ب چاڤەکێ گەشبین تەماشەی دنیایێ بکەت، ئەو ب ئاوایەکێ نەراستەوخوە مینا شاعرێ عەرەب (ئیلیا ئەبو مازی) ژ مەڕا دبێژیت(یێ جوان بە، دێ هەبوونێ ب جوانی بینی).

قوبادێ هەلبەستڤان، خۆدی پرۆژەیەکێ ئەستاتیکی و هزری یە، پەیامێ وی یێ هزری بڕیتە ژ تێزەکا ژیان و ڤیان دۆست، هەلبەستڤان یێ گەشبینە و هەول ددەت وێ نێرینێ د ناخێ خەلکێ دی دا بچینیت، هەر چەند بارەدوخ سەخت و ئالۆز بیت و ژبۆی ژیان یا بەردەوام بیت، ئەرکێ کارێ ئەدەبی ئەوە روحا بەرخودانێ و گەشبینیێ د ناخێ مرۆڤان دا بەردەوام ییێن هەلکری بیت، قوباد لسەر رێچکەیا هەنێ کار دکەت، وەرگڕی بێ هیڤی ناکەت بەلکو وی پاڵددەت د دەمێن تەنگاڤیان دا لایەنێ گەشێ ژیانێ یێ ڤەشارتی ببینیت.

قوبادێ شاعر، ب شارەزایی سەرەدەریێ لگەل پیرۆکە و تیمەیێن خوە دکەت و کەرستەیێ هەنێ دبەتە هوندری ناخێ خوە دا و تێکهەلی ئاشۆپا خوە یا زەنگین و بەرهەمدار دکەت و ب هێزا وێ خەیاڵا و ئەزموونا کوویرا یا ل پشت وێ هەی، هەمبەرێ بابەتی ڤەدبینیت و ب رێیا میتافور و خۆاستە و جەڤەنگێن نەمازەیی و ب ئالاڤێن دی و ب فورمەکێ نەچاڤەرێکری تابلویێ خوە یێ شعری دخۆلقینیت، دیسان سەردەریەکا نەمازەیی لگەل وەرگڕی دکەت و دزانیت چەوا دێ هێزا تامدیتنێ ل جەم مە یێن وەگڕ ئارینیت، وەها ژی هەرتم مە ل هەمبەر رستەیێن نازک و سڕنج راکێش دا دنێت، قوباد هەمیشە مە هەڤریشی هەنگافتنێن وەرگڕتنێ دکەت و هەرتم ئەم چێژەکا بێ سنوور ژ وێ هەنگافتنێ وەردگڕین، چونکو خوە دووبارە ناکەتەڤە، بەلکو بەردەوام جەڤەنگێن تازە چێدکەت و ب شێوازەکێ نەچاڤەرێکری دەربڕینێ ژ تنگژین و دڵینی و سۆز و هەستێن خوە دکەت، ئەو هەستێن ناخێ وی هەژاندین، مینا ئاڤەکا پەنگیایی نە، تەڤ ناڤبڕ و ئاستەنگێن پێش خوە دڕامالیت و دەراڤا خوە چێدکەت، ئەو ئاڤ ژی یا زەلالە چونکو ب هەستێن پۆزتیڤ و ئاڤاکار چێبووینە و ژ چەند فاکتەرێن سەرەکی پێکهاتینە، ژوانا (تاگیری یا جوانیێ و عشقا ژیانێ و خەیاڵا وی یا مرۆڤی نی)، تەڤ ب هەڤڕا دبنە هێڤێنێ

تیمەیێن تێکستێ، ئاشۆپا وی یا زەنگین بەرعەقلی و نە بەرعەقلی(معقول و اللامعقول) تێکهەلی هـەڤدوو دکـەن و ب وێ چەندێ دیمەنێن ڤەکری و فەنتازی دخۆلقینیت، دەما واقعی و خەیالێ تێکهەلی هەڤدوو دکەت و ڤالاتیەکێ د هوندری رستەیان دا جهگیر دکەت و ئەو ڤالاتی و ئەرکێ پرکرنا وان بۆ وەرگری هێلاینە، ژبۆی ئەو تێرامانان بکەت و ڤەدیتنان ب دەستڤەبینیت وب وێ چەندی ژی شیایە هەستێن خوە ڤەگوهێزتە لایەنێ دی د کارێ شعری دا، هەست و هشێ وی ب لڤینیت.

ل جەم هەلبەستڤانێ هەنێ، کارێ ئەدەبی ژبلی لایەنێ ئەستاتیکی پێدڤی یە تێکست، یان هەر کارەکێ هونەری هەلگرێ پەیامەکی بیت، خۆدی ناڤەرۆک و مەسج و پەیام بیت، نافەرۆک تێکستێ پر روح و لڤین دکەت و هەر چەند ئەو ناڤەرۆک یێ کوویر و فرەە رامان بیت و ئانکویان قەبوول بکەت وی قاسی دێ یا نەمر و هەر و هەر زیندی مینیت.

قـوبـاد، مینا تـەڤ شـاعـر و رۆمانڤیسێن




رومانتیکیێن نویکارخۆاز، پەنا بەر کومەکا ژێدەران دبەت و ژوانا ژی تێکستێن ئایینی و ئەفسانە و چیرۆکێن میتیولۆژی و د تێکستێن خوە دا تەوزیف دکەت، لێ وەکو خوە نائینیت، بەلکو تێن ددەت ب تام و رامانەکا جودا و روحا دی یا سەردەمیانە ددەتێ و ب کارئینانا هەنێ گەلەک جاران بووینە جهێ تانلێدان و شـەرەدەڤـان، هەر وەکو ئەو گەنکەشە و ڤەهاندن و جەدەلێن هاتیە کرن لسەر هەلبەستا وی یا ژێر تایتلێ( وەرە با ببین بە سەگ)، جەمسەرێ دژ قوباد ژی هەرتم ژ وان کەسان پێکهاتی یە ئەوێن ژ ماهییەت و ساخلەتێن هونەری یێن چامەیا ئەدەبی نە گەهشتین، ژبەر کو چ جاران مەبەستا قوبادێ شاعر ئەو نەبوویە تێکستا ئایینی کرێت بکەت یان ژی پیرۆزیێن باوەرداران ماندل و لەکەدار بکەت، بەلکو دخۆازیت تێکستێن هەنێ یێن خۆدی کوویرتیەکا دیرۆکی و یێن نکراندی د بیراندانکا گشتی دا ب هەژینیت و پێکهاتەیێن وان ب لڤینیت و رەهەندەکێ دی ژێرا ب بەخشیت و بکەتە خۆازە و هەمبەرێ بابەتی و هەست و سۆزێن خوە تێدا و ب ئاوایەکێ شعری دەربینیت و لسەر کەرستەیێن هەنێ تشتەکێ دی ئاڤادکەت ب وێ چەندێ خۆێندەڤانی لگەل خوە دبەت و ب جیهانەکا دی ئاشنا دکەت.

ئەو جیهانا ئەو د خەیالا خوە دا چێدکەت، یا مشت ب سۆز و هەستێن جوان و ژیان دوست و تێژێن هیومانیزم، ئەو جە چ جاران کەرب و کین و تۆلڤەکرن و ترساندن د نێڤ قەوارەیێ خوە دا قەبوول ناکەت، بەلکو جیهانا ئـەو دخۆلقینیت، دنیایەکا ئـارام و خۆدانا سرۆشتەکێ جوانە و گیانەورێن ب گۆنەە تێدا ب ئارامی دژین.

قوباد هەلبەستا خوە یا بێ تایتل، ب رستەیەکا پەیام گەهێنەر (جملە خبریە) و ب ڤەگێرانەکا سادە دەست پێ دکەت:

وازم لە هەموو شتێک هێناوە،

هەلبەت ب مەبەست کارێ هەنێ کریە، ژبۆی راکێشانا سرنجا وەرگری، ژبۆی کو پرسیار د هشێ وی دا چێ ببن، چما واز ل گشت تشتان ئینایە؟ چ بوویە ژبۆی بریارا هەنێ بدەت؟ دێ ل دویفرا چ کەت؟، پرسیارێن هەنێ حەزا مایتێکرنێ ل جەم مە دئارێنن، هەلبەستڤان ب

ئەنقەست وی کاری دکەت، ژبۆی بەرهەڤکرنا وەرگرێ داکو چاڤەرێی رستەیێن دی بکەت، چونکو ئەم دزانین شاعری هێژ رستەیا خوە یا شعری نە هاڤێژتی یە، یان ب گۆتنەک دی دربەیا خوە یا شعری نە وەشاندی یە، دبیت د رستەیا ییکێ دا پەیام یێ زەلال و سادە بیت، مینا تەڤ رستەیێن پەیام ئامێز، هەر وەها دبیت د رستەیا دوویێ ژی دا، بێهنا خوە فرەە کربیت کودەتا لسەر زمانێ فەرهەنگی و رستەیا گۆتارکی نە کربیت:

خەریکی پان و بەرین کردنی،

هەر چەندە رستەیا هەنێ یا پەیام ئامێز نییە، چونکو رستەیەکا کێمە(جملە ناقصە) رامان هێژ تەڤاف نەبوویە، لەوما خۆیندەڤان هەر دێ چاڤەرێ بیت کا دێ چ هێتە گۆتن، دێ کارین ژ رستەیا هەنێ را بێژین (رستەیەکا ناڤبەری یە)، چونکو د هەلبەستێ دا دکەڤیتە د ناڤبەرا رستەیا سادە و یا شعری دا، ل ڤێرێ ئەو رستە پتر حەزا زانینێ ل جەم وەرگرێ دئارینیت و فاکتەرێ شیرینکرنێ چێدکەت، هەلبەستڤان بلەز لسەر وێ رستەیێ دەرباز دبیت، چونکو د وی دەمی دا، پێدڤییەکا هەلبەستی تێپەراندن لسەر زمانێ کەهی و پەیام ئامێز بهێتەکرن:

پردی سیراتم. بۆتۆ.

رستە ییکسەر بەر ب چربوونێ ڤە دچیت و ئەڤە ژی ییکە ژ مەرجێن هەرە سەرەکی نەمازە د هەلبەستێن کورت و کن هەلبەستان دا، هەلبەستا کورت ئەوا د فەرهەنگا رەخنەیی یا رۆژئاڤا دا ئێدیەمێ (ئیپیگرام Epigram) ژێرا هاتیە دارێژتن، ژبلی مەرجێ هەنێ یێ سەرەکی( خەستبوون)، پێدڤی یە دەستەواژەیێن وێ یێن کورتبن و پارادوکس تێدا هەبیت، هەر وەها دەربرینێ ژ هەلوێستەکی بکەن، هەلبەستڤانێ رومانتیکی یێ ئینگلیز کولیردج ل دۆر هەلبەستا هەنێ دبێژیت( قەوارەیەکا تەڤاڤە و هویریاتی گیانێ وە یە و پارادوکس روحا وێ یە)،.

رستەیا شعری( کو د ڤێ کۆرتە هەلبەستێ دا یا سێ یێ یە)، دکاریت پتر ئانکو و رامان هەمبێز بکەت، بەرۆڤاژییا رستەیێن دی، د دەستەواژەیا هەنێ دا، هەلبەستڤانی کونسێپت و تەڤ دید و نێرینێن خوە چرکرینە، فورمێ



گۆتنێ سەروبنکریە، رەهندەکێ رەوانبێژی و ئەستاتیکی ژێرا بەخشی یە و بیاڤا تنگژینێ جهگیر بوویە و د ناڤەرۆکێ وێ پارادوکس هەیە و دیسان ریتما شعری ب وەقعا پەیڤێ رێکئێخستیە، هەر وەها چێژا وەرگرتنێ د رستەیا هەنێ دا بەرجەستەدبیت، چونکو هەلگرا بهایەکێ شعری و ئەستاتیکی و تێزەکا نوی یە لەوما ئەمێن وەرگر هەڤریشی هەنگافتنا وەرگرتنێ دبین.

قوبادێ شاعر ب شارەزایی سەرەدەری لگەل ستراکچەرێن هەنێ دکەت بەلکو ب زمانەکێ خۆازەیی یێ چر تێپەراندنێ لسەر زمانەکێ گۆتارکی و کەهی و سادە کریە و بەر ب رستەیەکا ئیحائی یا فرەە رامان و خەست چوویە و ب وێ رستەیا کویڤی نەهێلایە وەرگر هەڤریشی بێزاریێ ببیت، د هەمان دەم دا وەرچەرخان د سەنتا هزرکرنا وی دا چێدکەت، تێنا رستەیا هەلبەستی د وێ چەندێ دا، کا دێ چەند کاریت، ژ زمانێ ڤەگێرانێ دەت و رامانێن فەرهەنگی یێن پەیڤێ درینیت و هەتک کەت و ب وێ چەندی ژی رامان ژ شێوەیەکێ ئاسۆیی بەر ب سەنتەکا ستوینکی دچیت.

د ڤێ کۆپلەیا هەلبەستی یا کورت دا، قوبادی ( پرا سیراتێ ) تەوزیف کریە، پرا سیراتێ بوویە ئەو هەمبەرێ بابەتیێ بکاریت هەمبێزا دید و نێرینێن وی بکەت و وان بکەتە هونەر، بیرۆکەیا

تێکستا هەنێ د چەندین ئۆلێن کەڤنار و ئایینێن دێرین دا هاتیە و ب چەندین شێوازان هاتیە تێزکرن، لێ تەوەرێ سەرەکی یێ کونسێپتا وێ ئەوە، کو ئەو پر ب رێکاراست و یێکانەیا دهێتە نیاسین، د باوەرێن جودا یێن ئایینی دا، ئەو دەرێ دبیتە جهێ راستەقینەیێ هەڤرکیێ د نێڤبەرا چاکی و خرابیێن مرۆڤی دا، ئەو پر یێکجار یا زراڤ مینا دەڤێ شیری لسەر دوزەخێ را دچیت و دووماهیکا وێ بەهەشتە، مرۆڤ هەتا بگەهیتە بەهشتێ پێدڤی یە لسەر وێ پرێ را بچیت، قادی دی( بەهەشت) و دەما گونەهێن مرۆڤی پتر بن ژ چاکیێن وی دێ کەڤیتە هوندری دوزەخێ دا، لێ ئەگەر خودی رەوشتەکێ چاک و باش بیت دێ ل وی چاخی گەهیتە بەهشتێ.

پرا سیراتێ، هەر وەکو د گشت تێکستێن ئایینی دا هاتی، کو پرەکا پر ترس و سەهمە، ئەو ژ چێکرنێن چێکارێ میهرەبانن، ل پەی تێزا ئایینی یەزدانێ مەزن ئەو پر زراڤ کریە وەکو نیشانە بۆ پەیتی یا هەڤرکی یێ د نێڤبەرا چاکی و خرابیێ دا و دیسان یەزدانە ئەوێ رێیا راست نیشا مرۆڤی ددەت، ل ڤێرێ قوباد ل تێکستا ئایینی نادەت، قوباد و ژبۆی کو ب کاریت هەست و دڵنیا خوە بکەتە هونەر و پەنای بەر تێکستا هەنێ دبەت و وەکو خۆازە بکاردئینیت و دەما وێ پرێ پان و بەرین دکەت دیمەنێ رۆژا حەشرێ ل پێش چاڤێن مە، جوان و قەشەنک دکەت، د تێزا ئایینی دا سێ ئەلیمنێن سەرەکی هەنە ئەو ژی( ترساندن، شیرینکرن، قایل کرن) لێ د تێزا شاعرێ مە دا، هەر وەکو مەسجا ئەڤیندارەکێ شەیدا خۆیا دبیت و هەول ددەت تەڤ رەنگ و شێوازێن ترساندنێ د هزرێن خۆشتەڤی یا خوە دا ب رەڤینیت و وێ ب هەمی گۆنەهێن وێ ڤە دەربـــازی بەهەشتا خوە بکەت. پارادوکس د ڤێ کۆرتە هەلبەستێ دا، هەر وەکو بەرییا نها مە گۆتی هەر د رستەیا سێ یێ دا جهگیر بوویە، چونکو پرا سیراتێ، ژ چێکریێن چێکارێ مەزنە، ل پەی تێکستا ئایینی حیکمەتەکا ئیلاهی د زرافبوون و تیژبوونا وێ دا هەیە، لێ هەلبەستڤان دبینیت کو د شیانێن مرۆڤی دا یە، گۆنەهێن ئەوێن دی سڤک بکەت، بەلکو ب روحا ئەڤینێ و نیاز پاکی یێ وانا ژ تەڤ گۆنەهان تافیل بکەت، هەڤتێکستی لەگەل تێکستا ئایینی ژبۆی مەرەما هەنێ کریە، ل ڤێرێ تشتەک دی دهێتە ڤەدیتن، ئەو ژی نوزعەیەکا سۆفیگەرانە ل جەم شاعری هەیە، ئانکو شاعر د وێ باوەریێ دایە کو یەزدانی مەزن چەندین ساخلەتێن خوە ژ مرۆڤی را بەخشینە و مرۆڤ دێ کاریت یێ دلۆڤان بیت و ب وێ دلۆڤانیێ و روحا لێبووورینێ دنیایەکا دی یا خۆشتر چێ بکەت.بەلکو یێ دبینیت کو رێژەیەک ژ روحا یەزدانی د گیانێ مرۆڤان دا بەرجەستەبوویە، ل ڤێرێ تێکست تێز و نێرینەکا سوفیگەرانە هەمبێز دکەت، وەها ژی نێرینا خوە دەربـارەی (ئـەوا یان ئەوێن) د قالبەکێ هونەری دا دابرێژیت.

شاعر یاریان ب ناڤەرۆکێ تێکستێ و لگەل وێ دکەت، ئەزێ خۆیندەڤان جار هەست دکەم کو گۆتنا خوە یا ئاراستەکری بۆ خۆشتەڤی یا وی و جارنا ژی هەست دکەم یا ئاراستەکری یە بۆ من و تە و ئەوێن دی، ناهێلیت گۆتار یا سەقامگیر بیت یان تێزکرن بەر ب سەنتەکا دیارکری و ڤەبر ڤە ب چیت، ل ڤێرێ شاعر تێکهەلیەکێ درۆست دکەت د نێڤبەرا دلۆڤانیێ و هەستا هیومانیزم دا، ئەزێ وەرگر هەست دکەم، شاعر یێ من پاڵددەت کو ب ئەرکێن خوە یێن مرۆڤی نی رابم و کەسەکێ پێگیربم ب ئەرکێن خـوە یێن ئـەخلاقی ل هەمبەر تەڤایا بوونەوەرێن دی ئەوێن لگەل مە د ڤێ جیهانێ دا دژین ب جە بینم، یان یێ دخۆازیت پەیامەکی ژمـەرا ئاراستە دکـەت و دبێژیت: (من گشت شیانێن خوە تەرخان کرینە ژبۆی تە ژ گونەهان تافیل بکەم).

قوباد ل تێکستا ئایینی نادەت، بەلکو ژئالیەکی ڤە ب شارەزایی دایەلوکێ لگەل ناڤەرۆکێ وێ دکەت، هەول ب رێیا تێز و پەیڤ و وێنەیان روحەکا تازە یا تۆلەرانس د نێڤ مرۆڤی دا ب خۆلقینیت و ب ڤێ چەندێ ئەو ب ئەرکێ خوە وەکو تاکەکێ رووناکبیر رادبیت، د هەمان دەم دا قوربانیێ ب لایەنێ هونەری و بها و نرخێن پوەتیکابوونێ نـادەت، بەلکو هەڤسەنگیێ د نێڤبەرا هەر دوو ئالیان دا دپارێزیت.

تێکستێن شعری یێن قوبادی دکارن چەندین خۆیندنێن جـودا هەمبێز بکـەن، هـەرتـم مە ل هـەمـبـەر وێـنـەیـێن هـونـەری یـێن هـەژی راوەستیانێن کوور دادنێت.

# سەیدی هەورامی و سەرهەڵدانی شێعری ئەویندارانە لە ئەدەبی کوردی هۆرامیدا

(ئەڵقەی ونکراوی زمانی کوردی لە هەزارەی یەکەمی زاییندا؛ شیکارییەک زمانناسی- مێژوویی)

هۆرامان زێدی ئەهوورایی و ڕەسەنایەتی گەلێگ شاعیر و وێژەوانی مەزنی پەروەردە کردووە، کە بە هەستی بەرزو داهێنانی ڕەسەنیان بوونەتە هۆی سەربەرزی و ڤەژینی ئەم کەلتوورە.

سەرهەڵدان، ڤەژین و داهێنانی ڕەسەنایەتی هۆرامان هۆکاری سەرەکی بوون بۆ بەرگری کردن لە توانەوەی ئەم زمان و فەرهەنگە و بزاڤێکی هەڵقوڵاوی ناخی نیشتمانیان خولقاند لە شیعری هۆرمزگان، پیرشالیاری هۆرامی، ئەدەبی یارسان تا شاعیرانی سێ کۆچکەی هۆرامان بێسارانی، مەلەوی و سەیدی کە بەردەوام لێکەوتەکانی هەر دەدرەوشێتەوە و ناسنامەکە زێڕینتر دەکەن قۆناغ بە قۆناغی ئەم ڕەوتە پێویستی بە دەیان لێکۆڵینەوە و نووسینی تێزی زانکۆیە، کە سامانی ئەدەبی گۆران بەرجەستەتر بکرێتەوە.

**محەمەد وەلی کاکەیی**

یەکێ لە شاعیرە پرشنگدارەکانی ئەم ڕەوتە موحەمەد سلێمان هۆرامیە کە نازناوی سەیدییە و سەیدی بە مانای ڕاو کردن و ڕاو بوونە لە لایەن عەشقەوە. سەیدی لە ساڵی 1199 کۆچی مانگی لە ئاوایی سەرپیری هۆرامان کە ئێستا گوندێکە سەر بە شاری سەوڵاوا هاتووەتە دنیاوە. موحەمەد سلێمان لە ناوچە و گوندەکانی هۆرامانی ئێران و عێراق وانەی ئایینی خوێندووە و لە ئاکامدا لە لای مەلا جەلالی خۆرماڵی بە پلەی مەلایەتی گەیشتووە و لە هۆرامان و گوندی سەرپیر لە پاڵ بەڕێوبردنی ژیان خۆی کاروباری مەلایەتی ئەنجام داوە. ئەوەی سەیدی زۆرتر بەرجەستە کردوەتەوە ئەو نوێخوازی، داهێنان و گورانکارییە بووە کە لە ناوەڕۆکی شیعری هۆرامانی خولقاندی و توانی بە هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانە ئەویندار لە چەشنی زەوینی بخاتە ناو ناوەڕوکی شیعری هۆرامانەوە. ئەم کارە تا پێش سەیدی لە شیعری کوردی بە گشتی و هۆرامان بە تایبەتی نەبووە و ئەم داهێنانەی سەیدی وەرچەرخانێکی گەورە بووە لە ناوڕۆکی شیعری کە ئەتوانین بە گەورەترین کاری ئەم شاعیرە لە قەڵەمی بدەین. سەیدی ڕەوتی گەیشتن بە ئەوینی خوایی، بنەماکەی لە عیشقی مەجازییەوە دەزانێ و دەڵێ مرۆڤ تا عیشقی مەجازی نەبێت ناتوانێ بگاتە عیشقی ئیلاهی.

تا مەجاز نەبوو حەقیق نمەبۆ

حەقیق بێ مەجاز تەحقیق نمەبۆ

ئەر حەقیقیەن ئەر مەجازیەن

دڵۆ من بە خوا بە ئەو ڕازیەن

ئەم گۆڕانکارییە لە ناوەڕۆکی شیعر بە ئاسایی نەبووە و گەلێک کەس دژایەتی ئەم کارەی سەیدییان کردووە و تاقمی سۆفی و کەسانی ئاسایی بە هۆی بارودۆخی ئەو سەردەمە و کاریگەری تەسەوف و عیرفان بەلای شێخ عوسمانی یەکەمەوە لە سەیدی سکالا و گازندە دەکەن، کە ئەم پیاوە شیعر بە بالای ژناندا دەڵێ و شایستە نییە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ تەریقەتی نەقشبەندی پەیوەندی هەبێ.

بەم دژایەتییە سەیدی دیسان لە سەر بیر و باوەری خۆی بووە لە سەر ڕوانگەکەی پێداگری کردووە و لە نامەیەکدا بو شێخ عوسمانی یەکەم بەم چەشنە ڕوانینی خۆی پیشان دەدا.

ئەر عاشق نەبان یەکسەر مەلا و شێخ

فتوا بۆ سەیدی سەربڕان بە تێخ

یەکێکی تر لە هێز و دیاردەکانی سەیدی هۆرامی زانایی ئەو بووە لە سەر زمانەکانی کوردی، فارسی و عەرەبی کە بە باشی ئەمانەی زانیوە و لە شیعری جۆراوجۆردا ئەم زمانانەی بەکارهێناوە و وەها لەم دۆخەدا ناودار بووە، کە وەکوو یەکەم شاعیری ملمع نووسی کوردی ناوی لێ دەبردرێ. هەرچەند دوایی پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار لە سەر سەیدی ئەم زانیارییە دەزانێ، کە کتێبی مێژوویی ئەدەبی کوردی چاپ کردبوو.

**یەکێکی تر لە هێز و دیاردەکانی سەیدی هۆرامی زانایی ئەو بووە لە سەر زمانەکانی کوردی، فارسی و عەرەبی کە بە باشی ئەمانەی زانیوە و لە شیعری جۆراوجۆردا ئەم زمانانەی بەکارهێناوە**

لە نووسینی شیعری هۆرامیدا لە سەر زاراوە جۆراوجۆرەکانی دەڤەری هۆرامان شارەزایی هەبووەو بە دوو شێوەی شیعری هۆنیوەتەوە.



یەکێک لەمانە بە هەمان شێوەی ڕەوتی گۆران بووەو ئەو شێوەکەی‌تریش لەهجەیێک بە ناوی لەهجەی کۆنی هۆرامان ناوی لێ دەربردرێ، هەرچەند لە زۆر گوندی هۆرامان و بەتایبەت گوندی بزڵانە ئەو شێوە کۆنە هێشتا ماوەتەوە ئەم دوو شێوە نووسینە زۆر کەسی هانداوە، کە بڵێن دوو سەیدیمان هەبووە.

زۆر گومان لە شێوەی شیعرەکانی کۆن هەبووە، کە بە دۆزینەوەی دەیان بەیت شیعر لە پەرتووکخانەیەکی ئاڵمانیادا کە ئێستا لە بەردەستی توێژەری ناوداری هۆرامان کاک محەمەد رەشید ئەمینییە گومانەکانی ڕەواندووەتەوەو هەبوونی یەک سەیدی زۆرتر ڕووناک کردوەتەوە.

ڕۆڵی موحەمەد ئەمینی کاردۆخی لە کۆکردنەوەو لە چاپدانی دیوانی شیعرەکانی سەیدی گرنگ و بەرجەستە دەنرخێندرێ، کە بە لێکدانەوەی دەیان بەیازی کۆن و لە

ماوەی 27 ساڵدا لە ئاکامدا لە ساڵی (1971) ز لە شاری سلێمانی دیوانەکەی سەیدی هۆرامی بە چاپ گەیاندووە. ماوەی 27 ساڵ کاروتەقالای بۆ ئەوە بووە کە کاردۆخی پاش ئەو هەموو گەڕانە لە نێو سەرچاوەکانی ئەدەبی کوردی و ... لە ساڵی 1963 پەرتووکخانەکەی تووشی ئاگر تێبەردان بووەتەوەو دیوانەکەی سەیدی و 800 بەیت شیعری خۆی لە ناو چووە و دواتر کۆڵی نەداوە و دیسان دیوانەکەی کۆ کردوەتەوە لە چاپی داوە. هەرچەند لە ئاستی زمانەوانی دیوانەکەی زۆربەی بە هۆرامییە بەڵام نیشان دەدات جیا لە هۆرامی سەیدی بە باشی سۆرانی و کەلهوری زانیوەو زمانەکانی فارسی و عەرەبیشی شارەزا بووەو ئەو ملمع جوانانەی بەم زمانانە نووسیوەو نیشاندەری ئەم راستیەن.

جیا لە شیعری عاشقانە کە بنەمای ناوبانگی سەیدی دەرخستووە لە بەشی شیعری عێرفانیشدا دەستی باڵای هەبووە و بەشێکی زۆری دیوانەکەی لەم شیعرانە پێکهاتووە بە تایبەت لە تەمەنی 60 ساڵیدا کە بووەتە خەلیفەی تەریقەتی نەقشبەندی حەز و خولیای عارفانە لە سەری کاریگەر بووە و ڕۆگەی عەشق لە زەویدا بەرەو ئاسمانی چووەو بوەتە موریدی شێخ عوسمانی یەکەم و گەورەکانی نەقشبەندی و لە سەریان شیعری هونیوەتەوە.

جیا لە شیعری عاشقانە کە بنەمای ناوبانگی سەیدی دەرخستووە لە بەشی شیعری عێرفانیشدا دەستی باڵای هەبووە و بەشێکی زۆری دیوانەکەی لەم شیعرانە پێکهاتووە بە تایبەت لە تەمەنی 60 ساڵیدا

خاس بێ تەشریفت هەم ئاوردەوە

گەرد پات وەتەن ئاوان کەردەوە.

جیا لە دوو بەشی عاشقانە و عارفانە خوشەویستی بۆ سروشتی هۆرامان بەشێکیتری ناوەرۆکی شیعرەکانیەتی کە زۆر بە جوانی دیمەنە دڵڕفێنەکانی هۆرامان و بەرزی شاهۆ و کۆسالانی وەک نەقاشی لە شیعردا بەرجەستە کردووە و بە ڕوگەیێکی پیرۆز سەیری هەورامان و دیمەنەکانی کردووە.

پەی کەسێ خاسەن میرزام کۆسالان

چەنی یارکەرۆ سەیری گوڵاڵان

هەرکەس چوون سەیدی جە هێجران خەستەن

سەیری کۆساڵان کەی ئاوات واستەن

لە کۆتاییدا بۆ باشتر ناساندنی ئەم شاعیرە دەقی وتوویژی ئاژانسی ئیسنای ئێرانی کە بە زمانی فارسییە بە وەرگێڕانی کوردی پێشکەشی هۆگران و ئەویندارى ئەدەبی گۆران دەکرێت

توێژەرێکی کوردستانی بە ئاماژە بەوەی کە مامۆستا سەیدی هۆرامی شیعری ئەویندارانەی هێناوەتە ناو ئەدەبی هۆرامانەوە دەڵێ: بە سەرنج لەوەی کە بەر لە سەیدی زۆربەی شیعرەکان عارفانە بوونە، ئەوە سەیدی بووە کە بۆ جاری یەکەم شیعری عەشقی زەوینی هێنایە ناو شیعری کوردی و توانی گوڕانکارێکی گرینگ تومار بکات.

لە سەر راپۆرتی ئاژانسی ئیسنا موحەمەد سلێمان کوڕی مەحموودە کە نازناوی سەیدییە و مەبەست لە سەیدی بە مانای ڕاوکراو لە لایەن عەشقەوە بووەو لە ساڵی 1199 کۆچی مانگی یانی 237 ساڵی بەر لە ئیستا بە دنیا هاتووە.

حەز کردن بە هۆنینەوەی شیعر لە پاڵ کاری ئایینی هۆکار بووە کە شاعیر بوونی زۆر بەرجەستە بکرێتەوە و گۆڕەکەی ئێستا لە گوندی سەرپیری هۆرامانە و مەکۆی ئەویندااران، عارفان و لایەنگرانی شیعرە و بەدەم هەستی عیرفانەوە هەوای پاکی شاهۆ و کۆساڵان هەڵدەمژن.

موحەمەد وەلی کاکایی لە وتووێژێکدا لەگەڵ ئیسنا رایگەیاند: شیعرەکانی موحەمەد سلێمان هۆرامی بە 3 بەشی گرینگ پۆلێن دەکرێن. عارفانە، ئەویندارانە و پیاهەڵدان بە جوانییەکانی سروشتی هۆرامان.

لە ئاستی زمانییەوە 4 جۆر شیعر دەبیندرێت، کە دوو شێوەی هۆرامی (گۆران) نوێ و کۆن و شیعری فارسی و ملمعاتی فارسی و عەرەبییە کە زانیاری بەرزی ئەو شاعیرە نیشان دەدەن. ئەم توێژەرە کوردستانییە بە ئاماژ بەوەی کە مامۆستا سەیدی شیعری ئەویندارى هێناوەتە ناو شیعری گۆرانەوە وتی بەر لە مامۆستا زۆربەی شیعر عیرفانی بووە و بە داهێنانی سەیدی ناوەرۆکی عەشقی زەوینی هاتە ناو شیعری هۆرامانەوە.




گەر دەی پەنەم چلێو ڕیون

قیمەتشەنە سۆنەم گیون

چی مامەڵە مەگنۆم زیون

یانی ئەگەر تاڵێک لەو پەلکە جوانانەتم پێ بدەی من لە باتی ئەودا گیانم دەدەم و بە دڵنیاییەوە دەڵێم لەم ئاڵوگۆڕو مامەڵەیەدا ئەوە منم کە زەرەر دەکەم، چونکە تاڵێکی قژت لە دەیان گیان بەرزترە.

یان لە شیعری تریدا دەبێژت

نە ژیڤانۆ مەژیڤۆ بێتە ساتێ

حەیاتەمنی حەیاتەمنی حەیاتم

لڤۆ ژیوار مەبوو شێتۆ نیشاتێ

نیشاتێ شێوناش عەیشوو نیشاتم


نیشاتۆ کاکە بارۆمی خجڵنوم

خەمێش بەرگم پەژارەش بۆ خەڵاتم

لەم شیعرە دوو تایبەتمەندی شیعری دیارە یەک گرنگی و بایەخی ئەم شاعیرە لەوە دایە بۆ یەکەم جارە شاعیر بەزەقی ناوی ئەویندارەکەی بێنێت و بڵێت نیشات کچی کاک بارامی گوندی ژیواری هۆرامان عاشقی بوومە. ئەمەیە شۆڕش لە ناوەڕوکی شیعر و زەوینی کردن عەشق لە ئەدەبی گۆرانیدا.

دووەم کێشی دە بڕگەیی و هەبوونی پیتی (ڤ) کە ئەمڕۆژیش لە چەندین گوندی هۆرامان ماوەتەوە و جیا لە هۆرامی لە کرمانجی باکووریش وشەی ئەز هەیە.

کاکایی لەم وتووێژەدا وتی کە شاعیر لە سەر زمانەکانی دەوروبەرەکەی شارەزا بووەو




ئەو شارەزاییە وای کردووە لە دیوانەکەی شیعری فارسی و عەرەبی هەبێ و دەتوانین وەکوو یەکەم ملمع نووسی کوردی ناوی لێ بنێین.

موحەمەد وەلی کاکایی ئاماژەی پێدا کە سەیدی لەسەر دوو لەهجەی هۆرامانی شیعری وتووە کە نیشاندەری زانیاری و گەشاوەیی ئەو بووە و دیارە کە لە شێوەی نوێدا هەمان ڕێبازی شیعری گورانی پێڕەو کردووەو لە شێوەی بە ناو کۆندا ڕاز و قسە شاردراوەکانی دەروونی خۆی نووسیوە و هەستەکانی ڕاشکاوانەتر دەربڕیوە.

کاکایی لە سەر ئەو گومانەی کە سەر سەیدی هەبووە وتی بە دۆزینەوەی 200 بەیتی شیعر لە شێوەی کۆن بە دەستی موحەمەد عەبدۆلی مەهابادی کە شارەزای دەستنووسە کۆنەکانە لە پەرتووکخانەیەک لە ئاڵمانیا زۆر لە گومانەکان ڕەوینەوە و ڕاستی شاعیریەتی موحەمەد سلێمان هۆرامی سەلماند.

لە کۆتاییدا ئەم توێژەرە وتی کە نەوە و جیلی شەشەمی سەیدی ئێستا لە گوندی سەرپیری هۆرامان دەژین و هەندێکشان لە دەیان ساڵی پێش لە هەڵەبجە گیرساونەتەوە.

سەیدی 2 کوڕی هەبووە کە یەکێکیان لە سەرپیر ژیاوە و دوومیان بە قەولێک بووەتە بەرنوێژی ئاوایی نەوەڕە لە نزیک شاری سنە.

لە بە دواداچوونێکدا کە بۆ ئەم کوڕەی سەیدی کرا لە ئاوایی نەوەڕە لەو کەسانەی کە مێژووی نەوەڕیان باش دەزانی و یان بە تەمەنەکان وتیان مەلا شەریف ناوێک بووە کە کوڕی سەیدی هۆرامی بووە، لێرە لە تەمەنی 50 – 60 ساڵیدا بەرەو وڵاتی میسر چووە. ئەوەی کە دیارە سەیدی هۆرامی بەم کاریگەرییە لە ئەدەبی گۆراندا لە ئاکامدا لە ساڵی 265 کۆچی مانگی

کۆچی دوایی کردووە و هەر لە ئاوایی سەرپیر نێژراوە.

شتیتریش کە جێگەی ئاماژەیە ئەوەیە جوانی کێش، دلڕفێنی وشەکان وای کردووە کە زۆربەی شیعرەکانی سەیدی بکرێنە گۆرانی و لە لایەن گۆرانێبێژە ناودارەکانی کورد وەک عەدنان کەریم، سەباح هۆرامی و کەسانی دیکەوە بوترێن.

دولبەر دڵ ئەستانای جەمن شەرت ئی دلستانی نیو

جەورش مدەی رەنجش مەکەر خۆ کافرستانی نیو

شەرتەن بکێشو دڵ جەفات با یادگار مانۆ جەلات

تو بۆت نە دڵ خۆفی خوات خۆ کافرستانی نیو.

(عەدنان کەریم)

دۆستەم لۊو ئاستۆش جیا ئاخ چێش کەرو بێ یار خوێم

داخیش گرد ئینای دلمەنە هەرتا مروو داغدار خوێم

(سەباح هورامی)

ڕیون داخو باڵا و تووە هەزاریۆ دەردەدارێنێ

گرد کۆشتە و ئا دیداتەنێ تو دیدێت جادوو کارێنێ

سەنگی هەواران سەنگی هەواران

سەنگی سیارەنگ کۆنە هەواران

جای بەزمی ڕەندان نیشانگەی یاران

تەختی خال خالان نازک نازداران

(هانی)

زولفێت گرینج و خاوێنێ

سەر لوولێنێ سیاوێنێ

چنووروڕاگاو کاوێنێ

کەمەندێ یاشامارێنێ

(تەها شوشمەیی)

**موحەممەد وەلی کاکایی ئاماژەی پێدا کە سەیدی لە سەر دوو لەهجەی هۆرامانی شیعری وتووە کە نیشاندەری زانیاری و گەشاوەیی ئەو بووە و دیارە کە لە شێوەی نوێدا هەمان ڕێبازی شیعری گورانی پێڕەو کردوە**

## سەرچاوەکان:


- دیوانی موحەمەد سلێمان هۆرامی (سەیدی هۆرامی) محەمەد ئەمین کاردۆخی سلێمانی 1971

- سرود خزان ـ عادل محمد پور 1394

- مێژووی ئەدەبی کوردی ـ مارف خەزنەدار ـ هەولێر

- سەیدی عاشقان سرای هورامان ـ کامل صفریان ـ 1390 (مهاباد)

- تێزی زانکۆی شاری سنە لە سەر سەیدی هۆرامی محەمەد وەلی کاکایی 1397 2019 زایینی

# مادی ناوەڕاست، شێوەزارێکی نەناسراو

(ئەڵقەی ونکراوی زمانی کوردی لە هەزارەی یەکەمی زایینیدا؛ شیکارییەک زمانناسی- مێژوویی)

**کامەران ڕەحیمی - ئیلام**

سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر، زمانی ئاوێستایی زمانی ئایینی ئێرانییەکان بووە، نزیک بەو سەردەمە، زمانی مادی و پارسی کۆنیش برەویان هەبووە.

هەر چەند زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسان وەکو: دارمستر، نولدکە، مینۆرسکی و ... وابیردەکەنەوە کە کوردی و مادی هەر یەکن، بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە تا ئێستە لە زمانی مادی بێجگە لە چەند وشە هیچ دەقێک نەدۆزراوەتەوە، لۆژیکی تر و زانستیتر ئەوەیە لەم باسە واز بێنین و ڕوونبوونەوەی کێشەکە بە داهاتوو بسپێرین.

زۆربەی نووسەرانی ئێرانی دەنووسن زمانی فارسی سێ قۆناغی هەبووە کە بریتین لە: پارسی کۆن، پارسی ناوەڕاست یان پاڵەوی، فارسی نوێ یان دەری: بە واتایەکی تر ئەم بیرۆکەیە، زۆربەی زمانە کۆنە ئێرانییەکانی بە موڵکی زمانی فارسی زانیوە، لە کاتێکدا ئێستا بە هۆی خوێندنەوەی بەڵگە مێژووییەکان و زمانناسی نوێوە، ڕوون بووەتەوە کە فارسی دەری نە تەنیا بەر لە ئیسلامیش برەوی هەبووە بەڵکوو درێژەی پاڵەوی نییە و هەروەها زمانی پاڵەوی دوای روخاندنی دەسەڵاتی ساسانییەکان و هاتنی ئیسلام بۆ ئێران (21ی هەتاوی) بە تێکڕایی تێک نەچووە و زمانی ئاخافتنی خەڵک لە ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئێران بووە (جهانبخش، 1383، 74.75).

«د.زەبیح الله سەفا» لەم بارەوەوە دەنووسێ: «زمانی ئاخافتنی خەڵکی ناوچەکانی ڕۆژئاوا و باکووری ئێران لە سەدەی یەکەمی ئیسلامیدا، پاڵەوی یان شێوەزاری نزیک بەو زمانە بووە ...» (صفا، ذبیح‌الله، سیری در تاریخ و زبان‌ها و ادب ایرانی، 1383: 75).

هەروەها دوکتور ناتڵ خانلەری دەبێژێ: «دوای ئیسلام، شێوەزاری پاڵەوی یان فالەوی (فهلوی) بەو زمان و شێوەزارانە دەگوترا کە لەگەڵ زمانی ڕەسمی و ئەدەبی فارسی دەری جیاوازییان هەبووە و لە ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئێران برەویان هەبووە» (خانلری، 1369: 206 ـ 205).

«ابن‌الندیم» لە کتێبی «الفهرست» دەنووسێ: «عبدالله ابن مقفع» گوتویەتی: «زمانە کۆنە ئێرانییەکان بریتین لە: فالەوی، دەری، فارسی، خوزی، سوریانی»(الفهرست، چاپ مصر، (؟) 19)، هەروەها «یاقوتی حەمەوی» لە کتێبی «معجم‌البلدان» بە گوێرەی وتەی حەمزە ئیسفەهانی لە کتێبی «التنبه» ئەم بۆچوونە دووپات دەکاتەوە. (معجم‌البلدان، چاپ مصر، (؟)، ج6: 407.406) (دکتر صفا، 1383 : 77).

کەچی لە هەموو کتێبی قوتابخانە و زانستگاکاندا دەنووسرێ فارسی دەری درێژەی پاڵەوییە (؟). لە کاتێکدا ئەم بەڵگانە، ڕوونی دەکەنەوە کە «فارسی» و «پاڵەوی» وەکو دوو زمانی

ئێرانی بەر لە ئیسلام، دوو زمانی جیاواز بوونە. پرسیار ئەمەیە فارسی دەری چۆن دەتوانێ هاوکات، جیاواز و درێژەی پاڵەوی بێت؟

هەروەک ئاماژە کرا، لە هەمووی گرنگتر، پاڵەوی دوای هاتنی ئیسلام تێک نەچووە، بەڵکو لە ڕۆژئاوای ئێراندا قسەی پێکراوە، بە شێوەیەک کە زانای بەناوبانگ «دهخدا» دەبێژێ: تا سەدەی شەشەم بەم زمانە نووسراوە هەیە. (دهخدا، 1373: 50093). هەروەها «شەمسی قەیسی رازی» لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا دەنووسێ: «بەیتە فاڵەوییەکان لە لای خەڵکی عێراقی عەجەم [واتا: قرمیسین (= کرماشان)، هەمەدان، رەی و ئیسفەهان، بڕوانە لوغەتنامەی دهخدا 1383] لای خوێندەوار و نەخوێندەوار برەوی هەبووە». هەر ئەو نووسەرە لە جێگەیەکیتردا، پاڵەوی و هۆرامی بە یەک زانیوە.

«خۆشترین کێش، فەهلەویاتە. کە هەواکەی بە ئەورامنان دەخوێنن ...
لحن اورامن و بیت پهلوی
زخمه رود و سماع خسروی»
(شمس قیس رازی، 1373 : 112).


ئایەتوڵڵا «مەردووخ»یش وا بیر دەکاتەوە و دەنووسێ: «لە نێوان شێوەزارە کوردییەکان یەکەم لوڕی، دووەم کەلهوڕی، سێیەم گۆرانی بە زمانی پاڵەوی و شارە پاڵەوییەکان نزیکن (مەردووخ، 1379: 57).

لەم دواییەدا زمانناسێک، 1450 وشەی پاڵەوی ساسانی لەگەڵ کوردی بەدرەیی ـ کە بنزارێکە لە کوردی فەیلی ـ بەراورد کردووە، پاشان بەو ئەنجامە گەیشتووە کە ئەم دوو زاراوە لە بواری وشەدا 71% بە یەک نزیکن (د. کەریمی، کوردی ئیلامی، 1380: 289). پێویست بە وتنە، جەماوەری بیست هەزار کەسی بەدرەیی سەر بە پارێزگای ئیلام، ڕێژەیەکی 6/6% لە نفوس و حەشیمەتی هەموو کوردان پێکدێنن. ئەگەر لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیدا زمانی پاڵەوی لەگەڵ هەموو زاراوە کوردییەکان بەراورد بکرێت، بێگومان ئەنجامەکەی لەمە کە هەیە، فرەتر دەبێت.



بەڵام ئێستە ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە، کە مەبەستی مێژوونووسانی سەردەمی ئیسلامی، لە ڕۆژئاوای ئێران کوێنە بووە؟ هەروەها شارە پاڵەوییەکان (فەهڵە) کامانەن؟

«شیروویە ئیبنی شەهرەدار» حەوت شاری بە پاڵەوی زانیوە کە بریتین لە: «هەمەدان، ماسەبزان [ ئیلام بەشێک بووە لە ماسەبزان]، قوم، ماهبەسەر [نەهاوەند: ناوی شارێکە لە هەمەدان]، سەیمەرە [دەرەشەهر: ناوی شارێکە لە پارێزگای ئیلامی




ئێستا]، ماهکوفه [دینەوەر] و کرماشان. هەروەها ئەم نووسەرە ئەم شارانە وەک: «رەی، ئیسفەهان، کومش، تەبەرستان، خوراسان،سەگەستان، کرمان، قەزوین، دەیلەم، تاڵەقان» بە شاری پاڵەوی نەزانیوە (دهخدا، 1373: 50093).

«ئیبنی فەقیەی هەمەدانی» نووسەری کتێبی «البلدان» لە سەدەی سێهەمی کۆچی هەر ئەم شارانە بێ کەمی وکورتی، بە پاڵەوی‌نشین لە قەڵەم دەدات. هەروەها نووسەری «قامووس اعلام ترکی» راستەوخۆ دەنووسێ: «زمانی پاڵەوی لە کوردستان و عێراقی سەر بە ئێران [مەبەست کوردستانی عێراقە] قسەی پێدەکەن (دهخدا، 1373: 50094).

ئێستاش هەمووی ئەم شارانە جیا لە قوم و هەمەدان، کوردنشینن و بە شێوەزاری کوردی باشووری قسە دەکەن. هەر بۆیە رەنگە وشەی فەیلی گۆڕدراوی وشەی پاڵەوی بێت. چونکە پرۆسەی واچی (phonemic process) ئەمە دەچەسپێنێ:

پاڵەوی —› فاڵەوی —› فەیلی
پێویست بە وتنە کە دەنگی /p/ زۆرجار دەبێتە دەنگی /f/ بۆ وێنە:
پارسی —› فارسی،
پێڕست —› فهرست
هەروەها دەنگی /a/ لە ناوەڕاستی وشە لە کوردی سۆرانیدا دەبێتە دەنگی /ye/ لە کوردی فەیلیدا بۆ وێنە:
کانی —› کیەنی، / پان —› پیەن، / مارە —› میەرە، / نازانم —› نیەزانم...

بەڵام باسێک، کە لە هەموو ئەو باسانە گرنگترە، باسی لقێکی نامۆ و نەناسراوی زمانی پاڵەوییە کە تا ئێستا ئاماژەی پێ نەکراوە. پێویست بە وتنە کە هەر لە مێژە زمانی پاڵەوی بە دوو

لق دابەش کراون کە ئەم دوو لقە بریتین لە: پالەوی باکووری یان پارتی (دەقە مانەویەکان «تورفانی») و لقی پالەوی باشووری یان پارسی (بەردەنووسەکانی سەردەمی ساسانی)، ئەم دابەشکردنە راستە. چونکە ئەم زاراوانە، زمانی رەسمی بوونە. بەلام لقێکی-تر لە زمانی پالەوی واتە «پالەوی رۆژئاوایی» لە مادستان برەوی هەبووە، هەر لەبەر ئەوەی رەنگە ئەم زمانە درێژەی مادی کۆن بێت، مێژوونووسانی سەردەمی ئیسلامیش بەردەوام بەم زاراوە کە جیاواز لەگەڵ پارتی و پارسی بووە وتوویانە فالەوی.

رۆژهەڵاتناسانی بەناوبانگی ئەم سەردەمەش وەک: ئیشتالکبرگ، ویکتۆر رۆزن، لسچینسکی و هەروەها زمانناسی گەورەی ئێرانی پرۆفسۆر ئیحسانی یارشاتر (دانەری زانستنامەی مەزنی ئێرانیکا لە کانەدا) ، زاراوەی «مادیی ناوەراستی» بۆ ئەم شێوەزارانە هەڵبژاردووە و دوکتور «ئەزکایی»ش کە دوای سی ساڵ لەسەر شێوەزارە جۆراوجۆرەکانی رۆژئاوای ئێران و هەروەها ساخکردنەوەی هۆنراوەکانی باباتاهیر، لێکۆلێتەوە، لەم بارەوە دەنوسێ: «پالەوی روژئاوایی، گۆردراوی زمانی مادییە. ئەم ناولێنانە بە هۆی جوگرافیای زمانی [بلاوبوون لە مادستان] لۆژیکییە. سەرەرای ئەوە ئەم زاراوە پێشنیارییە [= مادی ناوەراست] ستەمێکە بە هۆی ژێردەستە بوون یان نامۆبوونی زمانەکە لێکراوە» ( اذکایی، 1375: 167).

هەر ئەم نووسەرە لە جێگەیەکیتردا دەنووسێ: «قەد نابێ زمانی کوردی و شێوەزارەکانی جیا لە «فهلوی» و بنیاتی زمانی کوردی جیا لە زمانی مادی بزانین» (اذکایی، 1375: 204).


زۆربەی نووسەرانی کورد، زمانی کوردی بە خاوەن پێشینەیەکی چەند هەزار ساڵە دەزانن و بەردەوام ئاماژە بە هۆزە ئارياييەکان وەک: لوولووبی، کاسیت، گووتی، میتانی، سووباری، کاردۆخی و ... دەکەن کە تەنانەت وشەیەک لێیان نەدۆزراوەتەوە. لە کاتێکدا ئەم بوچوونە تازەیە ـ کە رەنگە یەکەم جارە، ئاماژەی پێدەکرێ ـ تا رادەیەک دووهەمین بازنەی ونبووی زمانی کوردی لە سەردەمی ساسانیەکانەوە هەتا سەدەی شەشمی کۆچی (واتا یەکبوونی کوردی لەگەڵ پالەوی رۆژئاوایی یان مادی ناوەراست) روون دەکاتەوە.

بە کورتی ئەنجامی باسەکە ئەوەیە کە پالەوی رۆژئاوایی بە هۆی هەبوونی وشەنامە و دەق، دەتوانێ ببێت بە سەرچاوەیەکی گەورە بۆ وشەسازی لە زمانی کوردی ئەمرۆدا، تا ئێمەش وەکو گەلانی تر کە پێشینەی کۆنیان هەیە، بتوانین لە زمانی مێژووییمان کەڵک وەربگرین.

**سەرچاوەکان(منابع و مآخذ):**


ـ ناتل خانلری، پرویز، تاریخ زبان فارسی، تهران، نشر نو، چاپ چهارم، 1379.
ـ مردوخ، آیت‌الله محمد، تاریخ مردوخ،تهران، نشر کارنگ، 1379.
ـ معین، محمد، فرهنگ فارسی، تهران، امیرکبیر، چاپ دهم، 1375.
ـ کریمی، غلامحسین، کردی ایلامی، بررسی گویش بدره، سنندج، دانشگاه کردستان، 1380.
ـ جهانبخش، فرهنگ، تاریخ زبان فارسی، تهران، انتشارات جامی و فرهنگ، چاپ اول، 1383.
ـ اذکایی، پرویز، باباطاهرنامه، تهران، انتشارات توس، چاپ اول، 1375.
ـ ارانسکی، ای.م، مقدمه فقه‌اللغه ایرانی، کریم کشاورز، تهران، انتشارات پیام، چاپ اول،1385.
ـ آموزگار، ژاله وتفضلی، احمد ،زبان پهلوی ادبیات و دستور آن، تهران، انتشارات معین، چاپ چهارم، 1382.
ـ آکوپوف،گ.ب؛ حصارف، م.ا ،کردهای گوران و مسئله‌ی کردهای ترکیه، سیروس ایزدی، تهران، انتشارات هیرمند، چاپ اول، 1376.
ـ دهخدا،علی اکبر، لغت نامه، مؤسسه انتشارات و چاپ دانشگاه تهران، با همکاری انتشارات روزنه، تهران 1373.
-Ferheng Kurmaçî-Dimilî –Tirkî , seîd Verrog ،war ،îstenbol ،2003.

# شاعیری خەباتگێڕی کورد فەریکی پۆلادبێگ*



د. جمشید حەیدەری

فەریکی پۆلاد بێگ «فیۆدۆر لیتکن» لەلایەن لێکۆڵەر و نووسەرانی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە ناوێکی نەناسراو بووە. بەڵام دانەرانی بیبلۆگرافیای کوردولۆژی لەیەکێتی سۆڤیەت، بەتۆمار کردنی ئەو کتێبە کە لەسەر ژیان و نووسینەکانی ئەم شاعیرە نووسراوە، ئەو ناوەیان ژیاندۆتەوە.

فەریکی شاعیر لەتەمەنی 21 ساڵیدا لەپێناو شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەری مەزن گیانی بەخشی و بەدەستی هێزە هەڵگەڕاوەکان و دوژمنانی شۆڕش شەهید کرا، ئەوە ڕۆڵە کوردە بلیمەتی لە تیۆری و پراکتیک نیشانداوە و چالاکانە لەپێناوی چەسپاندنی دەسەڵاتی سۆڤیەت لە سیبریادا خەباتی کردووە. بۆ ئەوەی خوێنەری کورد بەم شاعیرە جوانە مەرگە بناسێنین، ئەم وتارەمان ئامادە کردووە.

فەریک کوری عەگید بەگە لەساڵی 1897 لە سیبریادا لەدایک بووە، دایکی ئافرەتێکی رووسی بووە، عەگید بەگی باوکی لەکاتی خۆیدا لەلایەن رژێمی قەیسەرییەوە بۆ سیبریا دوورخراوەتەوە، چونکە تاوانبار کراوە بەوەی کە مرۆڤێکی کوشتووە، ئەو رووداوەش وابووە: لەکاتی ژن گواستنەوەی عەگید شایی و زەماوەند دەکرێ و وەک دابی کوردەواری تەقەش هەبوو، گوللەیەک بەر زەلامێک کەوتووە و کوژراوە. لەبەر ئەوەی بووک گواستنەوەی عەگید بووە، بە ئەستۆی ئەودا شکاوە.عەگید کە بۆ سیبریا دوور دەخرێتەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ئافرەتێکی بێوەژن بەناوی (ئانا) پەیدا دەکات دەیخوازێ. نۆبەرەیان کوڕێک دەبێ و ناوی فەریکی دەدەنێ. ئەوسا سیبریا نەک شوێنی دوورخستنەوەی تاوانباری ئاسایی بووە، بەڵکو زۆربەی ئەوانەی کەدوور دەخرانەوە بۆ ئەو شوێنە ساردو دوورە لە ڕۆڵە پێشڕەوەکانی رووسیا بوون کەدژی تساریزم (رژێمی قەیسەری) خەباتیان کردووە. وا دیارە پەیوەندی عەگید لەگەڵ دوورخراوە سیاسیەکان باش بووە، ئەوانیش کاریان کردۆتە سەر عەگید بەگ و هۆشیاریان کردۆتەوە و ئەو ڕاستیەیان تێگەیاندووە کەمیللەتانی رووسیا تێیدا دەژیان، بەتایبەتی بیروباوەڕی شۆڕشی 1905 و ئەو رووداوانەی دوایی ترو تێکشکان و هەرەسهێنانی شۆڕش.

عەگید بەگ لەساڵی 1907دا بۆ گوندی خرابەدیکور دەگەڕێتەوە (لەساڵی 1980دا ناوی ئەم گوندە گۆڕاوە بۆ ناوی فەریک پۆلاد بێگ) ئەو کاتەش فەریک لەتەمەنی 10 ساڵیدا بووە.

فەریک بەر لەوەی لەگەڵ باوکی و دایکی بگەڕێتەوە قەفقاس، لەشاری تولون خرابووە قوتابخانە. جا دوای گەڕانەوە عەگید بەگ کوڕەکەی خۆی ڕەوانەی قوتابخانە دەکات (وا دیارە ئەو کاتە لەو گوندە دا قوتابخانەی رووسی هەبووە). فەریک لەتەک زمانی رووسی کە زمانی دایکی بووە. زمانی کوردیش فێر دەبێ، ناسیاوی لەگەڵ داب و نەریت و خورەوشتی کوردەواریدا پەیدا دەکات.

عەگید بەگ بەپێچەوانەی کوردەکانی گوندی خرابەدیکور فەریک و نووریی کچی رەوانەی قوتابخانە دەکات. ئەو کارەش جێگای سەرسورمانی خەڵکەکە بووە، بەڵام ئەو راستیەش دەسەلمێنێ کە ئاسۆی بیری عەگید بەگ دوای دوورخرانەوەی فراوانتر بووە. ئەوەش کاری کردۆتە سەر خەڵکی گوندەکە کە منداڵانی خۆیان بۆ قوتابخانە بنێرن.

ئەوەی لەفەریکی منداڵ دەگێڕنەوە دەری دەخا کە زۆر هێژا و چالاک بووە، مامۆستاکانی پشتیان پێ بەستووە و بگرە بەیاریدەدەری خۆشیان داناوە و هەر لەو

کاتیشدا فەریک لەلای هەڤاڵەکانی جێگای ڕێز و خۆشەویستی بووە. فەریک بەمنداڵی زۆر خووی داوەتە گوێگرتن لەحیکایەت و ئەفسانەی کوردی و ئەوەش لەدوارۆژدا شەقڵی تایبەتی خۆی لە نووسینەکانیدا بەجێ هێشتووە.

ئانای دایکی، فەریک بەبیانووی نەخۆشی دەگێڕێتەوە سیبریا، بەڵام لەراستیدا ئەوەی کەوتۆتە بەر گوێ کە ئەوەی باوە لەناو کوردەواریدا، ئەوەیە کە دەبێ ژن هەر لەخۆیان بێنن، جا لەگەڕانەوەدا سێ منداڵی (فەریک، باسە و مەروسەی خوشکیان) لەگەل خۆی دەباتەوە و فەریک ڕەوانەی قوتابخانەی ئامادەیی لەباژێری ئیرکوتسک دەکات، فەریک لەهاورێکانی هێژا تربووە، بۆیەش مامۆستاکەی داوای لێدەکات ببێتە مامۆستای قوتابیە منداڵەکان و مووچەیەکی کەمیشی بۆ دەبڕێتەوە چونکە دەیزانی کە فەریک دەستی کورتە و دایکی بەدورمان و دەرزی بەخێوی دەکات.

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی بایەخێکی زۆری داوە بە بڵاوکردنەوەی بیر و ڕۆشنبیری لەنێو گەنجەکاندا. فەریکیش زۆر خۆی داوەتە بەر خوێندنەوەی ئەدەبی شۆڕشگێڕی- بەتایبەتی نووسینەکانی ڕەخنەگری ڕووسی ڤیساریون بیلنیسکی و بەرهەمە ئەدەبییەکانی نووسەری پێشکەوتنخواز مەکسیم گۆرگی.

لەساڵانی قوتابیەتی دا، بەپێشنیازی فەریک یەکەم گۆڤاری ئەدەبی دەست خەت لەقوتابخانەکەیان دەردەچێ. زۆر شیعرو نووسینی شۆڕشگێڕی (عاگفی) ڕۆمانسی تێدا بڵاوکرایەوە. کە نووسەرە لاوەکان هەست و نەستی خۆیان تیادا دەردەبڕی و پەردەی لەسەر تاڵی ژیانی ئەو سەردەمە هەڵدەماڵی و بەشێوەیەکی ڕەمزی دەنووسران. لەنێو ئەو بەرهەمانەدا چەند شیعرێکی فەریکی تێدا بڵاو کراوەتەوە بەنازناوی پۆلاد جێگەوە: پایز، داری برێۆزە*- و شیعرێکی ماتەمینی (خەمگین) کە شاعیر بەرامبەر بەئازار و دووره پەرێزی هەستی خۆی دەربڕیوە:

**فەریک بەمنداڵی زۆر خووی داوەتە گوێگرتن لەحیکایەت و ئەفسانەی کوردی و ئەوەش لەدوارۆژدا شەقڵی تایبەتی خۆی لە نووسینەکانیدا بەجێ هێشتووە**

هەر چەند سەیری دەورو پشتم دەکەم  
ژیانم زۆر بەبێ مانا دێتە بەچاو،  
پیس و چڵکن. لەگۆڕی مردوو دەکا،  
ئایا ئەم گۆلە گڵاوە  
هەروا دەمێنێ  
کەی ئەو ڕۆژە تاڵە  
کۆتایی دێ  
کەی ئەو زنجیرە دەپسێ و  
کۆتایی دێ

بڕوای فەریک بەدوا ڕۆژ و خۆشی ژیان جێ بەهەستی ماتەمینی و خەمگینی لەشیعرەکانیدا لەق دەکات، پێشکەوتنی فیکری و تێگەیشتنی باری کۆمەلایەتی شەقڵی بەسەر شیعرەکانی فەریک دا گرتووە، بەتایبەتی لەچارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵایەتیدا، هەر لەقوتابخانە فەریک دەستی بە نووسین کردووە و لەچیرۆکەکانیدا هێڵی بیری سۆسیالیستی ئاشکرایە، یەکێک لەو دوو چیرۆکانە لەسەر دوو شار نووسراون شاری قازانج و شاری جوانی. خەڵکی یەکەمیان بۆرجوازی و ڕوخسار ڕەش و بێ ویژدانن، بەڵام هی دووەمیان مرۆڤی بەشەرەف و خێرخوازن: شاری خۆشی و مرۆڤایەتییە، جا زۆرانبازی و ململانێ لەنێوان ئەو دوو شارەدا هەیە: شاری قازانج بەغیلی (حەسوودی) بە شاری جوانی دەبا و هێرشی دەباتە سەر و بەیارمەتی بەکرێگیراوان لەناوی دەبا، هەرچەند ڕۆڵەکانی شاری جوانی قارەمانانە بەرگری لێدەکەن.

ئەم چیرۆکەی فەریک لەشێوەی ڕەمزدا نووسراوە، بەڵام لەهەمان کاتدا بانگەوازە بۆ ڕاپەڕین لەپێناو ژیانێکی نوێدا، لەپێناو شاری جوانی کە ڕەمز و نیشانە و هیوای دوارۆژە.

فەریک بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانییەوە دێتە کۆڕی خەباتەوە و لەڕیزی ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکاندا چالاکی دەنوێنێ. لەکاتی شەڕیشدا هەڵوێستی دژی ئەو شەڕە ئیمپریالیانەیە دەبێ، ئەو هەڵوێستەشی لەسۆسیال-دیموکراتەکانی ڕووس (بولشەفیک) نزیکی دەکاتەوە، فەریک لەگەڵ شۆڕشگێڕە دوورخراوەکان تێکەڵاوی پەیدا دەکات و بەشداری کۆبونەوەکانیان دەکات.

لەساڵی 1915 دایکی کۆچی دوایی دەکات، ئەمەش کارێکی گەورە دەکاتە سەر ژیانی فەریک و زۆر پێی غەمبار دەبێ، چونکە دەیزانی لەپێناویاندا چەند دەردەسەری و ئازار و برسێتی کێشاوە. ئەم

کارەساتەش سۆزی شاعیر دەتەقێنێتەوە و هەڵبەستێکی پڕ سۆز دەنووسێ: گۆرانی لاوێتیم!. لەم شیعرەیدا هەستی کۆست کەوتوویی و ئازاری دڵ بەرامبەر خۆشەویستترین مرۆڤ –دایک- پەنگ دەداتەوە.

هەر لەم ساڵەشدا، واتە 1915، فەریک لەبەر جموجۆڵی شۆڕشگێڕی و بیرە یاخییەکەی لەخوێندن دەردەکرێ، فەریک کۆڵ نادات و شاری ئیرکوتسک بەجێ دێڵێ و روودەکاتە شاری ینیسیک*، بۆ هاوینی ئەو ساڵ فەرێک و خوشک و براکەی دەگەڕێتەوە لای باوکی بۆ گوندی خرابەدیکۆر.

لەقەفقاس، فەریکی لاوی تێگەیشتوو و شۆڕشگێڕ بەچاوی خۆی باری ژیانی کورد دەبینێ تا چ رادەیەک دواکەوتوون و بە چ دەردەسەرێک گوزەران دەکەن، هەروەها چۆن یاسای پەیوەندی خێڵەکی بەسەریاندا زاڵە.

کوردی قەفقاس یا بەکشتوکاڵەوە خەریکن یاخود کۆچەرن، هەردوو بەشیشیان دووچاری دوو جۆرە چەوسانەوە هاتوون، لەلایەک رژێمی قەیسەری دەیانڕەتێنێ، و لەلایەکی تریش دەرەبەگی کورد. بەراستی ڕوسیای بەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر «بەندیخانەیەکی گەورەی گەلان» بوو.

عەگید بەگ زۆر حەزی دەکرد فەریک لەقەفقاس بمێنێتەوە، چونکە کورە گەورەی بوو، تا لەکاروباری کشتوکاڵیدا یاریدەی بدات، بەڵام فەریک ئارەزووی تەواوکردنی خوێندنی هەبووە و لەو بڕوایەشدا بووە کە خوێندن چەکێکی کاریگەرە بۆ وشیارکردنەوەی جەماوەر و خەباتی ڕزگاریخوازی دژ بە چەوسێنەرەکان، فەریک لەهاویندا بۆ قەفقاس دەگەڕێتەوە و لەپاییزدا بۆ سیبیریا.

لەساڵی 1916 دا فەریک لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سیبیریادا چیرۆک و شیعری بڵاودەکردەوە، پەیوەندی و تێکەڵاوی لەگەڵ شۆڕشگێڕە دوورخراوەکاندا قوڵتر بووە. لەڕێگەی ئەوانیشدا ئاشنای ئەدەبی مارکسی بووە و گەیشتە ئەو بڕوایە کە مەرهەمی زامی دڵی چەوساوەکان تەنیا خەباتی شۆڕشگێڕی و چینایەتییە، بێگومان بارنیکۆفی هەڤاڵ و دۆستی ڕۆڵێکی باڵای لەپێشکەوتن و وشیاری فەریکدا بینیوە.

لەمارتی ساڵی 1917 دا دەنگوباسی ڕووخانی تساریزم (قەیسەر) دەگاتە شاری ینیسی، بەم بۆنەیەوە فەریک، لە 14ی مارت دا، شیعرێک بەناوی مەنیفیستی 14 ی مارت دەنووسێ و تیایدا داوا لەجەماوەر دەکات بازووی خۆیان لەپێناوی ئازادیدا هەڵماڵن. هەر لەم ساڵەشدا بە بەرپرسیاری رۆژنامەیەکی خوێندکاران دادەنرێ کە بەناوی (لەژێر ئاڵای شۆڕشدا) دەردەچوو، لەم رۆژنامەیەدا فەریک چەند هەڵبەستێکی شۆڕشگێڕی بڵاودەکاتەوە، بۆ وێنە: سروودی شۆڕش، دوژمن ئابلۆقەی داوین. لەم ساڵەشدا فەریک خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکات و کچێک بە ناوی ئۆلگا دەخوازێ، چەند شیعرێکیشی بۆ ئەو کچە نووسیوە.

لەساڵی 1917دا بۆ دواجار فەریک سەر لەقەفقاس دەدات، لەم سەردانەشیدا کارێکی مەزن ئەنجام دەدا، ئەویش ڕێکخستنی لاوانی کورد و ئەرمەن و فێربوونی بەکارهێنانی چەک بوو، هەردەم بۆیانی دووبارەی دەکردەوە کە بۆ ڕۆژی تەنگانە ئامادەبن، بۆ ئەو ڕۆژەی گەل پێویستی پێیان دەبێ. فەریک پڕوپاگەندەی لەنێو خەڵکیدا دەکرد و بۆ بەبەرەکانی هانی دەدان. ئەوەش بووە هۆی رق و کینەی کاربەدەستانی کۆنەپەرستی قەفقاس و تارادەیەک هەوڵیان دا بیگرن، بەڵام فەریک توانی لەچنگیان ڕزگاری بێ و بۆ سیبیریا بگەڕێتەوە، ئەم جارەیان فەریک بەناچاری دەگەرێتەوە سیبیریا، بەڵام پەیوەندی لەگەڵماڵی باوکی ناپچڕێ، بەتایبەتی لەگەڵ باسەی برای، کەسەرکردەی لاوەکانی کوردی خەرابەدیکور بوو، باسە هێندێ جار نامەی بۆ فەریک نووسیوە و لەبارەی ئەو شەرە دژوارانە کە لەپێناوی چەسپاندنی دەسەڵاتی سۆڤیەت دەکرا، ئازادی بە گەلە چەوساوەکانی رووسیا بەخشی.

فەریک لەبەشی ئەدەب و مێژوودا وەربگیرێ، بەڵام بۆی نەلوا، بەناچاری چووە کۆلیژی قانون لەزانکۆی تومسک لەسیبیریا، لەزانکۆدا فەریک لەنێو قوتابیاندا دەنگی دەرکردبوو، جگە لەوەش پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکارانیش بەهێز بوو، فەریک مرۆڤێکی لێهاتوو و وتاربێژێکی زۆر چاک بوو، وشەکانی کاریگەر بوون، جەماوەریان دەهێنایە هەژان و دڵی دوژمنی دەپێکان.

فەریک، بەناوی مەکتەبی یەکەمی نەقابەی کرێکاران بەشداری یەکەم کۆنگرەی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانی کرد، بەڵام کۆنگرەی بەجێ

هێشت كەدیتی هەڵوێستی
كۆنگرەی ناوبراو دژی شۆڕشە.
هەروەها بەشداری كۆنگرەی
سێهەمی ئەنجومەنی (سۆڤیەت)
ی سیبیریای ڕۆژاوی كرد،
لەساڵی 1918 دا لەئەنجومەنی
كرێكار و سەربازانی شاری
تومسك بەقۆمیساری چاپەمەنی
و راگەیاندن دانران، ودوای تر
بەنوێنەری كۆنگرەی چوارەمی
ناوەختی سۆڤیەتەكانی گشتی
روسیا، هەڵبژێردرا.

فەریك دەستێكی باڵای هەبوو لەدامەزراندنی دەسەڵاتی سۆڤیەت لەسیبیریادا، بەڵام هێرشی پاسدارانی سپی (شۆڕشی چەواشە) بۆ سەر دەسەڵاتی تازە دامەزراوی سۆڤیەتی لە سیبیریادا، كرێكارە شۆڕشگێرەكانی تازە لەتوانایاندا نەبوو لەبەر شاڵاوی پاسداران خۆ راگرن، بەناچاری شار بەجێ دەهێڵن و دەكشێنەوە دارستانەكان و لەوێوە بەرگری دەست پێ دەكەن. فەریكی قارەمان و نەبەز رابەرایەتی دەستەیەك لەپێشمەرگە شۆڕشگێڕەكان لەشەڕی پارتیزانیدا دەكات. فەریك لەدژوارترین كاتدا بڕوای بەسەركەوتن بەهێز بووە و گاڵتەی بەوانە هاتووە كە سەركەوتنە وەختیەكانی دووژمن كاسی كردوون وەك دەگێرنەوە جارێكیان فەریك و پێشمەرگەكانی ئازوقەیان لێ دەبڕێ، جا فەریك لەپشودانێكدا دوا هەڵبەستی خۆی بۆیان دەخوێنێتەوە:

بۆ برا هەژارەكان
بۆ برسی و ئاوارەكان
بۆ ئەوانەی لەسوچێكی تاریكدا
پشت گوێ خراون
ئێمەین دامەزرێنەری
دوا ڕۆژی روناك و
ژیانی كامەرانی
ئازادی خوازین ئێمە.
بەڵام
هێرشی دوژمن
ڕێگای لێ گرتوین
بەری
خەبات بچێژین..

لەساڵی 1918دا فەریك و چەند هەڤاڵێكی بەدەستی چەپەڵی پاسدارانی سپی دەكوژرێن.

فەریك نەك تەنیا شۆڕشگێڕێكی بەجەرگ و ئازا بووە، بەڵكو نوسەرێكی لێهاتووش بووە. كۆمەڵە شیعرێك و چیرۆكێكی باشی بەدەستمان گەیشتووە. ئەو تاكە چیرۆكەی كەبەتەواوی بەدەستمان گەیشتوە. بەناوی ئاسكان، كە نووسەر باسی ژیانی گوندێكی كوردیمان بۆ دەكات، دوای ئەوەی نەخۆشی كولێرە- ڕشانەوە- تیری ڕەشی لە گیانی خەڵكی داوە. ئەو چیرۆكە هەمووی بۆ ڕەوشت و عادات و نەریتی كوردەكانی ئێزدی تەرخان كراوە، كەبڕوایان وایە (مەلەكی تاوس) لەو ئافاتە رزگاریان دەكات، بەڵام لەكۆتاییدا پیشان دەدات هاتن و گەڕانەوەی مەلەكی تاوس چاری دەردیان ناكات، دەم سپی گوندەكە، كەناوی شێخ حەسەنە، ئەویش توشی ڕشانەوە دێت، هەرچەندە ڕوو لەڕۆژ دەكات بێ سوودە. ڕووبەڕووی ڕۆژ گیان دەدات. ئەم چیرۆكە لەساڵی 1916 دا لەگوندی خرابەدیكور نوسراوە.

ئەمەش نمونەیەكی شیعرەكانی فەریكی پولاد بیگە:

دەنگی ناساز
لەهەموو زنجیرێك هەڵناستێ
ئاوازی ئازار
لەهەموو گۆرانیەك

**لەساڵی 1917دا بۆ دواجار فەریك سەر لەقەفقاس دەدات، لەم سەردانەشیدا كارێكی مەزن ئەنجام دەدا، ئەویش ڕێكخستنی لاوانی كورد و ئەرمەن و فێربوونی بەكارهێنانی چەك بوو**

دەرناچێ
ئێمەی بەند كراو
ئێمەی ئاوارە بۆ
بۆ ئەوە ناژین
گۆر نێژ بكرێین.
بەیانی نزیكە
شەویش كۆتایی دێ
دوای چەند ساڵیش بێ
هەر رزگاریمان
دەبێ

* * *

دیواری لەبەرد دروست كراو
پەنجەرەی ئاسنیشی تێدایە
خۆری بەهار
تاریكایی بەردی
گرانێت دەسمێ
بەیانی نزیكە
شەویش كۆتایی دێ
دوای چەند ساڵیش بێ
هەر رزگاریمان دەبێ

**تێبینی:**
بۆ ئەم وتارە سودم لەم كتێبانە وەرگرتوە:
1. فیودور لیتكن- نوڤە سیبیرسك، 1950.
2. لەبارەی مێژوی بزوتنەوەی شۆرشگێری سیبیرسا.

* جۆرە دارێكە لەچنار دەچێ.
* ینیسیی- چومكێك لەسیبیریا.

# زمان و گوتاری ئەدەبی



**غازی حەسەن / ئەمریکا**

پێناسەی زمان و گوتار وەکو هەموو زانستەکانی دیکە لەئەنجامی گەشەکردن و ئەو گۆڕانکارییە دیارانەی بەسەریاندا دێت، دەگۆڕێت. ئەدەبی کوردیش وەکو بەشێک لەئەدەبی مرۆڤایەتی و ئەو پێکهاتە و زمان و شێواز و پەیامە هەمەجۆرانەی تێیدایە، خاوەنی گوتاری خۆیەتی.

گوتار بریتییە لەقسەکردن و گوتن، ئەو شتانەی بەنووسین، یان ئاخاوتن دەگوترێن. گێڕانەوە بنەمای دەقە، زمان لەپێناو بەدیهێنانی کردەی پەیوەندیکردن، کاراترین ئەرک و ڕۆڵی لەنێو دەقدا بۆ ئەنجامدانی گێڕانەوە هەیە. ئەفلاتون پێش زانایەکانی دیکە ئاماژەی بەم کاریگەریی و ئەرکە کردووە و پێی وایە «شاعیر خۆ وانیشان دەدات، کە خودی قسەکەرەکەیە، بێ ئەوەی هەست بەوە بکرێت، کەکەسێکی دیکە لەقسەکردندا هاوبەشیەتی» بڕوانە (د. عادل بدر،جريدة الوطن)، زمان ئەرکی گێڕانەوە ئەنجام دەدات، نەک خودی نووسەر و شاعیر.

ئەرکی زمان لەگوتاری ئەدەبیدا چییە؟ هەندێک نووسەر کە بەزمان دەنووسن، خۆیان لەنێو زماندا دەشارنەوە، زمان تەنیا وەکو کەرەستەیەکی تۆمارکردن و گێڕانەوەیەکی ڕووت و قووت سەیر دەکەن، لەکاتێکدا زمان ڕۆح و جەستەی خودی دەقەکەیە. شێوە پێدانی زمان پەیوەستە بەتوانای دەقنووسەکە. من گومانم لەوەدا نییە، وێنەیەک و هێما و نیشانەیەکیش دەقن، بەڵام دیسان ئەوانیش زمانێکی تایبەتی گەیاندن و پەیوەندیکردنیان هەیە. ڕەخنەگری فەرەنسی (جان ڕیکاردۆ Ricardo) پێی وایە دەبێت جیاوازی لەنێوان دوو گوتار بکرێت، یەکێکیان گوتاری پێڕاگەیاندنە، زمان وەکو ئامرازێک سەیر دەکات، ئەرکی جەختکردنەوەیە لەسەر هەواڵی دنیا، بەشێوەیەک لەدەرەوەی زمان دەڕوانێت، کە فەرمانی سەرەکی پێڕاگەیاندنە و بابەتێکی دیاریکراو دەگەیەنێت، بەڵام گوتاری ئەدەبی زمان بەمادەیەک دادەنێت و ئەرکی سنووربەزاندنی هەواڵەکانی جیهانە، بۆ دووبارە دروستکردنەوە و پرسیار لەبارەیەوە». (عمر بن عبدالعزيز المحمود،جريدة الجزيرة).

ئێستا هەندێک ڕوونتر لەئەرکی زمان لەنێو دەقێکی ئەدەبی دەگەین. هەندێک نووسەری کورد هەمیشە لەنێو دەقەکانیاندا بەدوای پێڕاگەیاندنی هەواڵ و ڕووداوەکانی دەوروبەرێکی دیاریکراوەن، واتە نووسەر دەیەوێت هەواڵێک بە خوێنەرەکانی بگەیەنێت. ئەمە دەقێک دەگرێتەوە، کە گێڕانەوەی ڕووداوێکی مێژوویی، ڕووداوێک، بەسەرهاتی کەسێک، نەتەوەیەک، کارەساتێک، کێشەیەک، مانشێتێک، دروشمێک، سیاسەتێک، ئایدیۆلۆژیایەک... تاد دەگرێتەوە. نووسەر خۆی کارکتەری بنەڕەتی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانە. تەنیا وا نیشان دەدات خۆشی بەشێکە لەهەواڵەکان. ئەمە لەداهێنان دای دەبڕێت، داهێنان پێڕاگەیاندنی هەواڵ نییە، بەڵکو دروستکردنی خودی هەواڵەکەیە، بابەتێک لەنێو خەیاڵدانی خۆی دروست دەکات، خەیاڵ دەکاتە واقیع، فکرەیەک لە تێڕوانینەوە بۆ کردەیەک دەگۆڕێت.

گوتار قسەکردن و گوتنە بەنووسین، ئاخاوتن، وێناکردن، وێنەکێشان، هێما و ڕەمز و نیشانە کلتوری و ئەدەبی و زمانییەکان و کۆمەلایەتی و دەروونییەکانە، ئەرکی کردەی پەیوەندیکردنە لەنێوان نووسەر و خوێنەر. پەیامی گوتاری هەر دەقێک بەدوو شێوازی ڕاستەوخۆ، یان ناراستەوخۆ دەگێڕدرێتەوە.

هیچ دەقێک ناتوانێت بێ کردەی گێڕانەوە خودی خۆی بدۆزێتەوە، وەکو چۆن هیچ دەقێک بێ پەیام و مەبەست و خواست ناتوانێت خۆی بنووسێتەوە، بەهەمان شێوەش هیچ دەقێک بێ گوتار نادۆزرێتەوە، هیچ دەقنووسێکیش لەدەرەوەی دەقدا ناژیت.
ئامانجی خاوەنی گوتار وروژاندن و کارتێکردن و جووڵاندن و بەرهەمهێنانەوەی سەرلەنوێی خودی دەقەکەیەتی لای وەرگر و خوێنەرەکانی.
گوتار لەیەکەیەکی زمان پێکدێت پشت بەژمارەیەک ڕستە دەبەستێت (دومینید مانقومو، ٢٠٠٥، ٣٥ )، یان بریتییە لە پەیام و گوتراوێک. ( ابراهیم صحراوی، ١٩٩٩ ،١٠ ). گوتار ژمارەیەک ڕووداوی واقیعی و خەیاڵی دەگوازێتەوە و (جێنێت) ناوی لێناوە هەقایەت گێڕانەوە. (محمد الباردي، ٢٠٠٤، ٢٠ ). (بینڤیست E. Benveniste پێی وایە گوتار «قسەکەر و گوێگری تێدایە، لایەنی یەکەم مەبەستی ئەوەیە کارتێکردن لەسەر لایەنی دووەم بەشێوەیەک لەشێوەکان بەدەستبهێنێت». (محمد الباردی، ٢٠٠٤، ١).
دەقنووسی کوردی وەکو پێکهێنەرێکی زیندوو و کاریگەر مامەڵە لەگەڵ خوێنەر و وەرگرەکانی دەقەکەی خۆی ناکات، ئێمە ئەگەر لەبازاڕی کوردی پرسیار لەدوکاندارێک بکەین ئەم شتە چۆنە و چییە و جیاوازیی لەگەڵ شتەکانی دیکە چییە؟ ڕەنگە بەئاسایی پێمان بڵێت چاوت هەیە، بۆخۆت بیزانە! واتە سەلیقە و شێوازی وەڵامدانەوەی نییە. هەندێک جار دەقنووسی کوردی بەهەمان شێوازی کەلوپەل فرۆشەکەی بازاڕ مامەڵە لەگەڵ خوێنەرانی دەقەکەی خۆی دەکات و توانا و هێز و سەلیقە و کەرەستە و شێوازی بروایپێهێنانی نییە، مەبەستم ئەوەیە خوێنەری زۆر لا گرنگ نییە، گرنگ ئەو کتێبەکەی، دەقەکەی چاپ و بڵاوبێتەوە. نەک هەر ئەوە هەیانە بایەخ بەئەرکی زمانەکەشی نادات، لەهونەری گێڕانەوەدا هیچ هونەرکارییەک نانوێنێت. بایەخ بەگوتاری دەقەکەی خۆی نادات. لەنێوان دەقێکی مێژوویی و گێڕانەوەی گوتاری ئەدەبی جیاوازییەک ناکات.
(جینێت) سێ شێوەی بۆ گێڕانەوە دەست نیشانکردووە لەوانە: یەکەم: چیرۆک Story وەکو نێوەڕۆکی گێڕانەوەی بابەتەکە، دووەم: گێڕانەوە Narration وەکو کردەی گێڕانەوەیەکی بەرهەمدار، کە پشت بەژمارەیەک دۆخی هەقیقی و خەیاڵی دەبەستێت. سێیەم: گوتار Discourse کە هێما و گوتراوەکان و گوتار و خودی دەقی گێڕانەوە دەگرێتەوە. (جیرار جینێت، ٢٠٠٣ ، ٣٨-٣٩).
گرنگە لەبەرهەمهێنانی دەقدا بایەخ بەزمان و گوتاری دەقەکە بدرێت، هەقایەتخوان خودی نووسەر بێت، یان نا، بەڵام لەکۆتاییدا خاوەنی دەقەکە نێرەر و نووسەرەکەیە، ئەو بابەت و ڕووداو و شێوە و پەیام و مەبەست و ئامانجەکانی نێو دەقەکەی هەڵدەبژێرێت. دەقی بێ خوێنەر، خوێنەر بەواتای ئەوەی چۆن بەشداری لەشیکردنەوە و تێگەیشتن لەدەق دەکات.

**ئەرکی دەقێکی ئەدەبی، ئەرکێکی ڕۆژنامەنووسی نییە، تاکو هەواڵ و زانیاریی واقیعی ڕووتوقووت بەخوێنەر بدات**

ئەرکی دەقێکی ئەدەبی، ئەرکێکی ڕۆژنامەنووسی نییە، تاکو هەواڵ و زانیاریی واقیعی ڕووتوقووت بەخوێنەر بدات، یان ڕووداوێکی مێژووی لەپێناو پێڕاگەیاندنی هەواڵەکانی دنیا وەکو بەشێک لەپێکهاتەی دەرەکی خودی زمانەکە بەخوێنەرەکانی بگەیەنێت. واتە ئیشی دەق تەنیا پێڕاگەیاندنی زانیاریی و گەیاندنی هەواڵی جیهانی دەوروبەری خۆی نییە، دەق لەخەیاڵ و هەقیقەت پێکدێت، زمانی گێڕانەوەی نێو دەقەکە گرنگە بزانێت چۆن و بەچی و بەچ شێوازێک کارتێکردن و جووڵاندنی هەست و نەست و بەرهەمهێنانەوەی دەقەکە لەلایەن خوێنەرەکانی دروست دەکات، ئەمەش بە فکر و واتا دەبێت.
منی خوێنەر، توانا و دەسەڵاتی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی هەر دەقێکم هەیە کە پەیوەندی بە بینین و بیستن و مێشک و خوێندنەوەی من دەکات، لەچوارچێوەی تێگەیشتن و شیکردنەوەی خودی دەقەکەدا، من وزەی شیکردنەوەی گوتاری دەقەکەم پێ دەگات. من دەق بەخاوەنەکەی / نووسەرەکەی ناناسمەوە، بەڵکو بەهێز و گوتار و شێواز و گێڕانەوە و کەرەستەکانی دەقەکە دەناسمەوە. هەموومان دەتوانین لەبارەی ئەنفال و کارەساتە هەقیقییەکانی ڕووداوەکان بنووسین، دەقێکی نووسراو، سینەمایی، هێلکاری، پەیکەر، وێنەکێشان، فۆتۆگراف، هێما و نیشانەی زمانی دروست بکەین، بەڵام هیچ یەکێکمان ناتوانن بەهەمان زمان و هەست و درککردن

و وێناکردنەوەی یەکتر دەقەکە لەبارەی یەک بابەتەکە بەرهەم بهێنینەوە.
توانای نووسەر لەشێوازی گێڕانەوەکەی دایە، لەئەرکە دیارەکانی نێو زمانەکەی دایە، زمانێکی ڕەوانبێژانەیە، زمانێکی سادەی گشتییە، زمانێکە تەڕ و پڕ لەفکر و واتایە، یان هیچ وشەیەک لەواتایەک پترمان پێ نابەخشێت، واتە هێز و دەسەڵاتی هەر دەقێک لەزمانی گوتارەکەی دایە، نەک تەنیا لەڕووداو و خودی چیرۆک و هەقایەتەکانی.
گوتار بەواتای بەکارهێنانی زمانە بۆ ڕاپەراندنی کردەیەک، کردەی گەیاندن و وشیارکردنەوە و هاندان و پرسیار و ورووژاندن و حوکم و بڕیار .. تاد، یان لەبنەڕەتدا زمانێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی و فکری و سیاسی و ئابووری و سێکسی و سۆزداری و مێژوویی .. تاد پەیڕەو دەکات.

**دمنی خوێنەر، توانا و دەسەڵاتی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی هەر دەقەکێکم هەیە کە پەیوەندی بە بینین و بیستن و مێشک و خوێندنەوەی من دەکات**

من گوتاری هەر دەقێک لەڕێگەی زمان و شێوازی گێڕانەوەکەی دەناسمەوە، گوتار و دەق لەدەرەوەی زمان بۆشاییەکی بێ واتای مردووە، دەق لای من لەبەر ناو و ناونیشان و پێگەی کۆمەڵایەتی نووسەرەکەی باڵا نییە، دەق لای من لەبەر هەژاری و لەپەراوێز بوونی کۆمەڵایەتی نووسەرەکەی مردوو نییە، بەڵکو باڵایی دەق لە فکر و واتا و هێزی دەربڕین و کارتێکردنی گوتار و شێوازی گێڕانەوە و جووڵاندنی خوێنەرەکانیەتی.
گوتارێکی کردەیی خۆسووتاندنی کەسێک، بەهاری عەرەبی دروستکرد. کورد خاینۆی کاوێس ئاغا زاکیرەیەکی هەمیشەیی لای گوێگر دروستکرد. کاریگەری و کارتێکردنی دەق لەوە دایە، نووسەرەکی لەمردن ڕزگار دەکات، نەک نووسەر دەق لەمردن ڕزگار بکات.
دەقی ئەدەبی دەقێکی زیندووە، پڕە لەژیان، پڕە لەدنیابینی و وێناکردن و بووژانەوەی ڕۆحی، لەهەر وشەیەکدا دەتوانیت وێنەیەکی جیاواز و سەربەخۆ بدۆزیتەوە، وەکو چۆن لەنێو هەر خانووێکدا چەندین کەرەستە و واتا و پێکهاتەی جیاواز دەدۆزیتەوە. لەنێو گوتاری ئەدەبی هەر دەقێکیشدا دەتوانرێت کەرەستە و پێکهاتەی جیاواز هەبێت، واتە دەق دەکرێت یەک وشە و گوتن و جووڵە و هێما بێت، دەکرێت کتێبێک و چەند بەرگی کتێبێکیش بێت. زمان و گوتار بەرهەمهێنی دەقن، دەقیش بەرهەمێنەرەوەی کەرەستە و پێکهاتەکانی خودی زمان و پەیام و مەبەستەکانی گوتارەکەیە. دەق دەژیت وەکو چۆن دار و مشک و باڵندە و ئاسمان و مرۆڤێک دەژین، زمان گەشە دەکات و گوتار هێز دروست دەکات و پێویستییەکانی کردەی کارتێکردن بەرهەم دەهێنێت. بۆیە دەق بەشێکی زیندووی گوتارە، دەقی ئەدەبیش گێڕانەوەی گوتارە لەڕێگەی زمان، ئەمانەش پەیوەندییان بەمردن و بوونی نووسەرەوە هەیە.

**سەرچاوەکان:**


د. عادل بدر، صيغ الخطاب الادبي، جريدة الوطن، https://www.al-watan.com/news- details/id/12860.
عمر بن عبدالعزيز المحمود، خصوصية الخطاب لادبي.. وجماليات الانزياح، جريدة الجزيرة، https://www.al-jazirah.com /culture/2012/05012012/fadaat17.htm.
دومينيد مانقومو، المصطلحات المفاتيح لتحليل الخطاب، ترجمة محمد يحياتن،، ط١، منشوارات الاختلاف،الجزائر، ٢٠٠٥.
ابراهيم صحراوي، تحليل الخطاب الادبي، ط١، دار الافاق، الجزائر، ١٩٩٩.
محمد الباردي، انشائية الخطاب في الرواية العربية الحديثة، مركز النشر الجامعي، تونس، ٢٠٠٤،.
جيرار جينيت، خطاب الحكاية، ترجمة محمد معتصم واخرين، ط٢، منشورات الاختلاف ٢٠٠٣ .

# ئەدەب

- **بیر لە خۆم دەکەمەوە**

سۆزان مامە

- **هاوڵاتی بێ نیشتمان**

نزار قەببانی - و. ماجد سورەمیری

- **لەدەستپێکی رۆژێکی نوێدا**

کۆسرەت ئەحمەد بێکەس

- **ساڵی داهاتوو چاوەڕوانتم**

فرمێسک وریا قانع

# بیر لە خۆم دەکەمەوە



سۆزان مامە / لەندەن

خودایە چەفیەی ئەم ئینجانە پڕ سۆزانە
چلۆن لادەم
کەهەڵتۆقیون
لە ئازار
قەلەم چۆن بدوێنم
چۆپی ناخی هەستێ بگرێ و سەمایەک لە ڕووتی
داڕێژێ
ڕوانینێک چلۆن بکێشم
تکانی ڕۆحی ئەو مامزانەی
خرانە ژێر قەفەسی گرەوە بنەخشێنێ
ئەم ئاوێنە کوژراوانە
چۆن کۆبکەمەوە
لە گیرفانی چاڵێکدا
لە پیتە نێرەکانی شەرەفدا
بزربوون
خودایە
سنووری جوگرافیای ژنایەتیم
نەزیفی باڵای شکۆفەکانە
کە پێش باڵق بوون
مارەبڕان
لە سمێڵی بارووتی
لە دۆزەخی نەریت
تۆ کەژنی
هەموو
چرکەکانت بریسکانەوەیەکە

له ڕەنگی یاسایەکی دەم کول
خودایە دەیەها شێرکۆم دەوێ بڵێ
«لەسەر زیندە بە چاڵکردنی خەون
و عیشقت
ئەبین بەیاسایەکی دەم تیژ »
خودایە بۆ من خەتایە بڵێم
کۆترەکانی ماڵی جەستە برسین
پشکۆیان دەوێ
تینوون بە بارانی
ئەوهەورانەی
تەڵاقیان لە بروسکە سەند
خودایە قوبادەکان لە کوێ کۆبکەمەوە
« ئەو بتە نەفرەت لێکراوە
بکاتە کتێبێکی پیرۆز و
ئەو ئایاتە ئاگرینەکانی
لەبەر بکات»
ئەوڕۆ
بیرم لای ئەو گەڵایانە بوو
کلۆرۆفیلی ڕۆحیان خرایە بەر دوشی
قەتران
بیر لەمن دەکەمەوە
ئەوهەموو وەرزەی تیا کوژرا
ئەو هەموو گۆچانەی تیا شکا
ئەو هەموو سپێتیەی تیا زوخاڵکرا
ئەو هەموو ئاوەی تیا خنکا
من هەم لای عادەتێکی باو
دەبێ شەرمنێک بم
تاشارێک دێنم
لای باوکم توتییەکی لاڵ
لای دایکیشم ماسییەکی دوو گیان
خودا بە دایکی کوڕت بکا
لای خۆشم
دووبارەنەبوونەوەم
لە دوێنێی کوشتن
لە دارشتنی
ئەو دەقانەی دڵیان قەوانێکی کۆنە
ساڵی
بسمیلکراوی ژەنگی چەقۆیە
بۆیە پەی بە ترسی دادە دەبەم
دۆکەی ڕژاوە
دەنکە هەنارەش
لەترسی پیرەژن درۆی کرد !
ئەمە لەیلوکی راڤەکانە
کە ئەلف بایەک نییە بۆ حونجەی
بۆ ئەوەی وەرزەکانی ژنبوونم
لە زامدا نەپووکێنەوە
لووتەکان نەقرتێن
چونکە لە هەرەتی گوناهدا بووم
زەنگەنەی مامۆستام گوتی
« سوێندم بە لووتی قشت و نیشتوو
لە روخسار
نزرگای ئەبرۆ و هێمای سەر بەرزی
و چاوەزار»
ئەمێستا نامەیەک دەنێرم
بۆ سوڵتانەکانی خەنجەر
هێندەی تریش لەسەر عەرشی ئاو
دەمەزەردی خۆت بکەیت
دەنگم کپ نابێ و
لێواو لێوە لەگۆرانی ئاشتی
هەناسەم پەنجەرەیەکە ژوانی
عیشقی ئاوسە
بەمیوانی خۆر



# هاووڵاتیی بێ نیشتمان

هۆنراوەی: نەزار قەبانی

وەرگێڕ: ماجد سورەمیری

ئەو هۆنراوەیەی شاعیری مەزنی عەرەب نەزار قەبانی لە پێنجەم خولی فیستیڤاڵی (المربد) لە بەغدا لە ساڵی 1985 خوێندییەوە و لەبەر بوێری بابەتەکەی لەم هۆنراوەیەدا هەرایەکی گەورەی لە ناوەندە ئەدەبییەکان نایەوە، چاوپۆشییەکی گەورەی لێ کرا و ڕێ نەدرا لە ڕۆژنامە وکەناڵە عێراقییەکانی ئەو سەردەمە بڵاوبکرێتەوە.

ڕژێمی پێشوو ئەوەی چاوەڕوان دەکرد کە نەزار قەبانی هۆنراوەیەک بۆ ستایشکردن وپیاهەڵدانی سەرۆکە دیکتاتۆرەکەی پێشکەش بکردایە، بەڵام هۆنراوەکە پێچەوانەی ئەوە بوو سوپرایزێکی چاوەڕوان نەکراو بوو بۆیان و باس لەو سەردەمە تاڵەی دەکرد کە ئەوسا وئێستاش خەڵکی ئەم وڵاتە تێیدا دەژین.

نەزار قەبانی دەڵێت:

ئێمە هاووڵاتیی بێ نیشتمانین
وەکو چۆلەکە
لەسەر نەخشەی زەمان ڕەدوومان دەنێن
بێ ناسنامە سەفەر دەکەین.. وەکوو مردووی بێ کەفەن
ئێمە سۆزەنیی ئەم سەردەمەین
حاکم دەمانفرۆشێت، و نرخەکەمان وەردەگرێت
ئێمە کەنیزەی ناو کۆشکین
ئەم ژوور ئەو ژوورمان پێ دەکەن
لەم دەستەوە بۆ ئەو دەست
لەم خاوەنەوە بۆ خاوەنێکی تر
لەم بتەوە بۆ بتێکی تر
وەکو سەگ، هەموو شەوێک ڕا دەکەین
لە «عەدەنەوە« بو «تەنجە« و

له «تەنجەوە« بۆ «عەدەن»
له هۆزێک دەگەڕێین قبووڵمان بکات
له پەردەیەک دەگەڕێین بمانشارێتەوە
له شوێنێک دەگەڕێین بۆ «سەکەن»
....
منداڵەکانمان له دەورمان ماون
پشتیان کۆم و پیر بوون
لەنێو فەرهەنگە کۆنەکانا
بۆ بەهەشتێکی تەژی له سەوزایی دەگەڕێن
له درۆیەکی گەورە .. زۆر گەورە دەگەڕێن
که ناوی نراوە: نیشتمان
...
ئێمە هاووڵاتیی شارەکانی گریانین
قاوەکەمان له خوێنی کەربەلا دروست کراوە
گەنمەکەمان ئالوودەی گۆشتی کەربەلایە
خواردنمان .. خواردنەوەمان
دابونەریتمان.. ئاڵاکانمان
گوڵەکانمان.. گۆڕەکانمان
پێستەکانمان به مۆری کەربەلا مۆرکراوە
هیچ کەس لەم بیابانە ئێمە ناناسێ
نه دارخورمایەک.. نه حوشترێک
نه گوریسێک .. نه بەردێک
نه «هیند» .. نه «عەفراء»
پێناسەکانمان گوماناوین
بیروهزرەکانمان .. نامۆن
ناوەکانمان له هیچ ناوێک ناچن
نه ئەوانەی نەوت دەخۆنەوە دەماننناسن و
نەش ئەوانەی فرمێسک وهەنسک دەخۆنەوە
....
له ناو ئەو دەقانە بەندکراوین که حاکمەکانمان دەینووسنەوە
له ناو ئەو ئایینە بەندکراوین که ئیمامەکانمان تەفسیری دەکەن
له ناو خەما بەندکراوین.. جوانترین شتمان خەمەکانمانە
چاودێریکراوین له چایخانە.. و له ماڵەوە و
له منداڵدانی دایکانمانەوە!!
لا به هەر لایەک بکەین «هەواڵدەری نهێنی» چاوەڕوانمان دەکات
له قاوەکەمان دەخوات
له ناو جێگەکەمان دەنوێت

پۆستەکەمان دەپشکنێت
لاپەڕەکانمان بەیەکا دەدات
دەچێتەوە کونەلووتمانا
لەگەڵ کۆکەمانا دەردەچێت
زمانمان .. بڕاوە و
سەرمان.. بڕاوە
نانەکەمان بە ترس و فرمێسک تەڕکراوە
ئەگەر سکاڵا بۆ «پاسەوانی سنوور» بەرز بکەینەوە
پێمان دەڵێن: قەدەغەیە
ئەگەر لە خوای ئاسمانیش بپاڕێینەوە
پێمان دەڵێن: قەدەغەیە
ئەگەر هاواریشمان کرد:
ئەی پەیغەمبەری خودا فریادڕەسمان بە
(فیزا)یەکی بێ گەڕانەوەمان پێدەدەن
ئەگەر داوای پێنووسێکیشمان کرد بۆ نووسینی دوا هۆنراوە
یان نووسینی دوا وەسیەتنامە
پێش ئەوەی لە سێدارە بدرێین و بمرین
بابەتەکەیان دەگۆڕی
.......
ئەی نیشتمانە بە خاچکراوەکەم لە سەر دیواری کینەت
ئەی ئەو تۆپەڵە ئاگرە کە بەرەو هەڵدێر دەڕوات
هیچ کەسێک لە «بەنی موزەر» .. یان لە «بەنی سەقیف»
بوتڵێکی خوێن.. یان (میزە) شەریفەکەی
نەبەخشیە ئەم نیشتمانە لە خوێناو خنکاوەدا
هیچ کەسێک بە پانتایی ئەم عابا پینەکراوەیەدا
پاڵتۆیەک یان کڵاوێک بە دیاری نەدا بە تۆ
ئەی نیشتمانە شکاوەکەم وەکو دەوەنی پاییز
ئێمە وەکو درەخت لە شوێنی خۆمان ریشەکێش کراوین
لە ئومێد و یادەکانمان کۆچ پێکراوین
چاوەکانمان لە دەنگمان دەترسن
حاکمەکانمان خواوەندن،
خوێنی شین لە دەمارەکانیاندا دەسووڕێتەوە و
ئێمەش لە نەوەی کەنیزەکانین
نە گەورەکانی حیجاز دەماننناسن .. و نەش بۆرەپیاوانی بیابان
نە «ئەبوتتەییب» میوانداریمان ئەکات ..و نەش «ئەبولعەتاهیە«
ئەگەر دیکتاتۆرێک بڕوابا
ئەیداین بەدەستی یەکێکی تر



............
ئێمە کۆچبەرین لە کەنارەکانی ماندووبوون
کەس نامانەوێن
لە دەریای «بەیرووت»ـەوە بۆ دەریای «عەرەب»
نە «فاتمیەکان» و... نەش «قەرامیتەکان»
نە «مەمالیک» و.. نەش «بەرامیکەکان»
نە «شەیتانەکان» و.. نەش «مەلائیکەکان»
کەس نامانەوێن
کەس نامانخوێنێ
لە شارەکانی خوێ کە هەموو ساڵێک ملیۆنەها
کتێب سەر دەبڕن
کەس نامانخوێنێ
لە شارگەلێک «هەواڵگری دەوڵەت» بووەتە
جارچیی ئەدەب
........
ئێمە لە ناو کەشتیی خەمەکانا سەفەر دەکەین
سەرکردەکەمان بەکرێگیراو و
شێخەکەمان (چەتەن)ن
وەکو جرج لە ناو قەفەزدا کۆکراوینەتەوە
هیچ بەندەرێک قبووڵمان ناکات..
هیچ مەیخانەیەک.. قبووڵمان ناکات
ئەو پاساپۆرتانەی پێمانە
دەسکردی دەستی شەیتانە
هیچ سوڵتانێک
قبووڵی ناکەن
هەرچی نووسینمانە
...........
لە دەرەوەی «زەمان» و «مەکان»دا سەفەر
دەکەین
پارەکانمان ون کردووە.. بارەکانمان ون کردووە!!
رۆڵەکانمان ون کردووە .. ناوەکانمان ون کردووە..
«ئینتیماء»مان ون کردووە
هەستکردنمان بە ئاسایش ون کردووە
نە «بەنو هاشم» ئەمانناسنەوە و .. نە «بەنو شەیبان»
نەش «بەنو لینین» دەمانناسنەوە و.. نە «بەنو ریگان»
ئەی نیشتمانەکەم هەموو چۆلەکەکان مەنزڵگەیان هەیە
جگە لەو چۆلەکانە کە ئازادییان کردۆتە پیشە
چونکە ئەمانە... لە دەرەوەی نیشتمان دەمرن

# لەدەستپێکی ڕۆژێکی نوێدا

.
.
.



کۆسرەت ئەحمەد بێکەس

سەرەتای ڕۆژێکی نوێیە و
تۆ لێم دووری،
ژاوە ژاوی پاسەکە
لەسەر بێدەنگی دەمپەڕێنێتەوە
ئاوازەکانی نەبوونیی پێشبڕکێی بردنەوەی تارییکایی لە شەو دەکەن،
هەڵپەڕکێی پڕ لە بەختەوەری و
چەقینی پڕ لە تاسە، لە تاسەکان
دەمگەڕێنێتەوە،
دەمگەڕێنێتەوە نێو ڕۆحی لە هەناسە داشۆراوم،
دەبێ ئێستا تۆ لە کوێ بی،
بیر لە چی بکەیتەوە؟
گەڕیدەم.. پێدەشتی گیانی زێڕینم
بە سەوز بوونی هەتایی دەگۆڕمەوە،
لە نێو پاسەکەدا  نۆتەی ژیان بەرز و بەرزتر دەبێتەوە
نقووم بوونی منیش لە چرپەدا
هێمای فەنا بوون لە خۆشەویستی دەکێشێت،
لە گەرمی موزیک و شرقەی چەپڵە
من پەیکەرێکی داتاشراوم و لە مینبەری ژیان دەڕوانم
ڕوانینم بەرەو پێکەنین و
ڕاڕاییت دەمباتە ،
بیر لە سوار بوونی پاسکیلێک دەکەمەوە
خۆم و خۆت بەیکەوە پەیدانی لێبدەین،
پڕ بە گەروومان خەنینەکان بەبا بکەین و
چیرۆکی لۆفەکانی خەم بەسەر بەرزترین چیادا ئاودیو بکەین،
دانیشتووم بەرز دەبمەوە
تا زێتر بیر لە تۆ بکەمەوە
لە هەوران نزیکتر دەبمەوە و
دەستم توندتر لە بوونت گیر دەبێت،
یادگارییەکان بلەز دێنەوە سەر ڕێگام
دەستی مانەوەم توند دەگوشن و
لەنێوان دووری و ئەوینی تۆدا
دەمتوێننەوە،
دەمهێڵنەوە.
بیکوتە ..



بیکوتە..
نۆتەکەت بەرز کەوە و
ژێی ڕوحم بلەرێنەوە،
لە بەرزی و نزمی مێژوودا
بمکە بە ئەفسانە و لە گۆرانیەکدا
بملێوە،
وەک ڕاپێکی ئەمینێم
پەلە بکە لە وتنەوەی گەیتشنت و
لەنێو ئازارەکانم بمێنەوە،
لێکەوتەی ئەم گەردوونەم
تایەی ئوتومبێل شاهێدیم بۆ دەدات
هێلی بەجێماوی ڕۆیشتنت
بەسەر دڵمدا کێشراوە،
لە دانیشتنمدا تێپەڕ دەبن
شاخ
دەشت
پەرێز
وێنجە
لە چاوەڕوانی کارێکی
لە دایک دابڕاودان
هەموویان تێپەڕ دەبن و
منیش گوێ لە گۆرانیەکی بیانی دەگرم ،
دڵم دادەچۆڕێ لە دووریت
نۆتەی غەریبیت بەرز دەبێتەوە
داخۆ کەی دەبتبینمەوە
ئێرە لەنێو وشکایی و
سەوزایدا نغرۆ بووە
گۆلی گیانم بە هاتنت ئاودێربکە،
ئاوازەکان دەگۆڕێن
تاوێرەکان لە هەڵدێران دەمگرنەوە
تا لە شیعرێکی نەنووسراو بمهۆننەوە
لە دێرێکدا مارەیی عەشق لە هۆنراوەیەکی تازە دەبڕنەوە،
نۆتەکەت بەزر کەوە
لە نزیکترین ڕێی هات و نەهاتدا
خاڵێک بکە بە کۆتا
با دواین گرێ
لە دەسماڵی
بەیەکەوەبوونمان بدەین
دەسماڵی ئەوینمان
لەیەک گرێ بدەین
بەیەک گرێ بدەین.

### هەفتەی ئەوین

# ساڵی داهاتوو چاوەڕوانتم



**فرمێسک وریا قانع**

بۆ جاری دووەم و ساڵی دووەم بەشداریم کرد لە پیشانگای نێو دەوڵەتی کتێب لە شاری قاهیرە، کاتێک بەیانی بۆ نانخواردن هاتمە خوارەوە لەگەڵ هاوەڵانی شاندی وڵاتەکەم پێکەوە لەسەر مێزی نانخواردن کۆبووینەوە هەرکاتێک سەرم هەڵدەبڕی کورێکی باڵا بەرزی چوار شانەی قژ لوولی گەنم ڕەنگی چاو ڕەش بەرانبەرم زەردەخەنەیەکی دەگرت و زۆر بە دیقەت تەماشای دەکردم نەجارێک و نەدووان و نە سیان شەرم دایدەگرتم و سەرم دەهێنایە خوارەوە،،پاشان لەکاتی دانیشتنم لە ناو پاسەکە بۆ گواستنەوەمان بۆ پیشانگاکە بە زمانی عەرەبی پرسی:

– خانم دەتوانم لە تەنیشتت دابنیشم؟

بە بێ ئەوەی هیچ لێکدانەوەیەک بە خەیاڵمدا بێت بۆ ئەو داوایەی گوتم:

– بەڵێ فەرموو !

– سوپاس، دەتوانین هەندێک قسە بکەین پێکەوە؟

– بەڵێ

– ناوەکەت بۆ ئێمەی عەرەب نامۆیە مانای چییە؟ چۆن دەخوێنرێتەوە (ئفستا)

بە سەرسوڕمان و پێکەنینەوە پرسیم

– چۆن ناوی منت زانی؟

– دیارە بیرت چووە کە ساڵی پار یەکترمان ناسی بە هۆی هاورێیەکەوە،

– ببورە کە بیرم چووەتەوە، بەهەرحاڵ ناوم (ئاڤێستایە)

– ناوێکی خۆشە مانای چییە؟

– ئاڤێستا کتێبی پیرۆزی ئایینی زەردەشتە بە مانای بناغەیەکی بەهێز دێت

– مانایەکی خۆشی هەیە

– بەڵێ

– دەتوانم بزانم چ کارێک دەکەیت و چۆنە دوو ساڵە سەردانی پیشانگای کتێب دەکەی؟

– دەرچووی بەشی ڕاگەیاندم و کارمەندی میریم وەکو نوێنەری وڵاتەکەم بەشدارم

– لەشت ساغ بێت، من دەرچووی بەشی فەلسەفەم

– لەشت ساغ بێت

بێ دەنگیەکی زۆر و هێمنیەکی لەرادەبەدەر لە ناو پاسەکەدا لە ئارادا بوو بۆیە ئەویش بێ دەنگ بوو پرسیاری دیکەی نەکرد. بەڵام دوایی تۆزێک کە خەڵکی دیکەش دەستیان بە قسەکردن کرد ئەویش دەستی بە پرسیار کردن کردەوەو پرسی:

ژیان و گوزەرانی خەڵک لە کوردستان چۆنە؟ پەیوەندی خێزانی کورد لەگەڵ خێزان و دراوسێی غەیرە کورد و بێگانە چۆنە؟ دەمەوێت زۆرترین زانیاری لەسەر کوردان وەرگرم و بیان ناسم

لەو چرکەساتەدا لە مەبەستی تێنەگەشتم نەمزانی بە چ نیازێک ئەم پرسیارە دەکات و نەمدەویست باسی ژیانی کوردستانی بۆ بکەم بۆیە خۆم لە پرسیارەکەی دزیەوە تەنها ئەوەندەم گوت:

– دەتوانی لە سەر کورد بخوێنیتەوە

لەم کاتەدا گەشتینە شوێنی مەبەست و لێرەدا روخسەتم وەرگرت و بەجێم هێشت، لەگەڵ هاوەڵانم بەشداری ئەو کۆڕەمان کرد کە سەبارەت بە (شیعری کلاسیکی عەرەبی) رێکخرابوو لە پەراوێزی پێشانگاکەدا.

کاتی گەڕانەومان بۆ هوتێل بە هەمان شێوە بۆ جاری دووەم لێی پرسیم

– دەتوانم لە تەنیشتت دابنیشم؟

بۆ جاری دووەم ئاسایی وەرم گرت و گرنگیم بە داواکەی نەدا و گوتم

– بێ گومان فەرموو

– ئەمڕۆ لە پێشانگاکە دوور بە دووری تەماشام دەکردی و ئەو کتیبانەی هەڵت دەبژارد زۆر سەرنجیان راکێشام و من زۆربەیانم خوێندووەتەوە

– بەراست؟

– بەڵێ، دەزانیت تا ئێستا ناوی منت نەپرسیوە و نازانی لە چ وڵاتێکەوە هاتووم !!

بە پێکەنینەوە ناویم پرسی هەرچەندە ئەو زانیاریە لای من گرنگ نەبوو.

– ناوم (جبران)ە و خەڵکی لوبنانم

هەستم کرد لە دڵی گران بوو کە گرنگی پێ نادەم و هەندێک بێزاری بە روخساریەوە دیار بوو بە تایبەتی لەکاتی هاتنمان بۆ پێشانگاکە من هیچ جۆرە پرسیارو قسیەکم نەدەکرد و وەڵامی پرسیارەکانیم زۆر بە کورتی دەدایەوە بۆیە بڕیارم دا هەندێک بیدوێنم

– خۆشحاڵم، ناوەکەت هیچ پەیوەندییەکی هەیە بە ناوی نووسەرو شاعیری لوبنانی (جبران خلیل جبران)

– بەڵێ، بەناوی ئەوەوە ناو نراوم چونکە دایکم زۆر سەرسام و خوێنەرێکی بێ رکابەری بەرهەمە جیاوازەکانی ئەو نوسەرەیە

– ئەی باوکت؟

– باوکی خۆمم نەدیوە و دوو مانگ پێش لەدایک بوونم بە ڕووداوی هاتووچۆ کۆچی دوایی کردووە

– بەداخەوە ! کەواتە تاقانەی دایکتی

– نەخێر خوشکێکم دوو ساڵ لە خۆم گەورەترە وناوی (حنان)ە

– ئەویش بەناوی (حنان الشیخ) ەوە ناونراوە

– بەڵێ، حنان الشیخ دەناسیت؟

– بەڵێ دەیناسم و زۆربەی کتێبەکانیم خویندوونەوەو یەکێک لەوانە رۆمانی (دوو ژن لە کەناری دەریا)

– دیارە زۆر دەخوێنیتەوە

– بەڵێ، دیارە ئێوەش خێزانێکی ئەدەبین و خولیای خوێندنەوە و نووسینن

– بەڵێ خوێنەرێکی زۆر جدین

بەڵام کەم دەنووسین

پاشان کەوتینە قسەو باس لەسەر ئەدەبی عەرەبی و منیش هەندێک باسی ئەدەبی کوردیم بۆ کرد، کە هیچ زانیارییەکی ئەوتۆی لەسەری نەبوو، بەڵام زۆر بە پەرۆشەوە گوێی لە قسەکانم دەگرت،دوایی گوتی

– لەمەودوا دێمە کوردستان و هەوڵ دەدەم فێری زمانەکەتان ببم دەبێت یارمەتیم بدەیت بۆ فێربونی

راستەوخۆو بێ بیرکردنەوەو بە موجامەلەوە گوتم

–بەسەرچاو

هەستم بە گەشیەک و دڵخۆشیەک کرد لە دەم و چاویدا و زەردەخەنەیەک کەوتە سەر لێوانی وەک ئەوەی خەڵاتم کردبێت لە کاتێکدا خۆم وەک و هەر هاورێیەکی تر ئامادەم چ جۆرە هاوکاریەکی پێویست بێت پێشکەشی بکەم، پاشان و لە رۆژانی دواتر بۆم روون بووەوە کە ئەم داوایەی بە مەست بووەو زۆر لە بیرکردنەوەی من قوولتر بوو، ئەوەی لە خولیاو خەیاڵی ئەودا بوو لای من بوونی نەبوو چونکە بەخێو کردن و گەورەبوونم لە خێزانێکی داخراوی گوێڕایەڵی داب ونەریتە کۆنەکان وای لێکردبوم هەرگیز بیر لە پەیوەندی و هاورێیەتی کوڕان نەکەمەوە بە تایبەتی بێگانەو غەیرە کورد بۆیە هەرچیەکی دەگوت من بە سادەیی لە دڵی خۆم لێکم دەدایەوە، هەرچەندە دەرچووی زانکۆ

بوم بەڵام بە دریژایی چوار ساڵی خوێندنی زانکۆ هاوڕێیەتی و تێکەڵی کوڕان نەدەبووم هەر بۆیە لەکاتی هاوسەرگیریدا باجی ئەو بەخێوکردنەو دورەپەرێزیەم زۆر قورس دا، دایکم وباوکم ئامۆزای یەک بوون بەلام لەوەتەی فامم کردووەو ئەیان ناسم نەمدیون پێکەوە پێبکەنن و قسەی خۆش بکەن هیچ شتێکی هاوبەشم لە نێوانیاندا نە دەبینی ڕۆژانە شەڕ وئاژاوەو دەمەقاڵی لە ماڵی ئێمەدا میوان بوو، دایکم هەمیشە دەیگوت (گەر معاشێکی خۆم دەبو حەوت زەمان بوو لە باوکتان جیا دەبوومەوە، بەڵام چی بکەم و بە پێنج کچەوە بۆ کوێ بچم). زۆرجار گوێم لە باوکم بوو بە دایکمی دەگوت

– گەر ئەمجارە کورت نەبێت تەڵاقت دەدەم و ژنێکی تر دێنم.

دایکم لە ترسی ئەم هەڕەشەیە زۆر جار سک پڕیەکەی خۆی لە بار دەبرد.

گەشتینەوە هۆتێل و چوومە ژوورەکەی خۆم و دەرگای بالکۆنەکەم کردەوەو تەماشای شەپۆلی دەریاکەم دەکرد جوانی و دەنگی شەپۆڵەکان هێندەی پزیشکێکی دەروونی ئارامی پێدەبەخشیم خۆزگەم دەخواست لەگەڵ کۆتایی هەر شەپۆلێکدا کۆتایی بە خەم ودەمەقاڵی و ئێش و ئازارو ناخۆشییەکانی ناو خێزانەکەم بێت و خەیاڵ بردبوومیەوە کاتێک زەنگی تەلەفۆنی ژوورەکەم لێیدا

– بەڵی فەرموو،

بەدەنگیدا ناسیمەوە کە ئەوە تەلەفۆن دەکا و گوتی

– بۆ نایەیتە خوارەوە پیاسەیەکی کەناری دەریا بکەین

– بۆنا !!

لێرەوە هەستم کرد لە هاوڕێیەتی زیاترەو هەستێکی هەیە بەرانبەرم

زۆر بە دڵ خۆشی و بە پەلە ئارایشتەکەم تۆخ کردەوەو هەندێک بۆنم لەخۆمداو دابەزیمە خوارەوە لەهۆڵی پێشوازی هوتێلەکە بە گوڵێکی سوورەوە ڕاوەستا بوو بە سەرسوڕمان و سوپاسەوە گوڵەکەم لێ وەرگرت و پێکەوەچووینە کەناری دەریاکە و هیچ گرنگیەکم بە ڕاو قسەو بۆچوونی ئەندامانی شاندەکەی خۆم نەدەدا وەک ئەوەی بمەوێت گۆڕانکاریەک لە ژیانمدا ڕووبدات و لەو چوار چێوەیە بێمە دەرەوە کە خێزانەکەم بۆی کێشاوم هیچ حیساب بۆ قسە و باسی خەڵکی نەکەم. کەوتە قسە کردن و پرسی:

– دەتوانم دڵی خۆمت بۆ بکمەوە؟ هەندێک قسەم هەیە و دەمەوێت باسی بکەم بۆت

– بەڵێ فەرموو ئێمە هاوڕێین و دەتوانی چیت هەیە باسی بکەی

کەمێک راوەستاو گوتی

– تەنها هاوڕێین؟

چاوەڕێی وەڵامی نەکردو قسەکانی تەواو کرد و گوتی

– راستە ماوەیەکی کەمە یەکتر دەناسین بەڵام لای ئێمە قسەیەک هەیە دەڵێت (الاذن تعشق قبل العين احيانا) لە ساڵی پارەوە چاوەڕێی ئەم دەرفەتەم کە پێت بڵێم زۆر سەرسامم پێت و ساڵانێکە بە دوای کەسایەتییەکی وادا دەگەڕێم و ساڵی پار زۆر زۆر چاودێریم دەکردی بە بێ ئەوەی خۆت هەست بکەی !! چ لەهۆتیل و چ لە پیشانگا و کاتی دانیشتنت لەگەڵ هاوەڵانی وڵاتی خۆت و گوێم لە راو بۆچوونەکانت دەگرت، زۆر بە دیقەتەوە دەمڕوانیە ئەو کتێبانەی لە پێشانگاکە هەڵیاندەبژێری و هەستم دەکرد کە زۆر لە یەکەوە نزیکین.

یەکەم جارم بوو ئەو وتەیە ببیستم کە هەندێک جار گوێ لە پێش چاو عاشق دەبێت.

ئەو لە گەرمەی قسەکردنا بوو باسی خۆشەویستی بۆ دەکردم منیش خەیاڵم چووەوە کوردستان و ئامۆزاکەی خۆمم بیرکەوتەوە کە چۆن خۆی سووتاند دوای ئەوەی ماڵی مامم ڕازی نەبوون هاوسەرگیری لەگەڵ غەیرە کوردێک بکات و قسەکانی نەنکمم بیرکەوتەوە کەوەک شیعاری بنەماڵەکەمان هەمیشە دەیگوت (نەبوون و هەژارێکی کورد باشترو پەسەند ترە لای ئێمە لە وەزیر و پاشایەکی غەیرە کورد و بێگانە).،، مامم لەبەر ئەوەی برا گەورەی باوکم بوو قسەی بە سەر هەموو خوشک و براکانیدا دەڕۆشت کە کۆدەبووینەوە بە هەموومانی دەگوت ئامۆژگاریەکی بچووکتان دەکەم بیکەنە ئەڵقەو بیخەنە گوێتان:بۆ ئەوەی خۆش



بژین و کێشەتان تووش نەبێت دوورکەون لە باس کردن و ڕاگۆڕینەوە و گفتوگۆکردن لە سێ بابەتدا (سیاسەت، دین، سێکس) ئەمانە هێڵی سوورن و لێی نزیک نەکەونەوە ئێمەش زۆر بە وردی و بە دیقەت و بە ترسەوە گوێمان لێی دەگرت و جێبەجێمان دەکرد

لێرەدا بانگی کردم و گوتی:

– گوێت لێم بوو چیم گوت؟

بە پەشۆکاویە گوتم

– بەڵێ بەڵێ گوێم لێت بوو

– ڕات چیە؟؟

دڵم بە قسەکانی زۆر خۆش بوو کەبە شان و باڵمدا هەڵیدەدا و وەسفی دەکردم و غەزەلی بۆ دەهۆنیمەوە خۆزگەی دەخواست هەمیشە پێکەوە بین بەڵام من حەپەسام و نەمزانی چی وەڵام بدەمەوە بۆیە گوتم

– با بچینە ژورەوە

– بەسەر چاو فەرموو

هەستی بە پەشۆکاویم کردبوو بۆیە هیچی نەگوت، گەشتینەوە لای هۆتیلەکە دەرگای چوونە ژوورەوەی بۆکردمەوە و فەرمووی لێکردم لەو کاتەدا هەستم کرد شازادەیەکم هەموو داواکارییەکانم جێبەجێ دەکرێن و نازم هەڵدەگیرێت چونکە،یەکەم جار بوو ئەو هەمو رێزو خۆشەویستیەم پێی ببەخشرێت و بە گوێمدا بچرپێنیت و باسی خۆشەویستیم بۆ بکات وام ئەزانی بەشدارم لە فلیمێکی رۆمانسیدا و ئەم کورەش پاڵەوان و سوارچاکی فلیمەکەیە.

گەشتمە ژورەکەی خۆم و هەستێکی سەیر لە ناخمدا هەبوو بەردەوام هەستم بە ئاسوودەیی دەکرد و گۆرانیم دەگوت و سەمام دەکرد،زەردەخەنەیەک لە سەر لێوم بوو نەمدەویست دانیشم و حەزم لە پیاسەیەکی خێرا دەکرد بە ناو ژوورەکەمدا هەرچەندە بیرم لە قسەکانی دەکردەوە

دەمگووت تۆ بڵێی ئەمە بە راستی بێت و ئەوەی نێوانمان خۆشەویستی بیت؟ لە نێو ئەو هەموو کچەی لە پێشانگاکەدا منی هەڵبژاردبێت؟

بۆ جاری سێیەم و چوارەم و پێنجەم چ لە کەناری دەریا و چ لە ریستۆرانت کە پێکەوە نانمان دەخوارد و چ لە هۆڵی پێشوارزی هۆتێلەکە پێکەوە دادەنیشتین و قسەمان لە بابەتی جۆر بە جۆردا دەکرد وباسی خێزانی کورد و باوک سالاریم بۆ دەکرد، وام لێهات من بەدوایدا دەگەڕام وجۆرە هۆگریەک لە ناخمدا دروست بوو بوو کە لێی تێنەدەگەیشتم و نەمدەزانی ناوی بنێم چی حەزم بە بینین و دانیشتن دەکرد لەگەڵی یەکەم جار بوو کە بتوانم بەو شێوەیە لەگەڵ کەسێک ئازاد و کراوە بم و هەموو جۆرە قسەیەکی لەگەڵ بکەم بە بێ ئەوەی ترسی ئەوەم هەبێت کە چی رودەدات

کۆتا رۆژی پیشانگاکە بوو هەموومان لە هۆڵی پێشوازی هۆتیلەکە کۆببووبووینەوە هەرهەموو سەرقاڵی خواحافیزی و گەردن ئازادی بووین لە یەکتر کاتێک هاتە لامەوە بە چاوێکی پڕ لە خەم و ئەسرینەوە دەستی دریژ کرد بۆ تەوقە کردن منیش بە خۆشحاڵیەوە دەستم درێژ کرد و توند دەستی گوشیم و گوتی:

– بە هیوای دیدار، ئاگاداری خۆت بە، ساڵی داهاتوو چاوەڕێتم

ئەوەی زیاتر وای لە من کرد هۆگری بم و خۆشم بوێت و ببێتە یادگارییەکی چەقیوی لە بیر نەکراو لە مێشکمدا جوانی شێوازی قسەکردن و ڕێزگرتن و ڕاشکاوی لە رادە بەدەری بوو بۆ هەست و بۆچوون و بیرکردنەوەکانم باوەڕ نەبوونی بەو سنوورە دەستکردە بێ مانایانەی لە لایەن خودی مرۆڤەوە دەخرێتە پێش دڵدارەکان. باوەڕی بە یەکسانی مافەکانی ژن و پیاو زۆر پێچەوانەی باوکم و مامم و ئامۆزاکانم دەهاتە پێش چاوم.

دڵم لە پێشانگای قاهیرە بەجێ هێشت و بە جەستەیەکی مردوو رەنگ زەرد و بێ هێز گەڕامەوە کوردستان و چەند ساڵێک تێپەڕی بەسەر یادگاری هەفتەی ئەویندا و هاوسەرگیرییەکی زۆر سەقەت و نا بەدڵ و ئاساییم کرد لەگەڵ پیاوێکی بە ماڵ و موڵک وپارە دەوڵەمەند بەڵام بە بیرو هۆش رۆشنبیری نەبوون و لاوازو هەژارو کەمزان ئافرەتی تەنها بۆ سەر جێ و دامرکانەوەی غەریزە ئاژەڵیەکانی خۆی ئەبینی هیچ جۆرە گفتوگۆیەکی دەرەوەی سەرجێی و سێکسی بازاری زیاتر لە نێوانماندا نەبوو لە ژیانیدا کتێبێکی لە دەرەوەی مەنهەجی قوتابخانە نەخوێندبووەوە هەموو بیرو هۆشی لای پارە پەیدا کردن بوو وایدەزانی بە پارە هەموو شتێک دەکرێت و دەکرێت حەزم دەکرد نۆبەرەکەم کوڕ بێت و ناوی ئەوی لێبنێم چونکە بڕوام وایە مرۆڤ یەکجار دەتوانێت بە هەموو هەست و نەستی و لە قووڵایی دڵەوە خۆشەویستی بکات گەرچی بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت لە بیرکردن و سڕینەوەی لە یادگارییەکانمدا زۆر ئەستەمە.

لەم خەیاڵانەو لە خۆشترین بیرەوەری رۆژانی هەفتەی ئەویندا بووم کاتێک کچە تاقانەکەم لە دەرگای ژوورەکەمی دا و گوتی

– دایە درەنگە ! هەستە ئەمڕۆ کۆتارۆژی دانیشتنی دادگایی جیابوونەوەی تۆو باوکمە !!



# چاوپێکەوتن

- **دیدارێک لەگەڵ سەرکەوت ڕەسول**

دیداری مەسعودی مەلا هەمزە

## سەرکەوت رەسول

# بەڵێ بە پراکتیکی دوو هەولێر هەیە

هەولێرو یادگارییەکانی، رۆشنبیرو کاریگەرییەکانی، رۆڵی رۆشنبیر لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگاو دروستبوونی جیاوازی چینایەتی و رەنگدانەوەی لە هەولێری پایتەخت.

یادگارییەکانی هەولێرو تەوزیف کردنی لە تێکستە شیعرییەکان، جیاوازی هەولێرو ئەوروپاو چەندان پرسیاری تر، تەوەری دیداری تایبەتی یەکەم ژمارەی گۆڤاری (دیوان) لەگەڵ شاعیری هەست ناسک و جواننووس (سەرکەوت رەسول).

*گفتوگۆی مەسعودی مەلا هەمزە

**پ/ لە دوایین دیداری تەلەفزیۆنیت گوتت هەموو دنیا لای من تامی چڵکاوەکەی بن جسری سەیداوە نادات، ئەو هەستەت بۆ هەولێر لەچی سەرچاوەی گرتووە؟**

ئینسان خوێن و گۆشتە، خەلقەندەیەکی کۆمەڵایەتییەو زادەی ژینگەی تایبەت بە خۆیەتی، یادەوەری و نۆستالیژیا کاریگەری زۆر لەسەر مرۆڤ دادەنێن بە شێوەیەکی موگناسیەتی وات لێدەکات پەلکێشت بکاتەوە بۆ رابردوو.. پاش دیتنی ولاتی زۆرو شاری جیاواز من نەمتوانی ببمە کوری رۆژئاواو گەرامەوە سەر ئەسڵی خۆم.. چڵکاوەکەی سەیداوە رەمزی یادەوەری منداڵیمە، زێدمەو دەست بەرداری نابم.

**پ/ دەڵێن هەولێرییەکان قەدری تواناکانی خۆیان ناگرن، هەستت بەمە کردووە؟ چۆن؟**

هەولێری رەسەن، بە خەڵکی شارو لادێیەکانی، بە شێوازی خۆیان رێز لە پیاوە ناودارو کەسایەتییەکان دەگرن (کە ئێستا کەمینەن) بەڵام ئەوەندەی رێز لە دەست رۆیشتووی پارەداری خاوەن تەلارو ساحێب عەشیرەت دەگیرێت، رێز لە قەڵەم بە دەست و ئەهلی ئەدەب و هونەر ناگیرێت!! پیاو ماقوڵ بە بەها سادەییەکەی دەپێورێت، تایبەتمەندی کۆنسەرڤاتیڤانەی ئەو شارە وای کردووە ئەو پێوەرە پەیدابێت کە سەرچاوەکەی لە فرە ئایین و نەتەوەو پێکهاتە جیاوازەکانی وەرگرتووە!

**پ/ رۆڵی رۆشنبیران لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگا لە هەولێر چۆن دەبینی؟**

لە هەموو ولاتێک و لە سەرجەم شارە زیندووەکانی دنیا رۆشنبیران و هونەرمەندان دەستیان هەیە لە دروستکردنی رای گشتی، کاریگەری خۆیان هەیە، بەڵام لە هەولێر جیاوازە لەبەر ئەو هۆکارەی باسم کرد شێوازی ژیانی هەولێرییەکان لەبن کاریگەری ساحێب سەنعەت و پیشەکارەکانە، مەلای ئایینی دەسەڵاتی زیاترە لە رۆشنبیران و هەتا سیاسییەکانیش لە هەندێک باردا، پرسیاری جددیش ئەوەیە ئایا رۆشنبیری کورد گەیشتۆتە ئەو ئاستەی خەڵک ئاراستە بکات؟! من گومانم هەیە! رەنگە تاک و تەرا هەوڵ هەبێت، بەڵام تووشی دەیان بەربەست دەبێتەوە لە لایەن جەهلی خەڵک و حزبەکان و ئیسلامی سیاسی! بەداخەوە قەڵەم بە دەست و هونەرمەندان خۆیان کردووە بە گەمەی دەستی سیاسییەکان لەبەر هەندێ ناتوانن دەنگیان

**خانمی حەشیش فرۆش رونیای منە بۆ دنیای دوای راپەرین کە بەهاکان گۆرانکاریان بەسەر هات**



جێی متمانە بێت!

**پ/ لەم دۆخەی ئێستا زۆر بێزاری، بۆ؟ ئەم بێزاریە لەچی سەرچاوەی گرتووە؟**

نیگەرانم بەرامبەر ژیان و گوزەرانی خەڵک، غەدرێکی گەورە دەکرێت و دەسەڵاتم نییە لە قسە زیاتر!

بێزارم کە دەبینم لەدوای ڕاپەڕینەوە قەدەرمان بە دەستی چەند سیاسییەکی کلاسیکی کوردە، کە واقیع و پێشهاتەکان جوان ناخوێننەوەو ناتوانن لەگەڵ باهۆزی پێشکەوتن و بەرەو پێشچوونی دەوروبەر گوزەر بکەن، سیاسەتی کۆکردنەوەی پارە لە پیشە هەرە سەرکەوتووەکانی سیاسی کورد بووە، نیگەرانم کە دەبینم خەڵک ناهۆشیارە (200 جۆرە برنجی پێ ساغ دەکەنەوە بە ناوی جیاواز تەنیا گوشەکانیان جیاوازی هەیە، چاوەڕێی چی لێ دەکەی کە لە بەردەم سندوقی هەڵبژاردندا لەناو کاندیدکراوی برنج ئاسا جۆری باش هەڵبژێرێت!).

بێزارم لەوەی بەها ماددییەکان پیرۆزترن لە بەها ویژدانی و مەعنەوییەکان.

**پ/ تۆ شاعیری شیعری گۆرانی یان قەسیدە؟**

شیعری گۆرانی ئەزموونێکەو زیاتر پێی ناسراوم، ئیش کردن لە هێڵی گشتی نووسینی شیعری هاوچەرخ ئەزموونێکی تری منە.. قورسە بۆ من قسە لەسەر پۆلین کردنی ئەزموونی خۆم بکەم. ڕەنگە خوێنەرو ڕەخنەگری ئەدەبی ئەوە یەکلا بکەنەوە، بەڵام کۆمەڵێک ستایل هەیە لە ژیانی ئەدەبی من تاقیم کردۆتەوە هەریەکەو بە جیا دەکرێت قسەی لەسەر بکرێت!

**چڵکاوەکەی سەیداوە ڕەمزی یادەوەری منداڵیمە**

**پ/ لە دیدارەکەت وتت ئێستا دوو هەولێر هەیە؟ ئەو دوو هەولێرە چییەو بۆ دوو هەولێر؟**

بەڵێ بە پراکتیکی دوو هەولێر هەیە، یەکیان هەولێری کۆنە کە خەڵکە ڕەسەنەکەی بە خانووە قوڕەکانیشەوە، مۆزایکی هەولێریان پێک هێناوە، سادەیی و ساکاری شێوازی گوزەرانی خەڵکی تێدا دەبینیەوە، کۆمەڵگای کوردستانی لەبەر ئەوەی نەشونمای سروشتی نەبووە، لەبەر زۆر هۆکار هیچ تیۆرێکی لەسەر تەتبیق ناکرێت لە جیاکردنەوەی چین و توێژەکانی تا دەگەینە دوای ڕاپەڕین! لەو کاتەوە چینی دەسەڵات بە دەست بڕیار دەدات چین و توێژ دروست بێت. هێڵێک دەکێشن لە نێوان خۆیان ئەوانەی پێیان دەگۆترێت (ڕەشۆکی).

بۆ خۆیان زۆنی زێڕین (زاراوەی دەڵاڵەکانی خانووبەرەیە کە بەناوچەی ڕۆژئاوای هەولێر دەگوترێت)، (زۆنی زێڕین) دەبێتە هۆکارێک بۆ دروست بوونی جیاوازی لەگەڵ زۆنی هەولێری کۆن (کە ڕەسەنترن!) هەر لەوێوەش هەندەسەی گۆڕانکاری دیمۆگرافی دادەڕێژرێت.

هەموو کەرەستەکانی خۆ جیاکردنەوە لە خەڵکی ڕەشۆکی دەخرێتە گەڕ بۆ تێکەڵ نەبوون بە چین و توێژەکانی بنەوەی کۆمەڵگا.. پیاسەیەکی کورت بکەیت هەست بەو خۆ جیاکردنەوە دەکەیت لە ڕووی میعماریەوە تا دەگاتە هەڵسوکەوت و ئامرازەکانی گەیاندن و جادەو بان و هتد.

لە ڕووی دیمۆگرافیەوە خەڵکی لای دەرەوەی هەولێر هێنراون بە بەخشینی خانوو،زەوی، کاروکاسبی و بەرژەوەندی ئابووری بە دەست ئەوانە!

نرخی چایەک لە ئیسکان (250) دینارەو لە (پارک ڤیو) (5) هەزار دینارە جیاوازییەکە لێرەیە!

**پ/ هەولێرە ماست چیت بیردەخاتەوە؟**

شیعرەکەی کەژاڵ ئەحمەدو وەڵامەکەی خۆم، یادەوەرییەکی خۆش کە شیعر سەنگی خۆی هەبوو، ناخۆش لەبەر ئەوەی بارودۆخی شەڕی ناوخۆم بیردێنێتەوە!

**پ/ لە فاتەشیتەوە بۆ خانمی حەشیش فرۆش، ئەم جەمپە بۆ؟**

قەسیدەی فاتەشێت دەتوانم بڵێم مانیفێست و ناونیشانی سەرەتای شیعری منە، یاخیبوونێکی شاعیرانەیە لە بەرامبەر بوون، خانمی حەشیش فرۆش ڕوئیای منە بۆ دنیای دوای راپەڕین کە بەهاکان گۆڕانکاریان بەسەر هات...

دوو ستایلی جیاوازن لە شێوازی دەربڕینی شیعری، بەڵام لەیەک خاڵ هاوبەشن، ئەویش ئەوەیە بە دەنگی بەرز دەڵێم ((نا))!



**پ/ کۆمەڵگای کوردی لە گێژاودایە، لە کەمترین ڕووداودا هەڵوێست دەردەبڕی بۆ؟**

کۆمەڵگای کوردی لەناو گێژاوی حزبییە، سیاسەت دەستی درێژ کردۆتەوە بۆ ناو پێخەفی خێزانەکانیش! سیاسەتێکی نا شەریفانە بەڕێوە دەچێت!

من بە سروشتی خۆم حەز بە سیاسەت و حزبایەتی ناکەم، نامەوێت ناسنامەی حزبییم هەبێت.. هۆکارەکەش دیارە حزب چ شەرمەزارییەکی بۆ کۆمەڵگای ئێمە هێناوە!

کە دێتە سەر چەمکی هەڵوێست وەرگرتن، کەم و زۆر هەڵوێستم بەرامبەر نا دادی و نا یەکسانی دەربڕیوە، نموونەش زۆرە دوایین هەڵوێستم لە خۆپیشاندانی فەرمانبەران دژ بە پاشەکەوت کردنی مووچەکانیان سێ ڕۆژی ڕەبەق لەگەڵیان بووم..

من وای دەبینم زۆربەی نارەزاییەکان دەبنە مینبەری کۆمەڵێک پۆپۆلیست بۆ خۆ ئامادەکردنێکی حیز فورسەتانە تا خۆی کاندید بکات و دەنگی هەڵبژاردنەکان مسۆگەر بکات، نموونەش ساڵانی (2009)و ڕۆژانی دواتری، ئەوە پێی دەوترێت سواربوونی نارەزایەتی خەڵک زیاتر نا!

حزب هەموو دەرفەتێک دەقۆزێتەوە خەڵکی خۆی بۆ تەیار دەکات کە سەرەنجام هەڵوێست وەرگرتن دەبێتە مایەی ئەوەی هەویەیەکی حزبیت بۆ بە ڕادان بدرێت! جیا لەوەی تۆمەت بەخشینەوەش وا دەکات مرۆڤ سڵ بکاتەوە هەڵوێست دەربڕێت!

**پ/ ئێستا شاعیرو نووسەرو ڕۆشنبیری کورد دەتوانێت کۆمەڵگا ئاراستە بکات؟**

نەخێر، لەبەر چەند هۆکارێک، نووسەرو ڕۆشنبیری کوردو پاشکۆی سیاسییەکانن، هۆشیاری خەڵکەکەش لە ئاستێکی وەها نییە کە پشت لە سیاسییەکان بکات و گوێ لە ڕۆشنبیران و نووسەران بگرێت، جگە لەوەش نووسەران و ڕۆشنبیران خۆیان دابەش بوونە بەسەر حزبەکان، ناتوانن لەبن باری حزب دەربچن ئەگەر چی جار جار شەرمنانە شتێک بڵێن!

**پ/ لە نێوان هۆڵەنداو کوردستان کامیان دنیای شیعرو خەیاڵ و خەونەکانی تۆیە؟**

لە قەسیدەیەکی بڵاونەکراوەم بە ناونیشانی (لاهای لە من نابێتەوە هەولێر) باسم کردووە، من زادەی ئاووخاکێکم بە خۆیم دەبەستێتەوە.

هۆڵەنداو جوانیەکەی وێستگەیەکی پڕ لە دڵەڕاوکێ بوو بۆ من، بەڵام کوردستان و هەولێر قەدەرێکن لێیان جیانابمەوە...

**پ/ ڕۆشنبیر یاخی دەبێت لە دەسەڵات یان کۆمەڵگا؟ دەکرێت ڕۆشنبیرو نووسەر پشتیوانی لە**

**دەسەڵات بکات؟**

دەسەڵات بەرهەمی حزبە و حزبیش کوڕە باشەکەی کۆمەڵگایە، بەو مانایەی یاخی بوون بەرامبەر کۆمەڵگا فەرزە کە ئەو جۆرە حزبەی بەرهەم هێناوە...

بۆ ماوەیەک بڕوام وابوو بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگای وشیارو چاوکراوە بە تایبەتی کۆمەڵگای ئێمە کە تەمەنی دەسەڵاتداریەتیمان کورتە، هەموو کەسێک بەشداری لە دەسەڵات بکات، بەڵام دوای ئەوەی گەمەکەمان بۆ ڕوون بووەوە لە سایەی نەوت دەرهێنان و گرێبەستە شەیتانییەکان و دەسەڵات بەکارهێنان لە لایەن نوخبەیەکی دیاری کراو بۆ سپی کردنەوەی پارە، بەرزکردنەوەی باڵەخانەکان لەسەر حیسابی بچووک کردنەوەی مرۆڤ و دەبەنگ کردنی، ئێستا دەڵێم نەخێر بەشداری کردن لە مشورە پێکردنیش گران لەسەر ڕۆشنبیران ڕادەوەستێت! چونکە ئەوەی لە خەیاڵی دەسەڵاتداران دایە هەر ئەوە جێبەجێ دەکرێت بەپێی پێوانەی خەون و خەیاڵەکانی ئەوان ژیان دادەڕێژرێت!

**پ/ لە کوردستان بە گشتی و هەولێر بە تایبەتی ئازادی ڕادەربڕین هەیە؟**

ئازادی دەربڕین هەیە بەس بازنەی سوورو هێڵی سوور هەیە، نابێت لێیان ڕەت بیت، نموونەی ئەو ئازادی دەربڕینەیە کە لە میسری سەردەمی موبارەک هەبوو، تێیدا شانۆگەریەکانی عادیل ئیمام هیچ نەما پێیان نەکات لە کۆتایی بە پێکەنینی خەڵک کۆتایی دەهات!

یان نموونە ئازادی ڕادەربڕینی وڵاتی سوریا لە شانۆگەرییە سیاسییەکانی (دورەید لەحام) کە بە (غەوار) ناسراوە (كأسک یا وطن) و (سأخونک یا وطني) ڕێ پێدراوە بەڵام دەچێتە خانەی ((چ دەڵێن بڵێن بەس من لە شوێنی خۆم بم!)) ئەو جۆرە ئازادییە فیلێکە دەسەڵات بە پارێزراوی دەهێڵێتەوە، ڕەنگیشە بەخۆی جاروبار حەزی پێ بکات بۆ ئەوەی پێی بڵێن لەژێر سایەیدا ئازادی هەیە!

**پ/ دەڵێیی سەردەمی دەرکەوتنی ئێمە نەما، بۆ؟ ئەی ئەمڕۆ سەردەمی کێیە؟**

> **سەردەم سەردەمی پاڵەوانەکانی ناو تیک تۆک و یوتیوب و فەیسبووکە، لەو دنیا گریمانییەی هەموو مرۆڤەکان خۆیان پێ ڕاستەو مافیش بەخۆیان دەدەن بچنە بنج و بنەوانی هەموو کایەکانی کۆمەلگا**

سەردەم سەردەمی پاڵەوانەکانی ناو تیک تۆک و یوتیوب و فەیسبووکە، لەو دنیا گریمانییەی هەموو مرۆڤەکان خۆیان پێ ڕاستەو مافیش بەخۆیان دەدەن بچنە بنج و بنەوانی هەموو کایەکانی کۆمەڵگا.. من لەمێژە وتوومە تەکنەلۆژیا وەکو وزەی ئەتۆمی. چەکێکی دوو سەرە، بۆ کۆمەڵگای ئێمە ئەو ئازادییە ڕەهایە هەزم کردنی زەحمەتە، چونکە چۆنیەتی بەکارهێنانی بۆ ڕادەی هۆشیاری دەگەڕێتەوە، بە داخەوە دەڵێم ئێمە لەنێو تێلبەندی ناهۆشیاری خەڵکین! ئەخلاقیاتی بەکارهێنان مەرجە، ئەگەر توێژینەوەیەک بکرێت لەسەر ڕادەی زیاد بوونی جنێوفرۆشی و بوختان هەڵبەستن لە پێش پەیدابوون و پاش پەیدابوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دڵنیامە ڕادەکەی زۆر بەرزترە لەو کاتانەی تەنیا تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەو ڕادیۆ هەبوو، ئەوە نموونەیەکە..

> ڕۆشنبیری حیز فورسەت کە سیاسییانە بیری کردەوە بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەگەڕێت، ئەو کاتە لە سەرەوە شتێک دەڵێت کە بە دڵی خەڵکی عەوامەو لە بنەوەش دەستی لەگەڵ دەلاڵێکی سیاسی تێکەڵە

سەرەنجام یان دەبێت وەکو وان بیت لە دەرکەوتن و خۆ عەرزکردن یانیش لە دوور ڕا وەکو تەماشاکەرێک خەمی لێ بخۆیت!

تۆ تەماشا بکە شەڕە جنێوو شەڕە بەند زیاتر دەبینرێت یان ڕێنماییەکانی پڕۆفیسۆرێکی دەروونناسی وەکو (د.کەریم شەریف قەرەچەتانی) ئەوە کۆتایی بەهاکانە و ئیفلاسی کۆمەڵگایە...



بڕواشم وایە مرۆڤ نەچێتە ناو هەموو یارییەک، ئەگەر چووش دەبێت ڕێز لە یاساکانی یارییەکە بگرێت!

**پ/ دەکرێت ڕۆشنبیر کۆمەڵگا بۆ خزمەتی خۆی بەکاربێنێ؟**

بەڵێ ڕۆشنبیری حیز فورسەت کە سیاسییانە بیری کردەوە بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەگەڕێت، ئەو کاتە لە سەرەوە شتێک دەڵێت کە بە دڵی خەڵکی عەوامەو لە بنەوەش دەستی لەگەڵ دەڵاڵێکی سیاسی تێکەڵە، بەو شێوەیەش بەکورتی بە گوێیدا دەچرپێنێت: (( نە شیش بسووتێ نە کەباب!)).

**پ/ خوێندنەوە چیت پێ دەبەخشێت؟**

خوێندنەوە، سەفەری زیهنە، دنیا بینیت فراوانتر دەکات، لە دە ساڵیەوە لە خوێندنەوە دانەبڕاوم، بەشێکی ژیانی خۆمم لەگەڵ کتێب بەسەر بردووە.

**پ/ سۆشیال میدیا چۆن دەبینی؟ کۆمەڵگای پێشخستووە یان دوایخستووە بە تایبەتی لە بواری ڕۆشنبیری و خوێندنەوە؟**

بە داخەوە بەرەو دواوەی بردووین سۆشیال میدیا، من بۆ خۆم وەکو جێگەی کەسایەتی خۆم بەکاری دەهێنم، ڕەنگە بڵێم گەرماوە بۆ پاک بوونەوەم، بەڵام لەلای هەندێک کەس دەبێتە توالێت بۆ خۆ بەتاڵ کردنەوەی گرێ دەروونییەکانی ناخی خۆی لە ئەنجامی کەبت کردنی هەست و غەریزەکانی هەڵچوونی بێ سنووری پێ ناگیرێتەوە!

چۆنیەتی بەکارهێنان شەرتە!!

**گومانم هەیە ڕۆشنبیری کورد گەیشتبێتە ئەو ئاستەی خەڵک ئاراستە بکات**

**پ/ کام بەرهەمی شیعریت زۆر خوشدەوێ؟ بۆ؟**

سەرجەم شیعرەکانم خۆش دەوێن، ئەوانەی ماندوویان کردوومە زیاتر وەکو قەسیدەی فاتەشێت، قەسیدەی (پێ بەپێ لەگەڵ مەولانا) کە تا ئێستا تەواو نەبووە، لەگەڵ هەندێک لە شیعرەکانی گۆرانی کە لە چاوپێکەوتنی تر ئاماژەم پێیان کردووە.

**پ/ گۆرانبێژەکان بەرامبەرت بەوەفا بوون یان بێوەفا؟**

هەندێکیان وەفاداریان لەبن نایێت وەکو نموونە هونەرمەند (بلند عەبدوڵا، سەباح نوری، دانا عەبدولجەبار) زۆری تر، هەندێکیشیان تا لەسەر پەیژەی شیعری من خۆیان کردە هونەرمەندی بەناوودەنگ، ئیتر بێ دەنگیان هەڵبژاردو گەردێک لە دڵی خۆم ناگرم و گلەییان لێ ناکەم، تەنیا دەڵێم دوو جار مارانگەستە نابم!

**پ/ لە چ بەرهەمێکت پەشیمانی کە بە گۆرانیبێژەکانت دابێت؟**

بەرهەم هەیە بە کاڵ و کرچی پەخش کراوە، یان ئەوەتە هەڵبژاردنی من نەبووە، یان کەوتوومەتە بن کاریگەری تەکلیفی نیگەتیڤی ئازیزان ئەوانەش هی ئەوە نین ناویان بێنم!

**پ/ کام تێکستت هەبووە غەدری لێکرابێ و هەقی خۆی پێ نەدرابێت؟**

کەمن ئەو بەرهەمانەی غەدریان لێ کرابێت، بەڵام هەندێک شیعر هەنە لەبەر خاتری ئاوازەکە ناچار بوومە چەند دێرێک لابەم یان بیانگۆڕم.

# هونەری

**رەخنەی سینەمای کوردی ... ئاست و ئاستەنگ**

حەمەسوار عەزیز

**ئابووریی سینەما** Cinema Economics

پ.ی.د. ئەیوب ئەنوەر سماقەیی

# ڕەخنەی سینەمای کوردی ...
# ئاست و ئاستەنگ


حەمەسوار عەزیز

هەرچەندە رای جیاواز هەیە دەربارەی سەرەتای دەسپێکردنی سینەمای کوردی و کرداری دروستکردنی فیلم لە کوردستان، من پێموایە سەرەتای دەسپێکی سینەمای کوردی بۆ فیلمەکانی یەڵماز گۆنای دەگەڕێتەوەو دەکرێ ئەو فیلمانەی گۆنای بە سەرەتای سینەمایەکی راستەقینەی کوردی هەژمار بکەین، هەرچەندە زمانی فیلمەکانیش کوردی نین، بەڵام روونە پێکهاتەکانی تری فیلمەکانی کوردیین و زمانیش بەهۆی ئەوەی زمانی کوردی لەو سەردەمەدا لە باکوری کوردستان یاساغ و قاچاغ بووە، نەتوانراوە فیلمەکان بە زمانی کوردی بەرهەم بهێنرێن.

لە باشووری کوردستانیش سەرەتای دەرکەوتنی سینەما بۆ ساڵی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە کاتێ هونەرمەندانی وەک (حاجی مەکی و ئەحمەد سالار) و کۆمەڵێک هونەرمەندی تر یەکەم فیلمی درێژی کوردی لە دەرهێنانی (جەعفەر عەلی) کە دەرهێنەرێکی کوردی شیعە مەزهەبە، بەرهەم دێنن، راستە هەندێک توێژەرو شرۆڤەکار دەسپێکی سینەمای کوردی لە باشوور بۆ چەند هەوڵێکی بچووکی ئێرەو ئەوێ دەگێڕنەوە، بەڵام من پێموایە ئەو هەوڵانە هەوڵێ فیلمسازی سەرەتایین و سەرەتای راستەقینەی دەسپێکی کاری سینەمایی لە کوردستان بۆ فیلمی (نێرگز بووکی کوردستانە) دەگەڕێتەوە، کە لە سەرەتای ساڵی نەوەد لە سینەماکانی کوردستان نمایشکراو خەڵکی کوردستان پێشوازییەکی زۆر گەورەیان لەو فیلمە کردو دەیان و سەدان خێزان بۆ بینینی ئەو فیلمە روویان لە سینەماکانی کوردستان دەکرد، بە تایبەتی سینەما سیروان لە هەولێر کە یەکێک بوو لە باشترین سینەماکانی کوردستان و خەڵک بە لێشاو رووی لەو سینەمایە دەکرد بۆ بینینی فیلم.


دوای ئەمەش بە پەیدابوونی تەلەفزیۆنی کوردی لە دوای راپەڕینەوە قۆناغێکی تری دروستکردنی فیلمی لۆکاڵی کوردی دەسپێدەکات و لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک فیلمی تەلەفزیۆنی بە تەکنیکی سادەو کامێرای سەرەتایی تیڤییەوە بەرهەم دەهێنرێت وەک فیلمەکانی (قەرەج، خولە پیزەو مامەڕیشە و نووسەرێکی سەیرو خەوخۆش و دەیان فیلمی تر)، ئەم فیلمانە بەشێوەیەکی گشتی فیلمی سادەو ساکار بوون لەڕووی تەکنیک و






بەرهەمهێنانەوەو بە پارەی کەم و کادری سەرەتایی کوردی دروستکرابوون، هەر لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک فیلمی کوردی بۆ مەبەستی بازارو قازانج کردن هاتە بازارەوە کە بە فیلمی سیدی دەناسرانەوەو توانیان جەماوەرێکی زۆر بۆ خۆیان پەیدا بکەن، بەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆری فیلمەکان یا فیلمی کۆمیدی و تەهریج بوون، یا فیلمی مێژوویی بوون و باسی ئازایەتی و قارەمانێتی پێشمەرگەو کوردیان دەکرد، یا فیلمی دڵداری و رۆمانسی بوون، وەک فیلمەکانی (دابڕان و گردی پیرۆزو کۆپی گیان و زەربە و دەیان فیلمی تر)، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە سەرەتا ئەم فیلمانە لە ڕووی سیناریۆو تەکنیکەوە ئومێدێکیان تیادا بوو کە ئەم ڕەوتە بەرەو داهاتوویەکی باشترمان ببات، بە تایبەتی کە فیلمەکان لایەنێکی ئابووریان هەبوو و لە بازاڕ زۆر دەفرۆشران و پارەی پەیدا دەکرد، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەوەی دەیان کەسی نەشارەزاو نەخوێندەوار هاتنە نێو ئەم پیشەسازییە، رۆژ بە رۆژ ئاستی فیلمەکان لە ڕووی تەکنیک و سیناریۆ و نواندنەوە بەرەو خراپی دەچوو، تا وای لێهات خەڵک بە تەواوەتی لەم جۆرە فیلمە ئاستنزمە دووربکەویتەوەو کۆتایی بەو مۆدێلەی دروستکردنی فیلمی بازاڕی بهێنرێت.

گۆرانکاری راستەقینە لە ئاستی سینەمای کوردی کەوتە نێو ساڵەکانی سەرەتای هەزارەی سێیەمەوە کاتێ شەپۆلێکی فیلمسازانی رۆژهەڵات روو لە کوردستان دەکەن و بە پاڵپشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەو کاتە بایەخێکی زۆری بە کەرتی سینەما دەدا، چەندین فیلمی ناوازەی کوردی کەوتنە نێو دنیای سینەمای کوردی وەک فیلمەکانی (بەهمەنی قوبادی و شەهرام عەلیدی و جەمیل رۆستەمی) و ئەمەش وایکرد کە کۆمەڵە سینەماکارێکی باشووریش بە گەرمی بێنەو ناو گۆڕەپانەکەو دەست بە بەرهەمهێنانی فیلم بکەن، وەک (شەوکەت ئەمین و هونەر سەلیم و مەهدی ئومێدو حەسەن عەلی و حەسەن حوسێن و سەردار خەلیل و کارزان قادر) و چەندین ناوی تر لێرەو لەوێ، تا ئێستاش ئەم رەوشە بەردەوامی هەیەو لەو ماوەیەی دواییدا چەندین فیلمی تر لە پارچەکانی



تری کوردستان بەرهەمهاتوون وەک فیلمەکانی کازم ئۆز و جەمیلی مەفاخری و چەندین سینەماکاری تر.

لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو تەوژمەی فیلمسازییە لە هەرێمی کوردستان، دەبوو بەدوای خۆیدا رووبەرێکی تایبەتی بۆ دروستبوونی ڕەخنەگری سینەمایی فەراهەم بکردبایەو سینەمای کوردی پانتاییەکی باشتری بۆ کاری رەخنەسازی فیلم دروستکردبایە، بەڵام بەداخەوە ئەوە ڕوونادات و بواری ڕەخنەسازی لە سینەمای کوردی تا ئێستاش لە قۆناغێکی زۆر سەرەتاییەو تا ئێستا رەخنەگری سینەمایی بەو شێوە بوونی نییەو بۆشاییەکی زۆر گەورە لەو بوارە هەیەو سینەمای کوردی بەدەستییەوە دەناڵێنێت.

پرسیاری راستەقینە لێرەدا ئەوەیە بۆچی سینەمای کوردی توانای دروستکردنی رەخنەگری سینەمایی نییەو ناتوانێت وەک چۆن لەبواری تەکنیک و بەرهەمهێنانی فیلم پێشدەکەوێت، رووبەرێکیش بۆ بواری رەخنە فەراهەم بکات و ریخۆشکەر بێت بۆ ئەوەی پرۆسەی ڕەخنە لە بونیادە سەرەتاییەکانی بگوزارێتەوە بۆ قۆناغەکانی دواتر و ڕەخنەگری جددی و پرۆفیشناڵ لە سینەمای کوردی دەرکەوێت.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ دیاریکردنی ئەو پەیوەندییە دیالکتییەی کە لەنێوان سینەمای کوردی و بینەری کوردا هەبووەو هەیە، دەبینین لە قۆناغەکانی سەرەتای دروستبوونی سینەما، پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان سینەماو بینەری کوردا هەبووە، بەڵام دواتر ئەو پەیوەندییە بەرەو کاڵبوونەوەو دابڕان دەچێت، سینەمای کوردی ئەگەرچی وەک تەکنیک و سیناریۆ و کرداری دروستکردنی فیلم دەچێتە پێش و لەنێو فیستیڤاڵەکانی دنیا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام لەڕووی پەیوەندی لەگەڵ بینەرو تەماشاکەری کوردا، تووشی کێشەی گەورە دەبێت و



دیوارێکی گەورە لەنێوان بینەری کورد و سینەمای کوردی دروست دەبێت، لەبەر ئەوەی سینەماکاری کورد لەو کاتەدا هیچ بیری لای بینەری کورد نییەو بۆشی گرنگ نییە فیلمەکەی لەناوخۆی کوردستان چ دەنگدانەوەو پێشوازییەکی لێدەکرێت، بەڵکو بەشێوەیەکی سەرەکی بیری لای ئەوەیە کە فیلمەکەی بچێتە کۆمەڵێک فێستیڤاڵی هەمەچەشن و جۆری دەرەوەی کوردستان و هەوڵبدات لەم فێستیڤاڵانە خەڵات بباتەوەو زیاتر ناوی بدرەوشێتەوە، ئەمەش بەشێوەیەک لە شێوەکان هاتەدی و فیلمی کوردی توانی لە بەشێکی زۆری فێستیڤاڵە بچووک و مامناوەندییەکانی دنیا بوونی هەبێت و کێبڕکێ بکات و خەڵات بباتەوەو ناوبانگ پەیدا بکات، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەو فیلمانە هیچ بەهایەکیان بۆ بینەری کورد نەبوو و بەهیچ شێوەیەک نەیانتوانی بچنە نێو یادەوەری بینەری کوردەوە.

**نەبوونی • فیلم لە کوردستان وادەکات سینەمای کوردی لە ڕووی تیۆرییەوە سینەمایەکی لاواز بێت**


ئەگەر فیلمەکانی نێرگز بووکی کوردستان و دابڕان و قەدەر و خولە پیزەو مامەڕیشە توانیان بەشێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ بینەری کورد دروست بکەن و ببن بە بەشێک لە یادەوەری تاکی کورد لەو کاتەدا، ئەوە فیلمەکانی دواتر کە ئەگەرچی لەڕووی پیشەسازی سینەماو تەکنیکی دروستکردنەوە فیلمەوە زۆر باڵاتر بوون و دەکرا ببن بە فاکتەرێک بۆ بەردەوامی بینەری سینەمای کوردی، بەڵام بەداخەوە دنیابینی ناتەواوی دەرهێنەری ئەو فیلمانەو غیابی سیاسەتێکی روونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەکەڵتوورکردنی سینەما لە کوردستان، وایکرد ئەو فیلمانە بەهیچ شێوەیەک بەر بینەری کورد نەکەون و هەندێ نمایشی تایبەتیان بۆ کۆمەڵێک کەسی تایبەتمەندو پسپۆڕ بۆ ئەنجام دەداو بەهیچ شێوەیەک لە بیری ئەوە نەبوون کە سینەما چۆڵبووەکانی کوردستانی پێ ئاوەدان بکەنەوەو بینەری کورد بە دیداری ئەو فیلمانە شاد بێت.

بێگومان کاتێک کە لەدەستدانی بینەر لە سینەمای کوردی کارێکی چاوەڕوان کراو بێت، بەهۆی سیاسەت و دنیابینی حکومەتی کوردی و بیرکردنەوەی فیلمسازی کورد لە فێستیڤاڵ و بردنەوەی خەڵات، ئاساییە کە ئەم رەوشە وابکات رەخنەگری سینەماش دروست نەبێت و رەخنەی کوردی لە ئاستێکی زۆر سەرەتایی بێت، چونکە مەعلوومە ئەو سینەمایەی ناتوانێت ببێتە سینەمای بینەر ڕەخنەگر دروست ناکات، چونکە پڕۆسەی رەخنە بەشێوەیەک لە شێوەکان دەچێتە خزمەت بە جەماوەرکردنی فیلم و رۆڵی کارا دەگێڕێت لە سەرکەوتن و نوشستی فیلم لە رووی پەنجەرەی بلیت بڕین و جەماوەری بوونی فیلم.

هۆکارێکی تر کە پەیوەستە بە هۆکاری یەکەم، بەردەوام نەبوونی فیلمی لەسەر شاشەکانی کوردستان، راستە لە قۆناغێکدا بە هەوڵی سینەماکارێکی وەک حەسەن عەلی سینەمای کوردی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ بینەر دروستدەکاتەوەو حەسەن دەتوانێت هەندێ فیلمی کوردی بە بینەر ئاشنا بکات و پێشوازی زۆریشی لێبکرێت، وەک فیلمی شیرین، بەڵام بەداخەوە ئەم هەوڵە شکستدەخوات چونکە بەهیچ شێوەیەک بە کڵتوورکردنی سینەما لە ئەجیندای حکومەتی کوردی نییەو تەنانەت بەشێک لە سینەماکارەکانی کوردیش بڕوایان بە کەڵتوورکردنی سینەما نییە لە کوردستان، چونکە هەمیشە چاویان لەسەر فێستیڤاڵەکان بووەو ئاخۆ دەتوانن چەند خەڵات و بڕوانامە وەربگرن، ئەمەش وایکرد کە سینەمای کوردی سینەمایەکی دابڕاو بێت لەگەڵ بینەری کوردی، کارێکی ئاساییشە هەر کاتێ سینەما بینەری نەبوو، بێگومان رەخنەگری نابێت، چونکە رەخنە بەشێکە لە پرۆسەی بینینی فیلم و پێویستی بە بەردەوامی هەیە، نموونەش سینەمای ئێرانی و میسری و هۆلیۆدو بۆلیۆدە کە توانیویانە رەخنەگری جیددی و پێرفێکت دروست بکەن، چونکە هەمیشە هۆلی سینەماکان پڕە لە فیلم و رەخنەگر دەتوانێت فیلمێک چەند جار ببینێتەوە، نەوەکو وەک لای ئێمە ساڵێ جارێ لە فێستیڤاڵێکدا فیلمێکی کوردی ببینێت و تا ساڵی دواتر و دووبارەبوونەوەی فێستیڤاڵ خەبەری

له فیلمی کوردی نەبێت.

نەبوونی فیلم لە کوردستان وادەکات سینەمای کوردی لە ڕووی تیۆرییەوە سینەمایەکی لاواز بێت، ئەگەر فیلم نەبێت، وەرگێڕەکان هەوڵنادەن کتێبی سینەمایی بکەن بە کوردی، چونکە دەزانن سینەما و نیشاندانی فیلم نەبێت خەڵک پێویستی بەوە نییە کتێبی سینەمایی بخوێنێتەوە، بۆیە ڕۆشنبیری گشتی سینەمایی بە هۆی قەیرانی نیشاندانی فیلمەوە، پاشەکشەی گەورەی کردووە، تەنانەت خودی نووسەرەکانیش ئامادەنین بابەت و توێژینەوەی سینەمایی بنووسنەوە لە کاتێکدا خوێنەریان زۆر کەمە، ئەمەش لەبەر نەبوونی فیلمە لە سینەماکان، بۆ نموونە ئەگەر ڕەخنەگرێکی سینەمایی بیەوێت وتارێک لەسەر فیلمێکی کوردی بنووسێت، کە فیلمەکە لە سینەماکان نیشان نادرێت، ڕەخنەگرەکە دەیان جار بیر لەوە دەکاتەوە پێش ئەوەی وتارەکەی بنووسێت، دەبێ کێ وتارەکەی بخوێنێتەوە، ئەو باسی شتێک دەکات کە خەڵک نەیدیوەو لە داهاتوویەکی نزیکیشدا دەرفەتی بینینی بۆ نارەخسێ، ئیتر چۆن چاوەڕێی ئەوە دەکات کە خەڵک و بینەر وتارەکەی بخوێننەوە، بۆیە ئەویش دوودڵ دەبێت لە نووسینی وتارەکەو ڕەنگە هەر نەشینووسێت، بەڵام کە فیلمێک لەسەر شاشەکانی سینەما نمایشدەکرێت، ڕەخنەگر زۆر بە پەرۆشە بۆ ئەوەی بتوانێت وتارێکی ڕەخنەیی لەسەر فیلمەکە بنووسێت، چونکە ئەو کاتە بە حوکمی ئەوەی فیلمەکە نیشاندەدرێت، خەڵکێکی زۆر وتارەکەی دەخوێننەوەو ڕای جیاواز بەدوای خۆییدا دێنێت، هەندێجاریش ئەم وتارە وا لە هەندێ خەڵک دەکات کە فیلمەکەیان نەبینیوە بچن فیلمەکە ببینن بزانن وتارەکەی ڕەخنەگرەکە لە کوێی فیلمەکە وەستاوە.




هەر بۆیە ئەوەی ئێستا شوان عەتووف و هاوڕێکانی دەیکەن، کارێکی زۆر دروستەو دەبێ فیلمی کوردی ئامانجی سەرەکی بۆ بینەری کورد بێت، پێویستە فیلمی کوردی لەسەر کاروکاردانەوە بینەری کورد بونیادبنرێت و فیلمسازی کورد ئاگای لەوە بێت کە فیلمەکەی تا چەند دەبێتە جێگەی سەرنجی بینەری کوردی و پارەی پێ دەدات، چونکە ئەو پارەیە پرسی فیلمسازی دەکات بە پیشەسازی و سینەماش لە کوردستان دەکات بە کلتوورو فاکتەرێکی گرنگیشە

بۆ ئەوەی ڕەخنەگری جددی لە سینەمای کوردی دەرکەوێت و هاوکاری سینەمای کوردی بێت بۆ پێشکەوتن و بە بازاڕ کردن، ئەگەر لە ئێستادا ئاستی ڕەخنەی سینەمای کوردی لەنێوان هەردوو ژانری ڕەخنەی زارەکی و ڕەخنەی ڕۆژنامەوانی وەستاوەو پێش ناکەوێت بۆ بەرهەمهێنانی ڕەخنەیەکی ئەکادیمی، ئەوە بەشێوەیەکی سەرەکی فیلمسازی کوردو سینەمای کوردی لەو کێشەیە بەرپرسەو دەبێ ئەو چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، کاتێ سینەمای کوردی بوو بە سینەمای خەڵک و بینەر، ئەو کاتە لەنێو ئەو خەڵک و بینەرە، وەرگرو ڕەخنەگری هوشیار و بە سەلیقە دەردەکەوێت و ئیتر پرۆسەی ڕەخنە هاوشانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی سینەما دەبێتەوە.

> رووێکی تری ئەم باسە ئەوەیە کە ئێمە کۆمەڵگایەکی تەمەڵین و زیاتر بایەخ بە قسە دەدەین نەوەکو نووسین

ئەگەر لەڕووی کۆمەڵناسیش لە پرسی نەبوونی ڕەخنەگری سینەمایی بڕوانین، دەبینین کارێکی ئاساییە کە ڕەخنە لە وڵاتێکی هاوشێوەی وڵاتی ئێمە پێشنەکەوێت، چونکە ڕەخنەی فیلم و هونەر دابڕاو نییە لە رووبەری پرۆسەی ڕەخنە لەنێو کۆمەڵگا، کۆمەڵگای کوردیش بە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگایەکی تاکمانمایە و فرەمانمایی و ئیشی دەستەجەمعی قەبوڵ ناکات، ڕەخنە تیاییدا لە پەراوێزێکی زۆر لاواز دایە، بیرکردنەوەی کۆمەڵگاش بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەی سیاسییەکان و ڕۆشنبیرانی ئەم وڵاتەیە، چونکە ڕەخنە بە قەد ئەوەی لە پانتاییە کۆمەڵایەتییەکە یاساغەو تا ئێستا مەرکەزیەتی خێڵ و عەشیرەت و بنەماڵە و دەنگی یەکانە حوکم لە هەموو چارەنووسەکان دەدات، هەمان بیرکردنەوە بەشێوەو فۆرمی جیاواز لەنێو ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی ئەم وڵاتە زۆر بەڕوونی بوونی هەیەو زۆرێک لەو ڕۆشنبیرانەی کە لە نووسین و قسەکردن ئیدیعای پۆست مۆدێرنێتی دەکەن، هەڵسوکەوتیان بەرامبەر ڕەخنەو ڕای جیاواز لە کاردانەوەی سەرۆک خێڵ و عەشیرەت مەدەنی تر نییە، چونکە بونیادی عەقڵی ئێمە لەسەر تاکمانایی بوونیاتنراوەو فرەمانایی و ڕای جیاوازو پێچەوانە هەرس ناکات.

رووێکی تری ئەم باسە ئەوەیە کە ئێمە کۆمەڵگایەکی تەمەڵین و زیاتر بایەخ بە قسە دەدەین نەوەکو نووسین، لە کۆمەڵگە تەمەڵەکان نووسین و ئەرشیف و داتا گرنگ نییە، تەنها قسە گرنگەو قسەش کورد گووتەنی ناچێتە باخەڵەوە، بۆیە ڕەخنەی سینەمای کوردی تا ئێستا بەشێوەیەکی بەربڵاو ڕەخنەیەکی زارەکی سەرپێییە و ناتوانێت ببێتە ڕەخنەیەکی نووسراو، ئەمەش فاکتەری ئەوەیە تا ئێستا لای ئێمە ئینتباعی ڕۆژنامەوانی جێگەی ڕەخنەی گرتۆتەوەو ڕەخنە ناتوانێت لەو فۆرمە رووکەش و بێ ئەرزشە خۆی دەرباز بکات و بچێتە نێو قووڵایی کاری سینەما لە کوردستان.




تێبینی: هەموو ئەو ناوانەی کە لەم وتارە هاتوون تەنها وەک نموونە ئاماژەیان پێدراوەو پەیوەندی بە هەڵسەنگاندن و باشی و خراپیەوە نییە.



# ئابووریی سینەما

# Cinema Economics



**پ.ی.د. ئەیوب ئەنوەر سماقەیی**

**پێشەکی:** ئەم بابەتە لەوە دروست دەبێت ئایە هونەرمەند فیلمی سینەمای دروست دەکات یان وەبەرهێن؟ لە ڕاستیدا ئەوەی سینەما دروست دەکات هونەرمەند نییە وەک ئەوەی زۆربەی خەڵک باوەڕیان وایە هونەرمەند سینەما دروست دەکات، لە ڕاستیدا وەبەرهێن یان بازرگان یان خاوەن سەرمایە سینەما دروست دەکات و دەیگەیێنێتە بینەران و سەیرکەرانی سینەما، ئەمە مانای وایە ئابووری سینەما زۆر گرنگە بۆ گەیاندنی پەیامی فیلمی سینەمایی لە هەمان کاتیشدا کارێکی تەواو تەواو ئابوورییە و ناسراوە بە پیشەسازی سینەما واتە بۆتە پیشەسازیەکی خاوەن ناسنامە. لەبەر ئەوە لێرەدا سەرەتایەک لە ئابووری سینەما دەخەینە ڕوو.

### مانای ئابووری سینەما:

بۆ زانینی مانای ئابووری سینەما پێویستە سەرەتا بزانین ئابووری چییە، دواتر بزانین ئابووری سینەما چییە، ئابووری لە ڕێزمانی کوردیدا ناوە واتە بەناو دێت و لەڕووی فەرهەنگ و پێکهاتەوە وشەیەکی سادەیە، بەڵام لەڕووی واتاوە بەمانای مایەی ژیان و گوزەران دێت، واتە ئابووری هەوڵدانە بۆ بەردەوام بوون لەژیان و هەوڵدان بۆ چاکترکردن و باشترکردنی گوزەران و دەستگرتنە بەدەرامەتەکان و چۆنیەتی بەکارهێنان و دابەشکردنیان بەسەر پێداویستییە زۆرو جۆراوجۆرەکاندا. لەبەر ئەوە پێی دەگوترێت مایەی ژیان و گوزەران.

### پۆل سامویلسون (Paul Samuelson)

بەم شێوەیە پێناسەی زانستی ئابووری دەکات: زانستی ئابووری زانستی لێکۆڵینەوەیە لەچۆنیەتی هەڵبژاردن و بەگەڕخستنی دەرامەتە دەگمەنەکانی بەرهەمهێنان لەلایەن مرۆڤ و کۆمەڵگا بۆ بەرهەمهێنانی هەموو جۆرێکی کاڵا، لەماوەیەکداو جا چ بە بەکارهێنانی دراو بێت یاخود بەبێ بەکارهێنانی دراو، دابەشکردنی ئەو کاڵایانە بۆ بەکارهێنان لەنێوان هەموو تاکەکان و هەموو کۆمەڵەکاندا لەئێستاو لە دوارۆژدا.

کەواتە ئابووری سینەما بریتییە لە چۆنیەتی هەڵبژاردن و بەگەڕخستنی دەرامەتە دەگمەنەکانی بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی لە لایەن پیشەزانانی سینەما بۆ بەرهەمێنانی هەموو جۆرێکی فیلمی سینەمایی لەماوەیەکی دیاریکراو، دواتر دابەشکردنی ئەو فیلمانە بۆ نمایشکردن و خستنەڕوو، واتە بۆ فرۆشتن چ لە ناوخۆی وڵات بێت یاخود لە دەرەوەی وڵاتی بەرهەمهێن.

### بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی:

بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی: بریتییە لە گۆڕینی Transformation بەکارهێنراوەکان

In Put بۆ بەرهەم Out Put یاخود دەرچووەکان. کە بریتییە لە زنجیرەیەک کردار لە ناو ستۆدیۆکانی سینەمایی ئەنجام دەدرێت، لە ڕێگەی گۆڕینی بەکاربراوەکان لە دەرامەتی مرۆیی و سروشتی و مادی و دارایی بۆ چەند خولەکێکی بەرهەمهێنانی فیلم، کە ئامادەیە بۆ نمایشکردن بە شێوەیەکی کۆتایی، کەواتە بڕی بەرهەم = هاوکێشەی (بەکارهێنراوی بەرهەم)

(Production = F (Inputs

پیشەی بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی ئەو پیشەیەیە کە پیشەوەرانی هەوڵدەدەن سەرمایەی بەکاربراوی فیلم بپارێزن بە بەکارهێنانێکی ئابووریانەی نموونەی لە بواری بەرهەمهێنانی فیلم، بە دەربڕینێکی دیکە ئەو پیشەیەیە کە بەرپرسە لە پاراستنی سەرمایەی بەکاربراو لە بەرهەمهێنانی فیلم بە وەبەرهێنانێکی ئابووری و هونەری گونجاو و سەلیم لە بواری بەرهەمهێنانی فیلم کە دەستەبەرو زەمانەتی بەردەوامی بکات لە بازاڕی سینەمایی، لەبەر ئەوەی ئەوانەی بە بەرهەمهێنانی فیلم هەڵدەستن نوێنەر و وەکیلی پارەدارو وەبەرهێنەکانن لەو بوارە تایبەتمەندەدا کە بریتییە لە ئیدارەدانی بەرهەمهێنانی فیلم،کەواتە بەرهەمهێنەران و کارکەران لەو پیشەیە هەوڵ دەدەن هاوسەنگی دروست بکەن لە نێوان:

1. ئیعتباراتی هونەری.

2. ئیعتباراتی ئابووری.

لە هەموو ئاستەکانی بەرهەمهێنانی فیلم، لە قۆناغی (دراسة الجدوى الاقتصادية) لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری تاکو قۆناغی نمایشکردنی فیلم بۆ جەماوەر لە هۆڵەکانی سینەما، بە بێ ئەوەی لایەنێک زاڵبێت بەسەر لایەنەکەی دیکە بۆ نموونە ئەگەر لایەنی ئابووری زاڵ بێت بەسەر لایەنی هونەری و بیرۆکەی فیلم ڕەنگدانەوەی دەبێت لە سەر ئاستی گشتی پیشەسازی سینەما و ناوبانگ و دواڕۆژی سینەما، دواتریش لەماوەیەکی درێژتر کاریگەری لەسەر ئابووری سینەما دەبێت، لە لایەکی دیکە ئەگەر ئیعتباراتی هونەری و تەکنیکی زاڵ بێت بەسەر ئعتباراتی ئابووری و کار لە جمهوری فیلم بکات لە و کاتەدا کاریگەری خراپی لەسەر ئابووری سینەما دەبێت، دواتریش کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ئابووری سینەما بە گشتی،کەواتە ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگیە گرنگە بۆ پیشەسازی سینەماو ئابووری سینەما بۆیە ڕەهەندە ئابوورییەکان و هونەرییەکان گرنگی وەک یەکیان هەیە بۆ بەرهەمهێنەرانی فیلمی سینەمایی. قەبارەی بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمای لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت بە گوێرەی گرنگی دان و هاندانی ئەو وڵاتە بۆ کەرتی سینەما، بۆ نموونە نێوەنجی بەرهەمهێنانی هۆلیود دەگاتە (500)فیلم لە ساڵێکدا،لە هیند دەگاتە (1000) فیلم لە ساڵێکدا.

**بەرهەمهێنەران و کارکەران لەو پیشەیە هەولدەدەن هاوسەنگی دروستبکەن لە نێوان: ئیعتباراتی هونەری و ئیعتباراتی ئابووری**

### قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی:

کرداری بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی دابەش دەبێت بۆ چەند قۆناغێک:

**یەکەم:قۆناغی بیرۆکەی سینەمایی.**

**دووەم: قۆناغی لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری و وەبەرهێنانی پیشەسازی فیلم:**

وەک قۆناغی دووەمـی فیلمی سینەمای لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری دێتە پێشەوە بەر لە بەرهەمهێنانی هەر فیلیمێکی سینەمایی لەبەر ئەوەی گرنگە و وەک دڵنیا بوونەوەو زەمان لە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی فیلمی سینەمایی بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی سینەمایی نەکەوێتە زەرەرەوە، واتە وەک هەوڵێک بۆ ئەوەی هەردەم داهاتی فیلم زیاتر بێت لە تێچووی فیلم.

لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری هۆکارێکی گونجاوی باشە و سوود بە کۆمپانیاکانی

بواری بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی دەگەیەنێت، هۆکارێکە بۆ بڕیاردان لەسەر هەر سیناریۆیەک بۆ ئەوەی بکرێتە فیلم یاخود نا .ئەم قۆناغە لە کرداری بەرهەمهێنان چەند هەنگاوێک لەخۆدەگرێت کە بریتیین لە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی زانستی تایبەتمەند، لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری بریتییە لە هەڵسەنگاندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێش وەختەی بیرۆکەی بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی نوێ بەر لە بڕیاردان لەسەر بەرهەمهێنانی کرداری، لە پێناو دیاریکردنی قەبارەی مەترسییەکان و دابینکردنی سەرچاوەی پارەدارکردنی کرداری بەرهەمهێنان و پاراستنی سەرمایەی بەکارهاتوو لە بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی. واتە دیاریکردنی بڕی سەرمایەی پێویست و دیاریکردنی لایەنی دابینکردنی ئەو سەرمایەیە لەگەڵ دیاریکردنی توانای دابینکردنی هەموو پێداویستییەکان لە پارەی بەردەست (السیولە) بۆ تێچوونی بەرهەمهێنان و بە بازاڕخستنی فیلمی سینەمایی.

**خاسیەتەکانی لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری فیلمی سینەمایی:**

1. لەسەر ئاستی شیکردنەوەی بەشەکی(کۆمپانیا)ئەم لایەنانە پۆلێن و دەستنیشان دەکات، واتە سەرجەم تێچوونی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی تایبەت بە بەکاربراو و بەرهەمهێنراو پۆلێن دەکات، وەک بەهای شتە کڕاوەکان، کرێ، میرانەی دەوڵەت، مالیاتەکانی سەرکۆمپانیا هتد.....

2. لەسەر ئاستی شیکردنەوەی گشتی: لایەنی چاودێری و ڕەهەندەکانی بەها لە خۆدەگرێت، لەگەڵ پێکهاتەکانی بەبازاڕخستنی تایبەت، لەگەڵ توانای دابەشکردنی فیلم و بەدەستهێنانی ئامانجەکەی یاخود نەپێکانی ئامانجەکەی.

3. لەسەر ئاستی بەراوردکردنی بەکاربراو و بەرهەمهێنراو، واتە بەراوردکردنی داهات و تێچوون، دیاریکردنی توانای بەدەستهێنانی زۆرترین بەرهەم بە کەمترین تێچوون، شۆڕکردنەوەی بۆ لایەنی دارایی، بە شێوەیەک کەمترین خەرجی دارایی بکات بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین داهاتی دارایی.

**سێیەم: قۆناغی ئامادەکردنی بودجەی خەملێنراو:** بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی سینەمایی کاری بریتییە لە خەملاندنی بودجەی فیلمی سینەمایی، لە ڕێگەی کاری(تفریغ مدروس للسیناریو) کە پێی دەگوترێت (التفریغ الانتاجی للسیناریو)، لەم قۆناغە دەرخستەی تایبەت ئامادە دەکات لە پێناو دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی فیلمی سینەمایی لە خام و ئەکتەر و کرێ و جل و بەرگ و ئێکسسوارات و دیکۆر و هەموو هۆکارەکانی دیکەی بەرهەمهێنان واتە دیاریکردنی هەموو دەرامەتە بەکارهاتووەکان لە دەرامەتی مادی و سروشتی و دارایی و مرۆیی.




**چوارەم: قۆناغی ئامادەکاری:**

لەم قۆناغە هەموو پێداویستییەکانی کرداری بەرهەمهێنان ئامادەدەکرێت لە بچووکەوە تاکو گەورە، لە هەموو ئاستەکان بەبێ لەبیرکردنی هیچ پێداویستییەک هەرچەندە بچووک و سادەش بن، بریتییە لە قۆناغێکی



گرنگ و مەترسیداری بەرهەمهێنان، ئەم قۆناغە لەم چەند هەنگاوە پێک دێت:

1. لەیەک گەیشتن لەگەڵ بەڕێوەبەری بەرهمهێنانی فیلمی سینەمایی.
2. لە یەک گەیشتن بۆ کڕینی سیناریۆی فیلم.
3. لەیەک گەیشتن لەگەڵ ستافی تەکنیکی فیلم.
4. لەیەک گەیشتن لەگەڵ ستۆدیۆکانی سینەما.

**پێنجەم: قۆناغی وێنەگرتن:** لەم قۆناغە کاری تەکنیکی دەست پێدەکات کە پێیدەگوترێت (الدورة الفنية للفيلم)خولی تەکنیکی فیلم، بریتییە لە قۆناغی کاری هاوبەشی پیشەی فلیمسازان بۆ جێبەجێکردنی کرداری فیلمی سینەمایی.

**شەشەم: قۆناغی (التشطیب):** لەم قۆناغە وێنەی کارەکە بەکرداری بەدەنگ و ڕەنگەوە ئامادەدەکرێت، کە وێنەی(نسخە) کرداری کارەکەی لێدەردەچێت، ئەم قۆناغە پێویستی بەکاری ورد و چاودێری بەردەوام هەیە بۆ ئەوەی کارەکە بە ئامانجی خۆی بگات و وەک ئەوەی پێویستە بەرهەمبهێنرێت.

**حەوتەم: قۆناغی خستنەڕوو یان نمایشکردنی فیلم:** لەم قۆناغە لەسەر بەڕێوەبەری بەرهەم پێویستە ئەم کارانە بکات،وەک وەرگرتنی مۆڵەتی دەزگاکانی چاودێری، دانی میرانەی بەرهەمێنانی فیلم، وەرگرتنی مۆڵەتی فیلم بەر لە چاپکردنی فیلم،وەرگرتنی مۆڵەت بۆ وێنە

فۆتۆگرافییەکانی کە بەکار دەهێنرێن بۆ ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەکردن بۆ فیلیمەکە، دواتر دانی وێنەی فیلمە بەرهەمهاتووەکە بە دابەشکەری فیلمەکە لەگەڵ وێنە فۆتۆگرافییەکان بۆ دابەشکردنی فیلمەکە لە ناوخۆو لە دەرەوە.

**هەشتەم: قۆناغی دابەشکردنی فیلمی سینەمای(قۆناغی فرۆشتنی فیلمی سینەمایی ):** بریتییە لە مافی بەکارهێنانی فیلمی سینەمایی، ئەم کارە کۆمپانیای تایبەت بە دابەشکردن پێهەڵدەستێت لە ناوخۆی وڵات و لە دەرەوەی وڵاتی بەرهەمهێنی فیلم،کرداری دابەشکردنی فیلم کارێکی ڕێکخراوی ئابوورییانەیە بۆ ئەوەی زۆرترین داهات دەستەبەربکات، پێویستە لە شوێن و کاتی گونجاو فیلمەکان نمایش بکرێت واتە هۆڵی سینەمای گونجاو و دانی مافی بەکارهێنان بە تەلەفزیۆن و سەتەلایت و ماڵپەڕی گونجاو تایبەتمەند بۆ ئەوەی زۆرترین داهات دەستەبەربکات.

**تێچوونی بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی:**

تێچوونی بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی ڕۆڵی زۆری هەیە لە خستنەڕووی فیلمەکان لە بازاڕ، لەبەر ئەوەی بەرهەمهێن ئەو بڕیارانەی دەریان دەکات پشت بە جیاوازی نێوان داهاتی بەرهەم Production Revenue و تێچوونی بەرهەم دەبەستێت Production Costs لەبەر ئەوەی ئامانجی پرۆژەی بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی قازانجە، کەواتە جیاوازی نێوان بەهای بەکارهێنراو Input وبەهای دەرچوو Out Put بریتییە لە قازانج Profit کە دەتوانین بەم شێوەیە دەری ببڕین.

Profit = Production Revenue – Production Costs

**تێچوونی فیلمی سینەمایی :** بریتییە لەو گوژمەیەی پرۆژەیەک دامەزراوێک (کۆمپانیایەک) دەیدات بەرانبەر خزمەتگوزاری هۆکارەکانی بەرهەمهێنان Factors Of Production وەک کرێی ئەکتەر و دەرهێنەرو و سیناریست و وێنەگرو و سووی قەرزو مووچەو خەرجی چاککردنەوەو بەهای کەرستەی خاوو بەهای بەکارهێنانی ئاوو کارەباو کرێی گواستنەوەو کرێی پڕوپاگەندە، باج و میرانەو. . . هتد،ئەم جۆرە تێچوونانە بەتێچوونی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەناسرێن.

**جۆرەکانی تێچوونی سینەمایی دەکرێن بەم چەند جۆرە سەرەکییە:**

1. تێچوونی بەرهەمهێنان فیلمی سینەمایی کە دەبنە دوو بەش تێچووونی ڕاستەوخۆ و تێچوونی ناڕاستەوخۆ.

1 1--تێچووونی ڕاستەوخۆ: تایبەت بە کرداری خولقاندن و ئیبداع و دروستکردنی فیلم، وەک ئەم تێچوونانە:

1-1-1کرێی ڕاستەخۆ: وەک کرێی بەرهەمهێن، کرێی دۆبلێر، کرێی ڕۆلە لاوەکییەکان،کرێی کۆمبارس، کرێی بەڕێوەبەری ڕووناکی، کرێی وێنەگرتن، کرێی دیزاینەری دیکۆر، کرێی دیزاینەری جل و بەرگ، کرێی گونجێنەری دیمەنەکان، کرێی تۆمارکەری دەنگ، کرێی ئەندازیاری دەنگ، کرێی مۆنتێر (نیگاتیف)، کرێی ڕێکخەری فیلم،کرێی مۆنتێری پۆزەتیف،کرێی دانەری مۆسیقای وێنەگرتن،کرێی دەرهێنەری شەڕو جەنگەکان، کرێی دەرهێنەری فێڵێکەر،کرێی شارەزای (المفرقعات)، کرێی دیزاینەری نمایشەکان، کرێی ئەستێرەکانی نمایش، کرێی مۆسیقا ژەنەکان، کرێی ماکبیر، کرێی کوافیر، کرێی کلاکێت.

2-1-1خامەکان (کەرستەکان):

وەک دیکۆرات، جل و بەرگ، ئێکسیسوارات، خامی فیلم، نیگاتیفی وێنە، پۆزەتیفیی وێنەی کارکردن،ماجنتیک،نیگاتیفی دەنگ(اوبتکال)، خامی ئیستاندارد، جیلاتین و کلک، خواردن و خواردنەوەی جۆراو جۆربۆ وێنە گرتن.

3-1-1خەرجی خزمەتگوزاری ڕاستەخۆ:

وەک تێچوونی خزمەتگوزاری ستۆدیۆکان وەک کرێی (البلاتوهات) و خزمەتگوزاری مۆنتاج، خزمەتگوزاری کاریگەری (التحمیض) و خزمەتگوزاری دەنگ و مکساج.

کرێی شوێنی وێنەگرتن لە ناو ستۆدیۆ وەک گەڕەک و باخچەو و شەقام و کۆلان و نووسینگەکان، کرێی شوێنی وێنەگرتنی دەرەکی وەک خانوو شوقە و ڤێلاو مەلهاو باخچەو شوێنی دیکە، پارەی چیرۆک و سیناریۆ و کرێی ئۆتۆمبێلی وێنەگرتن و کرێی ئیکسسوارات و کرێی جلوبەرگ و کرێی ئاژەڵی بەشداربوو لەبەرهەمهێنانی فیلم، کرێی کامیراو پێداویستییەکانی وێنەگرتن و ڕووناکی.



1--2تێچوونی ناڕاستەوخۆ:

1-2--1کرێی ناڕاستەوخۆ:

وەک کرێی بەڕێوەبەری بەرهەم، جێبەجێکاری بەرهەم، یاریدەدەری دەرهێنەر، یاریدەدەری یەکەمی دەرهێنەر، یاریدەدەری دووەمی دەرهێنەر، یاریدەدەری وێنەگر، جێبەجێکاری دیکۆڕ، یاریدەدەرانی ئیکسسوار، کارمەندی جلو بەرگی پیاوان، کارمەندی جلو بەرگی ژنان، یاریدەدەری تۆمارکەری دەنگ، یاریدەدەری ماکییر، یاریدەدەری کوافییر، ریجیسیر،، یاریدەدەری ریجیسیر، جلی کارکەرانی بەشداربوو لە فیلم.

1-2-2خاماتی ناڕاستەوخۆ:

پاککەرەوەکانی وەک سابوون و تایت و شامپۆ و دیتۆڵ، موادی کیمیایی و ڤرکەری بوونەوەرەکان،دبابیس، بزمار، پێداویستی کارەبایی، سیکۆتین و تێپ و پێداویستییەکانی دیکە.

1-2-3خەرجی خزمەتگوزاری ناڕاستەخۆ:

وەک کرێی ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی کارکەرانی بەشدار لە فیلم، کرێی ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی ئامێرو کەلوپەلەکان و پێداویستییەکانی ڕووناکی، تەئمینکردن لە دژی ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی فیلم دەبنەوە لەگەڵ سووی قەرزی بەکارهاتوو بۆ بەرهەمهێنانی فیلم.

2. تێچووونی بە بازاڕخستنی فیلم (لە پێش و لەکاتی بەرهەمهێنان و دوای بەرهەمهێنانی سینەمایی) وەک تێچوونی ڕاگەیاندن و پڕۆپاگەندەکردن بۆ فیلم لە هۆکارە جیاوازەکانی، وەک سەتەلایتەکان، تەلەفزیۆنەکان، گۆڤارەکان و ڕۆژنامەکان .تێچوونی دیکە وەک پۆستەر، چاپکراوەکان، دیارییە جیاوازەکان،پارەی دابەشکردنی فیلم، ئەلبوومی وێنە فۆتۆگرافیەکان، وێنەگری فۆتۆگرافی، تێچوونی گواستنەوەی فیلم بۆ کاسێت و سیدی و دیڤیدی و دانانی لە سایتەکان و خەرجی دابەشکردنی دیکە.

3. تێچووونی کارگێڕی و خزمەتگوزاری فیلم دابەش دەبێت بۆ دووجۆر:

1. تێچوونی کارگێڕی تایبەت بە فیلم: وەک میرانەو تێچوونی چاودێری، پێداویستییەکانی نووسین و لەبەر گرتنەوەی سیناریۆ.

2. تێچوونی کارگێڕی گشتی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی فیلم: وەک کرێی مقەڕی کۆمپانیا، کرێی کارمەندانی کارگێڕی و دارایی و سکرتاریەت، کارەبا، ئاو، تەلیفۆن، فاکس، چاپەمەنی و تێنووس، پاراستن و خاوێنکردنەوە، ژمێریاری یاسایی و خەرجی دیکەی کارگێڕی و خزمەتگوزاری تایبەت بە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی.

**داهاتی گشتی سینەما بریتییە لە سەرجەمی ئەو گوژمانەی پرۆژە (کۆمپانیا) دەستی دەکەوێت لە فرۆشتنی فیلمەکانی لە بازاڕدا یاخود لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ کەسانی دیکە**

**داهاتی گشتی سینەما Total Revenue:**

بریتییە لە سەرجەمی ئەو گوژمانەی پرۆژە(کۆمپانیا) دەستی دەکەوێت لە فرۆشتنی فیلمەکانی لە بازاڕدا یاخود لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ کەسانی دیکە، بەم هاوکێشەیە دەتوانین دەری ببڕین.

داهاتی گشتی سینەما = هێندی فرۆشراو لە فیلم × نێوەنجی نرخی فرۆشتنی یەک دانە

R : بریتییە لە داهاتی گشتی

Q : بریتییە لە هێندی فرۆشراولە فیلم

P : نرخی یەک دانەی فیلم یان تیکت (بلیت) یان مافی پەخشکردن و بەکارهێنانی فیلم.

**سەرچاوەکانی داهاتی فیلمی سینەمایی :**

1. دابەشکردنی ناوخۆ: بریتییە لە داهاتی سینەما لە ناوخۆی وڵات. جا چ لە ڕێگای نمایشکردن بێت لە هۆڵەکانی سینەما یان لە تەلەفیزیۆنە ناوخۆییەکان یان لە ڕێگای نمایشکردنی ڤیدیۆیی.

2. دابەشکردنی دەرەکی: بریتییە لە داهاتی سینەما لەدەرەوەی وڵات. جا چ لە ڕێگای نمایشکردن بێت لە هۆڵەکانی سینەما یان لە تەلەفیزیۆنە ئاسمانییەکان یان لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکان.

3. داهاتی خەڵات: بەشداربوونی فیلم لە خەلاتە جیهانییەکانی تایبەت بە فیلمی سینەما دەبێت بەشێک لە داهاتی فیلم، ئەگەر هاتوو فیلمەکە توانی خەڵات بەدەستبێنێت.

4. جگە لەم سێ سەرچاوە سەرەکییەی باسمانکرد، داهاتی ستۆدیۆ گەورەکانی بەرهەمهێنانی فیلم،وەک فرۆشتنی بەرهەمی بازرگانی وەک تۆمارە مۆسیقییەکان و کتێب و وێنە و یاری و یاری ئەلکترۆنی و جلوبەرگ وخواردن و خواردنەوە و پۆستەر و دیاری. ئەمە جگە لە فرۆشتنی مافی پەخشکردن بۆ تەلەفزیۆنەکان و فرۆشتنی فیلم بە شێوەی شریتی ڤیدیۆ.

5. کرێی بەکرێدانی ستۆدیۆکانی بەرهەمهێنانی فیلم.

**بەکارهێنەران (جەماوەری) سینەما:**

دابەش دەبن بۆ دوو جۆر:


1. جەماوەی هۆڵەکانی سینەما: ساڵانە نزیکەی یەک بلیۆن کەس لە هۆڵەکانی سینەما سەیری فیلمی سینەمای دەکەن.

2. جەماوەی ناو ماڵەکان(ئامێری ڤیدیۆ کەناڵە ئاسمانییەکان، تۆرەکانی ئینتەرنێت) ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە ماڵەوە سەیری فیلمی سینەمای دەکات کە لە ژمار نایەت.

## ئابووری و پیشەسازی سینەما:

سەرەتا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە ئایا سینەما کاڵایە یاخود خزمەتگوزاری؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە بزانیین کاڵا چییە و خزمەتگوزاری چییە، ئینجا دەگەین بە وەڵامەکە، وشەی کاڵا Goods هەموو شتێکی بەسوود Useful دەگرێتەوە، ئەو شتەی بەسوودە لەتێڕوانینی ئابووری ئەو شتەیە کەڵک Utility ببەخشێت و خوازراو بێت لەلایەن خەڵک.(پێموایە کاڵا بریتییە لە هەرشتێکی خوازراوی بەکەڵک).کاڵا بەشێوەیەکی گشتی دابەش دەبێت بۆ دوو کۆمەڵە:.




أ ـ کاڵای ئازاد Free Goods:

ئەو کاڵایانەن لەکاتێک و لەشوێنێکی دیاریکراو بەبڕی زۆرو بێ سنوور هەن وەک هەواو ئاوو تیشکی خۆر، مرۆڤ دەستی دەکەوێت بەبێ بەرانبەری پارەو کۆشش.

ب ـ کاڵای ئابووری Economic Goods:

کاڵای ئابووری کەڵکی Utilit هەیەو دەگمەنە Scarcityوتوانای گواستنەوەی Transferability هەیە، بەدەستهێنانی پێویستی بە پارەو کۆشش هەیە.


خزمەتگوزاری Services:بریتییە لەهەموو شتێکی نامادی و بەکەڵک و دەگمەن و دەتوانرێت بگوازرێتەوە، بەدەستهێنانی پێویست بە بەرانبەری دراو کۆشش دەکات وەک خزمەتگوزاری مامۆستاو پزیشک بەکەڵکەو دەگمەنەو دەتوانرێت بگوازرێتەوە. لە ڕاستیدا سینەما لە یەک کاتدا هەم کاڵایە و هەمیش خزمەتگوزاری.کاتێک لە هۆڵەکانی سینەما نمایش دەکرێت هەمان خەسڵەتی خزمەتگوزاری هەیە و کاتێکیش بە سیدی یان کاسێت بەردەستە هەمان خەسڵەتی کاڵای هەیە.

پیشەسازی سینەما وەک هەر پیشەسازییەکی دیکە هەمان مەرجی لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری بەسەردا دەسەپێنرێت، وەک هەر پرۆژەیەکی بەرهەمهێنانی پیشەسازی، لەبەر ئەوەی پیشەسازی سینەما هەولدەدات دووشت بەرهەمبهێنێت :

1. کاڵای سینەمایی.

2. خزمەتگوزاری سینەمایی.

ئەو کاڵاو خزمەتگوزاریەی پرۆژەیەکی سینەمایی بەرهەمی دەهێنێت، دەچێتە بازاڕو میکانیزمی بازاڕ واتە خواست و خستنەڕوو بەهاکەی دیاری دەکات لە ڕێگەی نرخ، کە نرخ دەربڕی بەهایە لە بازاڕ، بازاڕی سینەماش تەنیا بریتیی نییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ فیلمی سینەمایی، بەڵکو لە هەموو شوێنێک پەیوەندی هەیە بە پیشەسازی سینەما،لەبەرهەمی سینەمایی لە بەبازاڕخستنی سینەمایی لە بەکارهێنانی سینەمایی لە بازنەی مامەلەی بەبازاڕخستنی سینەمایی ئەمانە دێنە پێشەوە:



## خەسڵەتە ئابوورییەکانی پیشەسازی سینەما:

1. پیشەسازی سینەما یەکێکە لەو پیشەسازیانەی یارمەتی ئابووری وڵاتانی بەرهەمهێن دەدات لە جیهاندا، لە ڕوووی دابینکردنی دەرفەتی کار، سەرنجراکێشانی وەبەرهێنانی بیانی، دانی باج بە وڵاتەکانیان، ئەمانەوە سەر باری ئەوەش بازاڕی سینەمایی دەرامەتێکی دارایی گەورە بۆ وڵات و بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی دەستەبەردەکات.

2. سینەما تەنیا بیرۆکەو هونەر نییە بەتەنیا بەڵکو بە پلەی یەک پیشەسازی و بازرگانییە.

3. بەرهەمهێنان بەردی بناغەی پیشەسازی سینەمایە، ئەوی زاڵە بەسەر کرداری بەرهەمهێنان ئەوا ناسنامەی ئەو سینەمایە دیاری دەکات، بەرهەمهێنانیش کارێکی تەواو تەواو ئابوورییە.

4. ئەوەی سینەما دروست دەکات هونەرمەند نییە وەک ئەوەی زۆربەی خەڵک باوەڕیان وایە هونەرمەند سینەما دروست دەکات، لە ڕاستیدا وەبەرهێن یان بازرگان یان خاوەن سەرمایە سینەما دروست دەکات و دەیگەیێنیتە بینەران و سەیرکەرانی سینەما.

5. بوونی هۆڵەکانی خستنەڕووی فیلمی سینەمایی گرنگە بۆ سەرکەوتنی هەر فیلمێکی سینەمایی و هەر کارێکی سینەمایی لەبەر ئەوەی دەبێت بازاڕەک هەبێت بۆ دابەشکردن و بە بازاڕخستنی بەرهەمی سینەمایی.

6. سینەما وەک وەبەرهێنان سەیردەکرێت، لەبەر ئەوەی بەرهەمهێنانی فیلم سەرمایەکی زۆری دەوێت و مەترسییەکی زۆری تێدایە لە هەمان کاتیشدا قازانجی بێشوماری تێدایە لەبەرئەوە بە وەبەرهێنان دادەنرێت .

7. پیشەسازی فیلم بۆتە هۆکارێک بۆ ڕکابەری لە نێوان وڵاتان بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی باشتر و پڕ بینەرترو کاریگەرتر و قازانج زۆرتر.

8. پیشەسازی سینەما پشت نابەستێت بە دەسهاتی ئەستێرەکانی سینەما بەڵکو ئەستێرەکان بەکار دەهێنێت بۆ تەڕویجکردنی فیلم لەپێناو قازانجی زیاتر.

9. پیشەسازی سینەما رووبەڕووی مەترسییەکانی بازاڕ دەبێتەوە وەک هەر پیشەسازیەکی دیکە، لەبەر ئەوەی بەرهەمەکانی سینەما میکانیزمی بازاڕ نرخەکانیان دیاری دەکات و قازانجیان دیاری دەکات.

**ژێرخانی ئابووری پیشەسازی سینەما:**

به شێوەیەکی گشتی دابەش دەبێت بۆ ئەم لایەنانە:

1. دەرامـەتـی مـادی: وەک بوونی ستۆدیۆ، کۆمپیوتەری تایبەت بە بەرهەمهێنان و چارەسەرکردنی فیلمی سینەمایی واتە ئەوانەی بەرنامەجی تایبەتیان لەسەر بۆ بەرهەمهێنانی فیلم، کامێرای وێنەگرتن، دەرهێنان، مۆنتاج، مکساج و دۆبلاج.

2. لەبواری پیشەسازی تایبەتمەند بە سینەما: ئەوانەی پێداویستییەکانی پیشەسازی سینەما بەرهەم دەهێنن و بەرهەمەکانیان دەچێتە ناو کرداری بەرهەمهێنانی پیشەسازی سینەما، وەک پیشەسازی دروستکردنی کاسێتی فیلم و سیدی و دیڤیدی و فلاش میمۆری و کامیرای وێنەگرتن و کەرستەی رووناکی و دەرمان و کەرستەی شیکردنەوەی کیمیایی تایبەت بە بەرهەمهێنانی فیلم.

3. دەرامەتی مرۆیی: لە بواری ئامادەکردن وپێگەیاندنی دەرامەتی مرۆیی، وەک زانکۆ و کۆلێژو پەیمانگەی تایبەت و ناوەندی تایبەت بە ئامادەکردن و ڕاهێنانی دەرامەتی مرۆیی بەشداربوو لە بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی.

***داهاتی گشتی سینەما بریتییە لە سەرجەمی ئەو گوژمانەی پرۆژە(کۆمپانیا) دەستی دەکەوێت لە فرۆشتنی فیلمەکانی لە بازاڕدا یاخود لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ کەسانی دیکە.***

**کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری فیلم:**

**کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی سێ جۆرن،بەم شێوەیە:**

1. کۆمپانیای گشتی: دەوڵەت خاوەنداریەتی دەکات وەک کۆمپانیاکانی سین و کوبا و وڵاتانی سۆشیالیستی.

2. کۆمپانیای تایبەت: کەرتی تایبەت خاوەنداریەتی دەکات، وەک کۆمپانیا ئەمەریکی و ئەوروپیەکان، ئەو کۆمپانیایانەن کە بەپێی ڕکابەری بازاڕو میکانیزی بازاڕ کار دەکەن.

3. کۆمپانیای تێکەڵ: خاوەنداریەتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هاوبەشبوونی دەوڵەت و کەرتی تایبەت.

**سینەماو پیشەسازی تەواکاری:**

پسپۆڕی بووە هۆی دووبارە دارشتنەوەی پەیکەری پیشەسازی لەسەر بناغەی تەواوکاری نێوان چالاکییەکان، وای لێهات پیشەسازیەک پێویستی بە بەرهەمی دروستکراوی پیشەسازییەکی دیکە ببێت نەک وەک کەرستەی خاو بەڵکو وەک کاڵای دروستکارو، ئەمە وای کرد پیشەسازی تەواوکاری (الصناعات التجمیعیە) دەرکەوێت وەک پیشەسازی ئۆتۆمبێل و پیشەسازی دیکە کە بەکاربراوەکانی (مدخلات) لە پیشەسازییەکانی دیکە وەردەگرێت، پیشەسازی سینەماش کاریگەر بوو بە پسپۆڕی پیشەسازی و تەواوکاری پیشەسازی نێوان پیشەسازییەکان، لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیە دەبینین پیشەسازی سینەما پێداویستییەکانی لە کەرتەکانی دیکەی پیشەسازی وەردەگرێت، بە تایبەتی ئامێرو پێداویستی تایبەت، وای لێهاتووە پیشەسازی سینەما لە زنجیرەک لقی پیشەسازی پێداویستی و کەلوپەلەکانی وەردەگرێت، گرنگترین ئەو پیشەسازیانەی سینەما پشتیان پێدەبەستێت یان بەرهەمەکانیان وەک(مدخلات) بەکار دەبات

بریتیین لەم پیشەسازیانە:

1. کارگەی دروستکردنی فیلم(ئەوەی کە فیلمی لەسەر تۆماردەکرێت).
2. کارگەی بەرهەمهێنانی مادە کیمیاویەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی فیلم.
3. کارگەی (التحمیض) و چارەسەری فیلمی سینەمایی.
4. کارگەی بەرهەمهێنانی ئامێری وێنەگرتن و کامیرا.
5. کارگەی چارەسەرکردنی فیلمی وێنەگیراو لە پێناو مۆنتاج و میکساج و دۆبلاج.
6. کارگەی بەرهەمهێنانی ئیکسسوارات و دیکۆڕ.
7. کارگەی بەرهەمهێنان و دوورینی جلوبەرگ.

سەرباری ئەم کارگەو پیشەسازیانە زۆر چالاکی دیکەش هەیە بەرهەمەکانی وەک بەکاربراو(مدخلات) بەکار دەهێنرێت لە پیشەسازی فیلمی سینەمایی، بە هۆی ڕێکخستنی پیشەسازی و پسپۆڕی و کەمکردنەوەی تێچوون و تایبەتمەندی و گێڕانەوەی کات،بیرۆکەی کۆکردنەوەی ئەو پیشەسازییانە دەرکەوت کە لە کرداری بەرهەمهێنان پشت بە یەکتر دەبەستن، ئەمەش وای کرد بیرۆکەی (الحاضنات الصناعیة) دەربکەوێت کە بریتییە لە شوێنی پیشەسازی گەورە و تایبەتمەند، ئەمەش وایکرد (الحاضنات الصناعیة)ی تایبەت بە پیشەسازی سینەما دەر بکەوێت، وەک شاری هۆلیۆد کە تایبەتمەندە بە پیشەسازی کە گەورەترین کۆمەڵگەی (الحاضنات الصناعیة) لە جیهاندا لە بواری پیشەسازی سینەما، سەرباری بوونی لایەنی خزمەتگوزاری تایبەت وەک پاڵپشتییەک بۆ پیشەسازی سینەما.

**ژیانی ئابووری فیلمی سینەمایی:**

هۆکارەکانی خستنەڕو و نمایشکردنی فیلمی سینەمای دابەش دەبن بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

1. هۆڵەکانی سینەما.

2. میهرەجان و فێستیڤاڵی سینەمای.

3. سینەمای ماڵەوە، کە بریتییە لە خستنەڕوو و نمایشکردنی فیلمی سینەمایی لەڕێگای ئەم هۆکارانە: یەکەم کاسیەتی ڤیدیۆ، دووەم سیدی و دیفیدی،سێیەم فلاش میمۆری، چوارەم سایتەکانی ئینتەرنێت.

4. کەناڵەکانی تەلەفزیۆنیە ناوخۆییەکان و کەناڵی سەتەلایت.

هەر هۆکارێک لەم هۆکارانە بەکارهێنی تایبەتی خۆی هەیە و هەر هۆکارێک کاریگەری ئابووری تایبەتی خۆی هەیە واتە هەر یەکەیان قۆناغێکن لە ژیانی ئابووری فیلمی سینەمایی، بەمانایەکی دیکە هەر قۆناغێک داهاتی جیاوازە لە قۆناغەکانی دیکە، لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە ژیانی ئابووری فیلمی سینەمایی کەی دەست پێدەکات و کەی کۆتایی دێت؟دەکرێت بەم شێوەیە وڵامی بدەینەوە:

1. ژیانی ئابووری فیلم لە خستنەڕو و نمایشکردنی فیلمی سینەمای لە هۆڵەکانی سینەما دەست پێدەکات.

2. ژیانی ئابووری فیلم بە نمایشکردنی لە کەناڵە تەلەفزیونیەکان کۆتایی دێت، تاکو دواین ئاستی کە دەگاتە نمایشکردن و سەیرکردنی فیلم بەهۆی کاسێت و سیدی و فلاش میمۆری و داونلۆدکردنی لە سایتەکانی ئینەرنێت، واتە فیلم لە ترۆپکدایە کاتێک داهاتی بەرزە تاکو ئەوکاتەی سەیرکردنی دەبێتە خۆرای ئەو کاتە فیلمەکە لە رووی ئابوورییە وە بە مردووی حساب دەکرێت،لە هۆڵەکان تازە لە دایک دەبێت لە فێستیڤاڵەکان گەنجە لە تەلە فزیونەکان پیرە بە داونلۆدکردنی بە بەلاش بە خۆرای دەمرێت.

# لەبری بیرەوەری

- ***شەمسە خانی، کچی ئەحمەد موختار بەگی جاف و نەوەی عادیلە خانم:***

محەمەد گۆران

- ***د. کامیل بەسیر***

ستار محەمەد ئەمین

- ***یەکەمین تیمی دیزاینەرانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ***

نازم دڵبەند



شەمسە خانی، کچی ئەحمەد موختار بەگی جاف و نەوەی عادیلە خانم:

# یەکەم کچ بووم کە داوام کرد، مەکتەبی کچان لە هەڵەبجە بکرێتەوە

**محەمەد گۆران**

دوو هەفتە بوو، (تۆفیق وەهبی) پۆستی موتەسەریفی سلێمانی وەرگرتبوو، کە سەردانێکی بۆ هەڵەبجە لە 29ی 5ی 1930 ڕێکخست و دوو ڕۆژ مایەوە، ڕۆژی یەکەم سەردانی عەبابەیلێ دەکات و پاش دیاری کردنی شوێنەکەی، بڕیار دەدات بۆ ساڵی ئایندە مەکتەبێکی لێ بکرێتەوە، پاش سەردانیکردنی ناوشاری هەڵەبجە و بەخێرهێنانی و خوێندنەوەی وتارەک لەلایەن (شەمسەی) کچی ئەحمەد موختار بەگی جاف، داوا دەکات پەلە بکرێت لەکردنەوەی قوتابخانەیەکی کچان لەناو شاری هەڵەبجەدا.

شەمسەخان، ساڵی یەکەمی مەکتەب، لەگەڵ کوڕان و لەمەکتەبەکەی ئەواندا دەخوێنێ، بۆ ساڵی دووەمی لەمەکتەبدا، واتا ساڵی 1930 پاش ئەوەی (تۆفیق وەهبی)ی موتەسەریف (پارێزگار)ی سلێمانی، دێتە هەڵەبجە و شەمسەی کچی ئەحمەد بەگی موختار جاف، داوای کردنەوەی قوتابخانەی کچانی لێ دەکات، ئینجا قوتابخانەکە دەکرێتەوە، واتا شەمسەخان، قۆناغی دووەمی سەرەتایی بەشێک لەمەکتەبی کوڕان و بەشەکەی کۆتاییشی لەمەکتەبی کچانی هەڵەبجە تەواو دەکات.

شەمسەخان دەڵێ: «باوکم ئەوەندە حەزی بەخوێندەواری من دەکرد، بۆیە منی بەتەنها خستە مەکتەب لەناو کوڕاندا، هەتاکو جاری وابوو خەڵک باسی دەکردین کە چۆن دەبێ من بخوێنم لەگەڵ کوڕاندا، ئەوەبوو تا پۆلی دووەمی سەرەتاییم لەوێ خوێند، لەدەوروبەری ساڵی 1930دا، ڕۆژەک موتەسەریفی سلێمانی (تۆفیق وەهبی) بەموناسەبەیەک هات بۆ هەڵەبجە، ئێمە مەکتەبی کچانمان نەبوو و زۆریش پێویست بوو، باوکم وتی کچەکەم لەم موناسەبەتەدا بۆ شتێک بەناوی کچانی هەڵەبجەوە ناخوێنیتەوە، بۆ ئەوەی مەکتەبێکی کچانتان بۆ بکاتەوە؟ لەو ڕۆژەدا منیش لەبەخێر هێنانیدا کە خەڵکێکی زۆر ئامادەی پێشوازییەکە بووبوون، هەستام و ئەوەم خوێندەوە:

ئەی حوضاری کیرام، بەموناسیبەتی تەشریف هێنانی ئەم زاتە موحتەرەمە، چەند

کەلیمەیەکتان عەرز بکەم، وتم: بەخێرهاتی ئەی موتەسەریفی خۆشەویست، بەخێرهاتی ئەی جێگای ئومێدی کوردان، مەعلوومە لەپاش هەموو عاجزییەک فەرەحێکە، وەکو خوا فەرموویەتی (ان مع العسر یسرا)، من یەکێکم لەئەولادی وەتەن، لەبەر نەبوونی مەکتەبی کچان، بەناچاری لەمەکتەبی کوڕاندا ئەخوێنم، داوات عەرزەکەم کە مەکتەبی کچانمان بۆ بکەیتەوە، ئیتر خوا حافیزی دەکەم».

شەمسە خان لەسەر موناسەبەکەی ئەو ڕۆژە بەردەوام دەبێ و دەڵێ: «هەر ئەو قسانەم خوێندەوە بۆ جەنابی موتەسەریف، یەکسەر بڕیاری کردنەوەی مەکتەبی پێدان، بۆیە من یەکەم کەس بووم کە داوام کرد، لەسەر داواکەم، هەر بەدوو هەفتە دوای ئەوە، مەکتەبی کچان لەهەڵەبجە کرایەوە«. سەرەتاش بۆ مەکتەبەکە، ماڵێک لەهەڵەبجە بەکرێ دەگرن، «ماڵی کاکە حەمەی غەفوور لەپیر محەمەد».

ئەو کچە گەورەی ئەحمەد بەگی موختار جافی شاعیر دەڵێ: «دووبارە لەقوتابخانەی کچان دەستم کردەوە بەخوێندن، جا من شتی زۆرم ئەزانی، شانازیم ئەکرد بەسەر تەلەبەکاندا و جارجارەش هەڵەسام دەرسم پێئەوتن».

لەدوای کردنەوەی مەکتەبی کچان لەهەڵەبجەدا، لە 12ی 6ی 1931 مەلیک فەیسەڵی یەکەم سەردانی هەڵەبجە دەکات و شەمسە خان بەچەپکێ گوڵەوە ڕۆیشتۆتە بەردەم مەلیک و ئەو چەند دێرە شیعرەش کە خۆی نووسیوێتی لەبەردەمی مەلیکدا دەخوێنێتەوە:

مەخفەری دوەل، فەیسەڵی ئەوەل
هەر وەک ڕۆژی لەبورجی حەمەل
جالیسی تەختی خولەفای عەبباسی
بەعەدل و ئیحسان بەخوا شناسی
فەرزە تەعزیمت بەدڵ و بەگیان
لازمە حوببت بەقەول و ئیمان
شوکری هاتنت بەجێ ئەهێنم
گۆرانی کوردیت لەبۆ دەخوێنم

دوای ئەوەی شیعرەکەم خوێندەوە، مەلیک بانقە نەوتەکی پێدام کە دەروپێ دەبوو، باوکم وتی شەمسە بیدە بەتەلەبە فەقیرەکان، منیش هەر لەوێ پێمدان و دابەشیان کردە سەر چەند تەلەبەیەک.

ئەحمەد موختار جاف لەساڵی 1898 لەشاری هەڵەبجەی مەڵبەندی شاعیر و ئەدیبان لەئامێزی خێزانەکی دەسەڵاتدار و خانەدان لەدایکبووە، لەرووی تەمەنەوە پێنجەمین کوڕی خێزانەکەیەتی لەدوای هەریەکە لە: مەجید بەگ، حەمەسەعید بەگ، تاهیر بەگ، عیزەت بەگ، ئەمە جگە لەهەردوو خوشکەکەی (ناهیدە و سەبیحە).

ئەحمەد موختار جاف کوڕی وەسمان پاشای کوڕی محەمەد پاشای جافە، دایکیشی (عادیلە خانم، کچی عەبدولقادر بەگی ساحێبقرانە، خانم دووەم خێزانی وەسمان پاشایە)، وەسمان پاشا جگە لەوەی لەماوەی نێوان ساڵانی 1889 و 1909 قایمقامی هەڵەبجە بووە، هاوکات یەکێکیش بووە لەسەرکردە هەر دیارەکانی ناو عەشیرەتی جاف، دەسەڵاتی ئەم عەشیرەتە، هەر لەشاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە درێژ دەبوویەوە هەتا شاری خانەقین و سەعدییە (قزرابات).

شەمسەخان کچی گەورەی ئەحمەد بەگی موختار جاف بووە و خۆشەویستی باوکی بووە، هەر ئەمەش هۆکاربووە کە باوکی شیعرێکی بەسەردا بڵێ و لەدیوانەکەیدا تۆماری بکات. شەمسە خان دەڵێ: وەک ئێستا لەیادمە ئەو ڕۆژەی لەبەردەمی دانیشتبووم و شیعرەکەی بۆ نووسیم:

شەمسە مایەی خۆشی و هەم تەرەب و مانی من
شەمسەیە باعثی ژین و سەر و سامانی من
شەمسەیە واسیطەیی کەیف و صەفام ڕۆژ و شەو
شەمسە خانە بەخودا شەمعی شەبوستانی من
شەکەری لێوی ئەوە مەلحەمی قەلبی زاری

**باوکم کە کوژرا، کتێب و نووسراوی زۆری هەبوون، بەڵام کە جلەکانیان بەخوێنەوە هێنایەوە بۆ ماڵەوە، باوەژنەکم (حەببیە)، هەرچی نووسراو و کتێبی هەبوو لەگەڵ جلەکانیدا سووتاندی**

من

قەدی مەوزونی ئەوە سەروی گوڵستانی من

پێی وتم شەمسە، خەجاڵەت بووە شەمسی خاوەر

لەو دەمەی دیویە ئەو صوبحی گرێبانی من

شەمسە تۆ لازمە وەختێ کە مردم گیانە

قەت فەرامۆشی نەکەی سەنعەت و عیرفانی من

حوببی تۆ کافیە بۆ (ئەحمەد)ی بێچارەی خۆت

لوطفی تۆیە بەخودا روتبە و نیشانی من

ئەحمەد موختار جاف لەهیچ قوتابخانە و خوێندنگایەکی فەرمیدا نەیخوێندووە، بەڵکو مامۆستای تایبەتی لەماڵەوە بۆ گیراوە، زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی فێربووە و ماوەیەکیش لەگەڵ (گۆران)ی شاعیردا، بەیەکەوە زمانی ئینگلیزیان لەهەڵەبجە خوێندووە، هاوکات نابێ ئەوەش لەبیر بکەین، تاهیر بەگی برای یەکێکە لەشاعیر و هۆنەرە گەورەکانی نێو گوڵزاری ئەدەبیاتی کوردی و بەشاعیری عیشق و خۆشەویستی ناسراوە.

لەبارەی هەڵسوکەوت و پەیوەندی باوکی (ئەحمەد موختار جاف) لەگەڵ خەڵکدا و جۆری بیرکردنەوە، شەمسەی کچە گەورەی دەڵێ: «بەردەوام خەریکی هاتووچۆ و ئەمسەر و ئەوسەر و دەعوەتکردنی خەڵک و یارمەتیدانی کەمدەرامەت و ئەمانە بوو، زۆر حەزی لەکەیف و سەفا و خۆشی دنیا بوو. باوکم کابرایەک بوو، زۆر تەبیعات سەخاوەت و نان بدە بوو بەخەڵکی، لەبیرمە هەموو جارەک کە دەچووە حەمام، ئەو جلوبەرگانەی کە لەبەری دابوون، خزمەتکارەکانی حەمامەکە کە هی دایە گەورەم عادیلە خانم بوو، دەیانوت جلەکانت جوانە، دەچوو دەیدا بەوان و خۆی بەرووتی دادەنیشت، تاکو لەماڵەوە جلی دیکەمان بۆ دەبرد».

لەپرۆگرامەکانی خوێندن لەقوتابخانە، کە دێتە سەر باسی هۆنراوە و ژیانی ئەحمەد موختار جاف، لەکۆتاییدا دەنووسرێ، ساڵی 1935 دەستەکی رەشی نادیار لەسەر رووباری سیروان شەهیدی دەکات. سەبارەت بەمە ئاخۆ ئەو شەهیدکردنی باوکی لەبیرە؟ ئایا دەستەکە نادیاربوو یان دەزانرێ کێیە؟

شەمسەی کچی دەڵێ: «کاتێ باوکم کوژرا، من تەمەنم سیانزە ساڵ بوو، وەک ئێستا لەبیرمە، لەمەکتەب بووم و هاتمەوە بۆ ماڵەوە، ئەبینم ماڵی پاشا (وەسمان پاشا) قەرەباڵغییە و شین و شەپۆرە و خەڵک رژاوەتە ئەو ناوە، (کەریمی حەمامچی) هەبوو، حەمامچی ماڵی باوەم بوو، وتم ئەوە چییە؟ بەخوا ئەمشەو خەوم بینیوە ئەفراسیابی برام کوژراوە! وتی نا، ئەحمەد پاشایە، هیچ نییە تۆزەک بریندارە، دوایی شتەکە مەعلوم بوو کوژرابوو».

لەبارەی شێواز و هۆکاری کوشتنەکەشی، ئەو کچە گەورەی ئەحمەد موختار جاف، راشکاوانە دەڵێت: «بەرەوەڵڵا ئەزانم! ئەو کاتە خەریکی کوردایەتی کردن بوو، چووبووە دەرەوە بۆ شاخ، خەڵکێکی زۆری کۆکۆیی و زەردۆیی لەگەڵدا بوو، لەبیرمە کە شەو هاتەوە بۆ ماڵی خۆمان لەهەڵەبجە 25 بۆ 30 پێشمەرگەی لەگەڵدابوو، وتی ئادەی (قوبلی بەترش)م بۆ بکەن و گۆشتی کەڵم بۆ سوورکەنەوە، جا ماڵەکەمان (ماڵی پاشا) دوو دیو بوو، (پوورە ناهی)م هاتە دیوەکەی دیکە و وتی: باشە ئەحمەدی برام بۆ هاتوویتەوە؟ ئێستا خەبەرت لێ بدەن ئەتکوژن، ئەوەبوو نانەکەی نەخوارد، شەو هەستا رۆیشت، چووبووە ئاشەکەی مەحموود یاروەیس، تاکو بەیانی لەوێ خەوتبوو، بەیانی هەستابوو



بچێتەوە بۆ شوێنەکەی خۆیان، لەرێگادا پۆلیسەکی ئەوکاتی حکومەت، تەقەی لێ دەکات و بریندار دەکات، دوو کەسیشی لەگەڵدا دەبن، (خاڵۆ باقی و حەمەی شێخ حوسێن)، خاڵۆ باقی هاوار دەکا و دەڵێ: بۆ خاتری خوا، ئەوە تۆ ئەحمەد بەگت کوشت؟! پۆلیسەکە ئەدا بەخۆیدا و ئەڵێ، نەمزانیوە ئەحمەد بەگی کوڕی وەسمان پاشایە!.

ئەو کچە گەورەی ئەحمەد موختار جاف، باس لەوەش دەکات کە باوکی لەدوای وەفاتی هۆنراوەی بڵاونەکراوەی هەبووە و فەوتاون، دەڵێت: «باوکم کاتێک کوژرا، کتێب و نووسراوی زۆری هەبوون، ئەوەبوو کە جلەکانیان بەخوێنەوە هێنایەوە بۆ ماڵەوە، باوەژنەکم هەبوو ناوی (حەبیبە) بوو، هەرچی نووسراو و کتێبی هەبوو لەگەڵ جلەکانیدا سووتاندی، منیش وتم باشە بۆچی ئەو وەرەقە و کتێبانە دەسووتێنی؟ لەوەڵامدا وتی: لەدوای خۆیدا با کەس نەیخوێنێتەوە.

شەمسەی ئەحمەد موختار جاف، زمانەکانی عەرەبی و کوردی و فارسی زۆر بەباشی زانیوە، هەم قسەی پێکردوون هەم پێی نووسیون، بەتایبەت توانیوێتی هۆنراوە بەهەردوو زمانی کوردی و فارسی بنووسێ، بەڵام شیعرەکانی بڵاوی نەکردۆتەوە و هۆکارەکەشی وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات وەفاتی باوکی و رۆیشتنی بەو شێوەیە بووە، دەڵێت: «لەسەرەتاوە هەوڵی شیعر نووسینم دەدا، وەزن و قافیەی شیعریشم دەزانی، بەڵام بەهۆی داماوی و دەردەسەرییەوە، وازم لێهێنا».

لەمەکتەب تاکو پۆلی شەشەمی سەرەتایی دەخوێنێ و ئیتر واز دەهێنێ، لەژیانیشیدا جگە لەئارەزوو و سەلیقەی شیعری، زۆر حەزی لەبەدواداچوونە زانستییەکان بووە و هەمیشە ئەو کتێبانەی لەماڵەوە هەبووە خوێندوویەتییەوە.

لەباری کۆمەڵایەتیدا، هاوسەرگیری لەگەڵ ئامۆزاکەی (ئەنوەر بەگ)، کردووە و بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییە، سێ کچ (دڵخواز و ئاواز و جوان) لەگەڵ سێ کوڕ (وشیار و شەریار



ئەنوەر بەگ جەمیل و شەمسە خانی هاوسەری

و بەختیار) بووە.

شەمسە خان، لەدایکبووی شاری هەڵەبجە 1922ە و لە 1ی 10ی 2013 لەتەمەنی 91 ساڵیدا وەفات دەکات و لەشاری عەممانی پایتەختی شانشینی ئوردن بەخاک دەسپێردرێ.

**سەرچاوەکان:**


1. رۆژنامەی کۆمەڵ، ژمارە 232ی بەرواری 22ی 7ی 2006

2. عادل سدیق عەلی، (هەڵەبجە، شارێکی بچووک و مێژووەکی دەوڵەمەند)، بەرگی یەکەم، بەرواری 2020

3. وتوویژەکی (نووسەر) لەگەڵ (جوان خان)ی کچی بچووکی شەمسەی ئەحمەد موختار جاف

## خوێندکارە کوردەکان لە وڵاتی میسر

# نازناوی تەها حوسێنی کوردیان بەخشی بە دکتۆر کامل بەسیر

ئەستەمە بتوانی باس لە نووسەرو بیرمەندێکی کوردی وەکو کامل بەسیر بکەی بە تایبەتی ئەگەر خۆی لە ژیاندا نەمابێت بۆیە مەجبور دەبی پەنا ببەیتە بەر هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی بەتایبەتی ئەگەر هاوسەرەکەی لە ژیاندا مابێت ئەوە باشترین سەرچاوە دەبێت بۆ یەکێکی وەکو دکتۆر کامل بەسیر جگە لە هاوڕێ نزیکەکانی بۆیە لەکاتی خۆی بەباشم زانی لە نزیکەوە پەیوەندی بە شاپەرخانی خێزانی دکتۆر کامل بکەم تاوەکو بتوانین هەر هیچ نەبێت چەند لاپەڕەیەک لە ژیانی ئەو نووسەرە مەزنەی کورد هەڵبدەینەوە، دیارە کە پاڵپشتێکی گەورەی ئەو بووە، هەرچەندە دکتۆر کامل لەسەرەتای ژیانی نابینا نەبووە بەڵام چاوەکانی کزبووە، لەناو خانەوادەکەی خۆی بەرلەوەی شاپەرخان بناسێ و هاوسەرگیری لەگەڵ بکات ڕسمییەی خوشکی یارمەتی داوە .

**ستار محەمەدئەمین / هەولێر**

مامۆستا مارف خەزنەدار بۆی گێڕامەوە وتی من لە ئامادەیی مەرکەزی لەبەغدا نووسەر (کاتب) بووم زانیبوویان من کوردم لە هەولێرەوە هاتووم. ڕۆژێکیان ژنێک دەستی پیاوێکی گرتبووە هاتنە لام وتی تۆ فلانی منیش گووتم بەڵێ فەرموو گووتی ئەوە برامە نابینایە حەزدەکا فێری زمانی کوردی بێت ئێمە کوردی فەیلین و براکەم حەز دەکا یارمەتی بدەیت فێری زمانی کوردی بکەیت، منیش وتم بەسەرچاو ئەوەبوو زوو زوو دەم بینی و تاوای لێهات کوردییەکەی لەزۆر ڕووەوە لەمن باشتر بوو و پێشکەوت.

دوای ئەوەی کامل بەسیر کە هاوسەرگیری دەکات، هاوسەرەکە دەبێتە پاڵپشتێکی گەورەی لە دیمانەیەکدا لە کاتی خۆی کە لەگەڵ شاپەر خانی خێزانی کامل بەسیر ئەنجامدا بوو لە سەرەتادا باس لە چیرۆکی هاوسەرگیری کردنی خۆی بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێ: بەر لەوەی باسی هاوسەرگیری خۆم و کامل بکەم دەبێ باسی سەرەتای ئاشنایەتی خۆم لەگەڵ کامل بکەم، ساڵی (1968) بوو من پۆلی سێی ناوەندی بووم لە وانەی عەرەبی زۆر خراپ بووم، بێگومان دوو ساڵان لە یەک پۆلدا بەهۆی ئەو وانەیەوە مامەوە، ئەوەبوو بەدوای ئەوە دەگەڕام کە مامۆستایەکی شارەزای زمانی عەرەبی بۆ ئەوەی دەرسی عەرەبیم پێ بڵێت و لە پۆلی سێیەم دەربچم، کە پێیان وتم مامۆستایەک هەیە ناوی کامل بەسیرەو زۆر لە زمانی عەرەبی شارەزایە، منیش هاتمەوە بە باوکم وت، ئەویش گوتی: ئەوە هاوڕێی کاکە نوری برامە، واتە نوری عەلی .

ئەو گوتی خۆشم دەیناسم و دەچمە لای و پێی دەڵێم، ئەوە بوو باوکم هەر ئەو دەمە چوو بووە لای، ئەم وتبووی بەسەرچاو با بێت منیش هەر لەو کاتەوە ڕۆژانە دەچوومە لای بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی، ئیتر لە ماوەی ئەو چوون و هاتنەوەیەدا سۆزداری لە نێوان من و ئەودا دروست بوو، تاوەکو ڕۆژێکیان داوای هاوسەرگیری لێکردم و پێی وتم: شوم پێدەکەی..؟ منیش

پێم وت: بیری لێ دەکەمەوە، پاش ماوەیەک بیرم کردەوە، یەکێک لە براکانم پێی وتم: ناتوانی ئیدارەی لەگەڵ بکەی، بەڵام بڕیاری خۆم دابوو ئەوە بوو شووم پێکردو ئیتر بووین بە هاوسەری یەکتری.

لە دوای ئەوە لە نیوەی ساڵی (1968) دابوو چووین بۆ قاهیرە، بۆ مانگی هەنگوینی و هەم بۆ ئەوەی تۆماری دکتۆراکەی بکات لە زانکۆی قاهیرە، لە خوا بە زیاد بێت لە تۆماری دکتۆراکەیدا سەرکەوت و گەڕاینەوەو بۆ ساڵی دوایی ڕۆیشتینەوەو ئیتر بۆ ماوەی حەفت ساڵان زستانان دەگەڕاینەوە بۆ کۆکردنەوەی پارەو لە هاوینیشدا دەچووینەوە قاهیرە، هەتا ئەو کاتەی مۆڵەتی خوێندنی وەرگرت تاکو ساڵی (1972 ـ 1973) بوو، بەڵام زۆر بە ماندووبوونەوە مۆڵەتی خوێندنیان بۆ ماوەی ساڵێک دا پێی، ئینجا بۆ ئەو ساڵە سکرتێرێکی گرت تا بەیانیان لەگەڵیدا بچێتە زانکۆ، لەبەر ئەوەی من لە ماڵەوە چێشتم لێدەنا، ئێوارانیش خۆم لەگەڵی دەڕۆیشتم یان هەندێک جار لەگەڵی دەچوومە زانکۆ لە کتێبخانەکە کتێبم بۆ دەهێنا، ڕۆژێکیان دکتۆر کامل پێویستی بە دوو کتێب هەبوو، ئەوەبوو ناوەکانی بۆ نووسیم و منیش چوومە کتێبخانەکی زانکۆی قاهیرەو گوتم ئەو دوو کتێبەم دەوێ، فەرمانبەرەکە وتی ئەو دوو کتێبە تەنها دەتوانی لێرە بیخوێنیتەوە نابێ بچێتە دەرەوەی کتێبخانە بەپێی



بڕیاری زانکۆ قەدەغەیە، منیش زۆر پێم ناخۆش بوو تۆزێک دوورکەوتمەوە لە لایەک دانیشتم و دەستمکرد بە گریان، نێوان ماڵەکەی ئێمەو زانکۆ زۆر دوور بوو لەبەر بێ پارەییش بە پێ هاتووچۆمان دەکرد ئیتر دانیشتم و دەستمکرد بە گریان لەو کاتە بەڕێوەبەری کتێبخانەکە هاتە ژوورەوە سەیرێکی منی کردو پاش ئەوەی فەرمانبەرەکە بۆی باس کردبوو ئەویش بەدوای ڕەوانە کردم و کە زانی عیراقیمەو غەریبەم بارودۆخی ئێمەی زانی گوتی: مەگری تاکو ئێوە لێرەن دکتۆراکەتان تەواو دەبێ ئێوە دەتوانن هەموو کتێبێک ببەن بۆ ماڵەوە، ئەوەبوو کە گەڕامەوە تۆزێک دواکەوتم کامل ووتی: بۆ وا دواکەوتی منیش چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە، دەستی کرد بە پێکەنین گوتی: ئەگەر نەمرم بۆت دەکەم بە بەسەرهاتێکی خۆش و دڵسۆزی تۆ بۆ من هەتا دەبی ستایش بکرێی.

لەسەر خوێندنەوەی کتێب شاپەرخان درێژەی بە بیرەوەریەکەی دەداو گوتی: پێش ئەوەی من ببم بە هاوسەری کامل ڕەسمیەی خوشکی کە لە بەغدا دادەنیشت یارمەتی دەدا.

ئەو کاتەی لە وڵاتی میسر بووین یەکێک لە سەرپەرشتیارانی دکتۆراکەی کامل بەسیر وتی: ئەو پیاوە ئەتروحەی دکتۆراکەی زۆر گەورەیە (730) لاپەڕەیە، وتی: ئەوە وەکو مەلەوانێک وایە من هەر پێی دەڵێم مەچۆرە ناوەوە ئەو هەر دەچێتە قوڵاییەوەو هەرگیز لە قەراغ مەلە ناکات و هەمیشە دەیەوێت زیاتر شت بزانێت. لەسەر توانای خوێندنەوەو چەند لایەنێکی ژیان وبلیمەتی دکتۆر کامل بەهات حەسیب قەرەداغیمان دوواند لەبەر ئەوەی کامل بەسیر پەیوەندیەکی پتەوو توندو تۆڵی لەسەر بناغەی دڵسۆزی فکری و کوردایەتی هەبوو، ئەو پەیوەندییە لە ئەنجام گواسترایەوە بۆ پەیوەندییەکی خێزانی پتەو، گەرم و گوڕی ئەو پەیوەندییە وای کرد کە زۆرجار من نووسین و دەستنووسەکانم ببەم بۆ لای دکتۆر کامل بەسیر بۆ ئەوەی بەر لەوەی خەڵک بییان بینێت، ئەو بە سەریان دابچێتەوە و سەرنج و بۆچوونەکانی خۆی دەدامێ، لەو کاتانە زۆر لە ئازارەکانی خۆی لەگەڵ ئەو ناوەندە ئەکادیمی ڕۆشنبیریانەی کە تێیدا دەژیا لە نزیکەوە بۆی باس دەکردم. هەروەها لەسەر توانای خوێندن و نووسین نابێت

هەرگیز گەورەیی شاپەرخانی خێزانی لەم بارەیەوە فەرامۆش بکرێ و باس نەکرێت، لەبەر ئەوەی دکتۆر کامل پیاوێکی برسی بۆ خوێندنەوە بوو، زۆر پەرۆش بوو بۆ ئەوەی زۆرترین ژمارەی گۆڤارو کتێب بخوێنێتەوە، هەمووانیش ئەوە دەزانین کە کەسێکی نابینا توانای ئەوەی نییە بخوێنێتەوە، دەبوایە شاپەرخانی هاوسەری ئەو هەموو گۆڤار و کتێبانەی بۆ بخوێنیتەوە، جا لێرەدا هەم گەورەیی دکتۆر دەردەکەوێت، لە لایەکی تریش گەورەیی شاپەرخان دەردەکەوێت، کە تۆ بۆ کەسێکی تر بخوێنیەوە، کە ئێمە لەکۆمەڵگایەک دەژین خەڵک ئامادە نییە ڕۆژانە یەک لاپەرە بۆ خۆی بخوێنتەوە، بیهێنە بەرچاوی خۆت گەورەیی و لە خۆبوردەیی کەسێک تا چ رادەیەک بێت کە ڕۆژانە 100 لاپەرە بۆ کەسێک بخوێنێتەوە و نووسینەکانیشی بۆ بنووسێت، بۆیە دەڵێم پێویستە گەورەیی شاپەر خانیش لە پاڵ دکتۆر کامیلەوە باس بکرێت. دکتۆر کامل جگە لەوەی مێژوویێکی پڕشنگداری ئەکادیمی و ئەدەبی و فیکری و کۆمەڵایەتی هەبووە لەگەڵ سیاسیەتیش هاوشان بووە لەگەل زۆربەی کەسایەتییە سیاسییەکانی سەردەم پەیوەندییەکی توندو تۆڵی هەبووە لەوانە هەردوو خوالێخۆشبوو مام جەلال و نەوشیروان مستەفاو هەروەها لەگەڵ دکتۆر فوئاد مەعسووم.

ئاشنایەتی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەبووە لەم بارەیەوە دکتۆر خدر مەعسوم دەگێڕێتەوە دەڵێ: لە ماوەی ناسینمدا زۆر شتی گەورەم لە دکتۆر کامل بینیوە بێگومان دکتۆر کامل کابرایەکی نیشتیمانپەروەرو زیرەک بوو، چەندین نووسینی بە زمانی کوردی و عەرەبی نووسیوە، ئەو کاتەی کە خوێندکار بووین لە میسر کوردەکانی ئەوێ دکتۆر کاملمان بە تەها حوسێنی کورد پێناسە دەکرد، بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەبوونی دەرفەتی خۆ پێگەیاندن و ناساندنی لە کوردستان لەو کاتەدا کە زۆر ئەستەم بوو کە ئەو خۆی بە دنیای دەرەوە نیشان بدات.

دکتۆر کامل نموونەیەکی زیندوو بوو بۆ ئێمە، هەمیشە بە یەکەوە گفتوگۆمان لەسەر تەوەرە سیاسی و کلتووری و نەتەوەییەکان دەکرد، بێگومان دکتۆر کامل ئاراستەیەکی ستراتیژی زۆر نیشتیمانی هەبوو بەردەوام لە سۆنگەی نیشتیمانی و کوردایەتییەوە سەیری ڕووداوەکانی دەکرد.

هەروەها لە ڕووی مامەڵە کردنی لەگەڵ دەوربەریدا خدر مەعسوم دەڵێ: پرۆفیسۆر کامل بەسیر کەسێکی زۆر خاکی بوو مامەڵەی لەگەڵ خەڵک و دۆستەکانی زۆر باش بوو هەموومان خۆشمان دەویست بەداخەوە بەهۆی تەواوکردنی دکتۆراکەی لێک دابڕاین، چونکە ئەو گەڕایەوە عیراق.

لەبارەی ڕۆڵی لە بەشداری شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دکتۆر خدر مەعسوم دەڵێ: کامل بەسیر بەهۆی هەستی کوردایەتی و ئەو ڕۆشنبیرییەی کە هەیبوو، بەڕێز مام جەلال و سەرکردایەتی سیاسی کورد هەروەها بەشێکی زۆری سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی دەیانناسی و ڕێزیان لێدەگرت.

لە بیرمە ئەو کاتەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە سەرەتای ڕاگەیاندنی شۆڕشی نوێدا بڵاوکراوەیەکی بە ناوی (الشرارە) هەبوو دەیانویست بلاوکراوەیەکیش بە زمانی کوردی دەربکەن بۆ ئەو مەبەستە بەڕێز مام جەلال داوای لە دکتۆر کامل بەسیر کرد کە ناوێکی تازەو سەردەمیانە بۆ ئەو بڵاوکراوە کوردییە پێشنیار بکات، دکتۆر کامل بەسیریش پێشنیاری ناوی (ڕێباز)ی کرد، مام جەلالیش کردی بە (ڕێبازی نوێ).

دیارە لەو سەردەمە بە باشترین بلاوکراوەی کوردی سەردەم دەژمێردرێ کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە شاخ دەریدەکرد.

بۆ ئەوەی باس لە کەسایەتی نووسەرو بیرمەندی کورد کامل بەسیر بکرێ زۆر زەحمەتە لە وتارێکی وا کورت بتوانی دەرەقەتی هەموو ئەو بیرەوەری و یادەوەرییانەی دکتۆر کامل بەسیر بێت.

دکتۆر کامل بەسیر تەمەنی کورت بوو لە ژیاندا تەنیا 54 ساڵ ژیا، ئەگەر چی کوولە مەرگی زۆری بینی، بەڵام زۆر قۆناغی گەورەی لەژیاندا تێپەڕاندو سەروەری گەورەی تۆمار کرد. هەر هەموومان



قەرزداری کامل بەسیرین لەبەر ئەوە دەبووایە ئەگەر هیچ نەبێت هۆڵێکی وانە وتنەوە لەیەکێک لەزانکۆکانی کوردستان بەناوی ئەم بیرمەندەی کورد بکرێت و ساڵانەش یادی بکرێتەوە.


لە کۆتاییدا بەو چەند دێرەی شاپەر خانی هاوسەری کۆتایی بە باسەکە دێنم کە دەڵێت: بێگومان هەموو ساتەکانی ژیانم لەگەڵ ئەودا بۆ من بوو بە یادەوەری، هەر هەموو ساتە خۆش و ناخۆشەکانی بۆ من یادگاریین تا لە ژیاندا بمێنم لە زەین و هۆشمدا دەمێنێتەوە، لە بیرمە بەر لەوەی هاوسەرگیری بکەین یەکێک لەبراکانم پێی وتم ناتوانی لەگەڵیدا ئیدارە بکەی، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو 19 ساڵەی لەگەڵیدا بوویمە هەر هەمووی بۆ من یادگاری بووە، بڕوا بکەن بۆ ساتێکیش لێی بێتاقەت نەبوویمە یادەوەرییەکان گەلێک زۆرن لە کاتی خۆی کامل هەر هەمووی لای خۆی تۆماری کردبوون لە لای خوشکێکم دامنابوون لە چەمچەماڵ ئەوەبوو لە کۆچڕەوەکەی ساڵی 1991 هەر هەمووی لەناوچوون و تاڵان کرا.

دکتۆر کامل بەسیر لە ساڵی (1933) لە بەغدا لەدایک بووە لە ساڵی (1945) خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (الهاشمیە) تەواو کردووە، خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە بەغدا تەواو کردووە، بەکالۆریۆس و ماجستێری لە زانکۆی بەغدا بەدەست هێناوە، لە ساڵی (1975) پلەی دکتۆرای لە زانکۆی (القاهرە) بەدەست هێناوە، لە تەمەنی زانستی و ڕووناکبیری خۆیدا دەیان کتێب و وتاری بڵاوکردۆتەوە، لە بەرواری (1987/10/22) کۆچی دوایی کردووە.

---

تێبینی / ئەم بابەتەم بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کەناڵی هەولێر ئامادەکردووە، هەروەها لە گۆڤاری کورد دۆکیۆمێنت لەساڵی 2009 دووبارە مەلەفێکم لەسەر وێستگەکانی ژیانی دکتۆر کامل بەسیر ئامادەکردو ئەم بابەتە دەتوانم بڵێم پوختەیەکە لەم دوو بابەتە هەڵم هێنجاون هیوادارم توانیبێتم گۆشە نیگایەکی ئەم بیرمەندەو ڕووناکبیری ئەدەبی کورد بکەم.

# ساڵی 1992 یەکەمین تیمی دیزاینەرانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ




نازم دڵبەند

ئەو ڕۆژەی لە ماڵی کاک (کۆسرەت ڕەسول عەلی) هەموومان گردبووینەوەو بیرۆکەی دەرچوونی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) وەکو یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی دوای ڕاپەڕین بڕیاری لێوەدرا، کە لای هەندێ لەو نووسەرانەی لەوێبوون بە ئەرکێکی قورس و موستەحیل لە بارودۆخی ئەوێ ڕۆژێیان دەبینی.

لەو ئانوساتەدا بوو کاک (کۆسرەت) گوتی: (هیچ شتێک لە ژیان موستەحیل نییە.. ئەم ڕۆژنامەیەش دەبێ دەرچێ و ئێمە تەجاوزی هەموو موستەحیلەکان دەکەین...)

هەر ئەو ساتە وەختە بە پێی دەستنیشانکردنی کەسەکان کە شەهید (حاکم جەمال دزەیی) بەو پێیەی ئەوسا لێپرسراوی نووسینگەی کاک (کۆسرەت) بوو، ڕۆڵی تەواوی هەبوو لە کۆکردنەوەی ئەم نووسەرو ڕۆژنامەنووسانە. هەموو کارئاسانییەکی بۆ کارەکان دەکردو هەریەکەو بەپێی پسپۆرایەتی خۆی کەوتە جوڵانەوە، بەڵام بە ڕۆحیەتێکی زۆر نەتەوەیی و پیرۆزیەوە بۆ دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە.

بەندەش وەکو یەکەم سەرپەرشتیاری چاپی ڕۆژنامەکە هەموو کارێکی چاپخانەو ئامادەکردنی ستافی دیزاین و هەڵەچن و تایپ لەسەر کۆمپیوتەری (مۆنۆفۆتۆ)ی پێسپێردرا، منیش بەو پێیەی پێشتر وەکو ڕۆژنامەنووس و شارەزاییم لە چاپخانە کارم کردبوو، هەر زوو جارێ مشوری دیزاینکاری لاپەڕەکانم خواردو یەکەمین کەسیش پەیوەندیم پێوەکرد هەر هاوڕێی دێرینی خۆم بوو لە دیزاینکاری ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێب کاک (محەمەد زادە)ی خۆشنووس بوو کە پسپۆرایەتیەکی پرۆفیشناڵانەی لەم بوارەدا هەبوو، ئەوەبوو چوومە لای کاک (ئەرسەلان بایز) بەو سیفەتەی ئەو یەکەم سەرنووسەری ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، پێمڕاگەیاندو هەر یەکسەر دەستخۆشی لێکردم و گوتی: (زادە هاوڕێی ڕۆژانی زانکۆمەو کوڕێکی تا بڵێی ڕێکوپێکەو لە کارەکانی خۆشیدا کەسێکی لێهاتووەو بڕۆ هەموو شتێکی لەگەڵدا ببڕێنەوە).



محەمەد زادە

ئێوارەکەی چوومە لای کاک (زادە)و هەم ڕاسپاردەکەی کاک (ئەرسەلان) و هەم هەواڵی دەرچوونی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) پێڕاگەیاند، بە ڕاستی زۆر دڵخۆشبوو و هەموو ئامادەباشیەکی خۆی دەربڕی، بەڵام گوتی: (نازم خۆت دەزانی کاری دەرچوونی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە یەک دیزاینەر ناکرێ، بۆیە پێویستە من ستافێکی تەواوی دیزاینکاران لەگەڵ خۆما ئامادەبکەم).. من بەبێ ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ سەرچاوەی بڕیار، چونکە دەمزانی کاک (زادە) قسەکەی دروستەو ئەم پسپۆرایەتیە بەیەک کەس ناکرێ، بۆیە گوتم: (کاک زادە تۆ ڕێگا پێدراوی چەند کەس لەگەڵ خۆتا دادەنێی...).


لەبیرمە جگەرە سۆمەرە درێژەکەی بەلا لێویەوە نووساندبوو و بە پێکەنینە جوانەکەیەوە گوتی: (بڕۆ مەوادەکان ببەنە تایپ و شوێنێک بۆ ئێمە دابینبکەن و حەقی دیزاینی لاپەڕەکانتان

نەبێ ئەوە هەمووی لەسەر من...).

بەمەش دڵم ئاوی نەخواردەوە، ئینجا چوومە ماڵی کاک (عبدالقادر عەلی مەردان) ئەویش هەر لە بەغداوە دەمناسی کە دیزاینەری ڕۆژنامەی (هاوکاری) بوو و قسەم لەسەر کاری دیزاینکاری لەگەڵ کردو بەوپەڕی دڵسۆزیەوە ئامادەباشی خۆی دەربڕی و کارەکانی بەغدای جێهێشت و بووە یەکێ لە ستافی دیزاینکارانی ئەم ڕۆژنامەیە لە دوایشدا کە کاک (زادە) لەبەر سەرقاڵی خۆی بە ئیشوکارەوە لە سەرپەرشتیاری ستافی دیزاینکاران نەما، ئەوە کاک (عبدالقادر عەلی مەردان) کارەکانی ئەوی گرتە ئەستۆ لە ڕۆژنامەکەداو ستافەکە بەمشێوەیە پێکهات: (محەمەد زادە، عبدالقادر عەلی مەردان، عوسمان پیرداود، عەزیز حەریری، یاسین عاصم).



عەبدولقادر عەلی مەردان




عەزیز حەریری


ئینجا لە چاپخانە لەگەڵ خوالێخۆشبوو (سەرهەنگ سەعدوڵا) بەڕێوەبەری ئەوسای چاپخانە قسەمان کردو چوومە بەشی (مۆنۆفۆتۆ)و لەگەڵ کاک (مەحمود عەزیز) سەرۆکی بەشەکە کەوتمە گفتوگۆو زۆر دڵسۆزانە بەدەم کارەکەمانەوە هات و لەبیرمە یەک بەیەک ماڵی تایپیستەکانمان کرد تا ئامادەبن بۆ ئەوەی لەدوای دەوامی ڕەسمی دەست بەکاری تایپی نووسینەکانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بکەن، ئەمانیش: (مەحمود عەزیز، جەلیل محەمەد مستەفا، تەحسین جەلال، کەژاڵ ئیبراهیم، سۆزان محەمەد عەزیز، زبێدە محەمەد، ڕازیە عەلی قادر) بوون، دوو هەڵەچنیش (عەلی خورشید و موحسین حەمەدئەمین) ئەرکی پێداچوونەوەو هەڵەچنی لاپەڕەکانیان گرتە ئەستۆو



عوسمان پیرداودو یاسین عاصم لهکاتی دیزاینکردنی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ







ڕیزگرتن و چاوەڕوانی کردنی هاوڵاتیان بۆ بەدەستکەوتنی ژمارە (سفر) ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) کە لە 12-01-1992 یەکەم ژمارەی لێدەرچووە . شوێنەکەش کتێبخانەی سوڵاف-ە پشت شەقامی ئۆرزدی، ئێستای شەقامی وێنەگران پشت بینای جەلیل خەیات لەشاری هەولێر

ئەرشیفی مەریوان مەسعود

هەر لە بینایەی چاپخانەش لە نهۆمی سەرەوە شوێنی دیزاینکارانمان ئامادەکردو هەموو پێداویستیەکانمان گەیاندە ئەم شوێنەو کاک (زادە) ئیعلانی کارکردنی کردو هەموان بە ڕۆحیەتێکی کوردانەوەو بە گەرمیەوە دوور لە هیچ سانسۆرێکی (حزبی) و ئیداری کەوتینە کارکردن تا توانرا لە (1992/1/12) لە بەرەبەیانێکی زوو دوای تەواوکردنی مۆنتاژی لاپەڕەکان لەسەر دەستی خاتوو (باسمە حەناو ڕوپاک عبدالقادر)و وێنەگرتن لە بەشی وێنەگران بە لێهاتوویی (نەرمین حوسێن و حەیات پۆلس)و ئینجا کۆپی کردنی پلێت لای (فازڵ کەریم و ئەدیب تۆما) چووە سەر ماکینە ئۆفسێتە (ڕۆلاند) ە ئەڵمانیەکەو بە کارامەیی کرێکارانی چاپ (مام خاڵند، ئازاد فاروق، محەمەد عەبدوڵا، ژنە شەهید ئاڤان خان) یەکەم ژمارەی لێدەرچوو لە بیریشمە ئەمشەوە ساردە کاک (ئەرسەلان بایز) بەخۆی و هەردوو دارشەقەکەی لەبەردەم ئۆفسێتەکە وەستابوو کە یەکەم لاپەڕە دەرچوو گوتی: (بۆ دەرچوونی ڕۆژنامەیەک ئەوەندە قوڕسەو بەو هەموو قۆناغەدا تێدەپەڕێ...؟؟).

لەگەڵ دەرچوونی گزنگی ڕۆژیش یەکەم دیاری ڕۆژانە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە گشتی و بۆ نووسەران و ڕۆژنامەنووسان بە تایبەت، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بوو و کەوتە بازاڕەوە.

فیعلەن وەک کاک (کۆسرەت) گوتی: (دڕمان بە موستەحیلداو ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ـ مان کردە دیارییەکی بەنرخ بۆ مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی...).

# خوێندنەوەی کتێب

- **نیشتمانی سارا**

باهۆز مستەفا

- **دڵت پاک بکەوە**

کۆسرەت ئەحمەد بێکەس

- **ئیستاتیکای تاریکی**

نیهاد جامی

# نیشتمانی سارا

**باهۆز مستەفا**

ڕۆمان، نووسینی میران ئەبراهام




ڕۆمانێکی مێژوویی سیاسییە، لە سەدەی رابـووردووەوە دەست پێدەکات تا دوو هـەزار و هـەشت. باسی بەیەکدادانی ئایینی و مێژوویی خێزانە جووەکان دەکـات لـە شـارەکـانـی کـوردسـتـان بەگشتی و سلێمانی بەتایبەتی، هەروەها دەچێتە بنجوبنەوانی کێشە و جیاوازی و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەرودراوسێ و هاوشارییەکانیان، بەتایبەتی جیاوازی ئایینی.

هەر زوو مام سلێمان ئاگاداری خایم دەکاتەوە کە ئێوە جیاوازن لـەگـەڵ مـنـداڵانـی شـار؟ ئـەم بیرکردنەوە، یان بڵێین پەروەردە خێزانییە وایکردووە منداڵە جووەکان لەگەڵ قوتابییەکان بەیەکەوە دانەنیشن، وای لێدێت ماوەیەکی باش لەگەڵ فوئـاد مـەعروف قوتابی قسە لەگەڵ یەکتر نەکەن.

لێرەدا هەست دەکەین خراپی پەروەردە چ کاریگەرییەکی نەرێنی هەیە لەسەر بەیەکەوە ژیان و لاوازکردنی گیانی خۆشەویستی لە کۆمەڵگا دا.

دایکی خەونی بوو کوڕەکەی ببێتە حاخام، هەموو یاری و برادەراتییەکی لێسەندرابۆوە، ئەمە وای لە خایم کردبوو هەست بەنامۆیی خۆی و دەوروبەری بکات، بەڵام لە سەفەرکردنیان لە سلێمانییەوە بۆ هەولێر تا لەوێش بڕۆن بۆ سەر قەبری پێغەمبەر ناحوم لە ئەلقوش، تووشی

چەند رووداوێک دەبن ئەو کات هەست بە جیاوازی خۆیان دەکات، کاتێک پۆلیس و مەلای کورە دەیانگرن و فڕێیان دەدەنە ناو حەوزی ئاو لەبەر ئەوەی جوولەکەنە و لە رۆژی لەدایکبوونی پێغمبەر هاتوونەتە ناوشار.

پاشان دەچێت بۆ کەرکووک و ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە لە کنێسەت لەلای شارۆن حاخم دەخوێنێت و لەگەڵ ماتان خەریکی شەراب خواردنەوە و پەیکەرتاشی دەبن، تا لە کۆتایی ماتا بێزار دەبێ و بە خواردنی قارچکی حەمرین خۆی دەکوژێ لەبەر نەخۆشی و ستەمی تورکەکان.

هێزی عوسمانییەکان، ئارامییان لە خەڵکی شار و گوندەکان بڕیوە بە گرتن و سەرانە وەرگرتن و بەزۆر فێرکردنی زمانی تورکی، گرتنی خەڵک و رەوانەکردنیان بۆ سەفەربەلیک و نەگەڕانەوەیان، شێخ و مەلاکانی سلێمانی زیاتر ئازاری خەڵکیان دەدا بۆ رازیکردنی تورکەکان، هەندێکجار دووجار سەرانەیان وەردەگرت بۆ خۆیان و بۆ تورکەکان، هەروەها خەڵکیان هاندەدا لەگەڵ تورکەکان دژی رووسەکان شەڕ بکەن بەناوی ئایین لەسەردەمی شێخ مەحمود، سوڵتانیش، شێخ و مەلاکانی خەڵات دەکرد.

جوولەکەکان ماڵ و موڵکێکی زۆریان لە کوردستان هەبوو، کەچی نەک ماڵ بگرە کنێسەتەکانیشیان کراونەتە تەکییە و مزگەوت

ئینجا سەفەر کردنی بۆ بەغدا بە رێگای کەرکووک و مانەوەی لە ماڵی کانیشا و دروستبوونی یەکەم هەستی خۆشەویستی لە نێوانیاندا.

دوای ژیانێکی دوورودرێژی ئاوارەیی لە دەرەوەی نیشتمان، خایم سەردانی کوردستان دەکات لە تەمەنی ٦ ساڵی و لەگەڵ سالار و ئارۆن و خێردا بە دوای گۆڕی مردووانیان دەگەڕێن، بەڵام هەموو شتێ گۆڕاوە و ناناسرێتەوە.

لێرەدا نووسەر دەیەوێت پێمان بڵێ کوردستان هی هەمووانە بە بێ جیاوازی، ئێمە تەنیا جیاوازی ئاینیمان هەیە، ئەوە داگیرکەر و دوژمنانی وڵاتن ئاژاوە و دووبەرەکی لە نێوانمان دروست دەکەن و شێخ و مەلا و ئاغاکانیش بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئازاری خەڵکی کوردستان زیاتر دەکەن، تورکەکان رێگا نادەن بە زمانی دایک بخوێندرێت تەنیا زمانی تورکی.

هەروەها بیرمان دەخاتەوە کە جوولەکەکان ماڵ و موڵکێکی زۆریان لە کوردستان هەبوو، کەچی نەک ماڵ بگرە کنێسەتەکانیشیان کراونەتە تەکییە و مزگەوت...

راستە جووەکان داخراون، بەڵام نیشتمانی خۆیان خۆش دەوێت و لە هەر شوێنێک بن یادی کوردستان دەکەنەوە، کەچی ئیسلامی توندڕەو یەخەیان بەرنادا، ئەوەبوو لە حەیفا خامێ موشێ عەتار دەکوژن.

لە کۆتایی دەستخۆشی لە کاک میران ئەبراهام دەکەم بۆ ئەو رۆمانە جوان و پڕ ماندوو بوونە، بابەتەکەی وایکردووە هەست بە درێژدادڕی، یان زۆری لاپەڕەکان نەکەیت.

7ی فێبریوەری 2021

# دڵت پاک بکەوە

کۆسرەت ئەحمەد بێکەس





کبریتی سوور، شێخی عاریفان و وەلی خودا، موحیەدینی ئیبن عەرەبی (١١٦٥-١٢٤٠)ز ، لە کتێبی (مەرگێکی بچووک)، نووسینی (محمد حسن علوان)، وەرگێڕانی (حەیدەر عەبدوڵڵا ). کتێبێک لە دووتوێی ٦٢٢ لاپەڕە، باس لە ژیانی قوتبی تەسەووف ئیبن عەرەبی دەکات، ڕۆمانی سەفەر کردنە، سەفەری زانست و ئایین، سەفەری شەوق و تەسەوف ، گەڕان بە دوای خۆشەویستی و ونبوون لە خەڵوەتی خوداپەرستی و کۆڵنەدانە بۆ گەیشتن بە ئامانج. نووسەر زۆر ژیرانە واقیع و خەیاڵی تێکەڵ بەیەکتر کردووە، وەک ئەوەی ئیبن عەرەبی بە زمانی قال سەربردەی ژیانی خۆی بگێڕێتەوە وایە. کتێبەکە تێکەڵێکە لە هونەری ڕۆمان، لەپڕ چەند بەشێکی بە مێژوو و شوێن تێدەکەوێت هەر لە ساڵی ١٢١٢ دەستپێدەکات تا دەگاتە ساڵی ٢٠١٢، لەم ١٠٠٠ ساڵەدا دەستنووسەکانی شێخ موحیەدین دەستاودەست چەندان

**نووسەر زۆر ژیرانە واقیع و خەیاڵی تێکەڵ بەیەکتر کردووە، وەک ئەوەی ئیبن عەرەبی بە زمانی قال سەربردەی ژیانی خۆی بگێڕێتەوە وایە**

شار و وڵات دەکەن و لە فەوتان ڕزگار دەکرێن، لە هەر زەمانە و مەکانێکدا موریدێکی شێخ یا سۆفیەک دەبێتە خەمخۆرو کتێبەکانی دەپارێزن. تێکهەڵکێش لەنێوان ئەم بەشانە ژیاننامەی شێخ موحیەدین دەخوێنینەوە، لەنێوان ڕاچڵەکین و موچڕک و فرمێسک بەناو دێڕەکان گوزەر دەکەین. ئیبن عەرەبی لە یەکەم سەفەری بۆ ئیشبیلیا دادە فاتیمەی لە ڕێگا خواحافیزی لێدەکات و پێی دەڵێت : «دڵت پاک بکەوە» دڵنیابە یەک لە چوار مێخەکان لە ئیشبیلیایە... - دادە مێخەک چین؟ - چوار شتن، زەمین لە کاری خراپ و بەد چەپاڵە دەدەن. - چۆن پێیان ئاشنا بم؟ - ئەوان بەتۆ ئاشنان و باش دەتناسن. - چۆن پێیان بگەم؟ - ئەوان بەتۆ دەگەن. دڵ پاکژ کردنەوە، جوانترین و گەورەترین پەیامی مرۆڤایەتیە، ئەگەر دڵت پاک نەبی ناگەیتە پلەی مرۆڤایەتی، سۆفیش نابێتە وەلی ئەگەر بە زوهد و خەڵوەت ژیانێکی سۆفیانە دڵی پاک نەکاتەوە. نووسەر لەم ڕۆمانە باس لە سیاسەتی خەلیفە و والی و پاشایە یەک لە دوای یەکەکەکان دەکات لە دژایەتی کردنی سۆفیەکان، و بەکارهێنانی ئایین بۆ پاراستنی پێگەی خۆیان و مامەڵەی خراپیان بۆ عەوام، (بەڵام ئێستا ئایین بۆتە ئامرازێک بۆ دەستەبەر کردنی کورسی و قازانجی تەسکی کەسانی ناو حزبەکان), لەلایەکی دیش دژبەریەتی مەزهەبەکانمان نیشان دەدات کە لە کۆنەوە تا ئێستاش هەر ماوە. ئیبن عەرەبی سەرەڕای بینینی ئازاری زۆری جەستەیی و ڕوحی لەپێناو زانست و ئاییندا، ئەوەتا ڕاز و نیازی دڵی ئاشکرا کردووە و باس لە خۆشەویستی لە میانەی سەفەرەکانی دەکات کە عشقێکی کردووە و سێ ژنی هێناوە، دیارە دوای جیابوونەوەی لە ژنێکی ئینجا ژنێکی تری هێناوە و بە مەعشوقەکەشی نەگەیشتووە چونکە ئەو یەکێک بووە لە مێخەکانی. ئەم کتێبە خەڵاتی بووکەری ساڵی ٢٠١٧ ی وەرگرتووە، لە ڕووی تەکنیکی نووسین نزیکە لە کتێبی ( اسم الوردة)ی ئۆمبێرتۆ ئیکۆی ئیتاڵی بەڵام ناوەرۆکێکی جیاواز. وەرگێڕانێکی پڕ لە خۆشەویستی بۆ کراوە. دەستخۆشی لە هاوڕێی بەڕێزم وەرگێڕ حەیدەر عەبدوڵڵا دەکەم .

**ئەگەر دڵت پاک نەبی ناگەیتە پلەی مرۆڤایەتی، سۆفیش نابێتە وەلی ئەگەر بە زوهد و خەڵوەت ژیانێکی سۆفیانە دڵی پاک نەکاتەوە**



## گەڕانەوەی ڕوناکی بۆ چاوەکانی ئۆدیب

# ئیستاتیکای تاریکی

**ناتوانین هەمیشە چاوەڕوان بین ئەو ڕەخنەگرەی ڕۆژێک قسەی لەسەر کارەکەمان نەکردووە، ڕۆژێک بێتە دووان و قسەمان لەبارەوە بکات**

**نیهاد جامی**

کاتێک لەشانۆنامەی شا ئۆدیب نهێنیەکە ئاشکرا دەبێت، بەوەی ئۆدیب بکوژی باوک و سێکسکارێکە لەگەڵ دایک، کاردانەوە ئەخلاقیەکەی بە کوێرکردنی خۆی کۆتایی دێنێت، لێرەدا کوێربوونی ئۆدیب بەتەنیا نابینایی کارەکتەرێک نییە کە بەدەستی خۆی ڕۆڵی سەرەکی بینی لەکوێربوونی خۆی، ئەوەی ئەو کردبووی بەتەنیا بە لەدەستدانی ڕووناکی تەواو دەبێت، ئیدی بینینی ئۆدیب بینینی مرۆڤێکە هەموو شتێک لەتاریکیدا دەبینێت، گەڕانەوەی روناکی بۆ ئۆدیب بەتەنیا لەوێناکردنی ئەو ڕووداوانەی دوای گوناهکردنە، ئەو ڕووداوانە وێناکردنێکی زمانە بۆ ڕووداو لەشێوەی نمایشی شانۆیی، بۆیە ئێمە لەهۆڵە تاریکەکاندا ئۆدیبانە بەدیار نمایشەوە دادەنیشین، ئێمەیەک گوناهبارین تەنیا لەتاریکی ناو هۆڵەکاندا دەتوانین خۆمان پاکژبکەینەوە لەوانەی بەسەرماندا هات، پاکژبوونەوە لەشانۆی گریکیەوە تا شانۆی پۆست مۆدێرنیتی بابەتی گرنگی



قسەکردنە، بۆیە کاتێک کتێبەکەی ڕەخنەگری شانۆیی حەمەسوار عەزیز ناونیشانەکەی دەبێت بە «ئیستاتیکای تاریکی» درکی ئەو ڕاستیە ئۆدیبیە دەکەین لەدەستدان فەنابوون نییە، ئۆدیب بەکوێری کۆتایی نایەت، بەڵکو زیندەگی جوانیناسی تاریکی ئەزموون دەکات، ئێمەش لەو کتێبەدا وەک خوێنەر پرۆسەی خوێندنەوە گەڕانەوەیە بۆ تاریکی کردەی بینین، لێرەوە نمایش و کتێب دەبنە گێڕانەوەی ئیستاتیکای تاریکی، تاریکیەک ئێمە تیایدابووین کاتێک بەدیار نمایشەوە دانیشتبووین. لێرەدا ئۆدیبیانە لەناو هۆڵەکانی نمایشداین، ئەفسوونی تاریکی هەولێکە بۆ گەڕانەوەی بینایی بە چاوەکان، ئەوە نمایشە ڕووناکی دەبەخشێت، هەرهێندەی نمایش تەواو دەبێت ئێمە تێدەگەین ئەوەی ڕووناکی دەبەخشێتە نیگاکانی ژیانمان شانۆیە، بۆیە ئەو کتێبە دەیەوێت ڕۆشنایی کورت نەبێتەوە لەناو نمایش بەڵکو بیگوازێتەوە ناو پرۆسەی خوێندنەوە، بۆیە ئەو نمایشانەی لەم ساڵانی دوایی بینیمان بینەریان بووین ئەو دێت سەر لەنوێ لەڕێی کتێبێکەوە ڕووناکییان پێدەبەخشێتەوە، دەمانگەڕێنێتەوە ناو لایەنەکانی نمایش، لەڕێی ڕەخنەی وەسفیەوە باسی نمایشەکان دەکات، تێکست و دەرهێنان و نواندن دەبنە جێی سەرنجی، هەندێکجار خوێنەر لەناو لاپەڕەکاندا گرژ دەبێت، یابە پێچەوانەوە خۆشنودیەک داگیری دەکات، سەرەنجام لەناو کتێبدا ڕۆدەچینە ناو نمایش، ئەوە گەڕانەوەیە بۆ ساتەوەختی ناو هۆڵی شانۆ، پرسیارێک ڕووبەرووی منی خوێنەر دەبێتەوە» ئەو هەموو ستایشەی نمایش چییە؟

ئەو پرسیارە دەبێت وابەستەی تێگەیشتنمان بێت لەگوتاری ڕەخنەییدا، دەشێت ئێمە وێنەیەکی نێگەتیڤمان لەڕەخنەدا ڕەچاو کردبێت، بۆیە بەمجۆرە ڕەخنانە رازی نین، کێشەکەش هێندەی پەیوەستە بەکتێبەکەوە زیاتر پەیوەستە بەپرۆسەی خوێندنەوەی منی خوێنەر، کە لەئاستی تێگەیشتنی زارەکی ڕەخنەوە دەڕوانینە کتێبی ڕەخنەیی، نەک لەئاستی خوێندنەوەی ڕەخنەیی بۆ ڕەخنەی شانۆیی، لەکورترین مانادا دەتوانین بڵێین ئەوە

**ڕەخنە پەیوەستە بەتێگەیشتنێک کە بتوانین دیالۆگ لەگەڵ نمایش بکەین، ئەوەش وابەستەی تێگەیشتن و خوێندنەوەیە**

تێگەیشتنی خراپی ئێمەیە بۆ ڕەخنە کە پێمان وایە دەبێت ڕەخنە نمایش وێران بکات و بەدوای خەوش وئاستە خراپیەکانیدا بگەڕێت، لەو کاتەدا دڵنیام پرسیارێک ڕووبەروی خۆت دەکەیتەوە: ئەی وەزیفەی ڕەخنە چییە؟ هەر کاتێک ئەو پرسیارەت ئاراستەی خۆت کرد دڵنیابە کێشەیەک لەئاستی تێگەیشتنت هەیە بۆ ڕەخنە، چونکە ڕەخنە پەیوەستە بەتێگەیشتنێک کە بتوانین دیالۆگ لەگەڵ نمایش بکەین، ئەوەش وابەستەی تێگەیشتن و خوێندنەوەیە، بۆیە

**ئەوەی ڕەخنەی وەسفی بەستایش ناو دەبات، ئەوە کێشەیەکی ترسناک ڕووبەرووی تێگەیشتنی خۆی دەکاتەوە بۆ ڕەخنەی شانۆیی**

دەبێت سەرەتا بزانین ئەو ڕەخنەیەی دەیخوێنینەوە، لە چ ئاستێکی گوتارە ڕەخنەییەکەیە؟ ئاخۆ ئەو ڕەخنەیە و پرۆژە ڕەخنەییەکەی ڕەخنەگر پەیوەستە بە چ کارێکەوە؟ هەڵبەت لەبنەماوە دەبێت ئەوە بزانین کە پرۆژە ڕەخنەییەکەی ڕەخنەگر دەگەڕێتەوە ناو چ میکانیزمێکی ڕەخنەیی، ناتوانین لەڕەخنەیەکی بونیادگەریەوە سەیری ڕەخنەی ڕۆمانتیکی بکەین، وەک چۆن سەختە بمانەوێت لەڕوانگەی تێگەیشتنمان بۆ ڕەخنە خوازیاری ئەوە بین نووسینە باشەکان دەبێت لەو دیدەوە ڕەخنە بگرن.


بۆیە ئەوەی لەم کتێبەدا دەیخوێنینەوە دەبینین کاری ڕەخنەگر لەگەڵ ڕەخنەی شانۆیی ئیشکردنە لەناو ڕەخنەی وەسفی بۆ نمایش، ئەوەش جۆرێکی ڕەخنەیەو پێداویستیەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لەبنەماکانی ڕەخنەی شانۆیی، بەتایبەت چونکە ئێمە لەسەرەتای تێگەیشتن لەڕەخنەدا پێویستمان بەمجۆرە ڕەخنەیە هەیە، وەک چۆن شێوازە جیاوازەکانی ڕەخنە پێویستی گرنگن، بۆیە ئەوەی ڕەخنەی وەسفی بەستایش ناو دەبات، ئەوە کێشەیەکی ترسناک ڕووبەرووی تێگەیشتنی خۆی دەکاتەوە بۆ ڕەخنەی شانۆیی، چونکە پێویستە بزانین ڕەخنەگرێک لەچ شێوازێکەوە ڕەخنە دەنووسێت، کاتێک بینیمان سیماکانی ڕەخنەگرێک دەردەکەوێت، ئەوە دەبێت دڵخۆشمان بکات، دەشێت ئەو جۆرە ڕەخنەیە توانای تەواوی نەبێت بۆ قسەکردن لەنمایشێک، لێرەدا دەتوانین ئەو سەرنجە تۆمار بکەین کە ناکرێت ڕەخنەی وەسفی هەوڵ بدات لەسەر هەموو نمایشێک قسە بکات، بەتایبەت کارگەلێک کە پێویستیان بەوەیە لەو شێوازی ڕەخنەیەوە دەربچن، یاخود میتۆدی تر توانای خوێندنەوەی هەبێت، لێرەوە تێگەیشتنێکی خراپە کاتێک چاوەڕوان بین ڕەخنەگرێک لەسەر نمایشەکەمان بنووسێت، چونکە دەشێت پرۆژەی ڕەخنەییەکەی ئەو ڕەخنەگرە توانای خوێندنەوەی ئەم نمایشەی نەبێت، بۆیە ناتوانین هەمیشە چاوەڕوان بین ئەو ڕەخنەگرەی ڕۆژێک قسەی لەسەر کارەکەمان نەکردووە، ڕۆژێک بێتە دووان و قسەمان لەبارەوە بکات. ئەوەش لەهەندێک لاپەڕەی ئەو کتێبە ڕووبەرووی دەبینەوە، دەبێت شانۆکارەکان دڵخۆش بکات تا کارەکانیان بکەونە ناو ڕووناکی ئەم کتێبەوە، بەڵام بۆ کۆی پرۆژە ڕەخنەییەکەی ڕەخنەگر وەک پێویست نەیبینین کە ناچار بێت قسە لەسەر هەموو نمایشێک بکات و لەسەر هەموو کارێک بێتە قسەکردن، ئەوەش ڕەخنەکردنی ئەو کتێبە نییە هێندەی پەیوەستە بە تێگەیشتنی پرۆسەی خوێندنەوەی منی خوێنەرەوە، بەدڵنیاییەوە ئارگۆمێنتێکی گرنگی دۆخێکی هەنووکەیی شانۆی ئێمەیە.

# وێستگەی

# دیوان

### لە بارەی دیوانی کازیوەوە

# شێرکۆ بێکەس و فوئاد مەجید میسری وەڵامی یەکتر دەدەنەوە



**ژیاننامە و بیرەوەری شێرکۆ بێکەس (نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش) لاپەڕە 39-40**

لەگەڵ هاملێتی ئەکتەردا دەستمانکرد بە خوێندنەوە. شیعر لە دوای شیعر بە کوردی و بە ئیتاڵی تا هەر چل پارچەکەمان تەواوکرد. ئامادەبووان پێشوازییەکی گەرمیان لە شیعرەکان کرد. بەر لەوەی بچینە دەرەوە، ئەو شاعیرەی لە پێشەوە دانیشتبوو، دیاربوو داوای ئەوەیکرد چەند قسەیەکی هەیەو ئەیەوێت بیکات. چووە سەر شانۆکەو وتی: (پێخۆشحاڵم کە ئەمڕۆ گوێم لەم شاعیرە کوردە بوو کە ئەم شیعرە جوانانەی بۆ خوێندینەوە. من هەستم کرد گوێ لە شاعیرێکی گەورەی دنیا ئەگرم، بۆیە داوا ئەکەم ئەگەر کۆڕێکی تری لێرە گرت شەرەفی ئەوەم پێببەخشێ چەند پارچە شیعرێکی بخوێنمەوە!). ئەوەی ڕاستیبێ ئەم قسانە کارێکی زۆریان تێکردم، منیش لای خۆمەوە هەستم بەوە کرد، شیعرەکانم، دوای وەرگێڕانیشیان هێشتا جوانی و کاریگەری خۆیان لە دەست نەداوە. هەستمکرد جگە لە دڵی زمانی کوردی ئەگەمە دڵی زمانانی دیکەی دنیاش! لەو ساتەدا ئەوەم بیرکەوتەوە، بەشێک لەم شیعرانەی خوێندمەوە، هەر ئەو شیعرانە بوون کە لە دیوانی (کازیوە) دا بڵاومکردبوونەوە، کەچی هەندێ لەو ڕەخنەگرانەی خۆمان، ئەوانەی بە گەزوجاوی (واقعییەتی ئیشتراکی) جوانی شیعریان ئەپێوا، چۆن لەو سەردەمەدا، دەستیانکرد بە داپڵۆسینی ئەم شیعرانەو سەر کووتانەوەی خۆم و بە نەهلیستی و عەدەمی وجودی و ئەدەبی وردە بۆرژوای سەر لێشێواو ناویان ئەبردم. ئەو وەختانەم کەوتەوە بیر، کە ئەبوو جۆرێک لە پێناسەی مارکسی لینینیت پێبێت بۆ ئەوەی بتخەنە ئەو ڕیزەوە کە خۆیان پەسەندیانکردووە. یان لەناو ئەو گروپەدا بیت کە خۆیانی تێدان، ئەوسا ئیتر ئەبووی بەو نووسەرو شاعیرەی بکەویتە بەرەی پرۆلیتارو ئەدەبەکەیشت ببێ بە ئەدەبی چەوساوەکان و واقیعەتی ئیشتراکی.!



(شێرکۆ بێکەس لە کتێبی نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش ڕەخنەی ئەوە دەگرێ، کە کاتێک دیوانی کازیوەی چاپ و بڵاو کردۆتەوە، ڕەخنەگران دەستیان کردوە بە داپلۆسینی شیعرەکانی لە چاوی ئیشتراکییەتەوە لە شیعرەکانیان ڕوانیوە، بە نەهێلستی و وجودی و ئەدەبی وردە بورژوازی لە قەڵەم دراوە، بە شێوەیەک هەر نووسەرێک لەو سەردەمەدا ئەگەر هەڵگری پێناسەی مارکسی لینینی نەبوایە بەهەند وەردەگیراو نەدەخوێنرایەوە.

فوئاد مەجید میسری لە دواین کتێبیدا ( من نەیاری ڕوانگە بووم ) وەڵامی ئەو قسانەی شێرکۆ بێکەسی داوەتەوە ئێمەش بە باشمان زانی، لێرەدا بۆچوونی هەردوولایان بخەینەڕوو.



**فوئاد مەجید میسری**

**من نەیاری روانگە بووم**

**لاپەڕە 17-18**


بەرلە هەرچی دەبوو (شێرکۆ) ئەوە بزانێ کە سیفەتی وردە بۆرژوا، نە سووکایەتییەو نە جنێوەو نە تەخوین کردنە. تاریفێکی سۆسیۆلۆژییە بۆ چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو.
دیارە ئەو چینەش بۆچوون و دنیابینی خۆی هەیەو لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە هەڵوێست لە دیاردەو ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرێ. ڕوانگە لە یەکەم بانگەوازدا هەموو کلتوری ئەدەبی کۆن ڕەت ئەکاتەوە، ئەمەش هەڵوێستێکی نەهلیستییە(2).
مەسەلەی کاریگەری فیکری وجودیش، من دڵنیام کە هیچ کام لە ڕوانگەخوازان شارەزاییەکی باشیان لە فەلسەفەی وجودیدا نەبوو. ئەوەی دەیانزانی لاساییکردنەوەی ئەدەبیاتی وجودی و پوچگەرایی بوو. پاڵەوانی چیرۆکەکانیان نموونەیەک بوون لە پاڵەوانی چیرۆکەکانی (سارتەر) (کامۆ) (کۆڵن ویڵسن) (پێکیت). تاد بەڵام بە ناکامڵیی. من دڵنیام هیچ کام لە ڕوانگەخوازان، نەیاندەزانی سێکوچکەی فەلسەفەی وجودی چییە، کەچی پاڵەوانی چیرۆکیان ئەخولقاند تووشی دڵەڕاوکەی وجودی (القلق الوجودي) بووە.
بێئاگابوون لەوەی کە کەسێکی وەک (سارتەر) هەروا لەخۆوە پاڵەوانێک ناخولقێنێ دووچاری دڵەڕاوکە بووبێ، ئەگەر بەهۆیەوە فیکری خۆی بەرجەستە نەکردبێ.
ئەو چینی وردە بۆرژوایەی کە (شێرکۆ) زۆر پێی سەغڵەت بووە، لە سایەی سیستمی نیمچە دەرەبەگیدا، کاریگەریی بیروڕا و نەریتی کۆمەڵایەتی دەرەبەگایەتیشی لەسەرە. ڕوانگەییەکان لە سۆنگەی کلتورێکەوە کە بۆ خۆیان دژایەتییان دەکرد، دژ بە هەر بابەتێکی ڕەخنەیی بوون.
ئەوان نەیاندەزانی کە سەرەڕای بانگەشەکردنیان بۆ نوێبوونەوە و دژایەتی کۆن، بە ئاشکرا دژی پرۆسەیەک بوون، ڕۆڵی لە پێشخستنی پرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و کلتووریدا هەبووەو هەیە.



# (لەقەبی دەشتی)



تا ئێستاش لەلام ڕوون نەبۆتەوە، کە ئایا باوکم، جیا لەگەڵ شاعیرانی کلاسیک، چۆن لەقەبێکی بە زمانی کوردی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، وەک هاوچاخەکانی خۆی نەکەوتۆتە ژێر کاریگەریێتی لەقەبی عەرەبی، یاخود لەقەبێکی ئایینی، کەچی هاتووە لەقەبی (دەشتی) بۆ خۆی هەڵبژاردووە، زۆرم هەوڵداوە، لەوە بکۆڵمەوە، کە ئاخۆ باوکم وشەی (دەشتی) وەک شوێن هەڵبژاردووە، یاخود لەژێر کاریگەریێتی مەقامی (دەشت) بووە، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ هەندێ شیعری کلاسیکی باوکم، هەست بەوە دەکەم کە موزیک لای ئەو جێگەی بایەخ بووە، چونکە زۆر موفرەداتی موزیکی بەکارهێناوە، بەتایبەتی صەبا، بۆیە من پێم وایە ئەو (دەشتی)یەی باوکم بەکاری هێناوە، تێکەڵەیەکە لە شوێن و موزیک هەروەها وشەکە جۆرێک لە موزیکی تیایە و سووکە لەسەر زمان و گرنگیشە کە وشەکە کوردییە، هەر وەک دکتۆر مارف بۆی باسکردووم، کە سەرسامە بەوەی چۆن مەلایەکی شاعیر وشەیەکی کوردی کردۆتە لەقەبی خۆی لەو سەردەمە، بەهەر حاڵ، منیش لەسەر ڕێڕەوی باوکم ڕۆیشتوومەو هەمان لەقەبم هەڵبژاردووە، کە شانازی پێوەدەکەم.



هەڵبژاردنی لەقەبی دەشتی لە لایەن باوکمەوە، هێزێکی تری بەخشیووە بە دیدگای ئەم شاعیرە کلاسیکییە، دەلالەتێکە بۆ ئەوەی کە ڕۆحێکی شیعری و ئێسقەتیکی هەبووە، ڕۆحی شاد.

**کەریم دەشتی**

**2021/5/20 - هەولێر**

# باخچەی دیوان

- ساڵۆنی لاپەڕە (٩)
- بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان - کەناڵی هەولێر
- بڵاوکراوەکانی ناوەندی هەولێر

# سالۆنی لاپەڕە (٩١)

سالۆنی لاپەڕە نۆ.. ماڵێک بۆ نووسەران و ڕۆشنبیران لە سەرەتای چالاککردنەوەی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندن (ی.ن.ک) و وەک هەولێک بۆ کۆکردنەوەی ڕۆشنبیران و بایەخدان بە بەرهەمەکانیان، بە ئامانجی ڕەخساندنی دەرفەتی گونجاو بۆ گفتوگۆو کردنەوەی سەکۆیەک لە پایتەخت بڕیارماندا سالۆنی لاپەڕە نۆ بکەینەوە. هەڵبژاردنی ناوی سالۆنەکە باگراوندێکی مێژوویی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە هەولێر، ئەوسا ڕۆژنامەکە 8 لاپەڕە بووەو هەر لاپەڕەیەو ژوورێکی خۆی هەبووە، کە ژمارەیان 8 ژوور بووە، لەولاوە ژوورێک هەبووە کە شوێنی کۆبوونەوەی نووسەران و ڕۆشنبیران بووە پێی وتراوە ژووری لاپەڕە (9). بە گەڕانەوە بۆ ئەو یادەوەرییە جوانەی هەولێرو هەولێرییەکان سالۆنەکەی ناوەندی هەولێرمان ناونا (سالۆنی لاپەڕە نۆ) بڕیارمانداوە هەفتانە لە سالۆنەکە گفتوگۆی گەرمی ئەدەبی، ڕۆشنبیری و کلتووری ئەنجام دەدەین و سالۆنەکەمان سالۆنی هەموو هەولێرییەکانە بێ جیاوازی، هەموو ڕۆژانی شەممە لە هۆڵی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندن (ی.ن.ک) کۆڕو ناساندنی کتێبەکان ئەنجام دەدرێن.



نووسەرو شاعیر موحسین ئاوارە / ناساندنی کتێبی (ئەمڕۆ ساتمەم کرد بەسەر دوێنیدا کەوتم) ـ (2021/1/17).




سکرتێری لقی هەولێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان (سمکۆ عەبدولکەریم) / ڕەوشی ڕۆژنامەگەری و جێبەجێکردنی یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان ـ (2021/2/20)



نووسەرو سیاسەتمەدار ئاریێز عەبدوڵا / ناساندنی کتێبی (لە پشت دەرگا داخراوەکان هەولێر ـ دیاربەکر) ـ (2021/1/23).



نووسەرو ڕەخنەگر حەمەسوار عەزیز / ڕەخنەی شانۆیی ـ (2021/2/13)



ئینستیوتی نارین بۆ توێژینەوەو بڵاوکردنەوەو ماڵپەڕی مەودا میدیا / بڵاوکردنەوەی سێ کتێب ـ (2021/2/6)



نووسەرو ڕۆژنامەنووس حامد محەمەد / میدیای کوردی و ئازادی ڕادەربڕین ئاستەنگ و زەمینەسازی یاسایی و پیشەیی ـ 2021/2/27



نووسەرو ئەکادیمی د.عەبدوڵا عەلیاوەیی / تۆماری ڕۆژانەی ڕاپەڕینی هەولێر وەک خۆی ـ 2021/3/6



ڕۆژنامەنووس (دیدار لەتیف) / ناساندنی کتێبی (کاری تەلەفزیۆنی بۆ ڕۆژنامەنووسان) ـ (2021/5/22





مامۆستای زانکۆو پسپۆڕی بواری ڕاگەیاندن د.ئەمیر نامیق / ڕاگەیاندنی یەکێتی.. سەرهەڵدان و گەشەسەندن ـ (2021/5/29)



نووسەرو ئەکادیمی د.عەبدالواحید ئیدریس شەریف / ناساندنی کتێبی (خالید دلێر باوەڕێکی نەگۆڕ) ـ (2021/1/30).



نووسەرو پەرلەمانتار کاروان گەزنەیی / ناساندنی کتێبی (داڕووخانی ئایدۆلۆجیا) ـ (2021/3/27)



نووسەرو ڕەخنەگر موحسین عوسمان / چەمکی ڕۆشنبیری ـ سیاسەت و دەوڵەت لە نێوان دوو عەقڵ ـ (2021/3/13)

# بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان - کەناڵی هەولێر

تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان - هەولێر پەخشی ئاسایی بیست و چوار سەعاتی بە سیستمی ئێچ دی، لەڕێگای هەر سێ کۆمپانیای (ئێچ دی بۆکس - ئای ستار - میکس میدیا)، بەرنامەکانی پەخش و بڵاودەکاتەوە، لە ئێستادا کۆمەڵێک بەرنامەی گرنگ و سەرنجڕاکێش لەو کەناڵە پەخش دەکرێن.

ئەم تەلەفزیۆنە، لەشاری هەولێر ناوەندێکی گرنگی راگەیاندنە بۆ هەموو دەزگاکانی سەر بەمەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، تەلەفزیۆن سەرەڕای جێبەجێ کردنی کاری ڕۆژانەی خۆی و ئامادەکردنی بەرنامەکانی، هەمان ستافی کار بۆ سەتەلایتی گەلی کوردستانیش دەکەن جگە لەوەی هاوکاریەکی باشی تەلەفزیۆنی کەرکوکیشین.

بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان - هەولێر لە ئێستادا خۆی لەچەندین بابەتی هەمەجۆر دەبینێتەوە کە لەڕێگەیانەوە توانیویەتی تا رادەیەکی باش ببێتە جێگەی ڕەزامەندی بینەرانی و بەهۆیەوە ببێتە جێگەی متمانە و شاشەی دڵخوازی بینەرەکانی، کە گرنگترین بەرنامەکانی بریتین لە:.

- **بەرنامەی دیداری هەفتە:**



ئەم بەرنامەیە بریتیە لە بەرنامەیەکی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، خزمەتگوزاری و پرسە گەرمەکانی هەفتە، لەلایەن هەردوو ڕۆژنامەنوس (بەشدار عەبدولرەحمان و عەباس ئەکرەم) پێشکەش دەکرێت و ڕۆژنامەنوس (میران بەکر) ئامادەکار و پرۆدیوسەری بەرنامەکەیە. لەم بەرنامەیەدا میوانداری کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لەو بوارانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد دەکرێت، لەبەرنامەکە گفتوگۆ لەبارەی پرسە گەرمەکان و بابەتە هەنووکەییەکان و یاد و بۆنە گرنگ و نەتەوەیی و حزبییەکان دەکرێت.



**• بەرنامەی سپۆرت لایف:** ئەم بەرنامەیە لەلایەن ڕۆژنامەنووس (کاروان مەسعود) ئامادە و پێشکەش دەکرێت، کەتیایدا باس لە پرس و بابەتە وەرزشییەکانی ناوخۆ و دەرەوە بە میوانداری کەسانی وەرزشوان و پسپۆرانی بواری وەرزشی دەکات، هاوکات میوانداری ئەو وەرشوانانە دەکات کە ئێستا لە نیو یاریگاکان لە یارییە جیاجیاکان بوونیان هەیە و تیایدا لەپاڵ خستنەڕوی دەسکەوتەکانیان هەنگاو و کار و پرۆژە وەرزشیەکانی وەرزشوانان ئاشنای بینەرانی شاشەکە دەکات.




**• بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری:** ئەم بەرنامەیە لەلایەن ڕۆژنامەنوسان (ستار محەمەد ئەمین) ئامادە و پێشکەش دەکرێت، کە تیایدا لەبەرنامەکە تیشک دەخاتە سەر بابەتە سەرنجڕاکێش و ناوازەکانی کۆمەڵگە چ لە ڕووی کەسایەتی یاخود لە ڕووی ڕووداو و بەسەرهاتێکی کاریگەر وەیان بەسەر کردنەوەی شوێن و ناوچەیەکی مێژوویی، لەم بەرنامەیەدا هەمیشە وێنە و تۆماری ڤیدیۆیی دانسقە و کەسایەتیە کاریگەرەکان بەشدار دەبن و ڕووداو و بابەتە خوازراوەکان لە دووتوێی بەرنامەیەکی دۆکیۆمێنتاری پێشکەش دەکرێت.



**• بەرنامەی ئەزمونی هونەرمەندان:**



بەرنامەیەکی هونەری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانە و لەلایەن هونەرمەند (سالار کۆشار) ئامادە و پێشکەش دەکرێت، ئەم بەرنامەیە جگە لە گێڕانەوەی ئەزموونی سەرکەوتووی هونەرمەندان لە تەواوی کوردستان هەمیشە توانیویەتی ئەو هونەرمەندانە بهێنێتە سەر شاشە و بیانخاتە بەردیدی بینەران کە ڕۆژگارێک خزمەتی هونەری کوردیان کردووە، هاوکات لەگەڵیشدا ئەزموونی سەرکەوتووی ئەو هونەرمەندانە دەگێڕێتەوە کە تا ئێستاش لە گۆڕەپانی هونەری خزمەت دەکەن، لەبەرنامەکە جگە لە باس کردنی مێژوویی یان بەرهەم و داهێنانەکانی هونەرمەندەکە، گۆرانی و خوێندنەوەی شیعرو ژەنینی مۆسیقا بەشێکی گرنگن.

**• بەرنامەی لەگەڵ خەڵک:**




بەرنامەیەکی مەیدانی نێو خەڵکە و بابەتە کۆمەڵایەتی و هەنووکەییەکانی ڕۆژ هەڵدەبژێرێت و تیایدا لە ڕێگەی مایکی گەلی کوردستان / هەولێر سەرنج و دید و بۆچوونی هاووڵاتیانی شاری هەولێر دەخاتەڕو، ئەم بەرنامەیە لەلایەن ڕۆژنامەنوس (پاشا سەنگەر) ئامادە و پێشکەش دەکرێت. هەمیشە گفتوگۆ لەگەڵ ئەو هاووڵاتیانە دەکات کە کاسبکارن و لە نێو بازاڕ و مۆڵ و شەقامەکانی شار لەهەوڵی پەیدا کردنی بژێوی ژیانیان و ڕاستگۆیانە و

بەسادەیی بۆچوونەکانیان لەمەڕ تەوەرە دیاری کراوەکانی بەرنامەکە دەخەنەڕوو.

• **بەرنامەی تەندروستی:** ئەم بەرنامەیە لەلایەن پزیشکی پسپۆڕی هەناو (د.ئازاد مەنتک) پێشکەش دەکرێت و لەڕێگەی ئەو بەرنامەیە تیشک دەخرێتە سەر بابەتە تەندروستییەکان و نەخۆشیە باو و بڵاوەکانی نێو کۆمەڵ شیدەکرێنەوە لەپاڵ خستنەڕوی لایەنی زانستی نەخۆشیەکە شێوازی چارەسەر و چۆنیەتی خۆپارێزی لە نەخۆشییەکان بۆ بینەران ڕوون دەکرێتەوە.

(د.ئازاد مەنتک) بە ئەزمونی کەڵەکەبووی چەندین ساڵی کارکردنی لەبواری تەندروستی و میدیایی هەمیشە بەزمانێکی سادەی زانستییانە بینەرانی گۆش دەکات بە ڕووداو و بابەتە هەنووکەییانی تەندروستی و شێوازی ئاشنابوون بە خۆپارێزی و گوێگرتن لە ڕێنمایی پسپۆڕانی ئەو بوارانە.



• **بەرنامەی بۆ مێژو:** ئەو بەرنامەیە مێژووی ڕووداوێکی کاریگەر، سەرکەوتنی ئەزموونی کەسایەتیەک لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو، تیادا لەپاڵ گێڕانەوەی سەربووردەی سەرکەوتن و خستنەڕووی ئەزمونی ژیانیان و تیشک خستنەسەر ڕووداوێکی گرنگی کاریگەر لەبوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ڕووداوە مێژووییەکان دەگێڕنەوە، ئەم بەرنامەیە



لەلایەن ڕۆژنامەنووس (ستار محەمەد ئەمین) ئامادە و پێشکەش دەکرێت و لەو ڕێگەیەوە کەسایەتی و شایەتحاڵەکان بەسەرهات و ڕووداوەکان دەگێڕنەوە.

• **بەرنامەی سپۆرت تایم:**




ئەم بەرنامەیە لەلایەن (سەڵاح فەلاح) ئامادە و پێشکەش دەکرێت، و تیایدا ڕووداوو پاڵەوانیەتیە جیهانیە وەرزشیە جۆراو جۆرەکان لەڕێگەی ئەو بەرنامەیە پەخش و بڵاودەکرێتەوە. لەم بەرنامەیەدا خولە ناوخۆییە ئەوروپیەکان و دەسکەوت و نازناوەکان کێبرکێ بۆ بەدەست هێنانی پاڵەوانیتیە جیهانییەکان هەفتانە دەخرێنە بەر دیدی وەرزش دۆستان و ڕیزبەندی خولەکان و دەسکەوتی یاریزانان و مێژوی ژیانیان بۆ بینەرانی وەرزشی پەخش دەکرێن.

• **بەرنامەی پیشەکەم:**



بەرنامەیەکی هەفتانەیە و تیایدا بینەران ئاشنا دەکرێن بە پیشەیەکی کۆن یاخود ئەزمونێکی کارکردن کە مێژوویەکی درێژی هەبێت، ئەم بەرنامەیە لەلایەن وێنەگری تەلەفزیۆن (زانیار خۆشناو) ئامادە دەکرێت و خۆشی وێنەی بەرنامەکەی دەگرێت، لەبەرنامەکە تیشک دەخرێتە سەر دەست ڕەنگینی کاسبکارانی

کوردستان و تیدا لەپاڵ دەرخستنی تواناکانیان سەربوردەی کارکردنی ڕۆژنامەیان لەڕێگەی ئەو بەرنامەیەوە ئاشنای بینەران دەکرێن.

• **بەرنامەی لەگەڵ وەرزشوانان:** بەرنامەیەکی وەرزشی تایبەتە و ئەزمون و دەستکەوتی ئەو وەرزشوانانە بەسەر دەکاتەوە کە لەمێژوی یاریکردنیان بەدەستیان هێناون، هاوکات ئاشنای ئەو وەرزشوانانەش دەبێت کە ئێستا لە یاریگا جیاجیاکانی کوردستان لەسەرجەم یانەکان یاری دەکەن، ئەم بەرنامەیە لەلایەن ڕۆژنامەنوسی وەرزشی(ئومێد ئیبراهیم) ئامادە و پێشکەش دەکرێت و تیایدا کاریگەرییە وەرزشییەکان و شێوازی بەڕێوەچوونی خول و ئەزموونی یاریزانان و ناوبژیوانان لە خولە جیاجیاکانی سەرجەم یاریە وەرزشییەکان دەخاتەڕوو.



• **بەرنامەی ڕیپۆرتاژ:** ئەم بەرنامەیە بریتیە لە خستنەڕووی بابەتێکی هەنوکەیی ڕۆژ کەتیایدا پەیامنێرانی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لەکاتی ڕوومالی هەواڵێک یان چالاکییەکی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و



باسێکی ڕۆژ زیاتر بایەخی پێدەدەن و لەو ڕێگەیەوە وردتر ڕووداوەکە ئاشنای بینەرانی شارەکە دەکەن.

• **دەنگی زێڕین:**




کۆکردنەوەی دەنگە ناوازە و گۆرانییە کۆنەکانی هونەری کوردین و ڕۆژانە لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان – هەولێر پەخش دەکرێت و بەشی ئەرشیف و تەنسیق لە تەلەفزیۆن کۆیان دەکاتەوە و پەخشیان دەکات.

• **فیچەر:**




ئەم بەرنامەیە لەلایەن پەیامنێرانی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان – هەولێر پێشکەش دەکرێن، لەو بەرنامەیەدا تیشک دەخرێتە سەر ڕووداوێکی کاریگەر، داستان و دەسکەوتێکی خەباتی گەلی کوردستان یاخود بابەتێکی ڕۆژ و خستنەڕوی بابەتێکی سەرنجڕاکێش.


**ئامادەکردن – بەشدار عەبدولرەحمان**

# بڵاوكراوەكانی ناوەندی هەولێر


لە درێژەی زنجیرە چالاكییەكانی ناوەندی هەولێری مەكتەبی ڕاگەیاندنی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان، بە ئامانجی ڕەخساندنی دەرفەت بۆ نووسەران و ڕۆشنبیران و چاپكردنی بەرهەمەكانیان ناوەندی هەولێر زنجیرە كتێبێك چاپ دەكات. لە قۆناغی یەكەم ئەم كتێبانە چاپكراون:




خدر و خوناو
نووسین/ شێرزاد شەیدا بندیان
بابەت/ ڕۆمانی مێژوویی
تیراژ/ 1000 دانە
لە بڵاوكراوەكانی ناوەندی هەولێری مەكتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك)
زنجیرە (1)




راگەیاندن لە كاتی قەیرانەكاندا
نووسین/ پ.ی.د. ئاراز رەمەزان
پ.ی.م. هەردەوان مەحمود كاكەشێخ
بابەت/ توێژینەوەی میدیایی
تیراژ/ 1000 دانە
لە بڵاوكراوەكانی ناوەندی هەولێری مەكتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك)
زنجیرە (2)




گورگە مێیەكە
نووسین/ جاك لیندن
وەرگێڕانی/ ستار باقی كەریم
بابەت/ وەرگێڕان
تیراژ/ 1000 دانە
لە بڵاوكراوەكانی ناوەندی هەولێری مەكتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك)
زنجیرە (3)

# دیوان .. بۆ هەولێرو ڕۆشنبیرانی

هەولێر وەک شارێکی گرنگی مێژوویی و پایتەختی هەرێمی کوردستان، لە ئێستادا بە دۆخێکی یەکجار تایبەت تێپەڕ دەبێت، لەوانەیە دۆخی ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیران لە هەولێر بابەتێک بێت شیاوی زۆرترین گفتوگۆ بێت، بە جۆرێک دەکرێ ئەم بابەتە ببێتە یەکێک لە گەرمترین بابەتەکانی گفتوگۆو گەنگەشە کردن.

گۆڤاری (دیوان) هەوڵێکی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە بۆ خستنەڕووی کێشەکانی ڕۆشنبیران و گفتوگۆکردن لە بارەیان، باخچەیەکە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نووسەران، ئەدیبان و ڕۆشنبیرانی هەولێرو بایەخپێدانی تایبەت پێیان.

گۆڤاری (دیوان) بە شێوەیەکی مانگانە دەیەوێت ببێتە مینبەری دەنگ و رەنگە جیاوازەکانی هەولێر، نووسەران و ڕۆشنبیرانی هەولێر دەتوانن وەک ماڵی خۆیان بەرهەمەکانیان لەو گۆڤارە بڵاوبکەنەوە، دیدو سەرنج و تێبینییەکانیان لەمەڕ بابەتە فکری، ئەدەبی و فەلسەفییەکان بخەنەڕوو، ئازادانە گفتوگۆ بکەن و سڵ نەکەنەوە لە وتنی هیچ.

**ئێمە لە گۆڤاری (دیوان) ڕامان وایە:**

هەولێرو هەولێرییەکان شیاوی ئەوەن باشترین خزمەتیان بکرێت، وەک هەمیشە پێشەنگ بن لە بزاڤە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان و قەڵەمەکانی هەولێر تەواوی پانتایی ئازادیان بۆ فەراهەم بکرێت و ئازادانە بێ سڵەمینەوە لە هیچ کۆت و بەندێکی حزبی، فکری، ئایدۆلۆژی و سیاسی بنووسن و دیدگاکان بخەنەڕوو.

بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە مێژووی بزاڤی ڕۆشنبیری لە جیهان تێدەگەین کە هەمیشە ڕۆشنبیران پێشەنگی جووڵانەوە سیاسی، فکری و مەعریفییەکان بوونەو زۆر جاریش سووتەمەنی سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەو جووڵانەوانە بوونە، هەمان بابەت بۆ کورد بە گشتی و ڕۆشنبیرو نووسەرو شاعیرو هونەرمەندانی هەولێریش راستە، مێژوویەکی کۆن نییە کە بەرهەمی ئەو نووسەرو شاعیرو هونەرمەندانە داینەمۆی هاندانی خەڵک و جۆشدانی هەستی نیشتیمانپەروەری بووە، دەیان و سەدان رۆڵەی ئەم نیشتیمانە دەدۆزیەوە کە لەسەر بڵاوکراوەیەکی نهێنی، شیعرێکی شۆڕشگێڕی، وتارێکی سیاسی خراونەتە کونجی زیندان و هەندێکیان تا ژێر پەتی سێدارە چوونە، بۆ ئەمڕۆ



* مەسعودی مەلا هەمزە

**لە دەرەوەی ئینتیمای شارچێتی بانگەوازی ئەوە دەکەین کە گۆڤاری (دیوان) بۆ هەمووان بێت، دەنگ و رەنگی هەموومان بێت، ئێوە خاوەن ماڵ و ئێمە میوان بین**

دەکرێ بپرسین یان بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێین ئاخۆ ڕۆشنبیرو نووسەرو هونەرمەندی کورد لە کوێی کاریگەری دروست کردنن لەسەر کۆمەڵگا..؟ ئەو ڕووداوانەی ڕوودەدەن تا چەند جێ دەستی نووسەران و ڕۆشنبیرانی بە سەرەوە دیارە..؟

گۆڤاری (دیوان) دەرگا دەکاتەوە بۆ ئەم گفتوگۆیەو وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە..! هەر ئەوە نا دەمانەوێ ببینە بەشێک لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگاو بە هاوکاری هەمووتان جێدەستمان دیار بێت بەسەر هەر هەنگاوێک کە پێویستە نووسەران و ڕۆشنبیران بینێن.

**بە کوردی و بەکورتی:**

لە شاخ و لە شار هەمیشە ڕاگەیاندنی یەکێتی پێشەنگ بووە، مینبەری دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکانی بووە، کوردستانی نوێ-ی یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی لە هەولێر لەدایک بووە، پێگەیشتوو، تەشەنەی سەندو فراوان بوو، بەداخەوە دۆخێکی تایبەت و شەڕی ناوخۆ هەولێری تووشی چەقبەستوویی کردو دابڕانێکی گەورەی دروست کرد، لە دەرەوەی ئینتیمای شارچێتی بانگەوازی ئەوە دەکەین کە گۆڤاری (دیوان) بۆ هەمووان بێت، دەنگ و رەنگی هەموومان بێت، ئێوە خاوەن ماڵ و ئێمە میوان بین، ئێوە پێشنیازی جوان بکەن، بڕیار بدەن و ئێمە جێبەجێی بکەین، تا لە دواجاردا هەموومان سەربەرزانە بڵێین ئەم گۆڤارە نۆبەری دووبارە بایەخدانەوە بە هەولێرەو ئامانجمانە پشکی شێری میدیای یەکێتی لەپایتەخت گەشە بکاتەوەو بە قەد گەورەیی قەڵاو بەرزی منارە کاربکەین بۆ پێشخستنی ئەم پرۆژەیە.

هاوشانی گۆڤاری (دیوان) بانگەواز دەکەین بۆ نووسەران، ڕۆشنبیران و ئەدیبان کە ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بارەگایەکی حزبی نییە بە قەد ئەوەی دەمانەوێت ماڵێک بێت بۆ هەموو هەولێرییەکان، سەکۆیەک بێت بۆ دروستکردنی گفتوگۆی جدی لەمەڕ هەموو ئەو بابەتانەی ساڵەهایە دەبوو قسەیان لە بارەیەوە بکرێت..! بەڵام نەکراوە، بۆ ئیشی باش و هەنگاوی جدی هیچ کات درەنگ نییە، پیشتیوانمان بن، دەمانەوێ پێکەوە بین، کار بکەین و هەنگاو بنێین لە پێناو ڕەخساندنی کەشێکی لەبار بۆ ڕۆشنبیران، ئەدیبان و هونەرمەندان بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگاو ئاراستەکردنی کۆمەڵگایەکی وشیارو تەندروست و ڕۆشنبیر، خوێندنەوەو ڕێزگرتن لە بیروڕای یەکترو تێگەیشتنی هاوبەش بنەمای ژیانی داهاتوو بێت.

> **لە شاخ و لە شار هەمیشە ڕاگەیاندنی یەکێتی پێشەنگ بووە، مینبەری دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکانی بووە**

*** لێپرسراوی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

**2021/6/3**